ژمـــاره ٢١
سالی شەشەم
ئەیلولی ٢٠٠٢
ڕەزبەری ٢٧٠٢

# هەزارمێرد

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە
لەشوێنەوارو مێژووی کوردستان دەدوێت



وەزارەتی رۆشنبیری - حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات



کێلی (نسا خانم) کچی مستەفا خان، ژنی محەمەد پاشای خالید پاشای بابان
کە لەقەڵاچوالان کۆچی دوایی کردووە لەساڵی ۱۱۹۰

ژمارە ٢١ ساڵی شەشەم ئەیلولی ٢٠٠٢ ڕەزبەری ٢٧٠٢

# هەزارمێرد

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە

لە شوێنەوار و مێژووی کوردستان دەدوێت

وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان

دەری دەکات

ژماره ۲۱
ساڵی شەشەم
ئەیلولی ۲۰۰۲
ڕەزبەری ۲۷۰۲

# هەزارمێرد

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە
لە شوێنەوار و مێژووی کوردستان دەدوێت
وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات

**خاوەنی ئیمتیاز**
وەزارەتی ڕۆشنبیری

**سەرنووسەر**
د. ئەبەز مەجید ئەمین

**سکرتێری نووسین**
ڕافیدە عەبدوڵڵا قەرەداخی

**دەستەی نووسەران**
پەخشان عەبدوڵڵا محەمەد
وەفا خەلوق سەعید
نەسرین خواکەرەم
هاشم حەمە عەبدوڵڵا
کەمال ڕەشید ڕەحیم

**ڕاوێژکاران**
د. حسام الدین نەقشبەندی
د. کەمال عەلی
د. دلێر ئەحمەد

سەرپەرشتیاری زمانەوانی: حەسەن عەبدولکەریم

سەرپەرشتیاری چاپ: محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی

چاپی کۆمپیوتەری: چەم
نەخشەسازی بابەتەکان: نەهلە ڕۆکس/ هیوا حسین
بەرگ: ئاشنا عەبدوڵڵا
چاپ: چاپخانەی شڤان
تیراژ: ٥٠٠ دانە

بەرگی پێشەوە: دەفرێکی سێ پا لەناوچەی ڕومشگانی باشووری لوڕستان دۆزراوەتەوە.
بەرگی دواوە: تەلاری ئاصفی لەشاری سنە.

ناونیشان: سلێمانی، وەزارەتی ڕۆشنبیری/ بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە.

## پێرستی ناوەڕۆکی بەشی کوردی


| بابەت | نووسەر/ وەرگێر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| قەڵاچوالان پایتەختی میرنشینی بابان | عبدالرقیب یوسف | ٥ |
| پادشا گوتییەکان... | فاضل قەرەداغی | ٤٤ |
| مادەکان و دەوڵەتی ماد (بەشی دووەم) | و/ حەسەن عەبدولکەریم | ٥٢ |
| تیشکێکی نوێ لەسەر خورییەکان و .... | و/ محەمەد حەمە ساڵح | ٦٩ |
| میترا (بەشی دووەم) | و/ دلێر میرزا | ٧٩ |
| شاتیواسای میتانی... | و/ بەختیار سابیر حەمە | ٩٣ |
| گەلی کوردو روخاندنی رژێمی شا... | د.یاسین سەردەشتی | ١١٣ |
| تەکنیکە زانستییە کیمیاوییەکان... | و/ کاروان عەبدولرەحمان | ١٣٧ |
| بەکارهێنانی نیشتووە ئەشکەوتییەکان... | و/ هەنار جەمال ئیسماعیل | ١٦٣ |


## محتويات القسم العربي


| الموضوع | الكاتب | الصفحة |
|---|---|---|
| مدن و قلاع قديمة مندرسة... | د. حسام الدين النقشبندي | ١٧١ |
| دربند بازيان | پخشان عبدالله محمد | ١٩٦ |
| كردستان مصدر الماء المقدس... | كمال رشيد رحيم | ٢٠٤ |
| البينة ودورها في علم الآثار | ت/ دليڤا عبدالله علي | ٢١٤ |
| العثور على الجزء الثاني من كتاب دوحة الوزراء | محمد علي القرداغي | ٢١٩ |

# قەڵاچوالان پایتەختی میرنشینیی بابان

نووسینی: عبدالرقیب یوسف

قەڵاچوالان پتر لەسەد ساڵ مەڵبەندی میرنشینی بابان بووە، تا لە ١١٩٩ی کۆچییا (١٧٨٤-١٧٨٥)ی زایین ئیبراهیم پاشای ئەحمەد پاشا شاری سلێمانی ئاوا کرد و، کردی بە مەڵبەندی میرنشین، شاری قەڵاچوالان ڕووخێندرا چونکە خەڵکەکە دارو دەرگا و پەنجەرەی خانووەکانیان بۆ ئاواکردنی خانوە نوێکانیان لە سلێمانی هێنان، هەتا مزگەوتەکانیش. ئەوەتا چوارچێوەی دەرگای جێی نوێژی مزگەوتی شێخ ئەمینی خاڵ کە تا ئێستا ماوە، هی مزگەوتەکەی ئەم بنەماڵەیە بوو لە قەڵاچوالان کەلەوانەیە مزگەوتی گەڕەکی قزڵجیان بووبێ چونکە بنەماڵەی خاڵ لەقزڵجەوە هاتوونەتە قەڵاچوالان. (وێنە ١).

ئەوەی ڕاستی بێ، من تا پێش ١٩٩١/٩/١٧ نەچوو بووم بۆ بینینی شوێنەوارەکانی شاری قەڵاچوالان و، نەمدەزانی شارێکی وا گەورە و گرنگ و پڕ شوێنەوارە. تەنانەت خۆم بە گوناهبار دەزانم کە چۆن دە ساڵێك لەمەوبەر سەرم لێنەدا، چونکە ئەوسا کۆمەڵێك شوێنەواری بە ساغی مابوونەوە و ڕژێمی بەعس تەخت و وێرانی نەکرد بوو.

بۆچی هەموو نووسەرانی سلێمانی و بە تایبەت بابانەکان هاوبەشی ئەم گوناهە نەبن لە گەڵمدا.

قەڵاچوالان لە باکوری (سلێمانی)دایەو (٢٥کلم)یك لێیەوە دوورە و بە ٣کم لە خواروی چوارتایە، لەسەر لێواری چەمی قەڵاچوالانە. جێی سەرەکی شارە کۆنەکە تەخت و نزمە و لە نێو گردەکاندایە.

بەشی سەرەکی شارەکە دەکەوێتە بەری باکوری چەمەکە و خانوەکانی میرانی بابان و فەرماندە و شوێنە عەسکەریەکان وان لە بەری باشووری چەم. گەڕەکی (گردی شێخ حەسەن) لە باشوری چەمەکەدایە، لەو جێیەدا کە ڕوو لە باشوری خۆراوا پێچ دەکاتەوە. لە نێوان ئەم بەشە و بەشی باکووردا پرد هەبووە و، پردی نوێ بۆ هاتووچۆ کراوە لە کاتی پادشایی لە عیراقدا. باسکە شاخێك (گردی شێخ حەسەن) لە باشورەوە تا سەرچەم و سەرەتای پردەکە لەلای باشورەوە درێژ دەبێتەوە و گەڕەکی گردی شێخ حەسەن و بەشی بابانی دەکات بە دوو بەشەوە. شارەکە لە رووی تۆپۆگرافییەوە لەم بەشانە پێکهاتبوو. گەڕەکی (تەکیەی دەروێشان) لە



وینەی (١)

قەلاچوالان - دیمەنێکی بەشی ناوەراست و شوێنی خانوی بابانەکان

جێیەکی تەختی بەرزەوەیە و لە قەراغی خۆراوای چەمدایە. (گەڕەکی گومەزان) لە باکوری گەڕەکی (تەکیەی دەروێشان)داو، تا گردی (سەرقەڵا)شی کە لەسەر قەراغی خۆراوای چەمەو لەبەردەم ڕێگای گشتی و باسکی گردی ئەشکەوتاندایە. سەرقەڵا کە بەشێکە لە گەڕەکی گومەزان، وا لە پشت ڕێگای گشتی و بەشی پێشەوەیە لە گردی ئەشکەوتان و (کانی سەروو) بەتەنیشتی باشوورەوەیە و، بەشی سەرەکی شاری لێوە دیارە. گردێکی سروشتی وا لەوێ، لە گردی شوێنەواری دەچێ و پێی دەڵێن (سەرقەڵا). (گەڕەکی دەرگەزێن) لە پاڵ (گردی گێلاسان)دایە و بەشی سەرەکی شار بووە چونکە مزگەوتی گەورە و فەرمانگەکان و بازاڕ لەم بەشەدا بوون. دوور نیە گەڕەکی دەرگەزێنی سلێمانی بە ناوی ئەم دەرگەزێنەی قەڵاچوالانەوە ناونرابێ و، کاتی خۆی دەرگەزێنیەکانی قەڵاچوالان لە کاتی ئاواکردنی سلێمانیدا ئەم گەڕەکەیان لەوێ بۆ خۆیان ئاواکردبێتەوە.

(گەڕەکی قزڵجی‌یەکان) لە بەشی خۆرهەڵاتەو لە خوارگردی (بەردە قسڵان)ەوەیە، لەسەر قەراغی باکوری چەمە. باسکە شاخێك لە نێوان ئەو و گەڕەکی دەرگەزێندا _ واتە بەشی سەرەکیی شار _ دێتە خوارو، وای کردووە هەردوو بەشەکە لێك دیار نەبن، بەڵام گەڕەکی بابانەکانی لێوە دیارە و، چەمەکە دەکەوێتە نێوان هەردووکیانەوە یانی گەڕەکی بابانەکان بەشیماڵی پاشا تا نزیك گردی چوڕچوڕ


نەخشەی قەلاچوالان
گەڕەکی بابانەکان
ڕووپێو



وێنەی (٢) قەلاچوالان - پردی کۆن

بوەو پێشی دەڵێن (کەڵاوان)، بازاڕەکەی شاری قەڵاچوالان وە هەروەها فەرمانگاکان لە بەشی سەرەکی شاردایە و، وا لە نێوان پردی گەورە و خوارووی گردی گێلاسان و گردی ئەشکەوتاندا و، بەسەر ئەو تەختانەوەیە کە شارە سەرەکیەکەی لێ بوو. گەڕەکی (گردی شێخ حەسەن)یش بازاڕێکی هەبووە. ((نەخشەی قەڵاچوالان)).

زۆربەی زۆری جێگاکانی شاری قەڵاچوالان لەلایەن خەڵکەوە کراونە کێڵگەی کشتوکاڵی. بناغەی خانوەکانیش زۆریان نەماون. ئەم ساڵانەی دوایی دێی قەڵاچوالان وێران کرا، کە لە پشت پردەکەوەیە و پتر لای باکووری خۆراوای گرتووە. گەڕەکی قزڵجی‌یەکان تا ڕژێم وێرانی کرد گوند بوو.

## پردەکانی قەلاچوالان

شارەکە سێ پردی هەبوە، شوێنەواری یەکێکیانم بینی کەوا لە نێوان باسکی دەستە چەپی شارە سەرەکیەکە و گەڕەکی بابانەکان. دووەمیان لای پردە نوێیەکەوەیە و سێهەمیان لە خوارترەوەیە لە نێوان گەڕەکی گردی شێخ حەسەن و تەکیەی دەروێشان. پردی گەورە ئەوەی ناوەڕاستیانەو لە نێوان بەشی سەرەکی شارو گەڕەکی شێخ حەسەندایە و، لەسەر ڕێگای گشتی ئەوسا بنیاد نراوە. واتە ڕێگای قەڵاچوالان و ناوچەکانی باشووری، وەك سلێمانی ئێستا و قەرەداغ. ئەم پردە لە هەشت دنگ پێك هاتووە. دنگەکان لە بەرد و قسڵن و، لە شێوەی بەلەمدا دروست کراون و لوتە باریکەکەیان روو لە تەوژمی ئاوی چەمەکەیە تا تەوژمەکەی لەسەر کەم بێ. (وێنە٢)

مام عەبدوڵلاّ فەرەجی ئەحمەدی مەلا عەبدوڵلاّ کوڕی مەلا عەبدوڵلاّی یەکەم و بابانی کە پیرەمێردێکی خەڵکی قەلاّچوالانە و تەمەنی لە حەفتا ساڵ پترە، یەکەم سەرچاوەی ئەم زانیاریانەیە و جێگا کۆنەکانی یەك بەیەك پیشاندام و ئەگەر ئەوە نەبایە زوربەی جێگاکان بۆم نەدەناسران. وێنەی مام عەبدوڵلاّ (وێنە ٣) گوتی : (دنگەکان بەرز بوون، بەلاّم کە حکومەت لە دەوری ١٩٤٠دا



وێنەی (٣) عبدالله فرج

ئەم پردە ئاسنینە نوێیەی لەسەر کۆنەکە دروست کرد، کەمێکی لە هەر دنگەیەك رووخاند تا نزم بێتەوە و پردە تازەکەی بەسەردا ڕەت ببێ. هەریەکە لەم دنگانە لەسەر سێ پایە دروست کراون لە شێوەی سێپادا، بەلاّم ئێستا دیارنین، چونکە چەوو لم و قوڕ دەوریان داون و تێیاندا نقوم بوون. هەرسێ پایەی هەردنگێك بە زنجیری زۆر ئەستور توند کرابوون و دەیان وت سەری زنجیرەکان کاتی خۆی توند کرابوون بە پایەی ئاسن کە لە ئەرزدا توند کرابوون تا قایم و مەحکەم بن. بە منداڵی کە مەلەمان دەکرد، دەستمان لە زنجیرەکان دەدا. لە نێوان هەردوو (کەڵەپرد)ێکدا (واتە دوو دنگێکدا) داری زل زل (حەماڵ) لەم سەر تا ئەوسەر دانرابوون. واتە پردە دار بووە لەسەر دنگی بەردو قسڵ. لە هەردوو تەنیشتی پردەکەدا دیواری گەورەی بە بەردو قسڵ کراوی وەك شورای شارەکان هەبوە، بۆ ئەوەی نەهێڵێ ئاوی چەمەکە لە کاتی زۆر بووندا گڵی هەردوو تەنیشتەکە لاببات و چەمەکە لەوێوە فراوان ببێ و ئاو بچێتە پشت هەردوو دنگی ئەمسەر و ئەوسەر. ئەم دیوارەی لای دنگی باکوور ئێستا ماوەتەوە و دەوری پەنجا مەترێك یا پترە. ئەوی ڕاستی بێت ئەوە یەکەمین پردە دیبێتم بەم شێوە ئەندازەیی‌یە دروست کرابێ.

جێی باسە (سلێمان پاشای کەبیر) هەندێك موڵکی کردبوە وەقفی ئەم پردە تا لە کاتی پێویستدا بۆ دەست پێداهێنان و ئاواکردنەوەی بەکاربهێنرێت، وەك لە وەقفنامەی سلێمان پاشادا هاتووە کە پاشتر ئاماژەی بۆ دەکەین.



وێنەی (٤) مزگەوتی گەورە

## مزگەوتی گەورە

شـوێنەواری مزگـەوتی گـەورە (جـامع)یـش (وێنە٤) باش دیارە کەوا لە خۆرەڵاتی پردی گەرە و، بەسەر تەختایی گەڕەکی دەرگەزێن و خـوار ڕێگـای گشـتییەوەیە، لـە کـانیی دەرگەزێنەوە ئاوی بۆ دەهات. مـام عـەبدوڵڵا دەڵێت: دارەکـانی بـۆ ئـاواکردنی مزگـەوتی گەورەی سلێمانی براون لە کاتی بنیاد نانی سلێمانیدا لەگەڵ دەرگاو پەنجەرەکانیشیدا. مزگـەوتێکی تریـش لـە خـوار گـردی ئەشکەوتاندایە بە تەختایییەوەیە و، وا لـە خـۆراوای بـازاڕی سـەرەکی شـار. ئـەم مزگەوتەیان ساغ بوو، چونکە لە هەمان کاتدا مزگەوتی دێی قەڵاچوالان بوو تا ڕژێم لەگەڵ دێیەکـەدا ڕووخـاندی. دوو حـەوزی ئـاوی هـەبووە، یـەکیان کۆنـەو ئـەوی تریـان بـە چیمەنتۆ کرابوو. ئاوی مزگەوتەکە لە کانیی سەرووەوە دەهات، مام عەبدوڵڵا جێگای پێنج مزگەوتی کۆنی قەڵاچوالان پێ دەزانێ.

## خانووی سلێمان پاشا

خەڵکـە پێـی دەڵێـن مـاڵی پاشـا، وا لـە گەڕەکی بابانەکان (گەڕەکی ماڵی پاشا) و لە باشـوری چەمەکەدایـە بەرانبـەر باسـکی خۆرەڵاتی شارە سەرەکیەکە. ئەمەش وێنەی شـوێنەکەیەتی (وێنـە٥). ئێسـتا کـە جێـی خانووەکە دەکرێتـە گـەنم. ئەگـەر لـە مـەودوا کێڵانـی قەدەغـە بکرێـت و، بپشـکندرێت بناغـەکانی دەردەکـەون. ڕووبـەری خانووەکە (٨٢ ×٤٢) هـەنگاوە بـەبێ حەوشـەکەی. جێگەکەی تەختە یا کەمێك مەیلە و تەخت. لە چەمەکەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە لە دوور لەلای دێی هەرمن جۆگە ئاوی بـۆ هـاتووە. شـوێنەواری جۆگە بە بەرزیی پتر لە یەك مەتر و پانیی یەك مەتر لە تەنیشتی دەستە چـەپی دیـارە و بە بـەرد هـەڵچنراوە. ئەمـەش وێنـەی جۆگـە (وێنە٦)، لە نێوان خانووی پاشاو گردەکە تا لێـواری چەمەکـە کۆمـەڵێك خـانوو هـەن، یەکێکیان جێگەکەی بازنەیییە.کە حەمامە



وێنەی (٥)ماڵی پاشا



وێنەی (٦) جۆگە ئاوی خانووی سلێمان پاشای گەورە لە قەڵاچوالان

ڕۆژی ٦/١١/١٩٩١ کاك حاجی ڕەشید محەمەد صالح چوارتایی، بیۆ ئەوەی لێی بپرسم، گوتی: لەو بەشەی شاری قەڵاچوالاندا حەمام هەبوە. جێگەی خانوویەکی گرنگ لەسەر قەراغی چەمە. ڕەنگە قەلا یا جێیەکی عەسکەری گرنگ بووبێ بۆ بەرگری کردن لەم بەشە بایەخدارەی شار. ئەم خانووانەی باسمان کردن هی بابانەکان و سەربازەکانیان و پیاوە گەورەکانیانن. کانیاوێك بە گردەکەوە هەیە.

مام عەبدوڵلا فەرەج دەڵێت: حەمامەکەی خانووی پاشا گومەزی بوو، تا ساڵی ١٩٦٤ مابوو و نەڕوخابوو. ئەو دارتووەش کە لە حەوشی خانوەکەدا بوو لە بەشی باشووری خۆرەلاتیدا و، دەروێش واتە (فەقێ ئیبراهیم) پێیدا هەڵگەڕابوو بۆ نێو خانووەکە و سلێمان پاشای کوشت، قەدەکەیم بە سوتاوی دیوە. جێی خانووەکە ئێستاکە موڵکی ئەوە و خۆی لە بابانیەکانی قەلاچوالانە.

**کوشتنی سلێمان پاشا**

کۆمەڵێك سەرچاوە باسی کوژرانی سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشای بابان دەکەن لە مانگی ذي الحجة ی ساڵی ١١٧٨ی کۆچیدا (٦ی مایس تا ١٩ی حوزەیرانی ١٧٦٥ی زایین). لەوانە (دوحة الوزراء) ی شێخ ڕەسوڵی کەرکوکی (ل١٤٦،موسی کاظم نورس لە تورکییەوە کردوویەتی بە عەرەبی) کە دەڵێت فەقێ ئیبراهیم بە خانوەکەدا هەڵگەڕا و کوشتی، (تاریخ السليمانية و انحائها)ی محەمەد ئەمین زەکی (ل٨٠، مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژ بەیانی کردوویە بە عەرەبی)، زانای کورد عەبدوڵلا بێتووشی کە ئەو ڕۆژانە لە کوردستان بووە لەسەر پشتی کتێبی (البهجة المرضية)ی سیوطی کە بە دەست و خەتی خۆیەتی نووسیویە ودەڵێ فەقێ ئیبراهیم خەڵکی کۆی سنجەق بوو. لە باسەکەماندا (مەلا عومەری ڕەنجووری شالەبەگی) (بڕوانە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە١٠٧ ، ١٩٨٥) و لە لیستی (والیهای کوردستان)ەکەی ڕەنجووریشدا مێژووی کوشتنەکەی تۆمار کراوە.

مەلا محەمەدی بلباسی سەرگەتی لە ١٢٩٠ی کۆچیدا (١٨٧٣ - ١٨٧٤ی زایین) چەندین زانیاری لە بارەی بنەماڵەکەیەوە خستووەتە سەر زانیاری پێشتر و کۆنتر لەم بارەیەوە و، وان لەسەر چەند لاپەڕەیەکی نێو دەست نووسێکی قورئان کە ئێستا بە نمرەی (١٦٤٢٥)ە و لە نامەخانەی مۆزەخانەی عێراقیدایە لە بەغدا. لەنێو ئەم زانیاریانەدا باسی ئەوەی کردووە کە چۆن فەقێ ئیبراهیم کوڕی سەید عەلی کوڕی سەید عومەری کوڕی وەسیمە لەگەڵ عائیشەی پووریدا کە تەمەنی (٧٦) ساڵ و لە خانووی سلێمان پاشای باباندا خزمەتکار بووە پێشتر پیلانی کوشتنی سلێمان پاشا دادەنێن و شەوێکیان دەرگا لە فەقێ ئیبراهیم دەکاتەوە و، ئەویش بە خەنجەر

لە سلێمان پاشا دەدات کە نووستبوو. فەقێ ئیبراهیم لە بنەماڵەی مەلایانی سەرگەت بووە. لەسەر هۆی کوشتنەکە نووسیویە: سلێمانی کوڕی ماوند کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، پاش کوشتنی (دلاوەر)ی والی کەرکوک لە (١١٠٢ی کۆچیدا)، ئیتر نەیتوانی لە دارەشمانە بژی و میرنشینەکەی هێنایە (قلعە چهارلا) (واتە قەلاّچوالان) و هاتە ناوچەی شارباژێر. داوای لە سەید عومەر ئاغا کرد خانوەکەی خۆی بداتێ، ئەویش ڕازی نەبوو. ئەوە بوو پیاوەکانی لە شەودا سەیید عومەر و سێ کوڕییان کوشت. عەلی کوڕی سەیید عومەر ئەم بەسەرهاتە بۆ کوڕەکانی کە یەکیان فەقێ ئیبراهیم بوو، دەگێڕێتەوە. ئەویش سلێمان پاشا (کە لە نەوەکانی سلێمانبەبەی دامەزرێنێ میرنشینی بابانە) لە تۆڵەی باپیر و مامەکانی دەکوژێ و ڕادەکات بۆ (بانە). کە ئاشکرا دەبێ (عائشە) دەکوژن. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ئەم زانیاریانەی لە فارسیەوە کردووە بە کوردی و لە کتێبەکەیدا (بنەماڵەی زانیاران، ١٦٨٤، ل ٣٥٨ -٣٧٩) چاپی کردووە. بەڵام برێك هەڵە و کەم و کورتی تێدایە و ناوی فەقێ ئیبراهیمی نەهێناوە و، دەڵێت گوایە عائشە سلێمان پاشای کوشتووە. مەلا مەحمود ئەحمەدی ئەم زانیاریانەی ئەم (یاداشت)ەی کردوون بە عەرەبی و لە ژمارە ٣٦ی ساڵی ١٦٨٥ی گۆڤاری (کاروان)دا بڵاوی کردوونەوە. بەڵام چەند گوزارەیەکی لێ فڕێ داون و چەندانێکیشی لەلایەن خۆیەوە تێ هەڵکێش کردوون و هەندێك وشەیشی گۆڕیون. بەکورتی پتر لە چل هەڵەی تێ خستوون. هەتا پەنجەی بۆ کتێبی (بنەماڵەی زانیاران)یش درێژ نەکردووە تا چاوبەست لە خوێندەوار بکات لەوەدا کە ئەو یاداشتەکەی دۆزیوەتەوە. پێش بلاّوکردنەوەی پێم گوت دەبێ ئەو ئامارەیە بکەی. داوام لە بەڕێز جەمال موفتی کرد ئەو نووسینەی سەر قورئانەکەم بۆ فۆتۆکۆپی بکات، بەڵام هەر هێندێکی کرد. جا ئەگەر ڕۆژێك هەموویم فۆتۆکۆپی کرد، ئەوسا دەقەکە بلاّودەکەمەوە و هەڵەکان دەست نیشان دەکەم. تەنانەت چەند هەڵەیەك لە ئەسڵی یاداشتەکەیشدا هەن کە دەرکیان پێ نەکردوون. هیوام وایە پاشتر سەرنج و بیروڕاکانم پێش چاو بخەم.

سلێمان پاشا لە میرە هەرە بەدەسەلاّتەکانی بابان بووە و ناسراوە بە (سلێمان پاشای کبیر)و بە میرێکی ڕەوشت باش لە قەڵەمیان داوە. زۆر حەزی لە ئاشتی کردووە و، دوو قوتابخانەی لە کەرکوکی مەڵبەندی ویلایەتی شارەزوور ئاواکردووە وەك لە وەقفنامەکەیدا هاتووە. پاش سەلیم پاشای بەکر بەگ لە ١١٦٤ی کۆچیدا (١٧٦٠ - ١٧٦١ی زایین) هێزەکەی گەیشتە دێی (نارین) لای چیای حەمرینەوە و، تۆپەکانی لەسەر گردی (صقال طوقان) دامەزراند و،

مەفرەزەكانی گەیشتنە ناوچەی (خالص)ی نزیك بەغدا. لە حەمرین شەڕی لەگەڵ هێزەكانی (عەلی پاشا)ی والی عوسمانی كرد. بەڵام لەشكرەكەی كە نزیكەی (١٤٠٠٠) چەكدار بوو لەچاو هێزی عوسمانی یەكجار كەم بوو، بۆیە لە شەڕە گەورەكەی نێوان (كفری) و دێی (ئیمام) واتە (دوازدە ئیمام) نزیكی كفری شكاو، سلێمان پاشایش چووە كرماشان و بوو بە حوكمداری (سنە). كە (عومەر پاشا) بو بە والی بەغدا، لەگەڵ سلێمان پاشا پێك هات و، بووەوە بە میری بابان و تا (بەدرە) و (جەسسان) خرایە ژێر دەستی، وەك لە (دوحة الوزراء، ل١٤٦) و (تاریخی مەردۆخ، ل١٣١-١٣٢)دا هاتووە. (عبدالرحمن السویدی)یش چامەیەكی شیعری لەسەر شعری سلێمان پاشا هەیە لە نێو دیوانەكەیدا (حدیقة الزوراء) كە بە دەست و خەتی خۆیەتی و یەك دانەی لە نامە خانەی تەكیەی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە لە بەغدا بە نمرەی ١٣٥٥. ئەم شیعرە كە ٣٩ دێڕە لەبەر ئەو دەست و خەتە نووسیومانەتەوە. سویدی دوانیوە دێڕی شیعرەكەی كردووە بە مێژووی شەڕەكە كە ئەمەیە:

(( و سیفُ علیّ للخوارج بازلُ)) كە دەكاتە ١١٧٦ی كۆچی.

سویدی ئەو چامەیەی لە ستایشی عەلی پاشادا گوتووە كە لەم شەڕەدا سەركەوتنی بە دەست هێناوە. تێیدا دەڵێ سلێمان پاشا وای گومان دەكرد كە دەتوانێ بەگژ جەنگجو دا بچێ (واتە عەلی پاشا) ئیتر بەرەو بەغدا چوو بەلەشكرێكەوە كە لەشكرەكان لێی دەترسان شەڕی لەگەڵ بكەن:

وظن (سليمان الكبير) بأنه
يجادل خواض الوغى ويناضل
وسار الى دار السلام بجحفل
تهاب لقاه في المجال الجحافل

ئەوەیشی تێدا باس كردووە كە تۆپەكانی سلێمان پاشای بابان لە (نارین)ی سەر چیای حەمرین گرمە و ناڵەی دێت و هێزێكی عەلی پاشای لە حمرینی شكاند

فجاء الى (نارينَ) يرعُدُ طوبهُ
وَفرَّقَ في (حمرين) جمعاً يقاتلُ
و صار على تلك الضياع مغاره
فهاجت بها تيك البقاع البلابل

لە دێرە شیعرێكی سویدیدا ئەوە ساغ دەبێتەوە كە فەرماندەیەكی سلێمان پاشا ناوی (ئەلیاس)ەو دیل كراوە و، بە زنجیر دەستی یان دەست و قاچیان بەستووەتەوە. سویدی داوا لە عەلی پاشا دەكات لێی خۆش بێ

و وَلّى سليمان كسيراً ولم يكن
لينجو وان آوته بكر و وائل
وقد قرن اليأس المبرح بالفتى
ب(الياس) لما قيّدته السلاسل
حنانَيْك عفواً قد قَدَرْتَ ومن يكن
كمثلك يعفو قادراً وهو كامل

## گۆڕی دەروێش

مام عەبدوڵڵا فەرەج گۆڕی فەقێ ئیبراهیمی پیشان دام لەقەڵاچوالان کە (دەروێشی قاتلی سلێمان پاشا)ی پێ دەڵێن، چونکە ئەم ڕووداوە گەورە بووە و پشتاوپشت لە بیری خەڵکدا ماوەتەوە. گۆڕەکە لە خۆرەڵاتی خانووی سلێمان پاشایە لەسەر قەراغی چەمەکە و نزیکەی(٦٠) مەترێك لە چەمەکە دوورە. کە ئاوی زۆر دەبێ، دەگاتە چەند مەترێکی نزیکی گۆڕەکە و گردی باشووری (١٥٠) مەترێك لێك دوورن. دەوری (١٥) گۆڕێك لەوێ هەبوە، لەم ساڵانەدا شۆفڵ لەو ناوە ئیشی کردووە، هەموویانی تێك داوە. گۆڕەکەی دەروێش نەبێ کە بۆ تف و لەعنەت لێ کردن هێڵراوەتەوە (وێنەی ٧).



وێنەی (٧) - گۆڕی دەروێش فەقێ ابراهیم

ئەم زەوییە کە گۆڕەکەی تێدایە لە ئەسڵدا هی مام عەبدوڵڵایە. دەڵێت : کە سلێمان پاشا بریندار بووە، دەروێش گیراوە و هێناویانە بۆ قەڵاچوالان. بە فەرمانی ئەو کوژراوە و گوتوویە لەو جێگەیە بینێژن. بە قسەی ئەو لە دیوی سلێمانی گیراوە ، بەڵام بە پێی ئەو زانیاریانەی باسمان کرد فەقێ ئیبراهیم ڕای کردووە بۆ (بانە) و، دەبێ لەوێ گیرابێ.

ڕۆژی ١٩٨٠/١/٢٠ چووم بۆ سەردانی بەڕێز تەها بابان لە نەخۆشخانەی سلێمانی کە نەخۆش بوو. کاك عوسمان عەبدوڵڵا ئەحمەد قادری برین پێچم بینی کە دەستی شیعری هەیە و برێك شتی کەلەپووری کوردی کۆکردووەتەوە، گوتی: (حاجی فەتاحی لەیلێ) کە خەڵکی چوارتا بووە و زۆر بەتەمەن بووە بۆی گێڕامەوە: هاتنی (خێڵی میرە) کە ناسراون بە (میرە بانەیی) لە بانەوە بۆ چوارتا لەبەرئەوە بووە کە فەقێ ئیبراهیم لە ماڵی (میرە) لە بانە لەلایەن هەندێك بابانی دانیشتووی بانەوە گیراوە و، ڕەوانەی قەڵاچوالان کراوە و، میرەیشیان دەرکردووە بۆ قەڵاچوالان و موڵکەکانیشیان زەوت کردووە. (وادیارە بابانییەکان یان سلێمان پاشا خۆی لە میرە خۆش بووە) ماوەیەك لە قەڵاچوالان ماوەتەوە و پاشتر (قادری یوسفی نازێ)ی چوارتایی کە پیاوێکی بە دەسەڵات بووە، (عائیشە شێت)ی کچی میرەی مارە کردووە و میرەی پاراستووە. کە حاجی قادر بە ساڵا

چـووە لەسـەر موڵـك نـاكۆك بـووە لەگـەڵ شێخەكاندا، بۆیە دەربەدەر بووە بۆ شام و لە گەڕەكی (صالحية) لەوێ نیشتەجێ بـووە و، ئێستا نـەوەی لـەوێ هـەن. كـاك عوسمـان عەبدوڵڵا ساڵی ١٩٧٣ چووەتە لایان، چونكە نەنكی لە نەوەی حاجی قادر بووە. بەڵام من دەڵێم دوورنیە یوسفی نازێ خـۆی بووبێتـە زاوای میرە بانەیی نەك قادری كوڕی.

## گومەزی بابانەكان

چوار گـۆڕم لـە نێـو خانوویـەكدا بینـی كـە حكومەت رووخاندوویەتی و بناغەكەی دیارە. وا لەسە رقـەراغی خـۆراوای چـەم و لـەخوار رێگـای گشـتی و خـوار باسـكی بـاكووری خۆراوای شار (گردی ئەشكەوتان) و لە نزیك كانی سەرووە. چوونەوەم بـۆ قـەڵاچوالان بـۆ ئەوە بوو گۆڕی بابانەكان ببینم چونكە كورتە نووسینێكی (عەبدولعەزیز یامولكی)م هاتەوە بیر كە لە گۆڤاری (ژیـن)ی توركـی و كـوردی سـالأنی ١٩١٨ -١٩١٩ لـە ئەسـتەموڵ دەردەچـوو بلاوكراوەتـەوە كـە مـام عـەبدوڵڵا بینی لەو گۆڕانە ورد دەبمەوە، گوتـی: ئەمان هی بابانەكانن و، یەكیان هی سلێمان پاشایە كە دەروێش كوشتی. بەوە دڵخۆش بووم، ئیتر بـە درێـژی باسـی كـرد كـە ئەمـە گومـەزێكی لاكێشـەیی بـوو، رووبەرەكـەی (٦,٥م ×٤,٥م) بـوو وەك پێـوام بـەپێی بناغـەكانی بڕوانـە وێنـەی(٨). گومەزەكـە دەكەوتـە تەنیشـتی بـاكوری رۆژهـەڵاتی خانوویـەكی بچـووك كـە جێی دانیشتنی مامۆستا (مودەریس) بـووە. هەردووكیشـیان لـە تەنیشـت مزگەوتێكـەوە بوون بە ناوی (مزگەوتی گومـەزان)ەوە، بەڵام دیواریان بەدیواری مزگەوتـەوە نەنووسـابوو. هەرچی مزگەوتەكە بوو بەلای خۆراواوە بوو و هێندەی حەوشەیەك لەنێوانیاندا بووە و وێران كراوە.



وێنەی (٨) شوێنی گومەزی بابانیەكان و گۆری شیخ مەحمەد وسیم مەردۆخی

ئەم گومەزە موغەیری (ئاگردان _ دوکەڵکێش) لە دیواری باکووریدا هەبووە و، خەڵك دەهاتن قورئانیـان لەسـەر ئـەم گۆڕانـە دەخوێنـد هەروەها وتی: ئەم چوار گۆڕە هی ئەمانەن:لە لای باکوورەوە گۆڕی نووری پاشایە. پاشان گۆڕی مستەفا پاشا و دووەکەی تر هـی دوو کەسن بە ناوی سـلێمان پاشـاوە کـە یـەکیان سلێمان پاشای شەهیدە، بەڵام نازانین کامیان هـی ئـەوە. هـەروەها گوتـی: کێلیـان مـابوو، نووسینیشـیان لەسـەر بـوو؛ بـەڵام حکومـەت دیوارەکـانی گومـەز و مزگـەوت و هـۆدەی مامۆستاشـی هـەموو تـەخت کـرد. دوور نیـە سـەربازەکان بـۆ سـەنگەر دروسـت کـردن کێلـەکانیان بردبێ. عەبدولعەزیز یامولکی لـە ١٩١٦دا لەگـەڵ (عـەبدوڵڵا نـاجی)دا چووەتـە قـەڵاچوالان و، ئەم گۆڕانـە و شـوێنەکانی تـری قەڵاچوالانی دیون، گوتویە: بە داخەوە دەبوو نەوەکانی بابانـەکان ئـەم جێگایانـە بکـەن بـە موڵکی خۆیان و ئەو مێژووە زیندو بکەنەوە. یا موڵکی لە (ژین، ژمارە١٨)دا بەم شێوەیەی خوارەوە نووسینی سەر هەردوو کێلی سلێمان پاشای نووسیونەوە و گوتوویـە مێژووەکـەی ناخوێندرێتـەوە. ئەمـەش دەقەکەیـەتی وەك یامولکی نووسیویەتی:

نووسینی کێلی پشت سەری:

هو الحي الباقي

هذه المشهد الشهيد[1] السعيد و مرقد المأجور بالآخرة السيد يد الوالي العالي البـاذل الحمـد ولمصالح الأنام بـاني الحسـنات الحـد الآثـار عليه في هذا الأمر بالخروج.... مـروى... وهـو سليمان پاشا ابن المرحوم خـالد پاشـا غفـر الله...))

نووسینی کێلی بەرپێی بە فارسی:

والی، عصر سلیمان زمان
آنکه کر دستم از دهر بروفت
وانکه تاچرخ بکامش کردید
کام خویش از همه اعدا بکرفت
آشکارازچه بشغل دنیا
بود مشغول ولیکن بنهفت
اهتمامش همه درین دینداری بود
نه بکام دل خود خورد نه خفت
بود در عدل درین عالم طاق
با کفش تیغ سیاست هم چفت[2]
چند سالی که بدین قانون زیست
یافت تشریف شهادت را مفت
مفیدی[3]هم مشتی با خنجر
کوهر جسم کرامیش بسفت
هد....... چنان............

ڕەنگە ئەو سلێمان پاشایەی تر کە گۆڕەکەی لە نێو گومەزدا بووە (سلێمان بەبە ـ بابا سلێمان) بێ دامەزرێنەری میرنشینی بابان لە ساڵی (١٠٨٠-١٦٦٩ز)دا کە ساڵی ١١١٥ ی کۆچی (١٧٠٣ - ١٧٠٤ی زایین) یا لەو نزیکانەدا کۆچی دوایی کردووە و لە ١١٠١ی کۆچیدا کە شارەزووری داگیرکرد یان پێشتر داگیری کردبوو هێرشی بەرەو کەرکوك بردووە لەگەڵ میر حەسەن بابان و (دلاوەر)ی (متصرف)ی کەرکوك لە شەڕدا کوژراوە ئەم روداوە لە ساڵی(١١٠٢)ی کۆچیدا نەبووە وەك نظمی زادە لە (کلشن خلفا ل٢٩٦)دا باسی کردووە. ئەمیش ئەگەر سلێمان بەبە لە (ئەدەرنە) کۆچی دوایی نەکردبێ بە پێی گێڕانەوەیەك کە محەمەد ئەمین زەکی لە پەراوێزی ل٦٤ لە (تاریخ السلیمانیة)دا نووسیویەتی. مەسەلەی وەفاتەکەش محەمەد ئەمین زەکی لە (السجل العثمانی) وەرگرتووە کە چواربەگە و تەئلیفی (محمد ثریا)یە و سەرچاوەیەکی کۆن نییە وە هەروەها حسین ناظمیش ئەمەی وتوە لە (تاریخ الأمارة البابانیة ل٧٥).

سەبارەت بە گۆڕی نووری پاشاش تا ئێستا نەمان بیستووە و لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەمان دیوە نووری پاشایەك یا نووری بەگێك لە نێو بابانەکانی قەڵاچوالاندا هەبووبێ. مستەفا پاشاش هەر لەوە بەتر بەڵام هەر دەروێش نییە. یان یەکیان گۆڕی (نسا خانمی کچی مستەفا خان) بێ کە کێلەکەی ئێستاکە لە لای منە ، چونکە ڕۆژی ١٩٨٩/١٠/٢٢ کاك مستەفا غەفور محەمەد ئەمین کە لە دائیرەی کشتوکاڵی سلێمانی بوو پێی گوتم کێلی ئەم ژنە لە نێو مزگەوتی (شێخ محەمەد وەسیم)دایە. گۆڕی شێخ محەمەد وەسیم یش لە نێو هۆدەیەکدا بوو لە جێگەی مودەرریس لە تەنیشت هەرچوار گۆڕەکە، وچەند مەترێك لێیەوە دوورە. ئەو کاتەی کاك مستەفا دیویە حکوومەت وێرانی کردبوو، بۆیە وای زانیوە کێلی (نەسا خانم) لە نێو نزرگەکەی محەمەد وەسیمدایە. بەڕێز کاك عەبدولڕەحمان قادر دەروێش ئەم کێلەی لە قەڵاچوالانەوە هێنا بۆ سلێمانی و، ڕۆژی ١٩٩٠/١/١٩ من و برایانی دڵسۆز ئاری قادر و کاك سەرکەوتی کوڕی برادەری شەهیدم. سەلامی مەلا سابیر ئەم کێلەمان گواستەوە بۆ ماڵی ئێمە، زۆر سوپاسیان دەکەم. کێلەکە بەردێکی قاوەییە، پێوانەکەی (١٠٧ × ٥٨سم)ە و، سەرەکەی کەمێکی شکاوە و بنەکەیشی کەمێکی لێ شکاوە. نووسینەکەی سەری بە خەتی (ثلث)ە، هەرچوار دەوری بە نەخشێکی گیایی نەخش کراوە. ئەمە نووسینەکەیەتی:

((... قبر؟ المرحومة و المبرورة نسا خانم بنت عالیجاه مصطفی خان حرم محترم عالیجاه معلی جایکاه محمد پاشا توفیت في وقت صبح یوم الأحد ٢١ شهر جمادي الأول سنة الف

ومائة وتسعين)). یانی وەفاتەکەی دەبێتە (٨تەموزی ١٧٧٦ز). بڕوانە (وێنە٩)



وێنەی (٩) کێلی نسا خانم کچی مستەفا خان و ژنی محمد پاشای خالید پاشای بابان لە ١١٩٠ لە قەڵاچوالان کۆچی دوایی کردووە

جا کە خەڵکەکە ناوی (نسا خانم)یان بۆ نەخوێندراوەتەوە و، ناوی مستەفا خان دیاربووە، ئیتر وایان زانیوە گۆڕەکە هی مستەفا خانە، وەك کاك ئاری لە پێشدا بە منی وت کێلی محەمەد پاشایە بەڵام دەرکەوت (نسا خانم)ی ژنی محەمەد پاشای برای سلێمان پاشایە.

لەوانەیە خەڵکی کوردستانی ئێران بێ. ناوەکەی ئەو گومانەی لەلا پەیدا کردم، لە کۆچ ڕەوی بەهاری ئەمساڵدا لە کوردستانی ئێران پرسیم، گوتیان ناوی (نەسا) ئێستاش لێرە بۆ ژنان بە کاردێت، گومانم لە ناوی (مستەفا خان)یشە، چونکە وشەی (خان) لە کوردستانی ئێراندا و وشەی (بەگ)یش لە کوردستانی ژێر دەستی عوسمانی بە گشتی بەکاردێن.

نەسا خانم شەش ساڵ بەر لە محەمەد پاشای مێردی کۆچی دوایی کردووە. مێردەکەی لە ١١٩٦ی کۆچیدا (١٧٨١ - ١٧٨٢ی زایین) کۆچی دوایی کردووە دوور نییە ئەو گۆڕەی لەقەبرستانی گردی قەبرانم بینی و لەسەر نووسرا بوو (محمد بن خالد) گۆڕی ئەو بێت. شەڕوشۆڕی محەمەد پاشاو ئەحمەد پاشای برای لە سەرچاوەکانی مێژوودا باس کراون ئەمەش وێنەی کێلەکەیەتی وێنە٩.

ئەوەی شایانی باسە کێلی قەبرێکی دیکەی گومەزەکە مێژووی ١١٢٢ی کۆچی لەسەر بوە بەپێی قسەی کاك مستەفا غەفور قەڵاچوالانی.

## گۆڕی شێخ محەمەد وەسیم

مام عەبدوڵڵا گوتی: گۆڕی شێخ وەسیم لەنێو هۆدەی مودەرریسدا بوو لەنێزیك دیواری خۆراوای. بەڵام ئێستاکە پاش ڕووخاندنی گۆڕەکە دیارنییەو، بەئاسانی دەدۆزرێتەوە. شایانی باسە (الشیخ محمد وسیم الکبیر) وەك لە بڕێك سەرچاوەدا ناوی

هاتووە،کوڕی شێخ ئەحمەدی شێخ مستەفای شەمسەددینی مەردۆخی تەختەیی‌یەو. زانایەکی بەناوبانگ و مامۆستای دەرس دادەری سلێمان پاشا بووە لەقەڵاچوالان. لەلای باوکی‌و لای یەحیای کوڕی فەخری ئەفەندی موسڵ وشێخ محمدی خامووری موفتیی بەغداو سەید ئەحمەدی میسری خوێندووە. مانگی شەووالی ١١٧١ی کۆچی (١٧٥٦ی زایین) بەنەخۆشی تاعوون کۆچی دوایی کردووە بەڵام ڕەنگە پاش ئەو ساڵە بووبێ، چوونکە ناوو مۆری لەسەر وەقفنامەی سلێمان پاشا هاتوون کە مێژووەکەی ١١٧٤ی کۆچی‌یە، لەدانراوەکانی(سنن الصلاة) بووە (٤). پێویستە گۆڕەکەی دەربخرێتەوە و بەرزبکرێت و هەروەها هەر چوار گۆڕی دیکەش بەرز بکرێن .

## هێندێك جێگای قەڵاچوالان

گێلاسان : ئەم گردە لەباکووری خۆرەلآتیدایەو، گەڕەکی دەرگەزێن وا بە دامێنیەوە . کانیاوو بڕێك ئەشکەوتی بچوك (ژێر بەرد) پێوەن. هاوینان میری بابان ماڵی دەهێنایە سەر ئەم شاخەو، ئەمە هەر ئەو شوێنەیە کەعەبدولعەزیز یاموڵکی لە (ژین)ی ژمارە (١٥)دا دەڵێت شوێنەواری قەلایەك و شتی وای لەسەرە بەلآم مام عبدالله بە منی وت جێگای ماڵی هاوینی پاشای بابان لەسەر شاخەکە ماوەتەوە.(وێنەی١٠)

کانی گێلاسان:لە نێزیك لوتکە شاخی گێلاسانە بەلای خۆراواوە.
گردی ئەشکەوتان: بەرانبەر گردی گێلاسانە بەلای خۆراواوە. لە پشت مزگەوتی دێی قەلاچوالانە.چوار ئەشکەوتی پێوەیە.
شیوی گێلاسان: لە پشت بەشی سەرەکی شارە. عەبدولعەزیز یاموڵکی لە (ژین)ی ژمارە (١٥)دا دەڵێت ناوی ئەم بەشەی شار گەڕەکی ئالای چاویشی‌یە.
(شیوەکە لەنێوان گردی گێلاسان‌و گردی ئەشکەوتەکانە)و دەڵێ لە سلێمانی گەڕەکێك بە هەمان ناو هەیە بەلآم لە بەڕێز علي صالحی ڕەشەم پرسی کە بە تەمەنە وتی تەنیا بیستوومە (قول ئاغاسی) هەبو ناوی چەند کۆلآنێك بوو لە دەوری مزگەوتی (بن تەبەق) سەرو (سەرا).
بەردە قسلآن: ئەم گردە لەولای گەڕەکی قزلجی‌یەکانە. ئێستا پێی دەڵێن (دێی سامان).
گردی کەللە ئەحمەد: دەکەوێتە بەری باشووری چەم، لە پشت گردی باشوورو باشووری خۆرهەلآتی خانووی پاشا.
شیوی جوڕ جوڕ: لە باشوورو باشووری گردی شێخ حەسەنە.
قەدەغەی میری: ئەو شاخەیە کەوا لە تەنیشتی شیوی جوڕ جوڕ بەلای باشوورەوە.
باخی پاشا: ئێستا تەختانێکە لە نێوان چەم‌و گردی قەبران‌و پردی ئێستای چەمی




وێنەی (١٠) گردی گێلاسان

قەلاّچوالان کە ڕێی گشتی سلێمانی _ چوارتا لەسەر ئەم پردەیە یانی دەکەوێتە سەرقەراغی چەم.

گردی قەبران: تیژترین لوتکەیە لە خۆراوای شاری قەلاّچوالان. لە خۆراوای گەڕەکی تەکیەی دەروێشان و گەڕەکی گومەزانەوەیە. هەروەها لە هنداوی باخی پاشاو، لە باکوری خۆرەلاّتی پردی ئێستاوەیە گۆڕستانی گەورەی قەلاّچوالان بەم گردەوەیە تا سەر لوتکەی و ئەمەیش گۆڕی ئاغاکانی قەلاّچوالان لە کاتی بابانییەکاندا لەسەر ئەم گردەن، بەلاّم سەربازانی عێراق هەموو گۆڕەکانی سەر لوتکەیان تێک داوەو، سەنگەریان لەوێ دروست کردووە.

عەبدولعەزیز یامولّکی لە هەمان ژمارەی (ژین) دا دەلّێت: گۆڕی ئاغاکان لەسەر گردەکەیە ،وەک گۆڕی محەمەد ئاغای جەعفەر ئاغا لە بنەماڵەی خەندان و کەسانی تری ئەم بنەماڵەیە لەسەر گۆڕەکەی مێژووی ١١١٨ی کۆچی هەیە، (-١٧٠٦-١٧٠٧ز) مام عەبدوڵلاّ فەرەج دەلّێت: گردەکانی دەوری قەلاّچوالان هەموو گۆڕیان بەسەرەوەیە.

شەریف پاشایش لە بنەماڵەی خەندانە کە لەگەڵ بابانەکاندا هاتووەتە سلێمانی و، دایکی عەبدولعەزیزیش هەر لەوانەو، باسێکی فراوانی لەسەر ئەم بنەماڵەی خەندانە نووسیوەو برای پارێزەر کاک کمال بەگی مەجید بەگ لە بنەماڵەی خەندان دانەیەکی

داومیّ و دەڵێت بلاّونەکراوەتەوە. زۆر گەڕام بەم گۆرستانە گەورەیەدا، تەنیا نووسینێکم لەسەر گۆڕێك بینی کە نووسرابوو (محمد ابن خالد).ئەمە قەبرستانی گەورەی کاتی بابانە وێنەی(١١).

دەشتی (دەشتی قەبران): وا لە نێوان گردی قەبران و گەڕەکی گومەزان، واتە خۆراوای شاری قەڵاچوالان. شایانی باسە هەشت قەبرستان لە قەڵاچوالان هەن یەکیان (قەبرستانی خوشکی پیرەمەگرون) لە رۆژئاوای گردی قەبران وە دووش لە گەڕەکی بابانیەکان.

تەکیەی دەروێشان: تەکیەیەك بوو لەسەر قەراغی چەم مقدارێك لە خوار گومەزی سلێمان پاشاوە بووە.

کانیی سەروو: بە باسکی خۆراوای شارەوەیەو، لە رۆژهەڵاتی گومەزی سلێمان پاشاو لە هنداوی رێگای گشتی و بە گردی ئەشکەوتانەوەیە، بەشێکی ئاوەکە بە گونج دەهاتە مزگەوتی گومەزان.

کانیی دڵشاد: لەرۆژئاوای شیوی گێلاسانەوەیە.

ئەشکەوتی شێخ مەحموود: دەکەوێتە سەر گوێ چەم و سەروو پردی گەورەی کۆن و لە ژێر گردی شێخ حەسەن. ئەشکەوتەکە رەوەزەو، شێخ مەحموودی نەمر لەبەر فرۆکەکانی ئینگلیز چووەتە ناوی، ئەوەی شایانی باسە لە قەمچوغەو لە پشت دێی بەردە شانی ژێر ئاسوس لە هەریەکیان ئەشکەوتێك بەناوی ئەشکەوتی شێخ مەحموودەوە هەیە چونکە شێخی نەمر لە کاتی شۆڕشدا چوەتە نێویان.(وێنەی ئەشکەوتی شێخ وێنە١٢)

## قەلاّچوالان شوێنەوارێکی زۆر کۆنە

١- لە بەحسەکەمدا ئیشارەتم کردووە کە شوێنەواری کۆن لە دامەنی رۆژئاوای گری شێخ حەسەن هەیە رۆژی ١٨-٢٠٠٢/٨/٢٤ و١و١٦ ئەیلول چووم بۆ قەلاّچوالان لەگەڵ بەڕێزان کاك هاشم حەمە عەبدوڵا و کاك کەمال رەشید زێوێی کە هەردوو دەرچووی بەشی شوێنەوارناسی زانکۆی بەغدان و فەرمانبەرن لە دائیرەی ئاسارەکانی سلێمانی زانیاری نوێ بە دەستم کەوت کە لێرەدا وەك بەشێك بە جیا دەنووسم و تێ هەڵکێشی ئەسڵی بەحسەکە ناکەم کەم نەبێت ئەو زانیاریە نوێیانە ئەمەی خوارەوەن: لە دامێنی گردی شێخ حەسەن لە باشووری رۆژئاوایی پردی کۆنی قەلاّچوالان ئێمە دابەزین بۆ لێکۆڵینەوەیەکی شوێنەواری لەدوو شوێندا لەم نزیکانە خەڵك بە بلدوزەر دامەنی گردەکەیان کۆلیبون و هەندێ کۆپەقەپر شکاندبون و زۆر لە لەتەکانیان بلاّوببون بەرەئی من ئەمانە کۆپە قەبرن وە ئێسقانیش لەلای هەندێکیان هبوون کوپەکان لە گڵی سوورو و سورەکراو بوون و بە مقداری (١,٥)مەتر لە ژێر ئەرزا بووە تیری



وێنەی (١١) گۆڕێکی قەبرسانی گردی قەبران



وێنەی (١٢) ئەشکەوتی شێخ مەحمود

یەکەمیان لە ناوەوە (٦٥) سەنتیمەتر (وێنەی ١٣)و ئەوەی دیکە (٧٢)سم کەلە پێشەوە بووە و هەردوو پێکەوە نووساون و ئەستوورییان (٣)سم. لەناوەوە بەگڵێکی مەیلەو سپی سواخ درابوون و جۆرە نەخشێکی سادە لەسەر سواغەکە هەیە کە هەندێکیان بریتی بوون لە حەوت هێڵ لە تەنیشت یەك و هەموویان بە پانی (٢)سم و نەوعی وردیش لەچەند هێڵ و بەشێوەی مەیلیش نەك راستەو راست ئەمەش وێنەی لەتە گۆزەکانە (وێنەی١٤). هەندێ شکڵی چوارگۆشە لەسەریان هەن. لەبەرئەوەی نمونەیان لە مۆزەخانەی سلێمانی نییە و لەبەر تەسکی وەختیش نە من و نە برادەرانی دائیرەی ئاسار لێکۆڵینەوەمان جارێ لەبارەی ئەم گۆزانە نەکردووە تاکاتەکەیان بزانین و لێکۆڵینەوەشیان پێویستە. بڵندی کوپەی پشتەوە تا نزیك دەمەکەی (٨٠)سم هەر دوش شکێندرابوون لە کوپەی پشتەوەدا کە مقدارێکی هەر لە ئەرزیشدا مابوەتەوە خۆڵەمێشی سپی تێدابوو کە رەنگە خۆڵەمێشی مردو بێ چونکە سوتاندنی مردووش لە کوردستانی کۆندا باو بووە و لە زۆر شوێن ئەم خۆڵەمێشە لە کوپە قەبرەکاندا دۆزراوە بۆ نموونە ئێستا کە ئەمە دەنوسم برای بەرێز کاك جەلال مام رەسوڵ کاوانی هاتە لام وتوتی لەم بەینەدا چووم بۆ دێ قازان لە دامەنی چیای بەرانان لە باشووری رۆژئاوای سلێمانی کە هەندێ لە عەشیرەتی کاوانی لێیەتی خەڵکەکەی هەندێ گۆڕی کۆنیان دۆزیوتەوە خۆڵەمێشی تێدا بووە. هەر لەم شوێنەدا لەتە گۆزەی تەنك و بچوکیش هەبوون و هەندێ لە گۆزەیەکی بچوك و بە تەنیایی هەر لە زەویدا مابوەتەوە. کە پێ دەچوو سواخی بنە هۆدەیەك بێت. بەرزی (٥٢سم) و تیرەی (٤٢سم) بە پێی شوێنەکەی لە ژێر چینە گڵێکی سپی دابوو.

لە شوێنی دووەمی گردەکە دیوارێك بەدەرکەتبوو بە (٢)مەتر لە ژێر ئەرزدا بۆ لە بەردی مەیلە بچوك و نەتاشراوی و لە قوڕ و کەمێك لە دیوارێکی دیکەی وەهاش بەدەرکەتبوو کە دەوری (١,٥)مەتر لە ژێر ئەرزدا بوو. ئەمەش لە کۆتایی گردی شێخ حەسەن (گردی قەڵای پاشا) لە تەنیشتی رێگا بەدەوری (٧٠) مەتر لە پێش مرۆڤ بگاتە پردەکە (وێنەی١٥). هەر لە هنداوی ئەمان بەگردەکەوەی شوێنەواری خانووی کۆن و هەروەها هەندێ قەبریش هەن.

هەندێ لە خەڵکی دێ قەڵاچوالان لێمان کۆبوونەوە لە نیو دێیەکە لە دامەنی گردی گێلاسان کە ئێستا هەژدەماڵە و لە پێش وێران کردنەوەشی لە ١٩٨٨دا هەر دەوری بیست ماڵ بووە لێیانم پرسی شتی کۆنتان لەچی لایەکی قەڵاچوالانتان دیوە بەرێزان کاك عەبدول صوفی ساڵح حەمە ئەمین کە تەمەنی نزیك حەفتا ساڵە و کاك سەلاح خالید مەلا رەسوڵ و عزەت محەمەد ئەمین وتیان ساڵێك



وێنەی (١٣) کوپە قەبر



وێنەی (١٤) لەتە سواڵەتەکانی کوپە قەبر



وێنەی (١٥) پاشماوەی دیوارێک لە دامێنی گردی شیخ حەسەن

رووبار شوێنی خۆی گۆڕی لە خاروپردەکە و ئەرز هەڵدری لەژێر ئەرز بەقوڵی دەوری (١,٥)م چەند کۆپەیەك بەدەرکەوتن تەنیا کەللەسەری مرۆڤ تێیاندا بووە ئەم شوێنەش دەکەوێتە باکووری دامەنی گردی شێخ حەسەن و نێوانیان رووبارە.

دۆزینەوە ئەم کۆپە قەبرانە زۆر گرنگە چونکە بەڵگەی کۆنیتی قەڵاچوالانە، کەلەکەمەوە مێژووی دەگەڕێت بۆ بەر لە (٣٥٩٤)ساڵ لەمەوبەر چونکە نەریتی ناشتنی تەنیا پارچەیەك لە لەشی مردو لە کوردستان و لە میزپۆتامیای نێوان رووباری دیجلەو فورات دەگەڕێتەوە بۆ فەترەی نێوان ساڵی (٣٥٩٤-٥٧٠٠)ساڵ بەر لە زاین یانی تا نزیکەی هەشت هەزار ساڵ لەمەوبەر وەك بەدرێژیم نوسیوە لە باسەکەمدا (سلێمانی لەسەر شارێکی کۆن ئاوا کراوە) و لەگۆڤاری هەزارمێرد ژمارەی (١٤)ساڵی ٢٠٠٠ دا بڵاوبۆتەوە لە ٣٤لاپەڕەدا ئەم جۆرە کوپە قەبرانە لە زۆر شوێنی کوردستان دۆزراون وەك کوپە گۆڕی نێو ئەرزییەی (سینەما رەشید)ی لای سەرای سلێمانی و (گردی قشلە)ی شوێنەواری لەناوەندی شاری سلێمانی‌دا چونکە لەژێر ئەرزدا کە سینەما دروست کرا لە ساڵی (١٩٤٧-١٩٥٠)ز دا شەش حەوت کەللەسەر لەنێو یەك کوپەدا دۆزران. گومان نیە ئەگەر کنە و پشکنین (تنقیبات)ی شوێنەواریی زانستیانەی لە چەند جێگەیەکی قەڵاچوالانی شاری کاتی میرنشینی باباندا بێتە کردن لەوانەیە پتر لە کاتێکی جی‌نشین بەوون یان چەند کاتێکی شوێنەواری بدۆزرێت قەڵاچوالانیش وەك جێگایەکی شوێنەواری نەزانراوە لە لایەن دەزگای گشتی شوێنەوارانی عێراق و تۆمار نەکراوە.(باسکە باریك) لە باشووری قەڵاچوالانیش شوێنەوارێکی کۆنە.

ناوی قەڵاچوالان وەك شارێك یان شارۆچکەیەك لە پێش کاتی بابانی لە سەرچاوەکانمدا نەدیوە تەنیا ئەوە نەبێ لێکۆڵەر و مێژوونووسی بەرێز مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە پەراوێزی لاپەڕە ٢٦٨ لە کتێبی (شهرزور - السليمانية) دانراوی مێژوونووس عەباس العزاوی دا نووسیویەتی: لە ساڵی ١٠٢٦ك (= ١٦١٧ ز)دا قەڵاچوالان شار بووە یانی لە پێش میرنشینی بابان و نوسیویەتی لەو کاتەدا چەند مزگەوت و مەدرەسە تێدا هەبووە چونکە کتێبە دەستنوسەی نمرە (١/١٥١٨٨) (دص) لە معهد صدام للمخطوطات لە ساڵی ١٠٢٦ کۆچیدا لە مزگەوتی گەورەی قەڵاچوالاندا نوسراوە. ئەو دەستنوسەش کتێبی (حير ابو الفتح)ە کە ئەحمەد کوڕی مستەفای بانەیی نوسیویەتی بۆ مەلا عوسمانی مەلا حسەینی ئیمامی مزگەوتی گەورەی قەڵاچوالان وەك قەرەداغی باسی کردووە لە (ل ٥٣) دا لە کتێبەکەی (مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی

دەستخەکانیانەوە بەرگی دووەم چاپی ١٩٩٩.

هەر لەم لاپەڕەیەدا ناوی مەلا موسای هێناوە لە مودەریسەکانی قەڵاچوالان ساڵی ١١٤٤ك و هەروەها شێخ عبدالصمدی بەرزنجی ئالەکی ساڵی ١١٥٣ك دا (شایەنی باسە لە هەندێ بەڵگەنامەدا ناوی (مەحمود)ی قازی قەڵاچوالانی هاتووە).

هەروەها قەرەداغی ناوی جامیعی سولەیمانییە لە قەڵاچوالان ساڵی ١١٧٠ك و مەدرەسەی مەلا عەبدلقادر ساڵی ١١٨٤ك یش لە قەڵاچوالانی هێناوە کە تێیە زانین سلێمان پاشا مزگەوتێکی گەورە لە قەڵاچوالان ئاوا کردووە. شایەنی باسە مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ ناوی چەندین زانای مودەرسانی قەڵاچوالانی هێناوە لە کتێبەکەیدا (الشیخ معروف النودهی). گومان نیە قەڵاچوالان بەپێی شوێنە گرنگەکەی ئاوەدان بووە لەپێش کاتی بابانی و بەپێی ناوەکەشی دەبێ قەڵایەکی لێ بووبێت، ئەگەر شارۆچکەیەکیش بێت ئەوا لەکاتی بابانی دا کە بووەتە مەڵبەندی ئەم میرنشینیە گەورەیە بووەتە شارێکی زۆر باش. شایەنی باسە درێژەی شاری قەڵاچوالانی کاتی بابان لە ڕۆژئاوا بۆ باشووری ڕۆژهەڵات لە غەیر قەبرستانی تەکیەی دەروێشان بەپێی نەخشەی دائیرەی کشتوکاڵی سلێمانی ساڵی ١٩٥٧ دەوری (١٤٠٠م)و پانیی لە باشووری ڕۆژئاوا تا باکووری ڕۆژهەڵات دەوری (٩٠٠م)ە.

٢- لە چوار شوێن لە قەڵاچوالان بۆڕی ئاوی ژێر زەوی (بەگونج - لولیك) دۆزراون یانی چوار تۆڕی ئاو لەنێو شاردا بڵاوکراوەتەوە لە شوێنی سەرەکی شاردا کە بازاڕ لێ بووە هێڵێك لە کانی دەرگەزێن و هێڵێك لە کانی گێلاسان لە نزیك لوتکەی گردی گێلاسان کە ئاوەکەی ئێستا دەوری نیو ئینچ دەبێت و هێڵی سێیەمی گونج لە کانی سەرۆیەوە هاتووە کاك ئازاد مام عەبدوڵڵا گونجێکی نیشاندام کەلەلای خۆی بوو پاراستبووی و لەگەڕەکی بابانەکان نزیك گردی چوڕ چوڕیش هێڵێکی گونج دۆزراوە.

٣- بە تەنیشتی ڕۆژهەڵات لە گردی گێلاسان کە ڕۆژهەڵاتی گەڕەکەی دەرگەزێن بووە قەبرستانێك هەیە و گچکەش نیە هەندێ کێلی نوسراوی لێ بووەو خەڵك دەڵێن سەربازانی حکومەتی عێراق هەموویان لەنێو بردن ناوی (قەبرستانی ڕەزەکۆن)ە. لە ڕۆژهەڵاتی گردی ئەشکەوتانیش قەبرستانەك هەیە.

٤- چوار قەڵات لە قەڵاچوالان هەبوون دوویان لە باکورەوە کە یەکیان لەسەر گردی گەیلاسان بووە، بەڵام کە چووین بۆ سەر گردەکە شوێنەوارەکەیمان نەدیت کە بڵندترین لوتکەیە لە بەشی باکوور، تەنیشتی باشوور، ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاواکەشی سەختن خەڵك سەرەکەی کردونەتە شوێنی کشتوکاڵی

و هەروەها سەنگەرەکانی سەربازانی حکومەتیش لەسەری بوون لەبەر ئەمە




وێنەی (١٦)

ئاسارەکانی قەلات نەماوە (وێنەی١٦).

**قەلاّی دووەم:**

لەسەر گردی ئەشکەوتان بووە لە هنداوی (کانی سەرۆ) و ئێستا بەدرێژی (٣٠)م لە باشوورەوە بۆ باکوور شوێنەواری بینایەك لەوێ ماوە، پانی دیوارەکەی (٧٠)سم بەرەئیم ئەمە قەلاّ بووە و سێ هودەشی بەتەنیشتە لێژەی هنداوی کانیەکەوە هەن. شوێنی هەڵکەوتنی سێ دیارە کە پێدەچێت ئەو شوێنە قەلاّ بووبێ. بەتەنیشتی باشووری رۆژئاوای گردەکە لەپشت رێگا شوێنەواری کۆمەڵەی خانوویەکیش هەیە مام عەبدولاّ هەر بەم بەشەی گردی ئەشکەوتانی دەوت (سەر قەلاّ) و بە بەشی دیکەی دەوت (گەڕەکی گومەزان) (وێنەی١٧).

**قەلاّی سێیەم:**

لەسەر لوتکەی گردی شێخ حەسەنە و بەناوی (قەلاّی پاشا)وە لە نەخشەی کشتوکاڵی قەلاّچوالانی ساڵی ١٩٥٧دا نوسراوە بەرێز مام عەبدول سۆفی ساڵح لەگەڵما هاتە سەر ئەم گردەی باشووری پردی کۆن و لە هنداوی رووبار سەرەکەی زۆر تیژە بەدەوری (٣٠×٢٠م)، تەنشتی رۆژهەلاّتەکەشی زۆر سەختەو کەس ناتوانێ پێ هەڵگەڕێت (وێنەی١٨). شوێنەواری بینایەك لەسەریەتی و ئەستوری دیوارەکەی (٧٠)سم ولەکەمەوە سێ هۆدە بووە، سەربازانی عێراق سەرەکەی کردبوونەتە




وێنەی (١٧) سەرقەڵا




وێنەی (١٨) گردی شێخ حەسەن و گردی چوڕچوڕ

سەنگەر و شوێنەکەیان تێکداو.یەکسەر لە نزیک لوتکەکە قەبرستانێکی بچووک هەبووە لەدەوری گۆڕی شێخ حەسەن و بەتەنیشتی ڕۆژئاوای ئەم گردەوە شوێنەواری خانووی کۆن و هەندێ گۆڕ هەن لە نزیک ئەو شوێنەی گۆزەو دیواری کۆنی تێدایە بە دەرکەوتوون وەك باسمان کرد و پێویستە ئەم شوێنە (اثري)یانەی بپارێزرێت. مام عەبدوڵلا وتی: لە تەنیشتی باکور لە گردەکەش شوێنەواری خانوو زۆرە.

**قەڵای چوارەم:**

قەڵای چوارەم لەسەر (گردی چۆڕچۆڕ) بووە لە باشوری گردی شێخ حەسەن.

٥- کانیەکان: لە قەڵاچوالان حەوت کانی ئاو هەن کە ئەمانەن: کانی دەرگەزێن لە بناری گردی گێلاسان و کانی گێلاسان لە نزیك سەری گردەکە بە تەنیشتی ڕۆژئاواکەیەوە و(کانی سەرو)کە باسمان کرد و کانی دڵشاد لە تەنیشتی ڕۆژهەڵاتی گردی ئەشکەوتان و کانی محەمەدی ئەمین ئاغا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ماڵی پاشا لە باشووری ڕووبار. ئەم ناوەی نوێیە چونکە کوڕانی محەمەد ئەمین ئاغا لە سلێمانی زیندون کە دەبێ ناوێکی کۆنی هەبێت و ئەمە جیایە لە کانی (کەللە ئەحمەد) کە ئەولاترە و لە شار حیساب ناکرێت. بە ئەسڵ لە موڵکی کەریم ئاغادا بووە لە تایەفەی (دارۆغە)ی قەڵاچوالانی کاتی بابان کانیەکی بچوکیش هەیە لە کۆتایی گەڕەکی تەکیەی دەرویشان و لەدەست پێکردنی باخی پاشادا کە ناوی (کانی تەکیەی دەرویشان)ە. لە پشت ئەم کانیە بەلای باکووری ڕۆژئاواوە کارێزە ئاوێك هەیە کە کارێزی باخی پاشا بووە.

کانی حەوتەم (کانی گوڵان)ە لە پشت گەڕەکی قزلجیان.

ئافوورە ئاوێکیش هەبووە لە گەڕەکەی دەرگەزێن و شوێنەواری مابوو، بەڵام سەربازانی عێراق تێکیاندا. حەوزە ئاوێکی گەورەیش هەبووە لەنێو باخی پاشادا بەشی ڕۆژئاوا.

**جۆگە:**

جۆگە ئاوێکی گەورە و درێژ لە ڕاستی گوندی (سامان) هەبووە لە ڕووبار کێشراوە تا ڕۆژئاوای باخی پاشا یانی تا زەوییەکانی ڕۆژئاوای ڕێگای ئێستای سلێمانی- چوارتا درێژیی ڕەنگە (٦کم) بێ پارچە پارچە شوێنەوارەکەی دیارە بە بەرد و قسڵە و کەوتووەتە بەری باکووری ڕووبار. قوڵی جۆگەکە نزیکەی (١,٥) مەتر بووە، بەڵام فراوانییەکەی نەزانراوە، چونکە هەندێ لە تەنیشتی پشتەوەی دیمان و تەنیشتی پێشەوەی نەمابوو (وێنەی١٩).

٦-مزگەوتەکان: شوێنەواری مزگەوتی گەورەی قەڵاچوالان ئێستا ماوەو پێویستە بپارێزرێت لە گەڕەکی دەرگەزێنە کە گەڕەکی دەرگەزێنی سلێمانی بەناوی ئەمەوە نراوە.

دارەکانی ئەم مزگەوتە بۆ مزگەوتی گەورەی سلێمانی هێنراوە کاتی ئاوا کراوە. لە گەڕەکی بابانەکان نزیکی گردی چوارچوڕ مزگەوتێک هەبووە وە هەروەها لە مزگەوتێک لە گەڕەکی شێخ حەسەن وگەڕەکی قزڵجیان و گەڕەکی گومەزان یانی مام عەبدوڵلاّ بە شوێنی پێنجیان دەزانیّ.



وێنەی (١٩) جۆگەی گەورە

٧- لەنێو زەویەکانی شوێنی شار لە قەلاّچوالان کۆمەڵە دارتوویەکی گەورە هەن خەڵکەکەی دەڵێن ئەمانە دارتووەکانی نێو حەوشی خانووەکانی قەلاّچوالانی کاتی بابانین.

٨- گۆمەشین لەنێوان پردو و گۆمی خنکاو دابووە.

٩- وەك لە وتارەکەدا باسم کردووە شوێنەواری حەمام و کۆمەڵە خانوویەك دەبیندرێت لە رۆژهەلاّتی شوێنی خانووی پاشادا مام عەبدول سۆفی سالّح مەلا ئەمین مەلا عەبدوڵلاّی کوڕی مەلا عەبدوڵلاّ بابانی لە ئامۆزاکانی مام عەبدوڵلاّ فەرەج وتی بانی حەمامەکە مابو و ئێمە دەچوین ژێری یانی دەوری پەنجا سالّ لەمەوبەر یان کەمتریش.

١٠- گومەزی بابانی: کێلەکانی گومەزی بابانیەکان وەك خەڵك دەڵێن بینیمان سەربازانی حکومەتی عێراقی دەریان هێنا و ئیتر نازانین چی لێیان کرد و پتر رایان بۆ ئەوە دەچیّ کە بردبێتیان بۆ بەغدا، هەروەها دەڵێن کوڵەکە دارەکانی گومەز مابوون لەپێش ئەوەی حکومەت تێکی بدات، بەلاّم بانی نەمابوو دیارە بانی گومەز زوو کەوتووە و پاشان خەڵك بەدارەرا بانی ئاوا کردووە و ئەویش رووخاوە.

١١- گۆڕی سلێمان بەبە؟: لە بەحسەکەمدا نوسیوە مام عەبدوڵلاّ فەرەج بەمنی وت گۆڕی یەك و دوو بەلای باشوورە وە لە هەر چوار گۆڕی نێو گومەزەی بابانیەکانیدا گۆڕی دوو کەس بەناوی سلێمان پاشایەوە لەبەر ئەمە نازانم کامەیان سلێمان پاشایە (یانی سلێمان پاشای خالید پاشا). لە تاريخ الامارة البابانية لاپەرە (١٢٠) دانراوی حسێن نازم دەزانرێت

کە ئەم گومەزە یان قەبرستانە بچوکە لە پێش سلێمان پاشا هەبووە و گۆڕی هەندێ بابانی تێدابووە چونکە نوسیویەتی سلێمان پاشا لە گۆڕستانی تایبەت بە بابانیەکاندا نێژرا.

جا دوور نیە یەکەمجار (سلێمان بەبە)ی دامەزرێنەری میرنشینی بابان لەم شوێنەدا نێژرا بێ و ئەو سلێمان پاشایەی دیکە ئەوە بێت و سلێمان پاشای خالید پاشا لای باپیرە گەورەی نێژرا بێ جا بەپێی کات و ڕێزلێنانی پێشینان یانی باپیرە گەورە پتر بیرم بۆ ئەوە دەچێ گۆڕی یەکەم بەلای باشوورەوە گۆڕی سلێمانی بەبە بێ وسلێمان پاشا لە پشت ئەو نێژرا بێ. هەروەها دوورنیە زۆربەی گۆڕەکانی دیکەی نێو هودەی مودەرس گۆڕی بابانیەکان بن لە ژن و پیاو و دەتوانین بڵێین مەبەستی حسێن نازم بەگۆڕستانی تایبەت بە بابانیەکان قەبرەکانی نێو گومەزەو هۆدەکە هەموو پێکەوە بێت. لە ١٦ی ئەیلولدا من و کاک هاشم و کاک جەمال محەمەد عوسمان چووینە لای مام عەبدوڵڵا بە کامێرای ڤیدیۆ چاوپێکەوتنمان لەگەڵی کرد وتی: دوازدە سوارەی مەریوان کە یەکیان ناوی سەلیم بووە (سەلیم سێ تەنە) لە کاتی سلێمان پاشای یەکەمدا بووە کە گۆڕی لە نێو گومەزەکەدایە وە سلێمان پاشای دیکەی نێو گومەز بە ناوی ئەو ناوکراوە وە سلێمان پاشای سێیەمیش گۆڕی لە سلێمانییە. چەندین جار ئەمەی دووپات کرد. هەروەها وتی: دوازدە سوارەکە لەسەر داوای خەڵکی شارەزوور چووبوونە شارەزوور بۆ کوشتنی بەراز کە زۆر ببوون، بەڵام کە بیستیان لە شکری ئێران بەرەو ناوچەی بابان دێت لە شارەزوورەوە هاتن بۆ دێی (قەیمازان) و لەوێ وەڵامیان نارد بۆ سلێمان پاشا (سلێمان بەبە) کە ئەوا بەرەو لەشکری ئێران دەچن و ئێوەش وەرن هەر دوازدە بەرەو مەریوان چوون و شەڕیان کرد و لەشکری ئێرانیان شکاند. لەبەرئەوەی مام عەبدوڵڵا لە بابانیەکانی قەڵاچوالانە و باپیرانی هەر لەوێ ماون، بەڵام ئەم مەسەلەی گۆڕی سلێمان بەبە بەگومانەوە دەمێنێ بۆ دوا رۆژ چونکە هەندێ لە مێژوونووس وتویانە لە (ئەدرنە) کۆچی دوایی کردووە، ئیتر وەك باپیرانی بایخ بە دەنگ و باسی بابانیەکانی داوە، بە تایبەتی بەهۆی دوازدە سوارەی مەریوانەوە ناوی سلێمان بەبە لە قەڵاچوالان ماوە.

١٢–گۆڕی شێخ محەمەد وەسیم: رۆژی ٢٠٠٢/٨/٢١دا کە چووین بۆ قەڵاچوالان بۆ خۆش بەختی مام عەبدوڵڵا فەرەج مابوو، بەڵام هەردوو چاوی کوێر بووە. لێم پرسی گۆڕی محەمەد وەسیم لەچی خاڵێکی هۆدەکەیدا بووە وتی: لە ناوەڕاستی دا بوو و چەند قەبرێکی دیکە لە دەورەی بوون هەروەها وتی: خەڵکی هەورامان بووە و خوێندنی لە قەڵاچوالان تەواو کردووە و پاشان بووەتە مودەریس لە قەڵاچوالان و لەگەڵ

مامۆستایەکی خۆی هەر کاتی فەقێ بووە و لەگەڵ هەندێ زانایانی دیکە چووە بۆ موجادەلەی بەینی سوننە و شیعەدا و توانیویەتی بە نوکتەیەك بەسەر زانایانی شیعەدا زاڵ ببێت. شایانی باسە چووە پایەکانی پردی کۆن کە لەبەردو گەچە و نوسیومە هەشت پایە بوون، بەڵام ئێستا دەڵێ حەوت بوون. لەم رۆژانە تەنیا سێیان دیارن- شێوەیان بەلەمی بووە یەکیان سەرەکەی سێگۆشە دروست کراوە، بەڵام



وێنەی (٢٠) پاشماوەی پایەیی پردی کۆن

بنەماڵەی مەردوخییەکان یەکەم جار لەهەورامان بووە.

١٣-پردی کۆن: پردە ئاسنەکەی ئێستا کە لەنزیکەی ١٩٤٠دا دروست کراوە، چونکە رێگای سلێمانی- چوارتا لەنێو قەڵاچوالانەوە دەچوو، بەڵام پاشان لە خوار قەڵاچوالان پردو رێگای نوێ دروست کرا. ئەم پردە یەکسەر لەسەر پردی کۆن دروست کراوە و بەسەردا سەرەکەی دیکە بە بازنەیی دروست کراوە درێژی ئەم پایە وەك من و کاك کەمال رەشید و کاك هاشم پێوامان (٤,٥×٩,٥)م. بەرێز عەزیز حەمە لاوی عەربەتی کە پاسەوانێکی شوێنەوارەکانە وتی: من منداڵ بووم لە باوکم بیست کە وەختێك بە هۆی لافاوەوە پردی قەڵاچوالان رووخاوەو پاشان دروست کراوە. کاك عەزیز موالیدی ١٩٣٧ و باوکیشی

پێشـــمەرگەیەکی شـــێخ مـــەحمود بـــووە (وێنەی٢٠).

شایەنی باسە سلێمان پاشای خالید پاشا هەندێ زەوی و زاری کردوەتـە وەقـف لەسـەر ئەم پردە وەك لـە دەقـی وەقفنامـەی سلێمان پاشادا هاتووە کە زانای گەورەی کۆچ کردوو مامۆسـتا شـێخ محەمـەد خـاڵ هـەندێ لـە وەقفنامەکەی هێناوە لـە کتێبـە بەنرخەکـەیدا (الشیخ معروف النودهی ل (١٧-١٨).

دیوارەکەی بە بەرد وگەچ دروست کراوە بە ئەستوری (٢م) و بـەدرێژی (١٢م) لەتەنیشـتی بـاکووری رۆژهەڵاتەکـەی ئەمـەش تـا ئـاوای رووبار لە کاتی زیادبوندا زەوی هەڵـنـەدرێنێ خەڵکیش دەڵێن زۆرجار رووبار شوێنی خۆی دەگۆڕێت. لەم دە ساڵەی دوایی‌دا هەندێ لـە خـەڵکی سـلێمانی لای پردەکـەیان کردووەتـە شـوێنی هەڵکۆڵینـەوەی چەو ولم و برێـك لـە بـــەرزی پایـــەکان داپۆشـــراون بـــەو هەڵکۆڵینەوەیە. ئەم پردە دارەرا بووە وەك زۆر پردی دیکەی کوردستان.

١٤- حاجی رەشید محەمەد ساڵح چوارتـەیی کـە نـاوی لـە بەحسـەکەمدا هـاتووە لـە ١٩٩٨/٨/٢٢ دا کۆچـی دوایـی کـــردووە، جێگەی بە هەشتێ. حاجی رەشید مرۆڤێکی کوردپـەروەر بـوو دوکـانێکی لـە خـوارو مزگـەوتی گـەورەی سـلێمانی هـەبووە و برادەرێکی زۆر دڵسۆزم بوو و زۆر سـوودم لێ بینیوە.

١٥- کاك جەمال موفتی (جەمال محەمەد مەلا عەبدالعزیز مەلا ئەمین مەلا ئەحمەد چاومار) کەناوی لە بەحسەکەدا هاتووە و لە بنەماڵەی موفتـی سلێمانی بـوو و مرۆڤێکـی رۆشـنبیرو نووسەر بوو لە ١٩٩٦/١٢/١٠دا لـە سـلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە رۆژنامەی هەرێمی کوردسـتان ژمـارە ٦٩ رۆژی ١٩٩٨/١/٢٨دا وتارێکم لەبارەی ژیانی رەحمەتی کاك جەمال بڵاوکردەوە.

١٦- مەدرەسـە؟: ئـەوەی لـە بەحســەکەدا نوسـیومانە محەمـەد وەسـیم لـەنێو هـۆدەی مەدرەسـەدا نێـژراوە، بـەرای مـن ئـەو بینایـە مەدرەسە بووە، چونکە بینایەکی بچوك نەبووە بـەڵکو پێـوام و رووبەرەکـەی (١٣×١٢,٥)م دەرچووە. لە بەردو گەچە و دەبـێ لـە چـەند هۆدەیـەك پێکـهاتبێ هـەرکاتێ هـەڵکۆڵینی شـوێنەوار یانـەی تێـدا کـرا بـە تـەواوی راسـتیەکەی دەزانرێـت و رەنگیشـە ئەمـە مەدرەسەی سلێمان پاشا بێ.

لە ژێر ئەم بینایـە بـەرووکاری رووبارەکـە دیوارێکی کۆن بە بەردو قوڕ هەیـە بـە پـانی دەوری (٩٠سم) لەوانەیـە دیـواری بینایـەکی کۆنتر پێش کاتی بابانی بێت و یان هی کاتی بابانی بێ بەڵام پاشان ئەم بینایەی کە باسی دەکـەین لەسـەر شـوێنی ئـەو ئـاوا کرابـێ (وێنەی٢١).

١٧- تەکیەی دەروێشان: لە خواروی گومەزی بابانی بەرەو باشووری رۆژئاوا لەسەر لێواری

هنداوی رووبار هەندێ شوێنەواری بینایەك بەدەرکەوتبوو لە بەردو گەچ و بنە هۆدەیەك بە گەچ سواخ درا بوو، جا نازانم ئەمە شوێنەواری (تەکیە)کە بووە یان تەکیە لە شوێنی ئەو بینا نوێیەی سەروتر کە یەکێتیی نیشتمانی لەم دوو سێ ساڵەی دوایی دا ئاوا کردووە.

١٨-ئەشکەوتەکان:

لە (گردی ئەشکەوتان) چوار ئەشکەوت لە هنداوی رێگا هەن لە بەردی تەموو خاوێتە (رسوبی)، دەمیان فراوان و لە باشوور و بەرپێز لە نزیك یەك لە رۆژئاواوە بووە رۆژهەڵات هەڵکەتوون بەم شێوەی خوارەوە کە من و برای پێشمەرگە کاك جەمال محەمەد عوسمان لە رۆژی یەکی ئەیلودا کە کاك هاشمیش لەگەڵمان بوو پێوامان:

١- ئەشکەوتی یەکەم (٨× ٤,٥٠)م فراوانی دەمی (٤,٥م).فراوانی دەمەکەی (٤,٥٠م)ە.

٢- (١٢,٥٠×٧,٧٠م)ە

٣-(١٢×٦م)ە.

خەڵکی قەڵاچوالان لەکاتی شۆرشی کوردا زۆر سوودیان لەم ئەشکەوتانە بینیوە لەگەڵ ئەشکەوتی کانی گێلاس و ئەشکەوتی کونە کەمتیار کە ئەمەی دوایی لە تەنیشتی رۆژهەڵاتە لەگردی گێلاسان پورە کافیە محەمەد ساڵح کە ژنێکی زۆر رووخۆشە و خێزانی مام عەبدول سۆفی صالح وتی لە ترسی فرۆکەکانی حکومەت ئێمە بەرۆژ دەچووین نێو ئەم ئەشکەوتانە و بەشەو دەردەکەوتین و دەستمان بەکارەکانمان دەکرد چونکە بەرۆژ خەڵك نەیاندەوێرا لە زەوییەکانیاندا کاربکەن هەروەها پورە کافیە وتی: لە ئەشکەوتەکاندا نانمان دروست دەکرد و (مەشك)یشمان دەژاند و لەبەر تەیارە نەمان دەوێرا بە رۆژ دەرکەوین بە شەو پێشمەرگەش دەهات نێوی دێ و خواردنمان بۆیان ئامادە دەکرد و خزمەتیانمان دەکرد وێنەی پورە کافیە و مام عەبدوڵڵا (وێنەی٢٢).

١٩-دوو شوێن لە قەڵاچوالان هەن و لە سلێمانیش دوو گەرەك بەهەمان ناویانەوە کە ئەمانەن: دەرگەزێن و چوارباخ وابزانم ئەوەی دواییان هەر لە بەشی باشورە لە قەڵاچوالان و ناوی شوێنێکە.

٢٠-سلێمانی پاشا:

سلێمان پاشای کوڕی خالیدی کوڕی تەیمور کوڕی سلێمانی بەبە کوڕی (بوداق؟) کوڕی فەقێ ئەحمەدی داروشمانە حەزی لە رۆشنبیری و زانست کردووە و زۆر رێزی لەزانایانی گرتووە وەك باسمان کرد لە کەرکوك دوومەدرەسەی ئاوا کردووە و زەوی و زاری کردووە وقف لەسەریان هەروەها لە قەڵاچوالان مەدرەسە و مزگەوتێکی گەورە ئاوا کردووە کە لەوانەیە مزگەوت و مەدرەسەی گومەزان بێت چونکە زانای گەورە شێخ محەمەد وەسیم مەردۆخی کە گۆڕی لەنێو



وێنەی ( ٢١ ) مەدرەسەی شێخ وەسیم



وێنەی ( ٢٢ )

مەدرەسەدایە بە مودەرسی سلێمان پاشا ناوبراوە.

سلێمان پاشا مزگەوت و حەمامێکی لە (زەنگاباد)ی ئاوا کردووە وەك لە (رحلة ريج ل٣١٥) دا هاتووە لێرەدا (زەنگەباد)ی بە مەندەلی دەستنیشان کراوە کە نووسراوە (زەنگەباد مندلی) و یان نسبەتی دراوەتە پاڵ مەندەلی چونکە شاری مەندەلی و بەدرەو جەسان (جصان) وەختێك لە ژێر دەستی سلێمان پاشا بووە بەڵکو چەند جارێك ئەم ناوچە کوردنشینانە سەر بە میرنشینی بابان بووە یانی سنووری ئەم میرنشینە بەهێزە چەند جارێك گەیشتوەتە مەندەلی و بەدرەو جەسان کە بێ گومان (خانەقین)یش لەگەڵیان بووە.

لەبەر ئەوەی زۆربەی جار لەسەرچاوەکاندا سیغەکە بەم شێوەیە هاتووە (زنکاباد و بدره و جصان) و ناوی (مندلی) نەهاتووە زۆر بیرم کردووە کە دەبێ مەخسەد ئەم (زەنگاباد)ی ناوچەی کەلاری ئێستا نەبێ بەڵکو دەبێ زەنگابادێکی دیکە هەبێ چونکە ئەگەر ئەمە بێ کە زۆر دوورە لە (بەدرە و جەسان) ی پارێزگای (کوت)ی خوارووی بەغدا چی مانای هەیە بازبدرێت بەسەر مەندەلی یەوە کە مەسافەیە کی زۆر دووری هەیە لە نێوان زەنگابادی نزیك کەلار و بەدرەو جەسان بە تایبەتی لە کاتێك دا مەندەلی وەك بەدرە وجەسان لە زومی میرنشینی بابان بووە و لەلایەن دەولەتی عوسمانی یە دراونەتە پێی بەلام لەگەل ئەمەش ئەم دیووە زەنگاباد ناوێکی دووەمی مەندەلی بێت و یان شوێنەك هەبێ بەناوی زەنگابادەوە لەلای مەندەلی ئەم گومان و دوو دلێیم هەرماوە و یەك لانەبووەتەوە ئایا دەبێ ناوچەی زەنگاباد وەك ناوچەیەکی لە میر نشینی بابان ئیعتیراف پێ نەکرابێت لەلای دەولەتی عوسمانی یەوە (کە ئەمە بە دوور دەزانم)، بەلام هەندێ جار بە شێوەی دەرەبەگایەتی (اقطاع) درابێتە میرنشینی بابان وەك مەندەلی و بدرە و جەسان؟ ئێمە لە کۆتاییدا دەڵێین کوشتنی سلێمان پاشا بە شەوەو لەکاتی نوستنیدا لەلایەن تاوانبار فەقێ ئیبراهیمەوە بووە تە هۆی شلەژاندنی باری خوێندن و رۆشنبیری لە قەلاچوالانی پایتەختی میرشینی بابان تا شێخ مەعروف نودهی کە ئەو کاتە لە قەلاچوالان دەخوێنێت لە (مەدرەسەی غەزائی) زۆر خەمبار بووە و قەلاچوالانی بەجێ هێلاوەو چوتە گوندی هەزارمێرد بۆ مەدرەسەی زانای گەورە مەلا محەمەد (ابن الحاج)ی سەنجوی.

٢١- عیسا بەگی سلێمان پاشا: هەندێ لە مێژوونوسان وەك محەمەد ئەمین زەکی ناوی کورانی سلێمان پاشایان نەهێناوە، بەلام مێژوو نووسی شەهید مەلا جەمیلی رۆژبەیانی لە (مدن كردية قديمة ل١٠٢)دا ناوی خالید پاشای کوری سلێمان پاشای

هێنـاوەو وتویـەتی کـەریم خـانی زەنـد لـە (١١٩١ك-١٧٧٨ز)دا مـەندەلی و بـەدرە و جەسانی دایە خالید پاشا کە پێشتر حاکمی شاری (سنە)یانی ناوچەی ئەردەلان بوو، بەڵام کە دەوڵەتی عوسمانی هێرشی هێنایـە سـەر بـەدرەو جەسـان و مـەندەلی خـالید پاشـا و محەمەد بەگی ئـاموزای شـەریان کـرد لەگـەڵ هێزی عوسمانی و لەشەڕدا کوژران. هـەروەها عەباس العزاویش باسـی کـردووە لـە (تـاریخ العـراق بـين احتلالـين ب ٦ ل ٦٨). دکتـۆر عبدالعزیز سلێمان نوارە لە کتێبەکەیدا (داود پاشا والي بغداد ل ٣٦٣) ناوی حەسەن و عەلی خـان لـە کوڕانـی سـلێمان پاشـای هێنـاوە و هەروەها لونکریکیش تەنیا ناوی ئەم دوانەی هێنـاوە لـە (اربـعة قـرون مـن تـاريخ العـراق الحديث: شەجەرەی بابانیەکان).

ناوی عیسا بەگم لە هیچ کتێبێك دا نەدیوە، بەڵام پزیشکی کوردپەروەر بەڕێز دکتۆر فوئاد ئەحمەد بەگی بابان لە ٢٠٠٢/٨/٣٠دا بەمنی وت لـە کتێبـی (بابـان فـي التـاريخ و مشـاهير البابانين)ی بەڕێز جەمال بابانی ناوی هاتووە هـەروەها نـاوی لـەنێو ئێمـە بابانیـەکانی هەڵەبجـە دا زێنـدوە و مزگـەوتی گـەورەی هەڵەبجـەی ئـاوا کـردووە و بـاخی مـیریش لـە هەڵەبجە هی ئەو بووە هـەروەها برای محەمەد ساڵح بەگ بووە لە باپیرانمان، بەڵام وەچەی نەبووە و کۆچی دوایی کردووە. ئیتر تەماشای شەجەرە ژمارە (٧)ی جلال بابانم کرد لەم کتێبەدا و بەم شێوەیە بوو:

(فوئاد ئەحمەد بەگی محەمەد بەگی عەبدوڵا بەگی قادر بەگی محەمەد ساڵح بەگی ئەحمەد پاشای سلێمان پاشای مەحمود پاشای خالید پاشا)یە، عیسا بەگیش لە شەجەرەکەدا کوڕی ئەحمەد پاشای ئاخرین میری بابانە کە گومانم لە لانیە ئەم شەجەرەیە هەڵەیـە تـا سـلێمانی نەوەی مەحمود پاشاش بەکوڕی ژماردویەتی، هەڵەیکی زۆریش لەم کتێبەدا هەیـە لـەبارەی بابانیەکانـەوە وەك چـۆن کتێبـی عبدالقـادر رستم بابانی (تاریخ و جوغرافیـای کردستان) پڕە لـە هەڵـە و بـەڵکو شـێواندنێکی مێژوویـی بابانیەکانە.

لەپێش ئەمە تەنیا ناوی عیسا بـەگم دیبـو لە وەقفنامەیەك دا بە قەبارەی (٨١×٢٩سم)و لـە بیسـت و یـەکی (ذی الحجـة) سـاڵی (١٢٩٠ك)(= ٢٠ یـان ٢١ شـوباتی ١٨٧٤)دا نووسراوە و تێدا هاتووە عیسا بـەگی کـوڕی سلێمان پاشـا کـوڕی خـالید پاشـا مزگـەوتی گەورەو مەدرەسەی لە هەڵەبجە (البجە)ی ئاوا کردووە و لە ساڵی ١٢١٦ك (=١٨٠١ز)دا باخ و ئاشـێك کـردوە تـەوەقف لەسـەریان. ئـەم وەقفنامەیە کە ئیسبات کردنی ئەوقافی عیسا بەگە بە ئیمزای قازی گولعەنبەر یانی خۆرماڵ معروف کوڕی مـەلا عبـدالله (معروف عـارف)ە پاشان کە (سیدعبدالسلام)یـش بوەتـە قـازی قـەزای گولعەنبـەر کـە پێشـتر قـازی سـلێمانی بووە ئیمـزای ئەم بەڵگەنامـەی کردووە. شـێخ

مـــەحمودی شـــێخ عـــەبدوڵای خرپـــانی لەمەحکەمەی شەرعی گولعەنبەر شکاتی لە شێخ محەمـەد ئـەمین شـێخ عـەلی عەبابـەیلیێ کردووە کە باخی و ئاشەکەی زەوت کرد بوو و بیست و یەك کەسە شایەتی بۆی داون کەناو و ئیمزایان لەسەریەتی ئیتر قازی مەعروف ئەم بەڵگەنامـەی دەرکـردووە و بـاخ و ئاشـەکەی گەڕاندویـەتی بـو مزگـەوتی گـەورە کـە تـا ئێستاش هەر مزگەوتی گەورە هەڵەبجەیـە و بـۆ مەدرەســـە کـــەییش ئـــەوەش لـــەژێر سەرپەرشتی شێخ مەحموددا چونکە لە کاتی خۆی عیسا بـەگ شـێخ عـەبدوڵڵا خرپـانی کردبووە سەرپەرشتیاری ئەوقافەکەی کـە لـە زستان لەو مەدرەسەیدا دەرسی فەقیان دەوت و هاوینـانیش لـەگوندی خرپـانی ئـەم زانـا گەورەیە مامۆستای مەولانا خالید و (نـالی)ی شاعیر و موفتی زەهاویی موفتی بەغداد بووە و ئەمانـــە لـــە مەدرەســـەی عیســـا بەگدا خوێندویانە.

بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم وەقفنامەیە گرنگە لە(٢٠٠٢/٨/٣٠)دا چـــووم بـــۆ هەڵەبجـــەو چاوپێکـەوتنم کـرد لەگـەڵ بـەڕێزان شـێخ نورالدیـن شـێخ مسـتەفا شـێخ مـەحمودی خرپانی و شێخ محەمـەدی ئیمامی مزگـەوتی گەورە و کوڕی شێخ خالیدی شێخ مستەفای شـێخ مـەحمود و ئەحمـەد قـادر مـەحمود و ڕەشید محەمەد ساڵح محەمەد و خالید ڕەشید ساڵح و محەمـەد سـاڵح حسـێن. مزگـەوت و مەدرەسـەکەییم دیـت کـە ئێسـتا دوانـاوەندی دینیـەو ٥٦ قوتـابی هەیـە. لـە شەسـتەکانی سـەدەی بیسـتەمدا هـەردوو نـوێ کـراون بەهەمان قەبارەی پێشویان قەبارەی مزگەوت (٤٦×٢٨م)ە (وێنەی٢٣).

شوێنی باخی عیسا بـەگم دەسـت نیشـان کـرد کە ئێستا هەمووی خانووە لە مزگـەوتی گـەورەوە تـا پـردی نـك قەبرسـتانی شـێخ ئیسـماعیل و هـەروەها ئاشەکەشـم دیـت کـە شـوێنەواری مـاوە لەسـەر بـاکووری چـەم بەرامبـەر کۆتاییـەکانی قەبرسـتانی شـێخ ئیسـماعیل و تەنیشـتی ڕۆژئـاوای (بـاخی بەیروت) (وێنە٢٤).

ئەم ئاشـــە لـــە ڕۆژئـــاوای مزگـــەوتی (دارالسلام) لەبەشی ڕۆژئـاوای هەڵەبجەدایـە، باخی پـیرۆتیش کـەناوی لـەم بەڵگەنامەیـەدا هاتووە ناوی زیندوەو لەلای خەڵکی هەڵەبجە ناسراوە و دەکەوێتە نێوان ئـەم ئاشـە و ئـەو پـردەدا جا بـەهۆی بـاخی پیرۆتـەوە ئـاش و شوێنی باخی عیسا بـەگم دەستنیشـان کـرد (وێنـەی باخی پیروت) شایەنی باسە خـەڵکی هەڵەبجە ناوی عیسـا بـەگی سلێمان پاشـای خالید پاشایان لەبیر چووە و ناشی زانن کێ مزگەوتی گەورەی ئاوا کردووە. نیازم بۆ ئـەم وەقفنامـە گرنگـە لەگـەڵ لێکۆڵینـەوەی لـێرەدا بڵاو بکەم، بەڵام کە ئێستا شازدە لاپـەڕەیم لـە بـارەی نوسـیویەتی ئیـتر بـۆ ئـەم باسـەی قەڵاچوالان دەست نادات و بەوتارێکی تایبەت



وێنەی (٢٣) مزگەوتی گەورە لە هەڵەبجە



وێنەی (٢٤) ئاشی عیسا بەگ لە هەڵەبجە

بڵاوی دەکەم کە عیسابەگ تا رادەیەك پێ زیندوو دەکرێت.

## هەڵکۆڵینی شوێنەواری

یەکێتی نیشتمانی کوردستان نیازیەتی گومەزێك لە شوێنی گومەزی بابانیدا ئاوا بکات لەسەر گۆڕی سلێمان پاشای خالید پاشا لەبەر ئەمە ئێستا وە لە (٢٠٠٢/٩/١٥)یەوە بەرێوەبەرێتی شوێنەواری سلێمانی بەکاری هەڵکۆڵین و پشکنین (تنقیبات)ی هەڵدەستێ لە شوێنی گومەز و ماڵی مودەریس (مەدرەسە؟)دا و بەرێزان کاك کەمال رەشید وە کاك هاشم حەمە عەبدوڵلا بەم کارە هەڵدەستن. رۆژی ٩/١٥دا هەندێك قەبریان لە تەنیشتی رۆژهەڵاتی ماڵی مودەریس دۆزییەوە و یەکسەر لە باشوری شوێنی گومەز و پێنج قەبرن رۆژی دوایی کە منیان ئاگادار کرد پێکەوە چووین بۆ قەڵاچوالان. دوو کێلی گەورەی ساغ و بەنرخ دۆرزابوونەوە لەگەڵ هەندێك لەتە کێڵ یەك لە هەردووی ساخەلەم بەرزیی (١,٧٣م و پانی ٧٣سم) و لەسەر پشتی وێنەی پەلگەیەکی گەورەی گیایی هەیە لەگەڵ دوو نەخش کە یەکێکیان لە ناوەراستی پەلگەکەدایە و ئەم کێلە و ئەوانەی دیکەشی لەبەردی قاوەیی گوندی (واژە)ی باکوری رۆژئاوای قەڵاچوالانە. لەسەر ئەم کێلە کە زۆربەی نووسینەکەی وەك ئەوانەی دیکە هەڵوەریوە نووسراوە: (هو الحی الباقی) وە هەروەها نووسراوە: ((قبر؟ سرمردی سلیم ابن محمود...)) یانی گۆڕی گەورە پیاو سەلیمی کوڕی مەحمود لە دامەنەکەشی مێژووی ١٢٢١ کۆچی (-١٨٠٦ز) نووسراوە. (وێنەی٢٥).



وێنەی (٢٥) ((قبر سرمردی سلیم ابن محمود))

من وای بۆ دەچم ئەمە کێڵی گۆڕی سەلیم بەگی کوڕی مەحمود پاشای خالید پاشا و برای عەبدولرەحمان پاشای بابانە کە دەستی راستی عەبدولرەحمان پاشا بووە و رۆڵێکی گەورەی هەبووە لە میرنشینی بابان دا وەك لە سەرچاوە مێژوویی‌یەکاندا هەیە و لە شەڕی یەکەمی دەربەندی بازیانی عەبدولرەحمان پاشا لەگەڵ هێزی دەوڵەتی عوسمانیدا،

سەلیم بەگ ئامادە بووە وەك فەرماندەیەك ئەوەش لە ساڵی ١٢٢٠ك (= ١٨٠٥ز)دا، بەڵام پاش ئەو ساڵە لەسەرچاوەکاندا ناوی نەماوە، ئیتر دەبێ پاش ئەوە کۆچی دوایی کردبێت و لەگۆڕستانی بابانیەکان لە قەڵاچوالان نێژرا بێ، بەڵام ئێستا نازانرێ کامیان لەو پێنج قەبرە گۆڕی ئەوە چونکە کێلەکە کە وەختێك کەوتووە لەگەڵ کێلێکی دیکەی گەورە هەردوو کۆکراون و لە نێوان دوو قەبردا دانراون بۆ پاراستنیان و هەردووش نەخشدار و گەورە و زۆر بەنرخن.

## گۆڕی مەحمود پاشا؟

گۆڕی دووەم لەباشوورەوە کێڵی بن سەری مردوو شکاوە و کێڵی بن پێی نەماوە، بەڵام بەردی سەردەمی قەبرەکە ماوە کە یەك پارچەیە وە لەناوەراستدا درزی داوە درێژی (١٩٥سم) و پانیی(٧٥سم) لەسەر ئەو رووەکەی بە خەتێکی فارسی جوان نووسراوە: (اللهم اغفر له وعافه و ارحمه واعف عنه) لە ژێر ئەو دوو کێلە تەنیا نووسین هەیە لە یەکەمدا دەوری دوو وشەی هەڵوەریوە و ئەم سێ وشەیە ماوە: ((چونکە ید محمود......)) بەمانای (چونکە دەستی مەحمود) (وێنەی٢٦).

ئەم سێ وشەیە (علـة)ی (اللهم اغفر له..........)ە جا وەك دەزانین چی بە راشکاوی و یان بە (تورية) یانی بە ئیشارەت وەرگرتن لە وشەکە ناوی مردووەکە (محمود) بووە، من وای بۆ دەچم ئەمە گۆڕی میری بابان، مەحمود پاشای ئاواکەری سەرای سلێمانی و باوکی سەلیم بەگ و عەبدولرەحمان پاشا و برای سلێمان پاشای خالید پاشایە، کە لە ساڵی ١١٩٨ك (= ١٧٨٢ز) دا بە گوللەیەکی وێڵ کوژرا لە (یەلتەمەر)ی شارەزووری ناوچەی موکری ( نەك شارەزووری ناوچەی سلێمانی) لەشەڕی نێوان ئەو و (بوداق خانی شێخ عەلی)ی میری موکریدا. عەبدولرەحمان و عوسمان بەگی کوڕی تەرمەکەیان بردە شاری سەقز، جا دوور نییە هەر ئەو کاتە یان وەختێکی تر تەرمەکەیان هێنابێتەوە بۆ قەڵاچوالان.



وێنەی (٢٦) لە سەری نوسراوە (چونکە ید محمود) بە مانای (محمود پاشا؟)

پاش تەواو بوونی هەڵکۆڵین و پشکنینی شوێنەواری و پاش خوێندنەوەی نووسینی کێلەکان وتارێکی تایبەت بڵاودەکەینەوە لە باری ئەم گۆڕو کێلە نەخشدارانە. ئەمەش وێنەی سەرە کێلێکە (وێنەی ٢٧).



## پەراوێزەکان

١- راستەکەی (هذا المشهد)ە یان (هذا مشهد الشهید)ە.

٢-چفت هاتووە، دوور نییە راستەکەی (جفت) بێ، وەك چۆن (خنجر) بە (خنچر) نووسراوە. پێ دەچێ هەڵە کەوتبێتە نووسینی هەردوو کێلەکانەوە، بەلام خۆی لە (ژین)دا چۆن هاتووە وای دەنووسینەوە. گۆڤاری (ژین)یش بە ئۆفسێت وەك خۆی لەلایەن سەیدای زانا و بەرکەتی محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلانەوە لە سوید بڵاوکراوەتەوە. دەقەکەی بە پیتی عەرەبی و بە گۆڕینی بۆپیتی لاتینی تورکی و بە لێکۆڵینەوەوە لە پێنج بەرگدا چاپی کردووە.

٣-مێژوونووسی گەورە محەمەد ئەمین زەکی لە (تاریخ السلیمانیه وانحائها ل٨٠)دا تەنیا ئەم دێرە شیعرەی لە نووسینی کێلەکان ناو بردووەو لە دەفتەری (حسێن ناظم)ی وەرگرتووە بەم شێوەیە:

"مفسدی نیمه شبی با خنجر جوهری جسم کرامی بسمید" (مفسدی) راستە نەك (مفیدی) وەك لە (ژین)دا هاتووە بەلام (بسفت) راستە نەك (بسمید) وەك بە قافیەکەیدا دەردەکەوێ.

٤-بڕوانە ئەم سەرچاوانە لەسەر شێخ محەمەد وەسیم: شێخ محمد الخال، الشیخ معروف النودهی، ل ١٨، ٦٤. مامۆستا خاڵ ناوو مۆری لەسەر وەقفنامەی سلیمان پاشا دیوە لەلای عەزمی بەگی بابان، مەلا محەمەد قزڵجی، التعریف بمساجد السلیمانیه، ل ٢٤. بەشێك لە دەقی وەقفنامەکە لەم سەرچاوەیەدا هەیە کە دەڵێت سلێمان پاشا بڕێك باخ و ئاش و خان و زەوی و جۆگە ئاوی لە ناوچەکانی شارەزوورو کۆیەو هەولێرو کەرکوك و مەریوان لەسەر قوتابخانەکانی قەڵاچوالان و مامۆستاکانی و مزگەوتەکانی وپردەکانی قەڵاچوالان و شارەزوورو ئەو بێ دایك و باوکانەی کە لە قەڵاچوالان دەخوێنن و هەروەها لەسەر قوتابخانەو قوتابی و مامۆستای قوتابخانەی گوڵ عەنبەر (خورماڵ) و قوتابخانەو مامۆستاو قوتابییەکانی قوتابخانەکانی کۆیەو قوتابخانەی هەولێرو هەردوو قوتابخانەی سلێمان پاشا خۆی لە کەرکووك و هیندێك شتی تریش کردوون بە وەقف و، مێژووی وەقفنامەکە ١١٧٤ی کۆچییە (١٧٦٠-١٧٦١ی زایین) لە الشیخ معروف النودهیشدا دیسان هەندێك لە دەقەکەی هەیە هەروەها تەماشای شەجەرەی مەردۆخییەکان بکە لە تاریخی مەردۆخدا.

مەلا عبدالکریمی مودەریس، علماؤنا فی خدمە العلم والدین، ل ٥٠٦-٥٠٧، کە تێیدا هاتووە شێخ محەمەد وەسیم لە شەووالی ١١٧١ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

بەلام ئەگەر مێژووی وەقفنامەکە ساڵی ١١٧٤ك بێ دەبێ محمد وسیم ئەو کاتە زیندوبێ چونکە ئیمزاو مۆری کردووە.

((ئەم وتارە پێشکەشە بە مام عەبدوڵا فەرەج قەڵاچوالانی کە زانیارییەکی زۆری دەربارەی قەڵاچوالان پێ بەخشیم)).

# پادشا گوتییەکان و نووسراوەکانیان

نووسینی: فاضل قەرەداغی

**یەکێك لە دەقە کۆنەکانی تایبەت بە فەرمانڕەوایی پادشایانی عیراقی کۆن نووسراوێکە ناوی (لیستی سومەریی پادشایان)ی لێ نراوەو بریتییە لە ژماردنی ناو و ماوەی حوکمی پادشایان لە کۆنترین مرۆڤەوە تا سەردەمێکی دیاریکراو ئەویش سەردەمی ئیسن _ لارسا. نووسراوەکە ژمارەیەك نوسخەی هەیە کە جیاوازییان لە نێواندا هەیە. پێ دەچێت یەکەم نوسخەی لیستەکە لە کاتی ئوتوخێگال بووبێت کە ئەمیان وڵاتەکەی لە گوتییەکان رزگار کرد بوو. نووسراوەکە بۆ خۆی هەندێك ناتەواویی زانیاریی تێدایە و ژمارەیەك بنەماڵەی فەرمانڕەوا ریز دەکات کە یەك لە دوای یەك حوکمیان کردووە، بەڵام لە راستیدا ئەمانە لە بەشێکی ماوەی حوکمیاندا تێهەڵکێشن و هاوچەرخن.**

یەکێك لە کێشەکانی لیستەکە ماوەی فەرمانڕەوایی گوتییەکان کە بە روالەتی نووسراوەکە گوتییەکان عیراقی کۆنیان بۆ ٩١ ساڵ (یان ١٢٥ یان ٩٩) حوکم کرد بوو لە کاتێکدا زۆر رێی تێ دەچێت تەنها لە بەشێکی ئەم ماوەیەدا حوکمی تەواوی وڵاتەکەیان کرد بێت ئەویش ئەگەر کردبێتیان. پادشا گوتییەکانیش نووسینیان جێ نەهێشتووە یەك دوانێکیان نەبێت و ئومێدی ئەوەی نووسراوی زۆرتریان بدۆزرێنەوە ئومێدێکی بەهێز نییە مەگەر پشکنین لە گردە شوێنەوارییەکەی کەرکوك (قەلا) بکرێت کە بەپێی لیستەکە پایتەختی گوتییەکان بووە.

گوتییەکان لە سەردەمی دەوڵەتی گەورەی ئەکەدیدا پەلاماری عیراقیان دا. بەپێی نووسراوەکانی ئەو کاتانە دەتوانین بگەینە ئەو رایەی کە بەشی سەرووی عیراق (کە دواتر ئاشوری پێ دەوترا) بەسەختی وێران کرابوو، ناوەڕاستیش ، واتە ئەکەد، وێرانکارییەکەی کەم بوو لەکاتێکدا باشوور، واتە سومەر سەلامەتتر بوو. ناوچەی دیالەش (سیروانی خواروو) خراپی بەسەر هاتبوو هەرچەندە لەوانەیە ژیانی گوندەکان تەنانەت گەڕەکەکانی شارەکان دوای پچڕانێکی کەم دەستی پێ کردبێتەوە[1]. بەپێی (هالۆ)ش ماوەیەکی حوکمی گوتی (٢٥ تا ٣٠) ساڵ لە شاری (ئومما)ی سومەری و شوێنی تردا هەبووە کە ژیانێکی ئابووریی چالاکی بەخۆوە دی[2].

گوتییەکان مایەی ترسێکی گەورە بوون بۆ خەڵکی وڵاتی دووروبار و بە تایبەتی سومەرییەکان کە لە هەموو دوژمنێکی تر

زیاتر لێیان دەترسان و ناویان نابوون مارو دووپشک (یاخود ئەژدیها)ی چیاکان. ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی گوتییەکان لە نێوان سەدەی (٢٣) و (٢٢)ی پێش زایین بووە، بەڵام نازانرێت لە ساڵی چەندەوە دەست پێ دەکات و کاتی دەست پێ کردنی گوتییەکان کوێیان لە ژێر دەستدا بوو. بە شێوەیەکە گشتیش ماوەکە کەوتبووە نێوان ماوەی (شارکالی شارری)ی کوڕی نارام سین و ئوتوخێگال کە گوتییەکانی لە سومەر دەرکرد کە ماوەیەکی زۆر دەکات و بەپێی (هالۆ) ماوەکە لەماوەکە سەرەوە کەمترە و لە چل یان پەنجا ساڵ زۆرتر نییە.[٣]

## پادشا گوتییەکان

١- پادشایەکی بێ ناو

٢- ئیمتا Imta ٣ساڵ

٣- ئینکێشوش Inkešuš ٦ساڵ (نوسخەی تر: ٧ساڵ)

٤- سارلاگاب Sarlagab (Sar – lagab –) la - gab ٦ساڵ

٥- شولمێ Šulme (لە دەستنووسێکدا: یارلاگاش Iarlagaš) ٦ساڵ

٦- ئێلولومێش Elulumeš ٦ساڵ (دەستنووسی تر:٧)

٧- ئینیماباکێش Inimabakeš ٥ ساڵ

٨- ئیگێشائوش Igešauš ٦ساڵ

٩- یارلاگاب Iarlagab ١٥ساڵ

١٠- ئیباتێ Ibate ٣ساڵ

١١- یارلا<نگاب> Iarla <ngab> ٣ساڵ

١٢- کوروم Kurum یەك ساڵ

١٣- [خا] - بیل - کین (؟) [ha] – bil – kin (?) یان (کی)(?) ki – ٣ساڵ

١٤- [لائێ] رابوم [Lae] rabum ٢ساڵ

١٥- ئیراروم Irarum ٢ساڵ

١٦- ئیبرانوم Ibranum یەك ساڵ

١٧- خابلوم Hablum ٢ساڵ

١٨- پوزور- سین Sin - Puzur کوڕی خابلوم ٧ساڵ

١٩- یارلاگاندا (؟) [ia (?)]- ar-la-ga-an- da ٧ساڵ

٢٠- سیئو(م) Si'u(m) ڕەنگە هەر سیئوم Sium بێت کە ناوی لە نووسینێکی تردا هاتووە ٧ساڵ.

٢١- تیریگا(ن) Tiriga(n) ٤٠ ڕۆژ (٤)

حوکمی گوتییەکان لە کاتی دوایەمین پادشایان بوو، واتە تیریگان، بەڵگەی تریش جگە لە لیستی سومەریی پادشایان نووسراوێکی پادشای ئوروك، ئوتوخێگالی سومەری کە بەسەر گوتییەکاندا سەرکەوت. ناوبراو دەوروبەری ساڵی ٢١٢٠ پ.ز سەرکردایەتی شۆڕشێکی دژ بە گوتییەکان کردو بووە دامەزرێنەری بنەماڵەیەکی فەرمانڕەواو لە هەمان کاتدا دوایەمین پادشای ئەو بنەماڵەیەش بوو. ئوتوخێگال باسی دەکات چۆن سەرەتا لە گوتییەکان ترسا بوو بەڵام کۆمەکی خوداوەندەکانی دەستکەوت و پادشای گوتییەکان بۆ شاری دوبروم هەڵهات. لەوێشدا و لەبەرئەوەی زانیبوویان کە

ئوتوخێگال بووەتە پادشا، تیریگان و ژنەکەی و کوڕەکەیان تەسلیم بەو کرد ئەویش دەڵێت کە پێی نایە سەر ملی ئەو پادشایەی گوتییەکان[٥]. شکستی پادشای گوتی دواتر بووە بابەتی فاڵێك. ئەو فاڵە دەڵێت کە ئەگەر شەش دەمار لەسەر جگەری قوربانییەکە بینرا ئەمە فاڵی تیریگانی پادشایە کە لەناو لەشکرەکەی هەڵهات [٦].

ماوەی فەرمانڕەوایی گوتییەکان لە نێوان ١٢٥ ساڵ تا ٩١ ساڵدایە ئەویش بەپێی خەملاندنی جیاواز، ژمارەی پادشاکانیش هەروەها خەملاندنی جیاوازی هەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەستنووسە جیاکانی لیستی سومەری پادشایان هەروەها تێگەیشتن لە دەقەکە. ژمارەی ٢١ پادشامان هەیە کە ١٢٥ ساڵ (نوسخەی تر: ١٢٤) و چل ڕۆژ حوکمیان کردووە. ژمارەی ٢٣ پادشاو ٩٩ ساڵیش هەیە. لەو نووسخەیەش کە تاکە نووسخەیە بە شێوەیەکی باش ماوەتەوە و کەمتر لەوانی تر شکاوە، ٢١ پادشاو ٩١ ساڵ و ٤٠ ڕۆژ هەیە.[٧] لە کاتێکدا نووسخەکانی سوسە (پایتەختی عیلام) شوێنی تەنها چەند فەرمانڕەوایەکی کەمیان تێدایە و وا دیارە هەموو ماوەکەیان تەنها بە ٢٥ ساڵ دادەنێت[٨]. جیاوازیی خەملاندنەکەش بە پێی جەیکۆبسن لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی هەڵەی دوایەمین هێما (ئێش eš) لە ناوی ئێلولومێش یان ناوی ئینیمباکێش I-ni-ma-ba-ki-eš[٩].

ئەو دەقانە ناوی ئەو پادشایانە وەك لەشکری وڵاتی گوتیوم وەسف دەکەن[١٠]. هەروەها نوسخەیەکی لیستی پادشایان دەڵێت: لەشکری گوتیوم پادشای نەبوو، خۆی خۆی حوکم دەکرد (ئەویش) بۆ ماوەی پێنج ساڵ"[١١]. نووسراوی تریش نییە تەئکید لەو ناوانە بکات جگە لە دوو ناو نەبێت یەکەمیان شارلاگ یاخود ئاششارلاگ (AŠ-šar-la-ag) کە ناوی بەخشیوە بەساڵێکی حوکمی شارکالی شارریی. شارکالی شارری کوڕی نارام سینی ئەکەدی یەکێك لە ساڵەکانی فەرمانڕەواییەکەی بەو ناوە ناوبردووە کە ئەو ساڵەی کە تیایدا شارلاگ ( یان ئاششارلاگ)ی پادشای گوتی بە دیل بردووە.[١٢] ناوی دووەمیش یارلاگان Ià-ar-la-ga-an کە نووسراوێك هەیە ئاماژەی بۆ دەکات. ئەم دوو ناوە دەکرێت لەگەڵ ئەم ناوانەی لیستەکە بەراورد بکرێن:

١- پادشای دووەم: [ ... ارلاگـ ] ا - با [x-ar-la-g] a-ba (نوسخەی $Su_4$) (x هێمایەکی شکاوە)

٢- پادشای سێیەم: [ ...لاگا] نـ؟ - دا؟ [x-la-ga-a] n?-da? (نوسخەی $P_4$ )

٣- پادشای چوارەم: یالاگاب ià-lagab la-gab (نوسخەی WB) هەروەها ia!-ar-la-ga-ba (نوسخەی $L_1$)

(بڕوانە پەراوێزی ٢٩ لە خوارەوە)

٤- پادشای پێنجەم: یارلاگاش ia-ar-la-ga-aš (نوسخەی $L_1$)

٥- پادشای نۆیەم: یارلاگاب ia-ar-la-gab (نوسخەی WB) هەروەها: ...گاب gáb - [ ] ( نوسخەی $L_1$ ).

٦- پاشای یانزەیەم: یارلا ia-ar-la (WB) هەروەها [x-a]r-[la]-an-gab (نوسخەی $L_1$ ).

٧- پادشای نۆزدەیەم: [ ...] ارلاگاندا [x]-ar-la-ga-an-da (WB) (١٣)

لیستی سەرەوەش کە هێناومانە لیستی (WB)یە.

ماوەی کەمی فەرمانڕەوایی پادشا گوتییەکان کرابووە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ماوەکە پڕ پشێوی بووە لە کاتێکدا دیاکۆنوف وای بۆ دەچێت کە بۆی هەیە ئەو پادشایانە هەڵدەبژێردران و بەڵگە لەسەر ئەمە ئەوەیە کە هەندێك ناو دووبارە دەبنەوە.[١٤] ئەمەش دوور نییە چونکە بنەمای هەڵبژاردنی فەرمانڕەوا لەلایەن خێڵەوە یان جەنگاوەرانی خێڵەوە دیاردەیەکە لە ناو هەندێك گەلدا هەبووە کە خێڵەکی بەسەریاندا زاڵ بووە. لە لایەکی تریشەوە لەوانەیە ئەوەی ناوی نراوە ((گوتی)) لە راستیدا تێکەڵەی چەند گەلێك بێت کە پێکەوە پەلاماری وڵاتی دووروباریان دابوو و بۆی هەیە هەر جارەی پادشاکە سەر بە یەکێکیان بووبێت. تەئکیدی ئەوەش کە ئەمانە بە هەڵبژاردن دەبوونە پادشا ئەوەیە کە پێشتر ئامارەمان بۆ کرد کە بە ((لەشکری وڵاتی گوتیوم)) ناوبراون. لە لایەکی تریشەوە لە ماوەی دوای شارکالی شاڕی و پێش گوتییەکان لە لیستی سومەریی پادشایاندا چوار پادشا ژمێردراون و بەم جۆرە وەسفیان کراوە(( کێ پادشا بوو و کێ پادشا نەبوو)) کە مەرج نییە نیشانە بێت تەنها بۆ حاڵەتی پشێوی. یەك بەڵگەی تریش دەمێنێتەوە کە تەنها یەك پادشا کوڕی پادشایەکی پێشووتری بووە واتە بنەمای میراتی تەنها لە یەك حاڵەتدا بینراوە.

سەبارەت بە ناوی پادشا گۆتییەکان دەبینین کە ئەوانەی دواییان بە زۆری ناوی ئەکەدی و تەنانەت ئاموریشیان هەڵگرتووە.[١٥] سەبارەت بە ناوی یارلاگان (هاڵۆ) دەڵێت لەوانەیە ئەمە نازناو بێت یان بووبێتە نازناو و دەڵێت ناوی یەکێك لە نوسخەکان دەتوانرێت بە [x-la-g]a-an-dé تەواو بکرێت بەڵام دوو نوسخەی تر لەجیاتی ئەوە وشەی (پادشا)یان داناوەو یەکێك لەم دوانە ئەوە زیاد دەکات: هیچ ساڵێکی نەبوو (واتە هیچ ساڵێك حوکمی نەکرد) کە ئەمە بەپێی (هاڵۆ) واتای ئەوەیە کە ناوی کابرا وەك ناوی بنەماڵەکە بەکارهاتووە.[١٦]

سەبارەت بەناوەکانی تریش ئەم تێبینیانە هەیە: بەبڕوای جەیکۆبسن دەکرێت هەردوو ئینکێشوش (کە دەکرێت وەك ئینگێشوش in-ge-šuš بخوێنرێتەوە)و ئیگێشائوش یەك ناو بن ئەویش ئینگێشۆش igešoš بن[١٧]. دەنگی g بریتییە لە تێهەڵکێش کردنی دوو دەنگی (ن) و (گ) وەکو وشەی (مانگ) لە شێوازی سلێمانیدا و کە لە سومەریدا ئەو

دەنگـە هەیــە لــە کـاتێکدا دەنگــی (ۆ) لــە نووسینی مێخیدا تەعبیری لێ ناکرێت و بۆیە جەیکۆبسن ئەم رایەی هەبووە چونکە نـاوی یەکەم بە (uš) کۆتایی پێ دێت و دووەم نـاو بـە (auš) بۆیـە لەوانەیــە ئــەم هــەوڵێك بــۆ نووســینی دەنگــی (ۆ). ســەبارەت بــە نــاوی لائێراب ناوەکە بە پێی جەیکۆبسن بە لاسیراب La-si(?)-ra(?)-ab (بەگومانـــــــــــــــوە) خوێنراوەتەوە و دەڵێت: بەڵام گێلب بۆ ئەوە دەچێت é موحتەمەلتربێت لە si و لە لایـەکی تـرەوە نـاوی La-é-ra-ab لــە نووســینێکدا هاتووە[١٨]. (بڕوانە خوارەوە بۆ نووسینەکەی لائێراب).

وەك وتمان پادشا گوتییەکان نووسینیان جێ نەهێشتووە. تەنها یەکێك هەیە کە خۆی بە پادشای گوتــی نـاوبردووە و نووســینێکی بەجێ هێشتووە کـە سـەرە سـەوڵەجانەو بـەم شێوەیەیە: ((لائـێراب La-é-ra-ab پادشــای گوتـی (شـەش دێڕ شـکاون) دروسـتی کـرد و پێشکەشی کرد (وەکو قوربانی). هەرکەسێك ئــەم نووســینە بگۆڕێــت یــان نــاوی خــۆی بنووسێت با خوداوەندەکانی گوتی ئیشتارو سین بناغەکەی دەربهێنن وتۆوەکەی لابەرن و ڕێگا بۆ وڵاتەکەی دانەخەن))[١٩].

لە ڕووی هونــەری و ئیمــلای زمانــەوانی جێماوەکـە دەگەڕێتــەوە بــۆ بــەرایی یــان ناوەڕاستی سـەردەمی فـەرمانڕەوایی ئەکـەد، نەفرەتەکەش لەوە دەچێت لاسایی کردنەوەی نەفرەتــەکانی نــاو نووســینەکانی پادشــا یەکەمـەکانی ئەکـەد بێـت[٢٠]. نووسـینەکە لـە (ســیپپار)دا دۆزراوەتــەوە کــە شــارێکی سومەرییە بەڵام بەپێی (هیلپریێشت) و هـاڵۆ ئەمـە ئـەوە ناگەیـەنێت پادشـاکە شـارەکەی حوکم کردبێت[٢١].

هەبوونی ئەم نووسینە وای لە جەیکۆبسن کرد نـاوی چواردەیـەمی نـاو لیسـتەکە تـەواو بکـات. نــاوی لیســتەکە تەنـها ((رابــوم))ی ماوەتـەوە، جەیکۆبسنیش بـەپێی نووسـراوی سـەرەوە نـاوی ئـەو پادشـایەی لیسـتەکەی بـە لائـێرابوم تـەواو کـردووە، هەرچـەندە هــاڵۆ دەڵێـت کـە ئەمــە هێشـتا ئــەکید نییــە[٢٢]. پادشایەکی تر هەیە لە نووسراوی کابرایەکدا هـاتووە کە نووسـەری شـاری سـاریگ Sa-rig (بـە سـومەری سـاگپاکابدو)ی نزیـك شـاری (ئوممـا) بـوو و وەك نـەزرێك و پێشکەشییەکی قوربـانی بـۆ ژیـانی نووسـیویەتی. پادشـاکە ناوی شاراتیگوبیسین Šaratigubisin بـوو و جەیکۆبســن دەڵێــت لەوانەیــە بــە مواتــی قوبیسـین Muatiqubisin بخوێندرێتـەوە. نووسینەکە لەسەر قاپێکەو بەم جۆرەیە:

((بۆ نین ... Nin-x ی پادشا، کە خراپە دوور دەخاتــەوە، نیگدوپــائێ Nigdupae، نووســەری نووســینگەی تۆمــار لــە شــاری ساگپاکابدو Sagpakabdu،کوڕی ئورگیشار Urgišarی نووسەر بۆ ژیانی شاراتیگوبیسین ی پادشای خۆی، بۆ ژیانی خۆی، بۆ ژیان و ژن و منداڵەکانی پێشکەش کرد (نزیك وێنەی ســــــــەرقاپەکە) نینگیشـــــــــتین،

نینابوسا ،نامسیلکاکا(؟)، گیم ئینیننی، لیممیساگا، ژنەکەی. سیگکالامنیتو، لوگالودااننا، باشائیا، ئورکادی.))[٢٣]

هەرچەندە هیچ لە نووسینەکەدا نییە باس لەوە بکات کە پادشا گوتییە بەلاّم وەکو ئیحتمال بە پادشایەکی گوتی زانراوە، لای جەیکۆبسنیش دەکرێت پادشایەکی بچووکی ناوچەیی بووبێت. ناوی پادشای لای جەیکۆبسن زیاتر بە Muatiqubisin دەخوێنرێتەوە و دەڵێت (مواتی) یەکێکە لە ناوەکانی خوداوەند (نابو)ی شاری بورسیپپا و رێکە لەگەڵ شێوازی ناوی ئەکەدی: Muati-qu(b)bîsin کە واتای ئەوە دەدات: مواتی شکاتەکەیانی بیست[٢٤]. پادشایەکی تر هەیە ئەویش ئیرریدا پیزیر Erridapizir یان ئێنریداوازیر Enridawazir کە پادشای گوتی بووە و نووسینێکی دوورو درێژی هەیە کە پێنج سەد وشەیە و نوسخەیەکی بابلی کۆنە کە لە ئەسڵێکی ئەکەدیی کۆنەوە وەرگیراوەو[٢٥] بە پێی هالۆ و تا کاتی نووسینی ئەو بابەتەی وەرنەگێردراوە. جگە لەمانەش نووسینێك هەیە کە فەرمانڕەوایەکی شاری (لاگاش)ی سومەری بەناوی نامماخنی یاخود نامماخانی Nammah(a)ni و ناوی پادشای گوتییەکان دەبات. نووسینەکە ئەوەی تێدایە کە ((ئەو کاتەی یارلاگان Ià-ar-la-ga-an پادشای گوتیوم بوو))[٢٦]. وا پێدەچێت ئەم نامماخانییە سەر بە گوتییەکان و نەیاری (ئورنا ممو)ی شاری ئور بووبێت کە دوای ئوتوخێگالی ئوروك بنەماڵەی سێیەمی ئوری دامەزراند. یارلاگان پادشای نۆزدەیەم بوو و لە ناوەکەی تەنها (ئارلاگاندا)ماوە و دیارە جەیکۆبسن بەهۆی ئەم نووسینە ناوەکەی تەواو کردووە.

نووسینی فەرمانڕەوایەکی تری شاری ئوممای سومەری دەڵێت ((لەو کاتەدا سیئوم Si-ù-um پادشای پادشای گوتیوم بوو (یان بوو بە پادشای گوتیوم..)). ناوی سیئوم هاوشێوەی هەیە لە ناوچەی دیالە و گاسور (نوزیی کۆن نزیك کەرکووك) ئەویش سیئوممی Si-um-mi لەگەڵ ناوێك لەمە بەربلاّوتر: سیئاوم Si-a-um ئەویش ئەگەر ئەم دوو ناوە بەشێوەی تر نەخوێندرێتەوە (شیئوممی Ši-ummi و واتروم Watrum)[٢٧] ناوی بیستەمی لیستەکە سیئو Si-u وەو دیارە جەیکۆبسن بەهۆی ناوەکەی سەرەوە ناوەکەی وا نووسیوە Si-u(m).

وەك وتمان (هالۆ) بە دووری نازانێت یارلاگان نازناو بووبێت لێرەشدا بە شیاوی دەزانم بۆچوونێکی خۆم بڵێم سەبارەت بە ناوەکەو ناوەکانی تر. لە چوار ناودا دەبینین برگەی (یار) دووبارە دەبێتەوە: یارلاگاب و یارلانگاب ئەگەر دوو ناوی جیاواز بن لەگەڵ یارلاگان و یارلاگاش کە ئەمیان لە دەستنووسێکی لیستەکەدا لە جیاتی شولمێ نووسراوە. ئەمە وامان لێ دەکات بیر لەوە بکەینەوە (یار) برگەیەکی سەربەخۆ بێت و واتای (پادشا) یان شتێك لەو بابەتە بدات. وشەی پادشاش دواتر لە هەزاری دووەمدا و

لای خوررییەکان وشەی ئێوری Ewri یاخود ئێروی Erwi بوو کە لە (یار) نزیکەو ڕەنگە لەبەر قورسیی برگەی (ئێروی) سومەرییەکان کردبێتیان بە (یار). وشەی پادشاش لای خوررییەکان لە هەزاری سێیەمدا واتە لەو کاتەی گوتییەکان فەرمانڕەوا بوون ئێندا Enda بوو کە هاوشێوەکەی لە کۆتایی ناوی (یا؟ ئارلاگاندا)ی لیستکەدا دەبینرێت.

ئەگەر یار واتای پادشا بدات زۆر بە ئاسانی لە ناوی یارلاگاب تێ دەگەین کە دەبێت واتای (پادشای لاگاب) بدات. لە هەزاری یەکەمی پێش زاینیشدا ناوی لەم بابەتە هەیە کە شارێك بوو لە نێوان دەربەندی بازیان و ڕوباری تەینال. سەرەتا ئاشورناصیرپالی دووەمی ئاشوری سالی ٨٨٠ پێش زاین ناوی لاگالاگا Lagalaga دەهێنێت کە لە باسەکە ئەوەندە تێدەگەین کە لە ڕۆژهەڵاتی دەربەندی بازیان بووە. پاشان لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی پێش زاین ناوی تاگالاگا Tagalagaو لاگاب گالاکی Lagabgalagi پەیدا دەبن کە هەر لەو دەوروبەرەدا دەبن ویەکێکان لە نێوان دەربەند و ڕوباری تەینال دەبێت [٢٨]. لەمەوە دەتوانین بڵێین کە پادشای گوتی هەڵگری نازناوی پادشای لاگاب بووە. لە لایەکی ترەوە ناوی سارلاگاب (پادشای چوارەم) برگەی لاگاب لە ناوەکەیدا هەیە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە خوێندنەوەی تری ناوەکە [٢٩] (یالاگاب)ەو لە دەستنووسێکی تردا (یارلاگابا) هاتووە ( بڕوانە سەرەوە). یەکەمیشیان بە دوو (لاگاب) نووسراوە ؛ برگەی یەکەم یەك هێمایە lagabاو دووەم برگە بە دوو هێما la-gab نووسراوە. ئەوەندەش بزانم ئەم حاڵەتە بۆ ئەوەیە کە ڕوون بێتەوە بۆ خوێنەری دەقە مێخییەکە کە ناوی یەك هێمایی چۆن دەخوێنرێتەوە چونکە خوێندنەوەی جیاجیای هەیە. بەڵام بۆچی نەکرێت ناوەکە یا-لاگاب – لاگاب (کە دەبێت ڕاستەکەی: یار-لاگاب – لاگاب بووبێت) بخوێنرێتەوەو بەم جۆرە نزیکتر دەبینەوە لە ناوی شاری (لاگالاگا) و(تاگالاگی) و (لاگاب گالاگی)ی هەزاری یەکەم کە ڕەنگە لە هەزاری سێیەمدا (کاتی فەمانڕەوایی گوتییەکان) ناوی لاگاب لاگاب بووبێت؟ لێکدانەوە ناوی ئەو پادشایە بەو جۆرە واتە دەستنیشانکردی واتای برگەی(یار) و فەرز کردنی ئەوەی شارێك هەبووە بە ناوی لاگاب یاخود لاگاب لاگاب هەموو ئەمانە تەنها بۆچوونن و بەڵگەی زۆرتریان پێویستە. خۆ ئەگەر ڕاستیش بن ئەوا پەیوەستێکی گەورە لەنێوان گوتییەکان وناوچەی ڕۆژهەڵاتی دەربەندی بازیان (کە دواتر گەلی لوللو تیایدا دەژیا) دەدۆزینەوەو ئەگەر ئەمیان تەئکید بوو دوو ئحتمالی سەرەکیمان دەبێت : یان ئەو ناوچەیە پێشتر گوتییەکانی تێدا بوو یان ئەو چەند پادشایەی برگەی فەرزکراوی (یار) لە ناوەکانیاندا هەیە لە ڕاستیدا لوللویی بوون.

بەراوردییەکی تر کە بیکەین ناوی پادشای شاری قابرا Qabra یە کە ئەمیان کەوتبووە دەشتی هەولێر ولە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم وسەرەتای سەدەی هەژدەیەمی پێش زاین

ناوی دەبیستریێت. پادشاکە ناوی ئارداکاندا Ardakanda [٣٠] بوو و لە ناوەکەیدا (ئاندا)ی نزیك (ئێندا -پادشا) و کۆتایی ناوی (یا؟ ئارلاگاندا) هەیە لەگەڵ (ئار)ی سەرەتا کە لە (یار)ەوە نزیکە واتە ئەگەر یەکێك لە بۆچوونەکانی سەرەوەمان راست بێت ئەوا لەوانەیە وشەی (پادشا) یان لە کۆتایی ناوەکە ( ئاندا- ئێندا) یان لە سەرەتاکەیدا (ئار- یار- ئێروی) هەیە.

دوایەمین پادشای گوتی ناوێکی هەڵگرتووە کە چەند سەدەیەك دواتر لە باکووری رۆژئاوای سومەرو ئەکەددا دەبینریێت. ناوی تیریگان لە ناوچەی دەوروبەری شەغار بازار کە کەوتبووە ناوچەی جزیرە لە هەمان کاتی قابرادا هەبووە ( بە شێوازی تێریکان Terikan) [٣١].

## پەراوێز و سەرچاوە


1-W.W.Hallow, Gutium, in, Reallexikon der Assyriologie (RLA), Bd.3, 1957-1971, p.710
2-Ibid, p.713, 714
3-Ibid, p.714
4-Th.Jacobsen,Sumerian King List (SKL), Chicago, 1939, pp. 119-121
5- C.J.Gadd, The Dynasty of Agade and the Gutian invasion, 1963, p.48.
6- Ibid.
7-RLA, 3, p. 711
8-Ibid, p. 714
9-SKL, p. 120
10-RLA, 3, p. 711
11-Ibid, p. 712
12-Ibid, p. 709, 711
13-Ibid, p. 711
١٤- دیاکۆنۆف، میدیا،وەرگێرانی بورهان قانع، ١٩٧٨، ل١٦٦
15-RLA, 3, p. 711
16-Ibid
17-SKL, p.119
18-Ibid
19-G.A.Barton, Royal Inscriptions of Sumer and Akkad (RISA), New Haven, 1929, p.171
20-RLA, 3, p.712
21-Ibid
22-Ibid
23-RISA, p.171
24-SKL, p.120
25-RLA, p.712
26-Ibid ل١٧٢Baniarlaganلای بارتۆن
27-RLA, p.712.
٢٨- بۆ ئەمە بڕوانە کتێبی (( مێژووی گەلی لوللو))مان، بەشی: دەربارەی شوێنەکانی سێ لەشکرکەشییەکە.
٢٩-ناوی پادشاکان کە ریزمان کردوون وەك وتمان بە پێی دەستنووسی WB یە و لە کتێبەکەی جەیکۆبسن بە هەمان تەرتیب وەرمانگرتوون و لەناویاندا ناوی پادشای چوارەم سارلاگابە Sar – lagab – la - gab بەلام بە پێی (هالۆ)و وەك لەسەرەوەدا باسکراوە ئەو پادشای چوارەمە لە لیستی WBدا(یالاگاب)ە. دیارە جەیکۆبسن ناوەکەی بەپێی نووسراوی شارکالی شارری کە دەلێت شارلاگی گرتووە و جەیکۆبسن ناوی پادشای چوارەمی وا لێکردووە. نووسینی مێخییەکەشم لا نییە بەلام بە نیوە دڵنیاییەوە دەلێم کە هێماکە ژمارە (٢٣١)ە کە بە چەند جۆرێك دەخوێنرێتەوە :( زال ، صال ، نی ، لی...) لەگەڵ (زار) کە خوێنەوەیەکی سەردەمی ناوەڕاستی بابلییە هەروەها هێمای سێیەمی(یا) ià ( یاخود ia3) (سەردەمی بابلیی کۆن).
30- J-R.Kupper, Les Nomades en Mésopotamie au Temps des rois de Mari, Paris, 1957, p.227,n.2 + G.Dossin, en, Syria, 20, 1939, p109.
31- RLA 3, p.716.

# مادەکان و دەوڵەتی ماد

## بەشی دووهەم

و: حەسەن عەبدولکەریم

### فەرمانڕەوایانی ماد

هیرۆدۆت دەڵێ: ئاشوورییەکان لە ئاسیای سەروودا پێنج سەدە فەرمانڕەواییان کرد، یەکەم نەتەوە کە دەستیان کرد بە سەرپێچی کردن لە ئاشووریەکان مادەکان بوون، ئەوانە لە پێناو ئازادی و سەربەخۆییدا دەستیان بەشەڕ کردووە و دەڵێن دلێرانە جەنگاون دژی ئاشووریەکان، پاش ئەوان نەتەوەکانی تر چاویان لەوان کردو لە ماوەیەکی کەمدا هەموو نەتەوەکانی کیشوەری ئاسیا لە ژێر دەستی ئاشووریەکان ڕزگاریان بوو و ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان بە دەست هێنا. بەڵام ئەوەندەی نەبرد ئەم نەتەوانە کەوتنە ژێر دەستی مادەکان. لە شوێنێکی تری کتێبەکەدا مێژوونووسی ناوبراو دەڵێت: ژمارەی هۆزو تیرەی مادەکان شەش بووە کە بریتین لەمانە: بوس، پارتاکن، سترۆخان، ئاری سانت، بودی، موغ. لە ناوەڕۆکی قسەکانی هیرۆدۆتەوە کە لە بەشی ٩٦ی کتێبی یەکەمدا باسی کردووە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پێش (دیوکس)ی یەکەم پاشای ماد، هەرکام لەم هۆزو تیرانەی ماد ژیانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان هەبووە، بەڵام ئەوەی کە مێژوونوسی ناوبراو باسی کردووە کە گوایا مادەکان *پێنج سەدە لەژێر فەرمانڕەوایی ئاشووریەکاندا بوون واتە لە ١٢٧٤ تا ٧٥٤ی پێش عیسا، لەگەڵ نووسینی خودی ئاشووریەکاندا ناکەونە یەك، مەگەر بڵێین ئاشوورییەکان بەر لە ساڵی ٨٣٨ی پێش عیساشدا مادەکانیان لە ژێر دەستدا بووە بێ ئەوەی لە نووسینەکانیاندا ناویان بهێنن، ئەمەش بە پێچەوانەی ڕێوڕەسمی پاشاکانی ئاشوورەوەیە کە پابەند بوون بەوەوە کە هەر وڵات و نەتەوەیەکیان داگیرکردبێت و خستبێتیانە ژێر دەستی خۆیانەوە نوسیویانە. گریمانەیەکی تر ڕاستر دێتە پێش چاو ئەویش ئەوەیە کە هیرودوت لە کتێبەکەی خۆیدا بابل و ئاشووری بەیەك دەوڵەت داناوەو، لە هەموو شوێنێکدا لە بری بابل هەر

ئاشووری نووسیوە و لەبەرئەوە دەوڵەتی بابل چەند بەشێکی لە خاکی ئێران داگیر کردووە وەك کرماشانی ئێستا کە چەند ماوەیەك داگیریان کردووە و ئەم ناوچەیەش لە سەردەمی مادەکاندا بەشێك بووە لە خاکی ماد و هیرودوت داگیرکردنی بابلیەکانی بە داگیرکردنی ئاشوورییەکان داناوە.

بیروس ی مێژوونوسی کلدانی لای وا بووە کە مادەکان لە دەوروبەری ساڵی ۲٥۰۰ی پێش عیسادا بابلیان داگیر کردووە و ۲۲٤ ساڵ لە بابلدا فەرمانڕەواییان کردووە، بەلاّم هەندێك لە لێکۆڵەرەوەکان وای بۆ دەچن کە ئەوە کاسییەکانن کە لە ئێرانەوە هێرشیان کردۆتە سەر بابل و داگیریان کردووە و بیروس لەبەرئەوەی کە ئەمانە لە خۆرئاوای ئێرانەوە هێرشیان کردۆتە سەر بابل بە مادەکانی زانیون. چونکە لەو سەردەمەی بیروسدا ئەم ناوچانە بە ناوچەی ماد ناوبراون، لەبەرئەوە ئەو بۆچوونەی بیروس لەوەئەچێت هەڵە بێ.

## شاکانی ماد

دەربارەی شاکانی مادو ماوەی فەرمانڕەوایی هەریەك لەوانە لەنێوان هیرودوت و کتزیاسدا جیاوازییەکی زۆر هەیە ، بۆڕوونکردنەوەی بابەتەکە هیرودوت وەك لە خوارەوە دەکەوێتە بەرچاوتان ژمارەی شاکانی مادی بە چوار کەس داناوە، بەگوێرەی نوسینەکانی ئەو، دەوڵەتی ماد لە ساڵی ۷۰۱ یا ۷۰۸ پێش عیسادا دامەزراوە ماوەی سەدو پەنجا ساڵ ماوەتەوە، بەلاّم کیتزیاس خشتەیەکی درێژی لەناوی شاکانی ماد ڕیزکردوە و بە گوێرەی ئەو خشتەیە ماوەی فەرمانڕەوایی مادەکان دوو ئە وەندەی ئەو ماوەیەیە کە هیرودوت باسیکردوە بەڵکو زیاتریش و لە بەرئەوەی نوسینەکانی هیرۆدوت لای لێکۆڵەرەوەکان زیاتر پەسەندە ئێمە لەسەرەتادا بە گوێرەی ئەوەی لە کتێبەکەی ئەودا هاتوە هەروەها لەسەر بەڵگە نامە ئاشووری و بابلیەکان باسیمێژووی ماد دەکەین و دواتر دەگەڕێینەوە سەر نووسینەکانی کتزیاس وبەراوردکردنیان.

## مێژووی دەوڵەتی ماد بە گوێرەی نووسینەکانی هیرۆدۆت بەم شێوەیە.

### دیوکس ( ۷۰۸ – ٦٥٥ پێش عیسا )

دیوکسی کوڕی فرائورتیس جوتیارێك بوو وەك هەموو خەڵکانی تری مادی لە گوندێکدا دەژیا و هەر گوندێك ژیانی تایبەتی خۆی هەبوو. ئەم کەسە بەهۆی لێهاتووی و داد پەروەری خۆیەوە خەڵك هەموو ڕوویان تێ کردبوو و چی گرفت و کێشەیەکیان هەبوایە دەچوونە لای ئەو بۆ چارکردنی.

پاش ماوەیەك دیوکس بە بیانووی هاتوچۆی زۆری خەڵکەوە بۆلای نایپەڕژێتە سەر کاروباری خۆی وازی لەم ڕاوێژکارییەی

خۆی هێنا. لە ئەنجامی خۆکشاندنەوەی ئەو لەو ئەرکە دزی و ئاژاوە زیادی کردو خەڵکەکە کۆبوونەوە و گوتیان لەبەرئەوەی ژیان بەم شێوەیە زۆر زەحمەتە چاکتر وایە کە کەسێك بکەین بە پادشای خۆمان بۆ پاراستنی ئارامی ناوچەکە تا ئیتر بتوانین کاروباری خۆمان راپەڕێنین. دواتر خەڵکەکە ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی یەکێك هەڵبژێرن و بەهۆی ئەوەوە کە دیوکس رابوردوویەکی هەبوو لەم بوارەدا ئەویان هەڵبژارد.

سەبارەت بەم بەشە لە قسەکانی هیرودوت دەبێ بڵێین: هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان لایان وایە ئەم دیوکسە هەمان دیائوکۆی سەر بەردە نووســـــراوەکەی ســــارگۆنی دووهەمـــــە، هەندێکیش گومانیان لەوەدا هەیە کە دیوکس کەسێکی مێژوویی بێ. بەهەرحاڵ لەبەرئەوەی ئـەم مەســـەلەیە وەك گـەلێك بابـــەتی تـری پەیوەندیدار بە مێژووی مادەوە هێشتا یەك لا نەبوەتەوە، ئێمە ئەو ناوەی کە هیرودوت باسی کردووە ئەوەمان نووسیوە. پاشان مێژوونووسی ناوبراو دەڵێ یەکەم کاری دیوکس پاش ئەوەی بە شا هەڵیان بژارد ئەوەبوو کە هەندێ کەسی دیاری کرد بۆ ئێشکچیەتی و پاراستنی خۆی و پێشنیاری کرد کە شارێك دروست بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش شوێنی شاری هەمەدانیان دەست نیشان کرد و لەو شوێنەدا لەسەر فەرمانی شا کۆشکێکیان دروستکرد کە حەوت قەڵای هەبوو، دیواری دەرەوەی هەرکام لەو قەڵایانە دەیڕوانی بەسەر قەڵای ناوەوەدا و دیواری حەوتەم ئەیڕوانی بەسەر هەمووياندا. ئەم کۆشکە بەهۆی چەند تەپۆڵکەیەکی سروشتی یا دەسکردەوە دروست کرابوو، قەڵای خودی پاشاو گەنجینە لە قەڵای یەکەمدا لە ناوەوە دانرابوو. ئەو حەوت دیوارە هەریەکەیان ڕەنگێکی تایبەتی هەبوو. دیواری یەکەم لە ناوەوە ڕەنگی سپی، دووهەم ڕەش، سێهەم سوورێکی تۆخ، چوارەم شینی کاڵ، پێنجەم سووری کاڵ، شەشەم ڕەنگی زیوی و حەوتەمیشیان ڕەنگی ئاڵتونی زەرد باو.

ئەم جۆرە ڕەنگ تێکەڵ کردنە لە بابل دا نیشانەی ئەستێرەی حەوتەوانە بوون و بورجی بە ناوبانگی (بیرس نەمرود) لە بابل بەم حەوت ڕەنگە ڕەنگ کرابوو، بەڵام لە هەمەداندا ئەم جۆرە ڕەنگ کردنە وەك لاسایی کردنەوە وا بوو. دەربارەی ئەندازەی دیوارەکان هیرۆدۆت دەڵێ گەورەترین دیواری قەڵای هەمەدان بە ئەندازەی دیوارەکەی شاری ئەسینا بوو (ئەو کاتە دانیشتوانی ئەسینا سی هەزار کەس بوون. _ و)

یەکێکی تر لە کارەکانی دیوکس ئەوە بوو کە وەك چاولێکردنێك لە دەربــاری ئاشوورییەکان ڕێ و ڕەسمێکی تایبەتیان دانا بۆ چاوپێکەوتنی خەڵك، بۆ نموونە: بەرەو ڕووی شا وەستان،پێکەنین، تف ڕۆکردن لەبەردەمی ئەودا قەدەغە کرا. ئەگەر یەکێك

سکاڵایەکی هەبووایە دەبوو بیداتە دەستی یەکێك کە بۆ ئەو کارە دانرابوو تا ئەو بیگەیەنێتە دەستی شا. ئەنجا دیوکس خۆی سەیری سکاڵاکەی دەکرد و بڕیاری خۆی لەسەر دەنووسی و ئەیناردەوە بۆ خاوەنەکەی ئەگەر تاوانێك ڕووی بدایە تاوانبارەکەی بانگ دەکردە لای خۆی و پاش لێکۆڵینەوە بە گوێرەی تاوانەکە سزای تاوانباری دەدا.

دیوکس بۆیە ئەم ڕێوشوێنەی گرتبووە بەر تا ئەو کەسانە کە وەکو خۆی وابوون یا بەیەکەوە گەورە بوون و لەباری ڕەگەزەوە هیچی لەوان زیاتر نەبوو، ئەو نەبینن و پێیان ناخۆش نەبێ کە ئەو گەیشتووە بەو پلەوپایە، چونکە لای وابوو ئەگەر ئەوان نەیبینن ڕەنگە بڵێن دیوکس لەوان زیاترە.

لە قسەکانی هیرودوت و زانیاری سەرچاوەکانی ترەوە، وا دەرئەکەوێ کە ماوەی فەرمانڕەوایی درێژی ئەم پاشایە، هەمووی بەکارهێنراوە بۆ کۆکردنەوە و یەکخستنی خێڵ و تیرە پەرش و بڵاوەکانی ماد، لەم بوارەدا دیوکس بەهۆی پێداگرتن لەسەر جێبەجێکردنی ئامانجەکەیەوە سوودمەند بوو. لەبەر ئەوەش کە سەنحاریب ی شای ئاشوور سەرقاڵی جەنگە یەك لەدوای یەکەکانیدا بوو لەگەڵ بابل و عیلامدا، دەرفەتی ئەوەی نەبوو خەیاڵ بکاتەوە لە هێرش بردنە سەر کوێستانە دوور دەستە سەختەکانی ماد، بە تایبەتی کە مادەکان باجی ساڵانەی خۆیان بۆ ئەنارد و ئیتر ئاشوورییەکان بیانوویەکیان بە دەستەوە نەبوو بۆ هێرش کردنە سەر ئەم وڵاتە، تەنیا جارێك نەبێت کە ئاشوورییەکان هاتنە (ئیلیپی) کە کرماشانی ئێستا دەگریتەوە، ئیتر چونکە مادەکان ئارام بوون لەوەلا تێپەڕیان نەکرد، ماوەی فەرمانڕەوایی ئەم پاشایە لە ساڵی ٧٠٨ یا ٧٠١وەوەیە تا ساڵی ٦٥٥ی پێش عیسا.

## هەمەدان

سەبارەت بە هەمەدان پێویستە بگوترێت یەکەمجار کە ناوی ئەم شوێنەهاتووە لە نووسینەکەی (تیگلات پلاسەری یەکەم)دا بووە لە دەوروبەری ١١٠٠ ساڵ پێش عیسا ئەم پاشای ئاشوورە بە (ئەمە دانە) ناوی بردووە. لە نووسینی هەخامەنشییەکاندا ناوی ئەم شارە بە (هەگمەتانە) نووسراوە، هەرچەندە هەندێك لایان وایە پێیان گووتووە (هەنگمەتانە)، هیرودوت لە نووسینەکانیدا ناوەکەی کردووە بە (ئاگباتان)، بە پێی ئەم نووسینانە شاری ناوبراو ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یانزەهەمی پێش عیساو لەناو شارە کۆنەکاندا کە ئێستا هەرماون وێنەی هەمەدان دەگمەنە ومێژووی دروست کردنی شاری ڕۆما وەك ئاشکرایە لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی پێش عیسا زیاتر سەرناکەوێ.

هەمـــەدان کەوتووەتـــە بنـــاری شـــاخی ئـەڵوەندەوە و ئـەو شـاخە لـە بـەردی خـارا ـ گرانیت پێکهاتووە و بەرزییەکەی لـە ئاستی شاری هەمەدانەوە بە شەش هەزار پێ دانراوە ئاوێستا شاخی ئەڵوەندی بـە (ئـەئور وەنـت) ناوبردووە و ئەم ناوە ڕەنگـە نـاوی شـاخەکە بووبێ لای مادەکان. یۆنانیەکانیش نـاوی ئـەو شاخەیان بە (ئورون تیس) نووسیوە کە دەبێ هـەر گـۆڕدراوی (ئـەئوروەنت)ەکـەی ئاویسـتا بێت.

هەر لـەبارەی هەمەدانـەوە ئـەبێ ئـەوەش بڵێین کـە مێژوونووسـە ئەرمەنـەکان و دوای ئـەوانیش (ڕاولـین سـون) لایـان وابـوو کـە ئەگباتانەکەی هیرۆدۆت هەمەدانی ئەمڕۆ نییە و شـوێنی پایتـەختی کۆنـی مادەکـان لـە (تەختی سلیمان)ی ئەمڕۆ کە کەوتووەتە (٢٥) فەرسـەخی دەریاچـەی ورمێـوە، بـەدوایدا بگەڕێن. بەڵام (دی مورگان) کە سەرپەرشتی کردنـی هەڵکـەندن و پشـکنینی ناوچـەی (شوش)ی دەکرد، لەم بارەوە لێکۆڵینەوەیەکی ئـەنجام داوە و دەری خسـتووە کـە ئـەگباتان هەر شوێنی هەمەدانی ئەمڕۆیەو لەبەرزایی و تەپۆڵکەکانیشـدا جێگـای حـەوت قەڵاکـەی کۆشکی هەمەدانی دیاری کردووە و سەبارەت بـەو مەسـەلەیە وای نووسـیوە: هەمـەدان کەوتووەتـە بنـاری شـاخی ئـەڵوەند و لەسەرەتای دەشتێکی پان و بەرین و بەپیت دایە. ئەو ئاوانـەی کـە لـە شـاخەکەوە بـەرەو

خوار ئەبنەوە بەدەشتەکەدا بەرەو (قەرەچای) دەڕوا. ئەڵوەند لە بەردی گرانیت پێکهاتووە و دەتوانین بڵێین جیاوازە لە شاخەکانی ترو لە لای بـاکورو خۆرئـاواوە بـە هـۆی بـەرزایی (ئەسەد ئاباد)ەوە لەگەڵ شاخەکانی زاگرۆسدا (کوردستان) دەگەنەوە بە یەك. لە لای باکورو خۆرهـەڵاتی ئەم دەشتەوە شیوی هەمەدانـە و لـــە لای باشـــورو خۆرئاوایـــەوە ڕووبـــاری (گاماساب)ە. ئـەم دوو شـیوە کـە زۆر بـەپیتن خـــەڵکێکی زۆری تێـــدا نیشـــتەجێ بـــووە و ئاسەوارێکی زۆری سەردەمانی کۆنی تێدایە. لە وێدا مرۆڤ هەست دەکا کە ئەم شوێنە لە کاتی خۆیدا لانکەی شارستانییەتێکی گەورە بـــووە و گرنگـــی ئـــەمڕۆی هەمـــەدان ڕەنگدانەوەیـەکی کـەمی ئـەو گرنگییەیـە کـە هەمەدانی کۆن بوویەتی.

لەبەرئەوەی ئەم شارە کەوتووەتە کۆتایی شـاخەکانی کوردسـتانەوە دەڕوانـێ بەسـەر هـــەمو دەشـــتی پـــان و بـــەرینی ئـــێراندا و شوێنەکە سەرەتای ڕێگایەکە لە وڵاتـی نێوان دوو ڕووبارەوە دێتە ئێران. شـاخەکان لـە لای باشوورو خۆرهەڵاتـەوە هەمـەدان لـە هێرشـی دوژمنـان دەپـارێزن، ئـاوو هـەوای فێنکـە و ناوچەکـەی بـە پیتـە، ئـەم تایبەتمەندییانـە بـەراورد نـاکرێن لەگـەڵ شـوێنەکانی تـردا و ئەمەشە بووەتە هۆی هـەڵبژاردنی هەمەدان بۆ ئەوەی بکرێتە پایتەخت.

## فرورتیش (٦٥٥ - ٦٣٣ پێش عیسا)

بە قسەی هیرۆدۆت : پاش دیوکس (فرائورتیس)ی کوڕی لە جێگای ئەو دانیشت، داریوش لەسەر شاخی بێستون بە (فرەوەرتیش)ی نووسیوە و ئەو ناوەی کە هیرۆدۆت هێناویەتی وا دیارە گۆڕدراوی ناوەکەی سەر بێستوونە و ئێمە لەسەر نووسینەکەی داریوش ڕۆیشتوین.

فرورتیش لە سەرەتادا لەسەر ڕێ وشوێنی باوکی دەڕۆیشت، چونکە وایدەزانی کە مادەکان هێشتا ئەوەندە بەهێز نەبوون کە خۆیان لە کۆت و بەندی ئاشوورییەکان ڕزگار بکەن، لەبەرئەوە بە ڕێك و پێکی باجی سالأنەی خۆی دەدا بە ئاشوورییەکان و لە هەمان کاتیشدا ئەو شوێن و ناوچانە کە لە سەردەمی باوکیدا هێشتا نەخرابووە سەر خاکی ماد خستنیە ژێر دەسەلأتی خۆیەوە و ئەنجا شای ماد فارسەکانی ملکەچ کرد و هێنانیە ژێر دەسەلأتی خۆیەوە بەهۆی ئەوەوە کە دوو نەتەوەی جەنگاوەری ماد و پارسی لەژێر دەستدا بوو، بەهێز بوو و دەستی کرد بەسەر پێ دانەواندنی بەشەکانی تری بیابانی ئێران.

لە سالی ٦٤٥ی پێش عیسادا، ئاشوور پانیپال لە کێشەی عیلام و بابل دەستی بەتال بوو و لای کردەوە بەلای کاروباری ناوخۆی ئاشووردا خۆی خەریك کرد بە نوێ کردنەوەی پەرستگا و کۆشکە نایابەکەوە کە سەنحاریب دروستی کردبوو و دەستی کرد بە ڕابواردن، چونکە پاشاکانی ئاشوور لەسەرئەوە ڕاهاتبوون، کە لە جەنگێك دەبوونەوە تا دەستکردن بە جەنگێکی تر، کاتیان بە ڕابواردن بەرنە سەر.

پاش ماوەیەك شای ماد کە زانی ولأتێکی پان و بەرینی لەژێر دەستدایە و بەهێزە، نەیویست چیتر سەرانە و باج بدات بە ئاشوورییەکان، بێ ئاگا لەوەی کە هێزی چەکداری ماد هێشتا وای لێنەهاتووە کە بتوانێ ڕووبەڕوی ئاشوورییە جەنگاوەرەکان ببێتەوە کە هەموو نەتەوە و میللەتەکانی پێش ئەمانیان پەرێشان کردبوو. لە ئەنجامی ئەم بەهەلە چوونەدا مادەکان هێرشیان کردە سەر ئاشوور و لە هێرشەکەیاندا شکستیان خوارد و خودی شا لە جەنگەکەدا کوژرا پاش بیست و دوو سال فەرمانڕەوایی.

### هووخ شەتەر ٦٣٣ - ٥٨٥ پێش عیسا

#### جەنگ لەگەل ئاشوورییەکاندا

هیرۆدۆت ناوی ئەم شایەی بە (کواکسار) نووسیوە، بەلأم وەك لە نووسینەکەی سەر شاخی بێستونی داریوشی یەکەمەوە دەردەکەوێ، ناوەکە هووەخشەتەرە. ئەم شایە کارامە و خزمەت گوزارێکی چاك بووە وێنەیان لە مێژوودا کەم بووە. کاتێك کە چووە سەر تەخت بۆی دەرکەوت کە بارودۆخی مادەکان لە مەترسیدایە پلەو پایەی خودی شا لە بێ

هێزیدایە، بە وردی بیری لەوە کردەوە کە خێرا دەبێ دەست بە چاکسازی بکات و پێش هەرشتێک لە سوپاوە دەست پێ بکات، چونکە لە ئەزموونی تاڵی شەڕەکەی باوکی لەگەڵ ئاشوورییەکاندا، ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو کە سوپای ناڕێک و پێکی ماد دەرەقەتی سوپای بە ئەزموون و جەنگاوەری ئاشوور نایەت.لە بەرئەوە کەوتە ڕێکخستنی سوپایەک لەسەر شێوازی ئاشوورییەکان کە هەمیشە ئامادەبن . جەنگاوەری پیادە چەکدار کرا بە تیرو کەوان و شمشێر و جەنگاوەری سوارەش لەو تیرهاوێژە کارامانە بوون کە هەر لە منداڵییەوە ڕاهێنرابوون بە ئەسپ سواری، تیر هاویشتن و قیر قاچ کردن وەک سوارانی سەردەمی پارتییەکانی چەند سەدە دوواتر. ئەسپی مادی لە سەردەمی کۆندا لە هەموو جیهاندا بەناوبانگ بووە بە تایبەت ئەسپی ناوچەی نیسا (نیسایە) کە لە باری جوانی و تیژ ڕەوی و ماندوو نەبوونەوە وێنەی نەبوو. پاش ڕێکخستنی سوپایەک بەم جۆرە (هووەخشەتەر) وەک هیرۆدۆت دەڵێ هێرشی کردە سەر ئاشوورییەکان. ئاشوورییەکان خۆیان ڕاگرت لەبەر هێرشەکەدا بەڵام لە ئەنجامدا شکستیان خوارد و سوپای ماد بۆ جاری دووهەم چووە ناو خاکی ئاشوورەوە و گەمارۆی نەینەوای پایتەختیاندا، لە بەرئەوە دەزانرا ئابلۆقەی نەینەوا درێژە دەکێشێ بەهۆی قایم کردنی قەڵاکانیانەوە، هووەخشەتەر بەشێک لە سوپاکەی خۆی ڕاسپارد کە ناوچە بە پیتەکانی ئاشوور تاڵان بکەن و وێرانی بکەن، چونکە بڕیاری دابوو کە دوژمن تێک بشکێنێ و ناوی ئاشوور لە لاپەڕەی ڕۆژگاردا بسڕێتەوە. لێرەوە بە ڕوونی دەرئەکەوێ کە مادەکان تاچ ڕادەیەک ڕقیان لە دڵدا بووە بەرامبەر ئاشوور بە هۆی ئەو ستەمە کە ئاشوورییەکان چەندەها ساڵ لێیان کردوون.

بۆ پیشاندانی خۆشی نەتەوەکانی ژێر دەستی ئاشوورییەکان بەرامبەر بە ئابلۆقەدانی شاری نەینەوا، یەک دوو بڕگەی تەورات لەو بارەیەوە باس دەکەین کە تێیدا هاتووە: خوای گەورەی یەعقوب وەک گەورەیی ئیسرائیل دەگێڕێتەوە و تالانکەران ئەمان تالان دەکەن، سەری مل هوڕەکانیان سوور بووە (لە خوێندا)، ئینجا جەنگاوەرەکانیان بە جل و بەرگی سوورەوە، گالیسکە جەنگیەکانیان لە ڕۆژدا ئامادە دەکرێت کە لە پۆڵای بریسکەدارە، نێزەو ڕمەکانیان لە جوولاندایە، دەروازەکانی شار هەموو کراوەیە کۆشک ئەسووتێنرێ و دەتوێتەوە... نەینەوا لەو ڕۆژە کە دروست کراوە، وەک گۆلی ئاوی لێدێت، خەڵکەکەی هەموو ڕائەکەن، هەرچەند بانگیان دەکەن ڕاوەستن ڕاوەستن بەڵام کەس لاناکاتەوە. زیوەکان تاڵان بکەن، چی زێڕ هەیە ببەن، چونکە ئەوەی کە کۆی کردووەتەوە و کەل و پەلە جۆراوجۆرەکان هەر کۆتایی

نایەت، ئەو دڵی سووتاوە، ئەژنۆی هاتووەتە لەرزین، هەموو ناوقەدیان پڕە لە ئازار، ڕەنگی ڕوویان پەڕیوە، هاوار بۆ ئەو شارە خوێنڕێژە کە پڕە لە درۆو کوشتارو تاڵان و بڕۆی لێ دووړناکەوێتەوە، شریخەی قامچییەکان، دەنگی خڕەخڕی چەرخەکان، هەڵمەت بردنی ئەسپەکان تەکاندانی عەرەبانەکان سوارەکان هێرش دەبەن، شمشێرەکان دەدرەوشێنەوە، مێزەکان بریسکەیان لێ دەبێتەوە زۆری بریندارانن، بێشوماری کوژراوان و لاشەکان هەر کۆتایی نایەت و بەسەریەکدا کەوتوون.... ئەوەیە کە خواوەند سەبابوت دەڵێ: من دژی تۆم داوێنی تۆ هەڵدەدەمەوە و ناوگەڵت و ڕسوایی تۆ بۆ هەموو میللەت و وڵاتەکە دەخەمە ڕوو)).

## جرت و فرتی سکاکان لە ئاستی خۆرئاوادا

سوپای ماد بە سەرکەوتوویی دەچووە پێشەوە، ئەوەندەی نەمابوو پایتەختی گەورەی دەوڵەتی ئاشووری خۆی بدا بەدەستەوە، لە ناکاو هەواڵی هێرش هێنانی سکاکان لە ئازربایجان و ناوچەکانی دەوروبەری گەیشتە شای مادەکان و بۆی دەرکەوت کە چارەی نییە ئەوە نەبێت واز لە گەمارۆ دانی شاری نەینەوا بێنێ و بکەوێتە هەوڵی پاراستن و ڕزگارکردنی وڵاتەکەی خۆی. ئەوە بوو لەگەڵ سوپاکەیدا گەڕایەوە و ڕووی کردە دوژمن، لە نزیک دەریاچەی ورمێوە لەگەڵ سکاکاندا کەوتە شەڕو شکستی خواردو ناچاربوو ئەو مەرجە قورسانەی بۆیان دانابوو پەسەندی بکات.

سکاکان پاش ئەم سەرکەوتنە بۆیان دەرکەوت کە ئیتر کەس نییە بتوانێ ڕێگایان لێ بگرێ، چونکە ئاشوورییەکان بەهۆی شەڕی مادەکانەوە پەکیان کەوتووە و مادە سەرکوتووەکانیش کەوتنە ژێر دەستیانەوە، لەم ڕووەوە هەروا بەهۆی ئەوەوە کە لە وڵاتی ئاشووردا تاڵانییەکی وایان دەست نەکەوتبوو، دەستیان کرد بە جرت و فرت لە هەموو ناوچەکانی باکوری خۆراوای ئێراندا، لەئاشوور، دەوڵەتی وان، کاپادۆکیا، یەك بە یەك تاڵانیان کردن و تێکیان دا، هەروەها پێشڕەوییان کرد تا گەیشتنە کەناری دەریای سپی، لەم شوێنەدا چییان بەردەست کەوت تاڵانیان کرد، ئاوەدانییەکانیان وێران کرد، خەڵکەکانیان تەفروتوونا کرد. تەنها ئەو کەسانە بە زیندوویی دەرچوون کە پەنایان بردوو بۆ قەڵاکان و لەوێ خۆیان قایم کردبوو.

(فەسەمتێخ) پاشای میسر کە لەو کاتەدا سەرکەوتووانە وڵاتی شامی داگیر کردبوو هەر کە هەواڵی هێرشی سکاکانی بەرگوێ کەوت، خێرا بەرەو دواوە گەڕایەوە و چەند دیارییەکی نارد بۆ گەورەی سکاکان دوایی داوای لێ کرد لە هێرش کردنە سەر میسر پەشیمان ببێتەوە.

هاتنی سکاکان بۆ ناو خاکی ئێران

نازانرێ لە چ ڕێگایەکەوەیە. هیرۆدۆت دەڵێ: دوای کیمرییەکان کەوتوون و هاتوونەتە ئاسیای خۆراوا، هەندێك وای بۆ دەچن کە ئاشوورییەکان پاش ئەوەی تەنگەتاو کراون بەدەست کیمری و مادەکانەوە پەنایان بردە بەر سکاکان و داوای یارمەتییان لێکردن، بەڵام دەبێ ڕاستییەکە ئەوە بێت کە: هاتنی سکاکان بۆ ئاسیای خۆراوا پاشماوەی ئەو کۆچەی ئارییەکانە کە چەند سەدەیەك پێشتر دەستی پێکردبوو. ئارییەکان بە گشتی تاقم تاقم و گروپ گروپ بەناو خاکی ئێران و ئاسیای خۆراوادا ڕەت دەبوون، هەروەها جرت و فرتی سکاکان لە وڵاتی ماد و ئاسیای بچوکدا ساڵەها بەردەوام بوو. لە تەوراتدا بە روونی دەرئەکەوێ کە سکاکان و کوشتارو تاڵان کردنیان تا چ ڕادەیەك ترس و نیگەرانی لە دڵی خەڵکەکەدا دروست کردبوو لەو سەردەمەدا، ئورمیا دەڵێ: ئەی نەوەی بنیامین لە ئورشەلیم ڕابکەن، لە شاری (تەقوع) فوو بکەن بە کەرەنادا و نیشانەیەك لەسەر (بەیت هەکاریم) دابنێن و هەڵواسن، چونکە بەڵایەك لەلای باکورەوە و شکستێکی گەورە ڕوودەدات. خوداوەند وا ئەفەرموێت: نەتەوەیەك لە باکوری زەوییەوە دەهێنم. نەتەوەیەکی گەورە لەو پەڕی دنیاوە هەڵدەستن، کەوان و نیزە بە دەست ئەوانە پیاو گەلێکی زۆردارن بەزەییان بە کەسدا نایەتەوە، بە هات و هاواری خۆیان وەك دەریا هەڵمەت دەبەن و بە سواری ئەسپەوە وەك جەنگاوەران خۆیان دەڕازێننەوە دژی تۆ ئەی کچی سەهیۆن.ئێمە ئەو دەنگەمان بیست دەستمان شل بووە ئازارێکمان نۆشیبوو وەك ئەو ژنەی کە ژان دەیگرێت لە کاتی مناڵبووندا. نەچنە دەشت و دەر، بەڕێگادا مەڕۆن، چونکە شمشێری دوژمنان و ترسی ئەوان لە هەموو لایەکدا هەیە، ئەی کچی نەتەوەی من پەلاس لەبەربکە و خۆڵ بکە بەسەر خۆتدا، شین و شەپۆری کوڕی تاقانە مردوو بۆ خۆت بکە، چونکە تاڵان چییەکان لە ناکاو دەگەنە سەرمان، ستەم و زۆرداری دەم دەکاتەوە قورقوشم لە ئاگردا دەتوێتەوە، هەرزەگۆ وازلە هەرزەیی خۆی دێنێ، چونکە ئەم شەڕەنگێز و پیاو خراپانە جیانابنەوە)).

بە قسەی هیرۆدۆت بەزم و ڕەزمی ئەم سکایانە ماوەی بیست و هەشت ساڵ درێژەی کێشا، لەم ماوەیەدا ئەمانە باج و سەرانەیان لە خەڵك وەئەگرت و لەگەڵ ئەوەشدا تاڵانیان ئەکردن. لە ئەنجامدا، هووەخشەتەر شا سەرکردەی سوپای سکاکانی بانگهێشت کرد بۆ میوانی کە ناوی (مادییس) بوو کوڕی (بارتۆیی) لەگەڵ هەموو سەرکردەکانی سوپاکەیدا پاش ئەوەی کە هەموویان سەرخۆش بوون کوشتنی و پاشان لەگەڵ سوپاکەیدا کەوتە شەڕ و لە بەرئەوەی کە سەرکردەیان نەمابوو بەرگەیان نەگرت و بە شکاوی وڵاتی مادیان بەجێ هێشت.

## سکاکان لە کوێوە هێرشیان کردە سەر ئێران و چەندێك لە خاکی ماددا مانەوە؟

دەربارەی ئەوەی کە سکاکان لە کوێوە هاتنە خاکی ماد و ئاسیای بچوك، دەبێ باوەڕ بکەین کە ئەوانە لەلای قەوقازەوە هاتوون، واتە لە پشتی کێوەکانی قەوقازەوە ڕوویان کردۆتە باشورو لەو دەربەندە کە تێپەڕیون و هێرشیان کردۆتە سەر ئازربایجانی ئێستا، چونکە هیرۆدۆت لەم بارەیەوە دەڵێ : دووری نێوان دەریاچەی (میئۆتید) و ڕووباری فازیس و کولخید، بۆ پیادەی گورج و گۆڵ و ساغ سێ ڕۆژ ڕێگایە، مەودای نێوان کولخید و ماد زۆر نییە و لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا تەنیا خەڵکی (ساس پیر) نیشتەجێن، کەچی سکاکان ئەم ڕێگا کورتەیان وازلێهێناوە و لە ڕێگای بەرزتر و دوور ترەوە هاتوون بە جۆرێك شاخەکانی قەوقازیان خستووەتە لای ڕاستی خۆیانەوە)).

دەریاچەی (میئۆتید) ڕووباری (ئازوو)ی ئەمڕۆیە، ڕووباری (فازیس) (ریون)ی ئێستایە و (کولخید) لازستانی چەند سەدە دواتر یان گورجستانی خۆراوایە. لەبەرئەوە هیرۆدۆت دەیەوێت بڵێت کە ڕێگەی نزیکی خۆیان دوور خستووەتەوە و لە کەناری دەریای خەزەرەوە تێپەڕیون، وەك پاشتر باس دەکرێت، هاتنی خەڵکەکانی باکور بۆ ئێران لە سەدەکانی پاشتردا هەر لە دەربەندەکانی قەوقازەوە، وەك دەربەندی کەناری دەریای خەزەر و دەربەندی (داریال)ی گورجستانەوە بووە. لەم قسەیەی هیرۆدۆتەوە دەرئەکەوێ کە لەو سەردەمانەدا بە دەربەندا تێپەڕیون و ڕێگەکەی تر هەرچەند نزیکتر بووە هاتووچۆی پیانەکراوە، ڕەنگە لە بەرئەوە بووبێت کە هەندێ کۆسپی سروشتی کەوتبێتە سەر ڕێگاکەیان. لێرەدا جێی خۆیەتی ئەوە بگوترێ کە هەندێ لێکۆڵەرەوە گریمانەی ئەوەیان باس کردووە کە سکاکان لە دهستان، گورگان، تەبەرستان و گەیلانەوە بەرەو ئازربایجان ڕۆیشتبن و وەك لە خوارەوە دێت (کتزیاس)یش هەروای گوتووە، ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕاست بێ دەبێ بڵێین کە سکاکان لە دوولاوە هێرشیان کردووەتە سەر خاکی ئێران، ئەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە زۆربەی مێژوو نووسەکان ماوەی مانەوەی سکاکانیان لە ئێران بە ٢٨ ساڵ داناوە. ئەگەر ورد سەیری بابەتەکە بکەین ئەو ماوەیە لەگەڵ ساڵانی ڕووداوەکە ڕێك ناکەوێت، چونکە هووەخشەتەر لە ساڵی ٦٣٣ی پێش عیسادا چووەتە سەر تەخت و وەك هیرۆدۆت باسی دەکات سوپایەکی ڕێك و پێکی ڕێکخست پاشماوەیەك لەگەڵ ئاشوورییەکاندا کەوتە شەڕەوە و شاری نەینەوای ئابلۆقەدا ئەوەندەی نەمابوو داگیری بکات کە سکاکان لە باکوری خۆراوای ئێرانەوە سەریان هەڵدا. ئەوەش ئاشکرایە کە شای ماد لە ساڵی ٦٠٦دا نەینەوای داگیر کرد و ئەگەر دڵنیا

نەبوایە لەوەی کە پشتی قایمە و سکاکان ئێرانیان بەجێ هێشتووە، دەستی نەئەکرد بە جەنگێکی لاوەکی لەگەڵ ئاشوورییەکاندا لە بەرئەوە ئەگەر ماوەی مانەوەی ئەوان لە ئێراندا بە بیست و هەشت ساڵ دابنێین، مێژووی ئەو ڕووداوانە لەگەڵ یەکدا ناگونجێ، چونکە دەبێ ئێمە ئەوە بزانین کە لەو کاتەی هووەخشەتەر چووەتە سەر تەخت تا ساڵی ٦٠٥ سەری قاڵبووە بە سکاکانەوە، لەم حاڵەتەشدا فرسەتی ئەوەی نابێت خەریکی ڕێکخستنی سوپای ماد و شەڕی یەکەم و خۆ ئامادە کردن بۆ شەڕی دووهەم لەگەڵ ئاشووردا بێت. ئەوەش هەرئاشکرایە کە پاش شکست هێنانی فرورتیش لە شەڕی ئاشوورییەکاندا، شای تازە کە لەسەرەتای چوونە سەر تەختدا ڕووبەڕوی چەند گرفت و کێشە بوو بوویەوە، نەیدەتوانی یەکسەر بێ خۆئامادەکردن لەگەڵ ئاشوورییەکاندا دەست بەشەڕ بکات. بەم پێیە مانەوەی سکاکان لە خاکی ماد و ئێراندا کەمتر بووە لە بیست و هەشت ساڵ.

## داگیرکردنی شاری نەینەوا و لەناوچوونی دەوڵەتی ئاشوور

هووەخشەتەر پاش ئەوەی سکاکانی لە ئێران ڕاونا، جارێکی تر کەوتەوە سەر خەیاڵە کۆنەکەی خۆی بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی ئاشوور. لێرەدا پێویستە تیشکێك بخەینە سەر دەوڵەتی ئاشوور لەو سەردەمەدا، بزانین ئەم دەوڵەتە لەچ بارودۆخێکدا بوو و شای ماد بەتەمای لە ناوبردنی چ جۆرە دەوڵەتێك بوو.دەوڵەتی ئاشوور لە نیوەی سەدەی حەوتەمی پێش عیسادا، واتە چل ساڵ پێش لەناوچوونی گەیشتبووە لوتکەی گەورەیی خۆی: میسر ملی بۆ کەچ کرد، لیدیا لە حاڵەتێکی بێزاریدا دەژیا، دەوڵەتی عیلام دوژمنی دێرینی ئاشوور وێران کرا. شانشینی وان پرکیشی نەئەکرد سنورەکەی ببەزێنێت، شارستانییەتی بەرزی مادەکان پرشنگی دایەوەو بۆ خەڵکێکی کەم ژمارەی وەك ئاشووری ڕاگرتنی ئەم هەموو وڵاتانە زۆر دژوار و بەڵکو لە کردە نەدەهات.

ڕاستە ئاشوورییەکان لە پێناوی ئەوەدا کە ئەو نەتەوانەی ژێر دەستیان هەردەم لە حاڵەتی ترسدا بژین و فەرمانڕەوایی خۆیان لە هەموو ناوچەی خۆراوای ئاسیاوە تا بیابانی (لووت) دابین بکەن، پەنایان ئەبردە بەر دڕندە گەرییەکی بێ وێنە و ئەو نەتەوانەیان خستبووە بارێکی مەترسیدارەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانە هەموویدا نیشانەکان ئەوەیان دەخستە ڕوو کە ئەمانە ناتوانن درێژە بە ستەمکاری خۆیان بدەن و دەسەڵاتەکەیان بپارێزن، لە کاتێکدا کە ئاشوورییەکان کەوتبوونە ژێر گوشاری ئارییەکانەوە شای ئاشوور ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر چەند شێوازێکی تر بۆ

مانەوەی خۆی جگە لە شکر کێشی و کوشتن و تالآن و برۆ. ئەمەش بە هاندانی هەندێ لە نەتـــەوە ئارییـــەکان دژی ئـــەوانی تـــر و خستنەوەی دوو بەرەکی لە ناویاندا. بۆ نمونە (ئەسەرحەدون) کچێکی خـۆیدا بـە گـەورەی سکاکان و ئاشوور بانیپاڵیش هەندێ شێواز و پیلانـی جۆراوجـۆری لـە میسـر و لیدیـەدا بـەکارهێنا. ئـەم جـۆرە کارانـە هەرچـەندە بەشـێوەیەکی کـاتی ئـەنجام و سـوودێکیان هـەبوو؛ بـەڵام دیـاربوو کـە دەوڵـەتی ئاشـوور پاش ئەو جەنگە بەردەوامانەی لەگەڵ عیلامدا توانا و هـێزی خـۆی لـە دەسـت داوە، چونکـە دەبینین دەوڵەتی لیدیە دەستی یارمـەتی بـۆ میســـر درێـــژ کـــرد لـــە دەرپـــەڕاندنی ئاشوورییەکان لە میسردا و ئاشوور بانیپـاڵ بـە کەمتەرخەمییەکـەوە سـەیری بارودۆخەکـە دەکات.

هێرشی مادەکان بۆ سەر دەوڵەتی ئاشوور هەرچەند بەهۆی پەلاماردانی سـکاکانەوە بـۆ سەر ئاسیای خۆراوا بـێ ئـەنجام بـوو، بـەڵام تـاڵان کردنـی ناوچـەی باشـووری دەوڵـەتی ئاشوور و سووتاندن و وێرانکردنی پایتەختی دێرینی ئەو وڵاتە، واتە شاری کالەح گورزێکی کوشندە بوو بەر دڵی دەوڵەتی ئاشوور کەوت. جرت و فرتی سکاکانیش لە ئاسیای خۆراوادا بە تەواوی ڕونیکردەوە کە نەینەوا و دەوڵەتی ئاشوور ئەو هێزە باڵادەستە نییە کە بتوانێ خەڵکی شارستانی ئەو سەردەمە بپارێزێ لە دەســـتدرێژی خـــەڵکانی بـــاکورو تەمـــەنی دەوڵـەتی ئاشـوور بـەرەو کۆتـایی دەچێـت. ئاشکرایە کە نەتەوە ژێر دەستەکان بە تەواوی هەستیان بەم خاڵە کردبوو ئاشوور بانیپاڵ لە سـاڵی ٦٢٥ ی پێش عیسـادا مـرد و بـەدوای مردنـی ئەویشـدا (نـابو بلاسـەر)ی حـاکمی ئاشـوور لـە بـابل لـە دەوڵـەت یـاخی بـوو و زنجیرەیـەکی تێکـەڵ لـە بـابل و کلدانییـەکان دروست کرد. پاش ئاشوور بانیپاڵ کوڕەکەی (ئاسور ئیتیل ئیلانی ئوکینی) لەسەر تەخت دانیشـت و دەسـتی کـرد بـە نوێکردنـەوەی (کالەح). براکەی کە ناوی (سین شاروکین) بوو و یۆنانییەکان بە (سارئۆکس) ناوی دەبەن لە ٦٢٠وە تا ٦٠٧ی پێش عیسا فـەرمانڕەوایی کـردو لەسـەردەمی ئـەودا دەوڵـەتی ئاشـوور لـەناوچوو. لەگـەڵ ئـەوەدا کـە لـەناو چوونـی دەوڵـــەتی ئاشـــوور یەکێکـــە لـــە ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی ڕۆژهەڵاتی کۆن. زانیاری ئێمـە دەربـارەی ئـەم ڕووداوە گەورەیـە تـا ماوەیـەك لەمەوبـەر تـەنیا ئـەو نووسـینانەی هیرودوت، کیتزیـاس، بیروس بـوو، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٠١ی پـاش عیسـادا دەسـتەیەك لـە زانایـانی شوێنەوارناسـی ئەڵمانی لە کـاتێکدا سـەرقاڵی هەڵکەندنی شوێنەواری بـابل بـوون، دوو بەڵگـــەی گرنگیـــان ســـەبارەت بـــە لـــەناوچوونی دەوڵـــەتی ئاشـــوور کەوتـــە بەردەســـت. یـەکێك لـەو دوو بەڵگەیـە هـی (نـەبونائید)ی پاشـای بـابلی هاوچـەرخی

(کورش)ی گەورەیە و ئەویتریشیان لوولەیەکی نووسراوە کە هی خودی (نابو بلاسەر)ی پاشای بابل و هاوپەیمانی هۆوەخشەتەرە کەوتووەتە بەر دەست، لێرەدا ئێمە ناوەڕۆکی هەریەک لەم دوو بەڵگەیە باس دەکەین و دواتریش باسی نووسینەکانی کتزیاس دەکەین لەم بارەیەوە.

سەرەتا دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە سەبارەت بەروخانی نەینەوا سەرچاوە کلدانییەکان لەگەڵ سەرچاوە یۆنانییەکاندا ناکەونە یەك. بیروس لە قسەی (ئابیدین)ەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: کاتێك هەواڵ گەیشتە پاشای ئاشوور کە سوپایەك لە دەریاوە وەك میرولە و کوللە هاتوونەتە دەرو هێرش دەکەنە سەر شاری نەینەوا، کاربەدەستێکی گەورەی بە ناوی (بوسالوس سورە) نارد بۆ بابل، ئەو لە بابل یاخی بوو لە شای ئاشوور، (ئاموخە)ی کچی ئاستیاگ ی پاشای خواست بۆ کوڕەکەی خۆی کە ناوی (بەختە نەسر) بوو و پاشان رووی کردە شاری نەینەوا و پاشای ئاشوور کە ئەم هەواڵەی بیست کۆشکەکەی ئاگرتێ بەردا. ئەم قسەیەی (بیروس) بە شتێکی نامۆو سەیر دێتە پێش چاو، چونکە یەکەم، پاشای ماد لەو سەردەمەدا ئاستیاگ نەبوو. دووهەم، لە باس کردنی مێژوونووسی ناوبراوەوە وا دەردەکەوێت کە ڕوخانی نەینەوا تەنیا بە هۆی دژایەتیکردنی سەرکردەیەك کە یاخی بوو بوو لە بابلدا ڕوویداوە، کەچی دوژمنی دێرینی دەوڵەتی ئاشوور مادەکان بوون و شای مادەکان خۆی سەرپەرشتی ئەو سوپایەی دەکرد کە ئابڵوقە و گەمارۆی نەینەوای داوە، مێژوو نووسان لایان وایە کە بیروس بە هەڵەدا چووە و یەکێك لە شاکانی ماد کە (ئاستی بەراس)ی ناوبووە لەگەڵ (هووخ شەتەر)دا تێکەڵ کردووە و ئەو دووانەی بەیەك داناوە. ئەگەر بەسەر ئەم خاڵەشدا تێپەڕین، لە لایەکی ترەوە، دەستەواژەی (سوپایەك لە دەریاوە هاتە دەر) ماناکەی نادیار و ئاڵۆزە.

هیرودوت بە پێچەوانەوە دەڵێت کە ڕووخانی نەینەوا بە هۆی هێرش و لەشکر کێشی شای مادەوە بووە. لێکۆڵەرەوەکان بۆ نەهێشتنی ئەم ناکۆکییەی نێوان سەرچاوە کلدانییەکان و هیرودوت زۆر هەوڵیان دا، تا لە کۆتاییدا چەند تابلۆیەك لە (نەبوئید)ی دوایین شای بابلەوە کەوتە دەست کە ئەو جیاوازی و ناکۆکییە لە ناودا ناهێڵێ. شای ناوبراو دەڵێ (سەنحاریب خراپەی زۆر کرد بەرامبەر بابل، پەرستگاکانی وێران کرد، پەیکەرەکانی لەناو بردو شوێنە پیرۆزەکانی پیس کرد، دەستی دا لە دەستی مەردوخ (خوای گەورەی بابلیەکان) و پەیکەرەکەی برد بۆ وڵاتی ئاشوور. ڕق و کینەی مەردوخ سەبارەت بە بابل دانەمرکایەوە بیست و یەك ساڵ ئەو پەیکەرە لە وڵاتی ئاشووردا مایەوە، تا ڕق و کینەی ئەو بەرامبەر بە بابل دامرکایەوە و پاشای

ئاشووری کە وێران کەری ولاٌتی مەردۆخ بوو بە شمشێری کورەکەی کە لە خوێنی خۆی بوو (بەشێك لە تابلۆکە گوم بووە).........

مەردوخ شای (ئوم مان ماند) واتە مادەکانی بە یارمەتی دەری ((نابو بلاسەر)) داناو، ئەو کە مرۆڤێکی بیٚ وێنە بوو، لەسەر فرمانی مەردوخ، خێرا چوو بۆ یارمەتیدانی (نابو بلاسەر)، لەسەر و لەخوارو لە ڕاست و لە چەپەوەلافاو ئاسا ڕوویان کردە ئاشوور و تۆڵەی بابلیان لێکردەوە. شای مادەکان کەسێکی ئازایە، چی پەرستگای خواکانی ئاشوور هەبوو، هەمووی وێران کرد و هەروەها ئەو ناوچانەی ولاٌتی ئەکەد کە دژی شای ئەکەد بوون وێرانی کرد. پاشای بابل زۆر دڵگران بوو لەو ڕەفتارەی بەرامبەر مەردۆخ کرابوو، ئەو دەستی نەبرد بۆ شوێنە پیرۆزەکان، لەسەر ئەو بنەمایە وێرانکارییەکانی پەرستگاکانی ئاشوور بە دەستی کەسانێکی دەرەوەی ئایین، (بەربەرەکان بەجیٚ گەیەنرا). لە نووسینی سەر ئەم تابلۆیەوە دەردەکەویٚ، بابلیەکان بەهۆی ڕەفتارو کرداری توند و تیژی ئاشوورییەکان بۆ هەلێك دەگەڕان تۆڵەی خۆیان بکەنەوە. ئەو کاربەدەستەی ئاشوور کە بۆ بابل دانرابوو و خۆیشی دەڵیٚ کە بابلییە یاخی بووە و ویستویەتی شارەکانی ولاٌتی نێوان دوو ڕووبار داگیر بکا. (ڕەنگە میسریش هەر خەیاڵی ئەوەی هەبوویٚ و بابل دەستی خۆی پێش خستبیٚ).

شەڕ دەستی پێکردو ئاشوورییەکان بەرگرییان کرد و پێی یان دا گرت، لە ئەنجامدا (نابو بلاسەر) سەرکەوتنێکی بە دەست نەهێنا، لە مادەکانی دوژمنی دێرینی ئاشوور داوای کۆمەك و یارمەتی کرد. پاش ئەوە هووەخشەتەر کە خۆی لە خەیاڵی هێرش کردندا بوو بۆ سەر ئاشوور و بارودۆخەکەی بە هەل زانی و لەگەڵ شا یاخییەکەی بابلدا یەکیان گرت و کاری ئاشوورییان یەکلا کردەوە. سەبارەت بەوەی کە لە تابلۆکەدا هاتووە، بە یارمەتی مادەکان ناوچەکانی ولاٌتی ئەکەد وێران کراوە، ئاشکرایە کە شارە کۆنەکانی ولاٌتی ئەکەد، لەبەرئەوەی لایەنگری ئاشوورییەکان بوون نەیانویستووە یارمەتی بابل بدەن، بە هەرحاڵ وادیارە کە شای بابل نەیتوانیوە بەرەنگاریان بێتەوە و بە کۆمەك و یارمەتی مادەکان سەرکەوتووە بە سەریاندا. لێرەوە دەرئەکەویٚ کە لایەنی بەهێز لەم شەڕانەدا مادەکان بوون. بە گوێرەی نووسینێکی تری (نەبوئید)،(حەڕان) کە بەلای ئاشوورییەکانەوە شوێنێکی پیرۆز بووە، لەم سەردەمەدا وێران کراوە. سەبارەت بە بتەکانی شای ناوبراو گوتوویەتی، مادەکان ئەو بتانەیان داوە بە بابل و نێردراون بۆ ئەویٚ.

(نابو بلاسەر) لە یەکیٚ لە نووسینەکاندا کە لەوەوە گەیشتووەتە دەست، شانازی بە خۆیەوە دەکاو دەڵیٚ: ئاشوورم داگیرکرد

وڵاتی دوژمنه کانی خۆم کرد بە گردێك لە خاك وخۆڵ و وێرانم کرد. جۆرە باسکردنێکی واله زمانی پاشای بابلەوە شتێکی ئاسایی یە ، چونکه نەی ویستوه خۆی واپیشان بدات کەقەرزاری مادەکانە ، بەڵام تابلۆیەکی تر کەهەرهی ئەوە ناوەرۆکەکەی دەڵێ : (( نابو بلاسەر پادشای راستی، شوانێك کە خواوەند مەردوخ داوای ئەوی کردووە ، منێکی ناچیزەو کوری ناچیزەیەك، هەموو کاتێك پەرستگا پیرۆزەکانی (نەبو)و(مەردوخ)م رێز لێ گرتووە و هەموو ئاواتم ئەوەبووە یاساو بریارو رێنماییەکانی ئەوان جێبەجێ بکرێت خوایەك کە لە ناوەوەی مرۆڤ بە ئاگایە و لە دڵی خواکانی ئاسمان و زەوی ئاگادارەو چاوی لەو رێگایەوەیە کە خەڵك پیا ئەرۆن، چووەتە دڵی منەوە، منی ناچیزەی کردووە بە گەورەی ئەو وڵاتەی کە تیایدا هاتوومەتە دونیاوە و فەرمانرەوایی وڵات و خەڵکێکی بە من بەخشیوە. ئەو رۆحێکی ناردووەتە خوارەوە کە من بپارێزێ و یارمەتیم بدا لە ئەنجامدانی کارەکانمدا. ئەو خوایە (نرگال)ی کردووە بەرێ پیشاندەری من کە شکۆمەندترینی خواکانە، دوژمنەکانی منی گوێرایەڵ و ملکەچ و ناحەزانمی سەر شۆرکردووە. ئەو ئاشوورییانەی کە لە دێر زەمانەوە فەرمانرەوایی هەموو گەلانیان کردووە و بە کۆتی قورسی خۆیان هەموو نەتەوەکانیان هێناوەتە ژێر بار، منێکی بێدەسەلات و هیچ و پوچ، بەهۆی پەرستنی خوای خواکانەوە بە کۆمەك و یارمەتی، تواناو هێزی سەرسورهێنەری (نەبو) و (مەردوخ)ەوە دوو هاورێی هەڵبژاردەی خۆم، دەسەڵاتی ئاشوورییەکانم لە وڵاتی ئەکەد کۆتایی پێهێناو وڵاتم لە کۆت و زنجیری ئاشوورییەکان رزگارکرد).

ئەم نووسینە لەگەڵ نووسراوەکەی تری (نەبوپالاس سار)دا جیاوازی هەیە، لەورووەوە کە شای بابل لەم نووسراوەیاندا بچوکی و خۆبەکەم زانینی خۆی خستووەتە روو. رەنگە ئەم نووسراوەیان پاش سەرکەوتن و داگیرکردنی ئاشوور بلاو بووبێتەوە و شای بابل ویستبێتی خۆی بە کەسێکی پیرۆز پیشانی خەڵك بدا، بۆ ئەوەی سۆزی خەڵکی بابل بەلای خۆیدا رابکێشێ. ئەم خاڵە گرنگ نییە، بەڵام سەرنج رائەکێشێ چونکە شای بابل لەم نووسینەدا هیچ باسێکی ئەکەد ناکات و خۆی نادات لە قەرەی شەری لەگەڵ ئاشوورییەکان و ئابلوقەی شاری نەینەوا. لە ناو هێنانی (نرگال)ەوە (کە خوای شەرو تاعونە. و) وا دەرئەکەوێ کە تاعون و نەخۆشی چاوە قووڵە بلاوبووبێتەوە و ئەمە کاری دوژمنەکانی دەوڵەتی ئاشووری ئاسان کردبێت، هەروەها ئەوەشمان بۆ دەرئەکەوێ کە ئاشوورییەکان زۆر بەرگرییان کردبێ و

دوژمنەکانیان بەهۆی بارودۆخی لە بارەوە توانیبێتیان سەرکەون و ئەو میردەزمەی گەلانی ئاسیای خۆراوا لە ڕیشە دەربێنن.

لە نووسراوی ناوبراودا هەروەها ئەوە بەرچاو دەکەوێ کە ئاشوورییەکان فەرمانڕەواییان کردووە بەسەر گەلانی ئاسیای خۆراوادا، ئەم شوێنەی نووسراوەکە بە تەواوی لەگەڵ نووسینەکانی هیرودوت و ئەوەش کە لە تەوراتدا هاتووە لەو بارەیەوە، ڕێکن، هیرودوت داگیرکردنی نەینەوای داوەتە پاڵ (هووەخشەتەر) یا وەك ئەو دەڵێ (کەیاکسار) و گوتوشیەتی کە چۆنیەتی داگیرکردنی پایتەختی ئاشوور دواتر باس بکات، بەڵام ئەم وەعدەی خۆی لە بیرکردووە و ئەم بەشە هەروا بە باس نەکراوی ماوەتەوە. بیروس وەك لە سەرەوە باسکرا نووسیویەتی کە پاشای ئاشوور ئاگری بەردایە کۆشکەکەی وخۆی و خێزانەکەشی لەو ئاگرەدا سووتابن. کیتزیاس نووسیویەتی کە ڕووباری دیجلە بەشێك لە دیواری شارەکەی ڕماند. ناحوم دەڵێ: (دەروازەی ڕووبارەکان ئەکرێنەوە و کۆشك خاپوور دەبێ).

دەربارەی مێژووی وێران کردنی نەینەوا، دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ: ئیوسیویوس مێژووەکەی بە ساڵی یەکەمی چل و سێهەمین ئولومپیاد داناوە. (پرونیم)یەکساڵ چووەتە پێشەوە. (تەورات)یش ئەو ساڵەی بە ساڵی کوژرانی (یوشەیا) لە شەڕی میسرییەکاندا داناوە (وەك دواتر باسی دەکەین). نەبو ئیدی پاشای بابل دەڵێ: پەرستگای حەڕان پەنجاو چوار ساڵ پاش وێران کردنی، سەر لەنوێ دروست کردووەتەوە. بە گوێرەی ئەم زانیارییانە مێژووی وێرانبونی نەینەوا یان بە ساڵی ٦٠٧ی پێش عیسا زانیوە و هەندێکیش بە ٦٠٥ و ٦٠٦یان زانیوە. نەینەوا پایتەختی دەوڵەتی دێرینی ئاشوور کە تا ماوەیەك پێش وێران بوونی پایتەختی هەموو ئاسیای خۆراوا بوو و یەکێك بوو لە شارە هەرە گەورەکانی ئەو سەردەمە، وەها ژێرو ژوور کرا کە جگە لە چەند وێرانەیەك هیچی لێ نەمایەوە.

دوو سەدە پاش ئەوە، کاتێك کە سوپای یۆنانیەکان بە سەرکردایەتی (کوزینفون) لە کالەح و نەینەوا وە تێدەپەڕین، ڕێ پیشاندەرە یۆنانییەکان، شوێنی کۆنی ئەم دوو پایتەختەیان بە (لاریسا) و (میس پیلا) ناوبردووە، کە زینفون لە کتێبەی خۆیدا بە ناوی (پاشەکشەی دە هەزار کەس) دەڵێت (لەو شوێنەدا پاشماوەی شارێکی گەورە بوو کە (لاریسا)یان پێدەگوت و لەسەردەمی کۆندا

شوێنی نیشتەجێ بوونی مادەکان بووە. هەر لە هەمان بەشی کتێبەکەدا، مێژوو نووسی ناوبراو، بە ناوەڕۆکێکی لەو جۆرەوە باسی (میس پیلا)ی کردووە. بە خەیاڵی کزنیفون و هاورێکانیدا نە دەهات کە لەم شوێنانەدا سەردەمێك چارەنووسی دەوڵەت و نەتەوەکان دیاری دەکرا. دەوڵەتی ئاشوور پاش ئەم گورزە ئیتر نەیتوانی ڕاست ببێتەوە و وەك دواتر باس دەکرێت، لە دابەشکردنیدا بەر ولآتی ماد کەوت، پاش لەناوچوونی دەوڵەتی مادیش بوو بە بەشێك لە دەوڵەتی هەخامەنشییەکان و پاشتر کەوتە دەستی ئەسکەندەر و سلوکییەکان. لەناو چوونی دەوڵەتی ئاشوور بەو خێراییە، لەگەڵ ئەو هەموو ناوبانگ و توانایەی کە هەیبوو بووە هۆی سەر سوڕمان، تەنیا چل ساڵ دوای ئەوەی کە دەوڵەتی عیلامی لەناوبرد خۆیشی بەو دەردە ڕۆیشت. لەبەرئەوەی کە لایەنەکانی ئەم ڕووداوە گرنگە لە سەرەوە نووسراوە کۆتایی بە باسەکە دێنین لەم بارەیەوە.

نەینەوای وێران و خاپوور لەسەردەمی ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمدا کرا بە سەربازگەیەك مێژوو نووسە یۆنانی و ڕۆمەکان هەموو ولآتی نێوان دوو ڕووباریان بە ولآتی ئاشوور داناوە و هیرودوتیش ولآتی بابلی بە ئاشوور داناوە و ئێستاش ڕشتەی زمان و ئاسەوار ناسی بابل و ئاشوور، هەر بە (ئاشوورناسی) ناو دەبرێت، بەڵام دەبێ بگوترێ کە لە دەوڵەتی ئاشوور، هەر ئەوە مایەوە. چونکە ژیانی سیاسی و زانستی و ئەدەبیاتی ئاشوور هەمووی لە ناوچووە. هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان لایان وایە کە زمانی ئاشووری و نووسینی بزماری لە سەردەمی دەسەڵاتی ئاشوورییەکاندا لە دەربارى شاکاندا پارێزراوە و لە ناو خەڵکدا زمان و نووسینی ئارامی بەکارهێنراوە.

(لە کتێبی مێژووی ئێرانی کۆن)

## ماوەیەتی بۆ ژمارەی داهاتوو

## ئاسیای خۆراوا پاش ڕوخانی نەینەوا

# تیشکێکی نوێ لەسەر خوورییەکان و سۆبارییەکان

لێکۆڵینەوەی : ئای. جەی. گێلب
گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە : محەمەد حمە صالح تۆفیق

بەگشتی وا زانراوە کەوا دوو توێژەر بەناوی سپایزەر Speiser و ئونگناد Ungnad پێشەنگی لێکۆڵینەوەن لەسەر دانیشتوانی ڕەسەنی میزۆپۆتامیا، بەڵام لە کاتێکدا کە سپایزەر ناویان لێدەنێت (خووری) و ئونگناد بە (سۆباری) ناویان دەبات. بە گوێرەی ئەنجامی کارو بۆچوونەکانی ئەوان و لە ڕووی پراکتیکەوە هەردوو تێرمەکە بە گشتی تا ئێستا بەجێن.

بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەی من، وەك لە خوارەوە باس دەکرێت، جیاوازی کردنە لە بواری ئەتنیك و زمانەوانیدا لە نێوان خووری و سۆبارییەکاندا:

((من ئومێدەوارم کە بتوانم لە ئێستاوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە بسەلمێنم کەوا پێویستە جیاوازییەکی تەواو لە نێوان ئەم دوو یەکە ئەتنیکییە جودایەدا بکرێت کە پەیوەندییان بە یەکەوە نیە: سۆبارییەکان، کەوا لە سەردەمە بەراییەکانی مێژووەوە نەك هەر ناوچە شاخاوییە بەرفراوانەکانی باکووری وڵاتی بابلیان داگیر کردبوو بەڵکو لە بابلیشدا بە ئاشتی شان بەشانی سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان پێکەوە دەژیان، هەروەها لەگەڵ خوورییەکانیشدا کە دواتر لەسەر شانۆی وڵاتی میزۆپۆتامیا دەرکەوتن و پاشان ڕۆڵێکی بایەخداریان بینی لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا لە ناوەڕاستی هەزارەی دووهەمی پێش زاییندا. لەو دەمەدا کە خوورییەکان بۆ یەکەم جار هاتنە سەر شانۆی میزۆپۆتامیا سۆبارییەکان مێژوویەکی درێژیان هەبوو. مێژووی دواتری هەردوو یەکە ئەتنیکییەکە ماوەیەکی دووردرێژی سەربەخۆیی و پەیوەندیی بەیەکەوە نەبوونی گەڵاڵە کرد. تەنها لە هەزارەی دووەمدا، کاتێك کە خوورییەکان ئەو ناوچەیەیان داگیر کرد کەوا پێشتر سۆبارییەکان تێیدا بوون، ڕەنگە پشێوی و ئاڵۆزییەك دروست بووبێت)). ئەو کەش و هەواو بارودۆخەی جیاوازی نێوان خوورییەکان و سۆبارییەکان دەگەیەنن لە سێ

خاڵی بەرچاودا خۆیان دەسەپێنن:

١-نـاوی سـۆبارییەکان لـە تیکسـتەکانی بنەماڵەی فەرمانڕەوایی سێیەمی ئووردا (وەك ئـەدابونی Addabuni، باربـاراگی Barbaragi، بوڵبـات Bulbat تـاد) جیـاوازن لـە نـاوی خوورییـەکان لـە هـەمان سـەردەمدا (چەشنی Akap-Šen، Arip-atal، Hupitam تاد).

٢-خوورییـەکان جیاوازییـان لەگـەڵ سـۆبارییەکاندا لـە پەیکـە قوڕینەیـەکدا دەردەکەوێت کە لە ڕاس شەمرا دۆزراوەتەوە.

٣-خوورییەکان بە هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتیـان وتـووە (ئەراشـی Arašših یـان ئـەرانزی Aranzih و پورانتـی Puranti) کـە جیاوازە لـە نـاوی سۆبارییەکان بـۆ هـەردوو ڕووبارەکـە (ئـەرانزو Aranzü یـان ئەرانسـو Aransuh و ئوروتتو Uruttu).

ئەنجامی سەرەکی توێژینـەوەکانم لەسـەر خوورییەکان و سۆبارییەکان، بە پێداگرتنـەوە لەسـەر جیـاوازی نێـوان سـۆبارییە کۆنـە سەرەتاییەکان و خوورییـە تـازە هاتووەکـان، بەسڵی و نابـەدڵی یـان بـە گـەرمی، لـە لایـەن زۆربـەی ئـەو کەسانەوە وەرگـیرا کـە بەسـەر لێکۆڵینەوەکـەمدا چوونەتـەوە ئەمـەش پـتر خاڵێکی جیاکەرەوە بوو لـە لێکۆڵینەوەیـەکی گەورەی هەمان بابەت لەلایەن قەشە ئۆکالاگان O'callaghan Father ەوە لـەم دواییـەدا.

تەنانـەت پێـش ئـەوەی کـە مرەکـەبی پێداچوونـەوەی ئـەم دواییـەی خـووری و سـۆبارییەکان وشـك بێتـەوە فاکتـەرێکی بێزارکـەر هاتـە ئـاراوە، ئـەویش بابەتێکـە سەبارەت بـە بڵاوکردنـەوەی باسـێك لەسـەر شێرێکی مسین و پەیکە قوڕینەیەکی نووسراو بە زمانی خووری، دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمی ئوری سێهەم، لارسا یان بابل. ئەگەر مێژووی ئەم تابلۆ قوڕینەیە ڕاست بێت، مانـای ئـەوە دەگەیـەنێت کـەوای بـۆ بچین خوورییەکان لـە میزۆپۆتامیـادا بوونیـان بـۆ لـەوەو پێشـتر دەگەڕێتەوە وەك پێشتر بیری لێدەکرایەوە تازە هاتووە نەبوون بۆ ئەم ناوە. بە پشت بەستن بە مێـژوو ئـەو پەیکـە قوڕینـەی خوورییـەکان O'callaghan لـە خـەمڵ و مـەزەندەکانی پێشـوویدا لاواز بـوو داوای نوێکردنـەوەی گفتوگۆی دەکرد لەسەر مەسەلەی خـووری و سۆباری.

بەڵام سپایزەر کەوتـە کنـە لەسـەر بەڵگـە تازەکە بۆ بەراوردکردنی بۆچوونە کۆنەکەی لـە بـارەی ڕەگـی کۆنینـەی خوورییەکانـەوە. بەڵام ئایا تـابلۆ نوێکـەی خوورییـەکان هێنـد کۆنە وەك بڵاوکەرەوەکانی بۆی دەچن؟ ئەگەر واش بێت ئەمە بەڵگەی تەواوی ئەوە نادات بە دەستەوە کە تـەواوی مێژووی بڵاوبوونـەوەی نووسینی مێخی بگرێتەوە لە میزۆپۆتامیـای

سەردەمە بەرایییەکاندا لەبەر ڕۆشنایی کەمی و دەگمەنی سەرچاوە بەرایییەکانی ئەکەدی و ئایا ڕێی تێدەچێت وای دابنێین کە خوورییەکان نووسینی مێخییان لە سەرەتای فەرمانڕەوایی ئەکەدەوە وەرگرتبێت، یان لە سەردەمی پێش سەرگۆنەوە؟.

بەپێی بنەمای ئەوەی کە من لەسەر نەخش و هەڵکۆڵینە ئەکەدییە کۆنەکان کردوومە، دەکرێت بگەمە ئەنجامی ئەوەی کە پەیکە قورینە تازەکەی خوورییەکان بگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی درەنگی سەرگۆنی، کە دوای سەردەمی شارکالی شری Šar- Kali – Šarri دەست پێدەکات. پێش ئەوەی بچینە ناو ئەو وردەکاریانەی پەیوەندییان بە عەلاماتی تاکەوە هەیە دوو خاڵی گشتی دەبێت پێیان لەسەر دابگیرێت. چاوگێڕانێك بە وێنەیەکی فۆتۆگرافیی تابلۆکەدا ئەوە دەردەخات کەوا ڕەمزەکان بەو بایەخەوە نەخش نەکراون و وردەکاری نەخشەکانی سەردەمی سەرگۆنی گەورەیان پێوە نابینرێت و ڕێز بەندییان چ لە شانی یەکتر و چ یەك لە دوای یەك لە هی ئەو سەردەمە ناچێت.

وەك بەڵگەیەکی نوێی هاتنی خوورییەکان بۆ وڵاتی بابل لە سەردەمی ئەکەدی کۆندا دەبێت ئاماژە بۆ پەیکەیەکی قورینەی دانسقە بکرێت. ئەم پەیکەیە بریتییە لە مەرمەڕێکی سپی و نەخشەکەی بە نووسینێکی ئەکەدی کۆنی جوان هەڵکەندراوە، هیچ شتێکی دنیایی تێدانییە لە قەباڵەیەك (پسوولەیەك) زیاتر کەوا (٩٢) نەوەد و دوو پۆشاکی تێدایە و (توپین Tupin ) داوێتی بە (سخرین ) شێهرین _ ئیپری Šehrin– ipri. نووسینەکان لێرەدا بە ڕوونی ئەوە دەردەخەن کەوا هی خوورییەکانە. بە هەر حاڵ ئەم بەڵگە نوێیە ئەو وێنەیە ناگۆڕێت لە بارەی گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی خوورییەکانەوە. پەیکە نوێیەکەی خوورییەکان نزیکەی دووسەد ساڵ مێژووی کۆنترین دۆکیومێنتی پێزانراوی زمانی خوورییەکان دەباتە پێشەوە و ئەگەر endan واتای جۆرێك لە حوکمڕان بگرێتەوە ئەوا خوورییەکان دەباتەوە بۆ باکوری میزۆپۆتامیا کە پێشتر لەوێ نەبینراون لە پێش سەردەمی بابلدا، بەڵام ئێستا بەڵگەیەکی دانیسقە و ڕوون لەبەر دەستدایە کە لە (چەگەر بازاڕ chagar bazar ) و (تەل براك Tell brak)ن و هەردوك دەکەونە باشووری ماردینەوە و لێرە لە سەردەمی ئەکەدیی کۆندا، ئەوە دەردەخات کە خووریی تێدا نەبووە.

هەموو بەڵگەنامە پەرت و بڵاوەکان لەسەر خوورییەکان لە سەردەمی سەرگۆن و ئووری سێهەمدا وایان دەردەخات کەوا لە ناوچەیەکی

ڕۆژهەڵاتی دیجلەدا ژیابێتن. ئەو سەرچاوەتازانەی پەیوەندییان بە سۆبارییەکانەوە هەیە و لە دوای بڵاوکردنەوەی (خووری _ سۆباری) دەرچوون زۆر زیاترن لەوانەی کەوا پەیوەندییان بە خوورییەکانەوە هەیە. ئەم بابەتە نوێیانە بە شێوەیەکی سەرەکی لەناوی کەسان پێکهاتوون و پێیان دەوترێت. SU BAPPIR . A لە سەردەمی سەرگۆنیدا و SU . A و Lū . SU . A (یان شتێکی لەم جۆرە) لە سەردەمی ئووری سێیەمدا UrIII و Šubarijum ( یان شتێکی لەم جۆرە) لە سەردەمی بابلی کۆندا.

١- ناوی ئەو کەسانەی کە جۆری SU . BAPPIR . A- ne ن:

A - hu – šé – na
Ga – ga – NI
Si – da – ba – hu
Ša – an – me
Zi – na
Šé – na – me
X – uš – du – ga? – an
X – x? – en – na – an

٢-ناوی ئەو کەسانەی کە جۆری luSU (. A$^{ki}$) ن:

Ba – ab – du – ša
Ba – du – UK – ra – at dumu lá – tilū SU. Aki
Hu – Un – dsuL – gi lu su
Me – Ši – nu lu su
NI – u – ša dumu Me – š [a?- g]u? lu su

کێشەکە لەوەدایە کە یەکەم جار پێناسەی خەڵکی SU.A بکرێت. لە ڕێکەوتن لەگەڵ ئونگناد Ungnad و لانگدۆن Langdon دا من پێشنیاری ئەوەم کرد کە پێناسەی SU. A بدرێتە پاڵ سۆباری و گەلێك بەڵگە هەن ئەنجامی ئەوە دەدەنە دەستەوە کە قەناعەت بگەیەنێت بە ژمارەیەك توێژەر و بیسەلمێنن. تاقە یەك کەس لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا نیە، ئەویش جاکۆبسن Jacobsen ە کەوا گریمانەکەی خۆی دووپات دەکاتەوە کە SU. A بە سانایی بە Sua لێکدەدرێتەوە و ئەمەش ئەو خەڵکانەن کە (( خێڵ و هۆزی چیا نشینن و ناوچەکەیان دەکەوێتە نزیك سووسەوە.)) یان ((هۆزێکی شاخاوین لە بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵات یان باشووری ڕۆژهەڵاتی سووسەوەو و زۆریش دوور نیە لێیەوە)). پاساوی سەرەکیشی بۆ ئەم بۆچوونە هەڵکەوتی SU. A لە ئیلامدا، بەڵام ئەو بەڵگەیە تا ڕادەیەك لاوازە، چونکە شوێنی SU.A لە (خووری _ سۆباری) لاپەڕە ٢٥دا وادیاری کراوە کەوا پەیوەندی نێوان سۆبارتوو ئیلام لە دەقەکانی Eannatum دا نووسراوە و لە ( ŠUBUR$^{(ki)}$) ( Sin–Narām )دا نووسراوە mát ŠUBUR$^{ki}$ glossed Su – bar – tim or Su – bir) .(and Su – búr – e$^{ki}$

لە لێکۆڵینەوەکەی (خووری _ سۆباری)دا لاپەڕە ٢٦، من ئەمەی خوارەوەم نووسیوە: ((بەڵگەی ناڕاستەوخۆ کەوا SU$^{ki}$ و SU. A$^{(ki)}$ لە تێکستەکانی ئووری سێیەمدا UrIII ئەوە

دەداتە دەستەوە کە ڕاستییەک هەیە لە بارەی سۆبارییەکانەوە، ئەگەر ئێمە ئەم تێرمانە ئاوها لێکنەدەینەوە، ئەو کاتە ئەوان بە هیچ جۆرێک ناویان نایەت لە دۆکیومێنتەکانی ئووری سێیەمدا UrIII، ئەگەر وابێت ئێمە بەرەو ڕووی کێشەی لێکدانەوەی ئەو دەبینەوە بۆچی سۆبارییەکان، کەوا ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لەو دەقە مێژوویی و ئابوورییانەدا کەوا پێش سەردەمەکانی ئەکەدیی کۆن و بابلیی کۆن کەوتوون و لێرەدا بە تەواوی لەسەر شانۆی ئووری سێیەمدا UrIII دیار نەماون. تەنها بە لێکدانەوەی SU(A$^{KI}$) سەردەمی ئووری سێیەم بە سۆبارییەکان ئێمە دەتوانین خۆ لە کەلەبەری بەراوردکاریی ئەو مێژووە بپارێزین.))

جاکۆبسن خۆی نەداوە لە قەرەی ئەم مشتومڕە لە بواری تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندنی کێشەی SU.A دا. بەهەرحاڵ ئەو توێژەرانەی گومانیان لە بارەی پێناسەو دەستنیشان کردنی SU.A دا هەیە وەک سۆبارییەکان، ئەوانەی بەڵگە و ساغکردنەوەی زمانەوانیی پتەویان لا لەبەرترە لە دووبارە ساغکردنەوە و بنیاتنانەوەی مێژوویی ئەو بەڵگانەی کەمن دۆزیومنەتەوە لە دوای بڵاوکردنەوەی (خووری ـ سۆباری)یەوە، وا لێرەدا دەیخەمە ڕوو:

Sig SU.A تەریبە لەگەڵ Sig SU.BIR$^{ki}$

Ganam lú SU(.A$^{ki}$) تەریبە لەگەڵ (GANAM)

Šu – ba – ri – tum

تەریبە لەگەڵ TÚG GÚ.É SU.A

TÚG GÚ.E SU.BIR

**تێکستێکی بڵاونەکراوەی ئووری سێیەم UrIII لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی بە ژمارە A2952 ئاوها دەست پێدەکات:**

1 gud 4 áb ba – Ús šá man – ra – ag lú Su ka,

واتە ((۱گا، ٤مانگا، مردوون، لەدەستکەوتی SU))دا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مانگی– Ezen an-na سالی – mu – A- ar – Ši$^{k[1]}$ Ú ki –maš $^{ki}$ ba – hu l بەواتای ((ئەو ساڵەی کەشاری ئارشی و کیماش تێکشکان)) بەم پێیە مێژووەکە دەکاتە ساڵی چل و نۆیەمینی حوکمی شوڵگی Šulgi بە گوێرەی بەراوردکردنەکەی ئونگناد Ungnad. تێکستێکی ترکە تازە بڵاوکراوەتەوەو وەک ئەوەی پێشوو زۆر ڕوون نییە، بەمە دەست پێ دەکات:

Iganam babbar lú Su Iganam mi lu Su Iganam ag–dar lú Su Šá nam – ra . واتە ((۱مەڕی سپیSU ، ۱مەڕی ڕەش SU، ۱ مەڕی پەڵە پەڵەی Su ، لە دەستکەوتەکان))، دەکەوێتە مانگی –kú- Š eš – da لە ساڵی mu – uš – sa ki – maš$^{ki}$ ba- hul، ئەمەش ساڵی چل و حەوتەمینی شولگییە. ئەو ساڵانەی وا دادەنرێت کە دەستکەوتەکانی تێدا بە دەست

هاتووە لە SU دا بە شولگی ٤٦ دادەنرێت (ئەگەر وای بۆ بچین ئەو ساڵانەی ناویان هاتووە پاش ڕووداوەکانی ساڵی پێشتر) ئەوە ٤٧ و ٤٨ن، چونکە لەم ساڵانەدا شولگی پەلاماری شوێنەکانی کیماش Kimaš هومورتی Humurti، هارشی Harši داوە و بەم پێیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەستکەوتەکانیSu دەبێ هی ئەم شوێنانە بن، کەوای مەزەندە دەکەین هەموویان کەوتبێتنە ناوچەکانی باکووری ڕووباری دیالەوە بەرەو لای وڵاتی ئاشوور.

ئەنجامێکی تری لەو چەشنە دەکرێت بە دەست بهێنرێت لە تێکستێکی تری ئووری سێیەم UrIII کە بزنی دەستکەوتی کردووەتە لیستەکەوە لە lú SU. Aبەدەستlu su هاتووە. شوێنەکانی دەستکەوتەکەش ,Šuruthum Šašrumو و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بورسین Búr – Sin4. لە یەکێك لە تێکستە بڵاونەکراوەکانی ئەکەدی کۆندا، لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی،کەژمارەکەی A712، ئەم نووسینە دەبینین MÁ.Su. A، واتە کەشتی (یان کەشتییەکان) دەڕۆن بۆ SU.A (بێجگە لە- MÁ Me – luh ha، واتە کەشتییەکان دەچن بۆ Meluhha). کەچی من هیچ هاوتەریبیی و هاوکاتییەك نابینم باس لە کەشتی بکات بەردو سۆبارتۆ بچێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە لێکدانەوەی MÁSU.A واتە کەشتییەکان بەرەو ژوور دەبنەوە بەرەو وڵاتی ئاشوور و گونجاوترە لەوەی بڵێین کەشتییەکان بە چیاکاندا بەرەو ئیلام ڕۆیشتن. بەم ڕەنگە، لە کاتێکدا کە بەڵگە نامە نوێیەکانی لە سەرەوە ئیشارەتیان پێدراوە پشتگیری ئەو لێکدانەوەیە دەکەن کە SU.Aبە سۆبارییەکان لە قەڵەم بدرێت و هیچ شتێکی تازە نیە بچێتە سەر ئەو مشتومڕەی لە (خووری _ سۆباری)دا هاتووە ل ٢٧ و ٩٨، ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە خوێندنەوەی SU.Aەوە.

٣- ناوی ئەو کۆیلانەی بە Šubarijum یان لە SU.BIR$^{kI}$دا هاتووە .

I SAG. GEMÉ A- ba – šu – Ša MU. NI URU A- ŠU – uh$^{kI}$…

لەگەڵ

'I SAG. GEMÉ pa – ha- ia MU. NI URU LU – ub- da$^{kI}$ ma – a- at SU.BIR$^{kI}$

I SAG. GEMÉ Ta – ga – Ša [M] U. [N] I URU Ar – ra – mu$^{kI}$…

Ma – a- at SU.BIR$^{kI}$

ژنە کۆیلە Dmarduk – dumqí šu – ba – ri – tum

I SAG . ARÁD A – na Šu – ba – ri - [um]

ناوە تازەکان بخەینە سەر ئەوانەی لە (خووری _ سۆباری) لاپەرە ١٠٠ -١٠٨ دا لیست کراون، بەم پێیە کۆی پەنجاو یەك ناوی سۆباریمان دەبێت کە دەکرێت بیانکەینە سێ بەشەوە بەپێی شێوازی ناوەکان:

**کۆمەڵەی یەکەم:** هەشت کەسن دەچنەوە سەر

S u. BAPPIR.A Ahušina , Ga – ga – NI , Šanme , Šename , Šidabahu , Zina ,… ušdugan?,… ennan.

**کۆمەڵەی دووەم:** بیست ویەك کەسن

ادەچنەوە سەر I ú Su(.$A^{kl}$) Addabuni , Babduša , Badukrat , Barbaragi , Bulbat , Bušut (Bašut) Dašuk , Dulia , Garadadu , Hun- šulgi , Iabrat , Iabti , Kimani , Kuzuzu , Ĺulu , Madatina, Mešagu? Mešinunu , NI – ú – ša , NÍ – ú – ša – na – ág , Raši , Si – NI- NI, Šebbi , Šunundu , Šušuk?, Zubus , zurzura….

**کۆمەڵەی سێیەم:** چواردە کەس دەچنەوە سەر

$SU,BIR^{kl}$ یان Š ubarijum

Abašuša , Abī – dūrī , Agap…, Ana , Buzuš?, Eštar - …, Mamma, Marduk – dumqī , pahijk , Ribam – ilī , Šinunutum , Tagaša , Ummi- Hepet , Zigume

لیستەکە هەندێك ناوی تێدایە، بە ژمارە زۆر کەمە، وەكDulia (لەکۆمەڵەی دووەم)دا … Agap (لە کۆمەڵەی سێیەمدا) وەك حاڵەت دەچنەوە سەر ڕەگی خووری. هەندێك ناوی وەك I abrat (لە کۆمەڵەی دووەمدا) ڕەنگە پەیوەندی بە ئیلامییەکانەوە هەبێت. ناوێکی کۆنیان Ahušina (لە کۆمەڵەی یەکەمدا) و گەلێك ناوی گەنجیش وەك , Ribam – ilī Ummi –و—Marduk – dumqi , Eštair -…,Abī dúri Hepet (لە کۆمەڵەی سێیەمدا) بەئاشکرا نەکەدین. زۆرینەی ناوەکان، بە ڕای من، بە خووری، ئیلامی، ئەکەدی لێکنادرێنەوە، یان بە هەر شتێکی تر کە لەڕووی زمانەوانییەوە بەرجەستە بن لە رووبەری پان و فراوانی ڕۆژهەلاّتی نزیکی دێریندا ئەو کەسانەی ئەم ناوانەیان هەبووە بە (سۆبارییەکان) ناسراون. من لە لێکۆڵینەوەکەمدا (خووری _ سۆباری) بەو زمانانەم وتووە (سۆباری) کە ئەم ناوانەی لەخۆ گرتووە و وام لە قەڵەم داوە کە سۆبارییەکان قەوارەیەکی ئەتنیکی و زمانەوانی جیاوازن. ئەمە بۆچوون و گریمانەی ئێستامە.

من شەڕ لەگەڵ ئەو توێژەرانە ناکەم کە سوورن لەسەر ئەوەی گوایە من ژمارەیەك ناوی خووری و ئیلامی و تەنانەت ئەکەدییان بێ بایەخ کردووەو بە سووك ناوزەدم کردوون لە لیستەکەمدا سەبارەت بە سۆبارییەکان ویستوویانە ئەوە بسەلمێنن کە ئەم یان ئەو ناوە ڕەنگە باکگراوندێکی باشی هەبێت لە ناوچەکانی خووری ئیلامیدا. ئەمە و ئەگەر ئەوان ڕاستیش بکەن وێنەکە بە گشتی کاری تێناکرێت چونکە جیاوازییە بنەڕەتییەکان لە پێکهاتەدا لە نێوان ناوی کەسەکانی خووری و سۆبارییەکاندا لە سەردەمی ئووری سێیەمدا UrIII لە لێکۆڵینەوەی (خووری _ سۆباری)دا ل٢٠ تاوتوێ کراوە. لە کاتێکدا کە هەموو ناوە خوورییەکان بە ئاسانی دەتوانرێت دەتوانرێت بکرێتە دوو توخمی سەرەکییەوە ( šen–Kirip – Ulme , Arip – atal , Akap )تاد،

ناوە سۆبارییەکان پێدەچێت دابەش نەبن (Bulbat , Barbaragi , Addabuni ... تاد).

لەسەر بنەمای خاسیەتی ڕوون و ئاشکرای لیستەکەی من سەبارەت بە ناوە سۆبارییەکان و دیاری کردنی ئەوانەی کە بەلامەوە بایەخیان کەمترە لە بەرانبەر تابلۆ قورپینە تازە دۆزراوەکەی خوورییەکاندا (کە لە سەرەتای ئەم بابەتەدا باسمان لێوە کردووە)، پارۆت Parrot و نوگایرۆڵ Nougayrol تیۆرییەکی تازەیان هێناوەتە ئاراوە لە بارەی وڵاتی سۆبارتۆ و سۆبارییەکانەوە. بۆ ئەوان سۆبارتۆ (و سۆباریەکانیش کە لێیەوە وەرگیراوە) ناوچەیەکی جوگرافییە قەوارەیەکی تاکی ئەتنیکی و زمانەوانی تێدا نیشتەجێ بووە، کە خوورییەکان بوون و بە چاکی ئاشناو هۆگریانین. تازە هەمان بۆچوونیش لەلایەن فینکلشتاین ەوە Finkelstein، بۆ ئەم ((سۆبارییەکان Sobarian)) مەفهومێکی جوگرافییە چەشنی ((باکورییەکان)) یان ((دانیشتوانی بەرزاییەکان))، کە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی بریتین لە خوورییەکان، لولۆییەکان و پێدەچێت ئیلامییەکانیش بێت، لەگەڵ دەروویەکی کراوە بۆ خەڵکی تر کەوا ڕەنگە لێکۆڵینەوە لە پاشەڕۆژدا بگاتە ئەنجامێك لە بارەیانەوە. هەموو ئەم توێژەرانە نکووڵی لە بوونی توخمێکی ئەتنیکی جیاواز دەکەن کە من بە ((سۆبارییەکان)) ناویان دێنم.

پێویستە ئەوە بڵێم کەوا من بەتەواوی مێشکی خۆم گوشیوە و هەوڵم داوە پشتگیرییەکی هاوتەریب بەو بۆچوونانەی سەرەوە بدۆزمەوە، بەڵام هیچم پێنەکرا. کاتێك کە ئەم جۆرە تێرمە گوزارشکاریانە دەبینین لە میزۆپۆتامیاو وڵاتە دراوسێکانیدا چەشنی Ahlamū , Akkadū , Amurrū , Aramū , Aššurū , Babilū , Elamū , Gutū , Hanigalbatū , Hattū , Hurrū , Kaššū , Lullū , Lullubū , Marū , Sutū , Šimurrū Šumerū. هەندێکیان دەبینین دەلالەت لە دانیشتوانی شارێك (یان وڵاتێك)ی دیاریکراو دەکەن، وەك Marū ، Šimurrū، هەندێکیشیان پێدەچێت دەلالەت لە هاووڵاتی یان ئینتیمای ئەتنیکی بکەن چەشنی Babilū، Hattū، بەڵام لە زۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا کە لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە ئەو تێرمە دەبینین گوزارشتی لە یەك توخمی ئەتنیکی بنەڕەتی و یەك زمانی بنەڕەتی دەکەن. پێدەچێت ئەم شێوازی هەمەلایەنی تێرمینۆلۆجییە وەك لەم تێرمانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، لەو ڕۆژگارە کۆنانەدا بەکار نەهاتبێت:

میزۆپۆتامیا - میزۆپۆتامیاییەکان
Mesopotamia = Masopotamian

ئەنەدۆڵ - ئەنەدۆڵییەکان
Anatolia = Anatolians

ئێران - ئێرانییەکان
Iran- Iranians

ئاسیا - ئاسیاییەکان
Asia = Asian

پەڵگەیەکی دیکەی دژ بە وانەی کەوا نکوولّی لە بوونی قەوارەیەکی سۆباری جیاواز دەکەن ڕەنگە لەم بەراورد کارییەی خوارەوەدا دەربکەوێت:

**ئامۆرییەکان** Amorites

لە ١١٥ ناوی ئەو کەسانەی کە لە ئامۆرییەکانن

٣٩ ناوی ئەکەدی _ سۆمەری

٢٨ یان تائێستا پۆلێن نەکراوە ئەوانی تریان ئامۆرین و ئەم مۆرك و خاسیەتانەی خوارەوەیان پێوە دیارە: ánum (وەك Humránum)

(وەك Ianbī– ilum)

il (وەك DINGIR – la - Il )

( تێبینی : ئەمە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکە کە لەسەر ئامۆرییەکان Amorites لە سەردەمی ئووری سێیەمدا UrIII، کە هیوادارم بەم نزیکانە بلاّویان بکەمەوە. ژمارەکانی سەرەوە بابەتی پیاداچوونەوەن/ تویژەر) هەر کەسێك کەوا نکوولّی لە بوونی ئەو قەوارە ئەتنیکیو زمانەوانییە دەکات کە من ناوم لێناوە ((سۆبارییەکان Subarian)) دەبێت ئازاد بێت لە نکوولّی کردنی بوونی ئامۆرییەکانیش ((Amorites))، بە پێچەوانەشەوە هەر کەسێك دان بە بوونی ئامۆرییەکاندا بنێت دەبێ پێ لە تەریبێکی بەهێز بوونی خەڵك و زمانی سۆباریش بنێ.

**سۆبارییەکان** Subarians

لە ٥١ ناوی ئەو کەسانەی لە سۆبارییەکانن

٢ یان زیاتر ڕەنگە خووری بن

١ یان زیاتر ڕەنگە ئیلامی بن

٦ یان زیاتر ئەکەدییە، ئەوانی تر (بێجگە لە کەم و زیادێکی نەشان) سۆبارین و گەڵێ مۆرك و خاسیەتیان ماوەتەوە بۆ لێکۆڵینەوە و سەرو بەر گرتنیان.

لیستی ئەو پەنجاو یەك ناوەی سۆبارییەکان کەلە سەرەوە باسکراوە ڕێگە لەو سەرچاوانەمان ناگرێت کە پەیوەندییان بە سۆبارییەکانەوە هەیە. ئیستا ئێمە بە دڵنیاییەوە ئەوە دەزانین کەوا Šidabahu کە سەر بە SU.BAPPIR.A سۆبارییە، بەلاّم دەبێت بە تەواوی ئەم پرسیارە لەبەر چاو بگرین کە ئایا ئەو دوو پەپکە قوڕینەیەی باس لە دەستکەوتەکان دەکەن و مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ پێنجەم ساڵی حوکمی - Būr Sin و لە شوێنێکی تردا ناوی Šidabahu یەکی تر هاتووە، کە ناگەڕێتەوە بۆ سۆبارییەکان و لە بابلدا گیربووە. ئەم دیل و کۆیلانە لە چ ولاّتێکەوە هێنراون، کەس نازانێت و باسی نەکراوە لە هیچ کام لە تێکستەکاندا، بەلاّم بەپێی هەندێ تێکستی هاوسەردەم و تەریب پێدەچێت ئەوان بەشێك بن لەو دەستکەوتانەی لە Šašrum و Šuruthum (یان Šarithum)ە وەچنگ کەوتبێتن. ئەوەی کە گرنگ بوو بایەخدار بێت لەم دوو تێکستەدا ئەوەیە کە لە نزیکەی ١٥٠ ناوی ژن و منداڵ

کەوالەم تێکستانەدا تۆمارکراون تەنها سێ ناویان خوورییە Hurrian، کەچی زۆربەی زۆری ئەوانی تریان (لێرەدا گەلێك لە ناوە ئەکەدییەکان ڕەچاو نەکراوە) دەگەڕێتەوە بۆ دانیشتوانێك کە ئێستا ئێمە ناتوانین بیانخەینە ژێر وێنەی هیچ کۆمەڵێکی ئەتنیکەوە. ئەم ناوانە چەشنی :

Ašubarbi , Hurut , Ganana , Arbial , Šašarut , Šibanamzi , Abinza , Šabinagu , Aštura , Šingal ,

و چەندینی تریش.

من لە لێکۆڵینەوەی (خووری _ سۆباری)دا (ل٤٠) ئەو پرسیارەم دووپات کردۆتەوە ئایا ئێمە ناتوانین وای دابنێین کە ئەم ناوە بێ پێناس و دیاری نەکراوانە لە ڕاستیدا سۆباری بن؟ ئەو بەڵگە تازەیەی کە لە سەرەتای ئەم پەرەگرافەوە ئاماژەی پێکراوە نزیکمان دەخاتەوە لە وەڵامێکی ئیجابی.

تێکستەکانی ئووری سێیەم UrIII پڕن لە ئاماژە کردن بەو کەسانەی ناوی دەنگ و نامۆیان هەڵگرتووە Strange – Sounding names کەوا ناگونجێت بە پێی بنەمای زمانەوانی سۆمەری، ئەکەدی، خووری، یان ئیلامی لێکبدرێنەوە گەلێك لەمانە وابەستەی ئەو ناوە جوگرافیانەن کە لە ئێستادا بەگشتی دەکەونە هەرێمێکی بەرفراوانی ڕۆژهەڵات، باکوور، باکووری ڕۆژئاوای بابلەوە. ئەو پەنجاو یەك ناوەی سۆبارییەکان کە تا ئێستا زانراوە بەس نیە بۆ ئەوەی وامان لێبکات ئەنجامێکی جێمتمانە گەلاڵە بکەین لە بارەی بنیاتی سەرەکی ئەو زمانەوە. بەڵام ڕاستییەك هەیە کەوا ئەو ناوانە لەم چەند ساڵەی دواییدا دوو جاران بوونەتەوەو کەوتوونەتە بەر دەست و ئەمەش پێشبینییەکی باشی پاشەڕۆژی لێبەدی دەکرێت. بە دەستکەوتنی کەرەستەی زیاتری ئەم بوارەی تاوتوێ کردنی بابەتەکە، لە داهاتوویەکی چاوەڕوانکراودا، یارمەتیمان دەدات کەوا بە شێوەیەکی باشتر و بەکەڵکترو گفتوگۆ لەسەر زمانی سۆبارییەکان بکەین و ئەو ناوچانەش بە وردی دیاری بکەین کە خاك و نیشتمانیان بووە.

## سەرچاوە :

HURRIANS AND SUBARIANS
BY: IGNACE J. GELB
NEW LiGHT ON HURRiANS AND SUBARIANS

# میترا (میهر)

(٢-٢)

وەرگێڕانی لە فارسییەوە
دلێر میرزا

میترا وەکو خواوەندی ترسناکی جەنگ میهری خاوەن لەوەرگە پانوبەرینەکان، هاوپەیمانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا - بە شێوەیەکی بەرجەستە _ خواوەندی جەنگیشە. بە ئاسانی تورە دەبێت و هەڵدەچێت. تەنانەت میهر پەرستانیش دەبێ نزاوتکا بکەن کە لە کاتی تورەیی و هەڵچوونی ئەودا، ئەکەونە بیری (٩٨- §).ئەم شەڕەنگێزییە کەوای لێدەکات تاوەکو مەرگ و نەخۆشی ببارێنێت بەسەریاندا کە نەیاری ئەون، بە ئاشکرا گۆڕانگارییەکی سروشتی لە تایبەتمەندییەکانی ئەو وەکو خواوەندی پەیمان یان خواوەندی فەرمانڕەواییە. ئەو گورزە پیرۆزەی کە بەهۆیەوە سەرپێچییەکان دادەمرکێنەوە و ناارامی و هەڵچوون کپ دەکاتەوە، پێویستە ئەو تایبەتمەندییانەی وەرگیراون، لە دێوەوە سەرچاوەی گرتبێت. لە سوننەتی هیندیدا، ئەم تایبەتمەندییانە تایبەت بە ئیندیرا و رودرا _ سەرڤا (Rudra Sarva))یە. هەردووکیان، زەردەشتیان تا ئاستی دێو دابەزاند، بەڵام ئەوانیش بە جێگیرکردنی تایبەتمەندییە بێزاریی ئەنگێزەکانی خۆی لەسەر میترادا، تۆڵەیان بۆ سەندنەوە. لە کاتێکدا ئیندیرا خۆی کردبوو بە بەهرام _ واتە تایبەتمەندیی سەرکەوتن و دەسەلاتی بێ هاوتا، کە لە ڕاستیدا، لە ناوی ڕاستیی خۆی پچڕا _ بەلام لە نازناوی هەمیشەییدا _ دەکرا ئەو کەسەی کە شەڕەنگێزی دادەمرکێنێتەوە _ دەستنیشان بکرێت.

## میترا وەکو ڕووناکی

میترا، نەک تەنیا پاشاو جەنگاوەرو پەیمانە، بەڵکو ڕووناکییشە.ئەو ڕووناکییەیە کە پێش خۆریش دەکەوێت، کاتێ کە هەڵدێت و چاودێریی دەکات بەسەر هەموو سەرزەمینی ئارياييەکاندا. ( ١٣- §).

(ئەو گەورەترین خواوەندە کە بەیانیان بە شێوەی جۆراو جۆر سپەندمینۆ دەخاتە ڕوو. ئەو خواوەندەی کە پەیکەری خۆی وەکو مانگ بدرەخشێنێت (١٤٢- § ) کاتێك لە ئاسماندا دەگەڕێت، گالیسکە زێرینەیەك چەرخەکەی لەلایەن چوار ئەسپی سپییەوە کێش دەکرێت (١٣٦ و ١٢٥ § ). لەم وەسف کردنەوە

دەردەکەوێت کە میترا خواوەندی خۆریشە _ نەك خودی خۆر، بەڵکو خواوەندی ڕووناکی کە خۆر سەرچاوەیەتی. (بەم دواییە هەندێك نکۆڵییان لەوە دەکرد کە میترا خواوەندی خۆر بێت، ئەم نکۆڵی کردنە بە ئەندازەی لێکچواندنی ئەو بە ئاسمانی شەوان کارێکی گێلانەیە.) چونکە هەروەکو دەوترێت، جەستەیان شێوەی ماددی ئاهورامەزدا، لە یەسنی حەوت وەرزدا، (تیشکی خۆر) یان خودی خۆرە. بۆیە، خۆرێك کە لەخۆرییەشتدا بێت، جەستەی میترایە، هەردووکیان بە مانای (خوڵقێنەران _ پاسەوانان)؛ (ئاهورا _ میترا)یە، هەروەکو چۆن دەبێت تا بەرلەوەی زەردەشت لە ئاینی ئێرانیدا، شۆڕشێك بەرپابکات، دۆخەکە ئاوهابووە. ئەم دوو خواوەندە لە نزیکترین یەکگرتندا، بە یەکترەوە پەیوەست بوون. هەردووکیان پاسەوانی ئەشەو ڕاستی بوون، هەردووکیان دژی درۆ _ چەوتی، ئاڵۆزی _ و دژی لە کەدارکردنی ئاسایش و دۆخی ئاسایی _ کەلە (پەیمان)دا بەرجەستە دەبێت _ هەنگاویان دەنا. هەردووکیان خواوەندی ڕووناکی بوون، چونکە ئەو ڕووناکییە کە شتەکان وەکو خۆیان دەخاتەڕوو. بۆیە، لە نێوان تەواوی شتە هەست پێکراوەکان، لە هەموویان نزیکترە لە ئەشە، بەهۆی ئەوەی کە خواوەندەکان ڕووناکین، بۆیە خۆر وێنەی بینراوی جەستەیانە. بەڵام، بە هەموو ئەمانەشەوە، هیچ یەکێك لەم دوانە نابن بە خۆر، چونکە لە سەرانسەری یەسناو لە دوابەشی میهریەشتدا سەرەتا هەردوو خواوەندەکە پێکەوە ستایش دەکرێن و دواتر ڕێز لە خۆرو مانگ و ئەستێرەکان دەگیرێت. کەواتە، بارودۆخ لەو کاتەوە کە پورفیری) (Porphyry دەربارەی خواوەندی موغان نووسی کە: (( ئەو لە جەستەدا وەکو ڕووناکی و لە ڕۆحدا لە ئەشە (ڕاستی) دەچێت)) هێندە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. نە میترا و نە ئاهورا هیچ کامیان نە خۆرن و نە ئاسمان، بەڵکو هەریەکێکیان و لە هەمان کاتدا، هەردووکیان، سەرچاوەی ڕووناکییەکن کە تیایاندا شاراوەیە. بەڵام سەبارەت بە میتراو ئاسمانی سەرلە ئێوارە، دەبێت چی بڵێین؟ تەواوی ئەوەی لەم بارەوە بووترێت، ئەوەیە کە (میترا) دوای ئاوابوونی خۆر لە ئاسماندا، پانتایی زەوی تەی دەکات:

ئەوەی دەگاتە پانتایی زەوی (لە کاتێکدا پانتایی خۆی بە ئەندازەی پانتایی زەوییەو هەموو شوێنێك داگیر دەکات) دوای ئاوابوونی خۆر دەگاتە هەردوو ئاسۆی ئەم زەوییە بەرینە کە دووپارچەکەی لە یەکەوە دوورن، وە چاودێریی لە هەموو ئەوشتانە دەکات لە نێوان ئاسمان و زەوییدان. بەدوای دێوەکان و بەد کارانەدا، هەموو زەوی تەنی دەکات. ئەنگرە مینۆ و دێوی تورە لە بەرامبەریدا هەڵدێن. لەم پەرەگرافە بەو ئاکامە دەگەین کە

میترا خواوەندی ئاسمانی دەمەو ئێوارانیش بووە. لە توێژینەوەکانی زەردەشت ئاسییدا، هەموو شتێك دەبێت.

## میترا، سرووش، ڕەشەن

بەرلەوەی لە دیدگەی مێژووەوە، میهریەشت بخەینە ژێر توێژینەوە و شیتەڵکارییەوە، پێویستە هەندێك دەربارەی پەیوەندیی میترا بە سروشتەوە بدوێین. هەروەکو زۆرجار دەڵێین، میتراو سروش لە گەلێك لایەنەوە تێهەڵکێشی یەکتر دەبن: هەردووکیان، دوای ئەوەی دنیا تاریك دەبێت، شوێن پێی دێوەکان هەڵدەگرن، هەردووکیان لەلایەن هومەوە ستایش دەکرێن، هەردووکیان لەلایەن ئەسپگەلێکی سپی _ کە سمەکانیان لە زێڕە _ڕادەکێشرێن، هەردووکیان نیشتەجێی گروتمان ( - بەرزترین پێگە)ن. لە ڕووی ( ئیتیمۆلۆژیی) پەتییەوە، هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی میترا ( وەکو ئەسپەکان یا خانە) و ستایشکردنی هومەوە، گوازراوەتەوە بۆ سرووش. هەرچۆنێك بێت، سەبارەت بە چالاکییان دوای ئەوەی شەو دادێت، دیارە کە تورەیی(Aesma ) دوژمنی تایبەتی سرووشە، یان دێوی تورە کە ڕۆڵێکی بەرجەستە لە گاساکاندا دەگێڕێت، لە کاتێکدا میترا، سەرەرای تورەیی، ڕووبەڕووی مینۆی وێرانکەر _ ئەنگرەمینۆ _یش دەبێتەوە. ئەم مەسەلەیە، یەکەم بۆچوونی ئێمە دەسەلمێنێت کە سپەندمنیۆ لە گاساکاندا، هەمان کارئەنجام دەدەن کە پێشتر لەلایەن میتراوە ئەنجام دەدرا. لە سەردەمی نیگای میهریەشتەوە (میتراو سرووش و رەشەن) سێ کوچکەیەکی بتەویان پێکهێنا. بە هاوکاری بە دوای چەوتەکان و بەدکارەکاندا دەگەڕێن و سەرکوتیان دەکەن، هەرسێکیان پێکەوە ڕێزیان لێ دەگیرێت و لە یەسناشدا بە سێ برا لێك دەدرێنەوە، واتە فەرزەندانی سەروەری دانان کە ئەشی بە خوشکیان دانراوە. هەرسێکیان پێکەوە کاری دادوەری لەمەڕ ڕۆحی مردووان لە ئەستۆ دەگرن. دوای ئەوەی رەشەن کاری باشەو خراپەی ڕۆحی خەڵکی، لە تەرازووەکەیدا دەکێشێت، سرووش ڕۆحی پیاوچاکەکان بەرەو بەهەشت ڕێنمایی دەکات. دواتر هەرسێکیان بۆ لێبووردن و بەخشینی گوناهان بانگهێشت دەکرێن. دەرککردنی ئەوەی چۆن ئەم پەیوەندییە پەیدا بووە کارێکی گەلێك دژوارە چونکە هەروەکو بینیمان، سرووش لە گاساکاندا پەیدا دەبێت. بۆیە، لەلایەن پیغەمبەرەوە لە ئاینی ڕاستکراوەدا پەسەند دەکرێت، لە کاتێکدا وا دەردەکەوێت لە یەشتی (١٢)، خاڵەکانی ٥-٣دا، رەشەن نازناوی ئاهورامەزدا بێت. و بەهەمان شێوەش لە یەشتی (١٠) خاڵی (٧٩)دا، وا دەردەکەوێت کە نازناوی میهر بێت. ڕەنگە رەشەن بە مانای داوەری بێت، کارکرنی

سەرەکی لە ئەدەب و دوا دەقەکاندا، هەڵسەنگاندنی کاری ڕۆحی مردووەکان بێت لەسەر پردی چینۆت (ئەو چینۆتەی کە خودی ڕەشنەن). بەڵام لە گاساکاندا، ئاهورامەزدا داوەری سەر پردەکەیە. بۆیە ڕەنگە ڕەشنەن لە ئاینی ئاهورای کۆندا، نازناوێك بووبێت بۆ ئاهورا و میترا، لە کاتێکدا کە سرووش _ واتە گوێڕایەڵی _ پەیوەندیی بە ئاینی ڕاستکراوە و سوننەتی کۆنەوە بووبێت. سەبارەت بە یەکەم، دەتوانرێت سرووش لەگەڵ سرووت (Sruti)ی هیندی (کە هەردووکیان بە مانای بیستنن) بەراورد بکرێت کە زاراوەیەکی هونەرییە و دەلالەت لە وەحی ((سرووش ))ی یەکەمە لە ڤوداکاندا: زاراوەی بیستن لە (گاساکانیشدا) بە ئاشکرا هەر بەو مانایە بەکاردەبرێت کاتێك کە پێغەمبەر دەڵێت: بیستوومە کە ((جەم لە نێوان ئەو تاونبارانەدا، گۆشتی دەرخواردی خەڵکی داوە)).

ئەم مەسەلەیە سوننەتێکی زارەکی بوو، بەڵام ئەم زاراوەیە لە هەمان کاتدا، بە مانای وەرگرتنی سروشیش بەکاردەبرێت، هەروەکو چۆن دەدرێت بە گوێی پێغەمبەردا کە دوو مینۆکەی یەکەم، پێکەوەباس و خواس دەکەن. سرووشی خواوەند و ئەشی خواژن هەردووکیان، لە ئاینی پێغەمبەردا، پەسەند دەکرێن، بەڵام هەردووکیان مل بە زنجیرەیەك گۆڕانکاری دەدەن. یەکەم نەك تەنیا بە بیستن، بەڵکو بە ملدان، نەك ملدان بەڵکو بە پابەند بوون و لە کۆتاییدا، نەك تەنیا پابەند بوون، بەڵکو دەبێتە فاکتەرێك بۆ سەرکوتکردن و گەڕان بەدوای ئەهریمەندا. لە کاتێکدا ئەشی _ کە لە یەشتەکاندا وەکو خواژنی بێرو خۆشبەختی پەیدا دەبێت _ لە گاساکاندا دەبێت بە خۆشبەختی بۆ پیاوچاکان و ڕەنج بۆ خراپان. هەردوو خواوەندەکە (یاخود بیرۆکەکە) لە سەرەتای ئاینی زەردەشت و میترا پیزمدا _ کە سەربەخۆو دوور لەوەوە ئەشونمای کرد _ ڕۆڵیکی کاریگەریان دەگێڕا. ڕەشەنی داوەریش کەوا دەردەکەوێت جگە لە نازناوێك بۆ ئاهوراو میترا شتێکی تر نەبووبێت، ڕوون و ئاشکرا نییە، کە وەکو خواوەندێکی سەربەخۆبمێنێتەوە. لەم ڕووەوە، ڕەشەن و سرووش و ئەشی، ڕێگەیەکیان لە نێوان ئاینی کۆن و ئاینی زەردەشتدا هێشتەوە، ئەو ئاینە کۆنەی کە تێیدا ئاهورا _ میترا، یا خولقێنەر _ پاسەوان دەسەڵاتیان بەڕێوە دەبرد و زەردەشتی ئاینێك بوو کە تێیدا ئاهورامەزدا شۆڕەسواری گۆڕەپان و خولقێنەرو پاسەوان و داوەر بوو. میهریەشت پێمان دەڵێت کەچۆن ئەم دوو ئاینە، جارێکی تر ڕوو بەڕووی یەکتر دەبنەوە، بەڵام ئەمجارەیان ڕۆحیەتێکی سازشکارانەوە کە بڕیاربوو، وەکو جاران پێکەوەیان گرێ بدات. بەشی یەکەمی میهریەشت (٤٨- ٢ بەندی/ ه) بە شێوەیەکی

فـراوان وەکـو خواوەنـدی جـەنگ، وەسـفی میهریەشت دەکات. لەم بەشەدا، سیفەتەکانی دێـو کەلـە ڕاسـتای پوختـە بـوون و گەشەسەندنی ئـاینییدا، نمایشـی بـازووی دیوانـی وەکـو ئیندیـرا و سـرو درا بـە میـهر. سـرووش و ڕەشـەن یارمـەتی دەدەن بـۆ بەگژاچوونـەوەی ئـەو قەتڵوعامـەی کـە دوژمنـەکانی بـەرپای دەکـەن، بـەڵام لـە هیـچ شوێنێکدا. سەبارەت بە خستنە ڕووی ئاینی زەردەشتدا لەسەر بارودۆخەکە، باس ناکرێت تەنیا لە یەکەم بەنددا نەبێت، لەو شوێنەدا کە بـەبێ یـەکودوو دەوترێـت، میـترا لـەلاین سەروەری دانا ( ئاهورامەزدا) وە خوڵقێنراوە.

**خانەی ئاسمانیی میترا**

لە بـەندی ١- ٥٠، شـانۆکە گۆڕانکـاریی بەسەردا دێت:

کەسێك کە بۆئەو ئاهورامەزدای خوڵقێنەرە، لەسەر لوتکەی چیایەکی بەرزو درەخشان و بە چەندین زنجیرەی پێکەوەیە. لەو شوێنەی کە نە شـەوو نـەتاریکی، نـە هـەوای ساردو نـە گەرمە، نە نەخۆشیی کوشندە و نە پیسبوونی ژینگە لەلایەن دێوەکانەوە وەلە لوتکەی چیای هـەرئیتی (هـەرا) تەم و هـەور بـەرز دەبێتـەوە، شوێنێك کە ئەمشا سپەندان لەگەڵ خۆریشدا، حـەز بـە ئاسـوودەیی و پـالاوتنی بیرو بـاوەڕ بکەن، تا ئەوەی ئەو ( جادوو) لەسەر لوتکەی چیای هەرئیتیـەوە بڕوانێـت بـە سەرانسـەری جیهانی مادیدا. هەروکو پێشتر بینیمان، میترا خواوەنـدی ڕاسـپاردەی ئـەم جیهانەیـە و بـە پێچەوانـەی ڕەشـەن، بایـەخی سـەرەکی بـە جەستەی مرۆڤ دەدات نەك ڕۆحی:و ئەو بە بەخشـینی ژیـان بـە مرۆڤـەکان و زینـدوو هێشتنەوەی جەسـتە، پـەیوەندیی بـە وانـەوە هەیە.

لە دەقە فارسییەکانی ناوەڕاستدا، ناوی ئەو بـە مانـای (دۆسـتبوون و ئەویتـە). ئـەو خۆشەویسـتی و ئـەوینی بوونـەوەرە زیندووەکانـە کـە بـەزیندوویی و چـالاکی دەیانهێڵێتـەوە: ( میـهر یەکێکـە و جەسـتەش یەکێکە و لە هەموو بوونەوەراندا هەیە ، بەڵام لـە هـەندێکیاندا فراوانـترو لـە هـەندێکیاندا کـەمترە. ) دوای ئـەم سـێ کوچکەیـە، سرووشیش تەمێ دەکات وە ڕزگاری فەراهەم دەکات. ڕەشەن سەرقاڵی داوەرییەو میـتراش مرۆڤ و ژیانی دەپارێزێت. هەڵبەتە میترا لە کاری هاوکارەکانیشیدا بەشداری دەکات، ڕێك وەکو ئەمشا سپەندان کە هاوکاریی سەروەری دانـا دەکـات لـە کارەکـانیدا، سـروش و ڕەشەنیش دەتوانین لەپاڵ میترادا، حسابیان بۆ بکەین، ئەگەر چی ئەو دوانە سەربە خۆیانە کاردەکەن. بـە دروسـت کردنـی پێگەیـەك بـۆ میترا لەسەر لوتکەی چیای هەرا (- هەرئیتی)، ئاهورامـەزدا ( سـەروەری دانـا ) و ئەمشاسپەندان ، لەم جیهانـەوە لـەژێر خـۆرو ناوچـەی بورجـەکاندا، بەرەوسـەرزەمینی سروشـتی خۆیـان ، واتـە جیـهانی مینـەوی،

لەودیو تاقی ئاسمان بەرزدە کەنەوە .ئەمە یەکەم جارە لەم یەشتەدا کەسەروەری دانا و میترا لە پاڵ یەکتردا دەبن :

لە سۆنگەی مێژووییەوە ،دەتوانین ئەم خاڵ بەم جۆرە ڕاڤە بکەین کەزەردەشتییەکان ،دوای پەسەند کردنی فەرەوەشییەکان و ئاینی هوم و میترا –ئاهورای ژێر چاودێری پاسەوان –خوڵقێنەر ،ئێستا هەنگاوی زیاتر دەنێن ودەتوانین بەو جۆرە وێنای بکەین ،هەروەکو چۆن ئاهورامەزدا ،پێگەو خانوویەك لەئاسماندا بۆ میترا دروست دەکات ،ئاواش ئەوانەی لە سەر ڕووی زەمین دەیپەرستن ،پێگەو خانوویەکی بۆ دروست دەکەن .ئەگەر وەهایە ،ئەم پێگەیە تائەمڕۆیش ،وەکو دەرگای میهر – کە یەکێکە لە شوێنە پیرۆزەکانی هەر ئاگردانێکی پارسی _ هەروا بە ژیانی خۆی درێژە دەدات. هەرچی بێت، دروست کردنی خانووی ئاسمانی ( – مینەوی) میترا لەلایەن سەروەری دانا و ئەمشاسپەندانەوە، پەیوەندیی نێوان ئەم دوو خواوەندە گەورەیە، دووبارە بتەتر دەکات و میتراش لە سکاڵا لەوچاپۆشییەی کە تائێستا دەربارەی کراوە، دواناکەوێت: بەدەستی کراوە و لە حاڵەتی ڕازو نیازدا ، لەسەروەری دانا نزیك دەبێتەوە وبە تۆمەتی ناعەدالەتی لەوەی خۆی بە قوربانی دەزانێت، ڕەخنەی ئاراستە دەکات. ئەگەرچی ئەو پارێزەرو ڕاگری قازانجی تەواوی بوونەرانە، کەچی لە نزاو تکاکانیدا کە (تیایاندا) ناوی دێت، وەکو پێویست، وەکو خواوەندەکانی، ڕێزی لێ ناگیرێت و ستایش ناکرێت.

## سکاڵای میترا لە بەردەم سەروەری دانادا

ئەم سکاڵایە لەلاین خواوەندێکی لەبیر کراوەوە، تەنیا وەکو بەرنامەی کار نییە بۆ پاراستنی ئابڕو، بەڵکو بەرنامەی کارە تاوەکو زەردەشتییەکان والێبکات، تاوەکو ئاهورە کۆنەکان (یان دێوەکان بەو شێوازە ناقولایانەیانەوە) جارێکی تر لە ناو جەرگەی خواوەندە چاکسازیکراوەکانی خۆیاندا، پەسەند بکەن، چونکە تەنیا تیشتریا (Tistrya) کە ئەستێرەی سیریوس (Sirius) ە _ هەمان سکاڵا پێشکەش بکات.

سەبارەت بە ئاناهیتا، ئاهورا مەزدا بەشێوەیەکی سادە، فەرمان بە زەردەشت دەکات تاوەکو ستایشی بکەن، لە کاتێکدا سەبارەت بە (وای) وبە هرام کە هەردووکیان لە ڕەچەڵەکدا دێون، تەنانەت لە پێشەکیەکی گەلێك ڕەسمیدا، تەنگەتاو دەکرێن و کەمتەرخەمییان بەرامبەر دەکرێت. کەواتە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە یەککرتنەوەی دووبارەی میترا دوای زەردەشت، بەو جۆرەی کە ئێستا بەو تایبەتمەندییانەوە، بووە بە دێوێکی بێ نیازتر، لەگەڵ هاوپەیمانە کۆنەکەیدا، ئاهورا _ کە ئێستا لەلاین پێغەمبەر زەردەشتەوە، پلەو پایەی بەرز

بۆتەوە و بووە بە ئاهورا مەزدا، سەروەری دانا، خولقێنەر، پارێزەر، داوەری هەموو کارەکان _ لە خۆدا لەلایەن هەردوو گرووپ (باڵ)ەکانە، وەکو پێشکەوتنێکی پڕ بایەخ، لە ڕەوەندی پوختە بوون و گەشەسەندنی ئایینیان ڕەچاو دەکرێت، چونکە لە حاڵەتێکدا کە ئاناهیتا خواوەندەکانی تر دەیانتوانی ڕۆڵێکی کەم تازۆری لاوەکی، لە خستنە ڕووی ئاینی گشتگیری زەردەشتدا هەبێت، بەبێ ئەوەی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر ئایینەکە هەبێت، پەسەند کردنی میترا، کەدەبوا پەیوەندییەکی توندو تۆڵ ترو بەهێزی لەگەڵ ئاهورای کۆندا پاراستبێت، ئەویش لەناو سیستمێکدا کە تێدا جێگری ئاهورا، واتە ئاهورامەزدا فەرمانڕەوایی بکات، خۆی لەخۆدا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە هەواداریی زەردەشتیدا لە ئاهورامەزدا، ئەژمار دەکرا. لە ڕاستیدا، بالآدەستی ئەو وەکو خولقێنەر بەشێوەیەکی ڕاستگۆیی پارێزراوە، بەلام ئێستا سەرقاڵی خولقاندنی میترایە، ئەو میترایەی لە هەموو ڕوویەکەوە هاوشانی خۆیەتی.

## دابەزینی میترا بۆسەر زەوی

نە لەم حاڵەتە ونە لە حاڵەتی دواییدا _ واتە کاتێ کە میترا پەنا دەباتە بەر ئاهورامەزدا _ لە هیچ یەکێك لەم دوو حاڵەتەدا، ئاهورامەزدا ڕاستەوخۆ وەڵامی ناداتەوە: لە هەریەکێك لەو دوو حاڵەتەدا، سەروەری دانا کە ئاهورامەزدا دەپەرستێت، پەیڕەوی ڕاستی دەکات کە دەست دەداتە ئەم کارە. لێرە بە دواوە، بەڕێك و پێکی ناوی لە ڕێو ڕەسمی پەرستندا دەردەکەوێت و بایەخی شیاوی خۆی پێ دەدرێت و ڕێك لەم کاتەدایە کە میهر ئارام و ئاسوودە دەبێت لە گالیسکەکەیدا، بە تایەی گەورەوە کە لە جیهانی مینەویدا دروست کراوە، بەرەو پێشەوە دەڕوات _ لەبەرزترین شوێنی ئاسماندا، لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا، دەیخاتە ژێر پێی خۆیەوە _ و ئەمە نەك تەنیا ئەشی، واتەخوشکەکەیەتی کە گالیسکەکە دەڕانێت، بەڵکو بیهدینی موزدیسینیشە کە ئێستا بووە بە خوشکی، ڕێگەی بۆ خۆش دەکات. بەلام ئەم یەکگرتنە نوێیە، بە هیچ شێوەیەك لە مەترسیی شالاوی بێ ئەمان و دڕندانەی سەروەری و تووڕەو هەڵچوو کەم ناکاتەوە، چونکە ئێستا ئەوە بارامی خواوەندی سەرکەوتنەکە بە شێوەی یەکانە لە پێشیەوە لە بزاوتدایە، ئەو کەسەی هەموو شتێك وێران دەکات و ئەوانەی جورئەت بە خۆیان دەدەن تا لە بەرامبەریدا بوەستن، پارچە پارچە دەکات. دەبێ وا دابنێین کە بەهدینی موزدیسنی چاودێریی لەو کەسانە دەکات کە خۆیان لە خزمەتی میتراو فریشتە تۆڵە خوازەکەی واتە بەهرامدا داناوە کوشت و کوشتاری ئەوانەی کە پەیمان دەشکێنن و لەگەڵ میهردا درۆ دەکەن و لە ڕاستیدا

لایەنگری درۆن نەك ڕاستگۆیی و پشتگیرییان لێ دەكات ، چونكە كاتێ سەركەوتن دەستەبەردەبێت ، لەبەر ئەوەی لایەنگرانی ئەشە سەبارەت بەمافی میترا كەمتەرخەمی دەكەن ، دەنگی گازندەو سكالای بەرز نابێتەوە ، بەخۆشحاڵییەوە دەنگی بەرز دەبێتەوەو لەوەوە كەپایەو پلەی وەكو خواوەندێكی گەلێ گەورە پشتگیری لێوە دەكرێت ،دڵنیا دەبێت ،بەدڵنیاییەوە لایەنگرانی ڕاستیی ئەشە بەبێدواكەوتن ،وەكو لەناو بەری دوژمنەكانیان _ كەپەیرەوكارانی ڕاستی دەكوژن _ بەرەسمی دانیان پێدا دەنێن . ئەوا بەو جۆرە دەستنیشانی دەكەن كەبە سەرپەرشتی و ئاگاداریی ئەو وڵاتانەی كەتیایاندا ئایینەكەی ئەو(میهر)بەشێوازی ئایینی جێبەجێ دەكرێت وبەنابوتكردنی ئەوان كەنكوڵی لەو دەكەن ، ئەو (میهر) دژی هەمان درۆ دەجەنگێت كەخۆیان پێوەی تلاوند ئایا هەر ئەوە؟ چونكە لەسەرەتای بەندێكدا ، موزدا پەرستەكان نزا دەكەن و دەكەونە پێگەو ئاستێكەوە، تا بتوانن بەرگریی لەخانووەكانیان بكەن و بیانپارێزن ، وناچار نەبن وڵاتەكەیان بدەن بەدەستی دوژمنەوەو بین بەدیلیان . ئەو میهرە كە بە تەنیایی ئەو كارە مسۆگەر دەكات . ڕەنگە ئەم مەسەلەیە بەو مانایە بێت كە چۆن میترا لەلایەن لایەنگرانی درۆ، یان دێو پەرستەكانیشەوە ستایش دەكرا _ كەهەر واشبووە _ كەواتە تەنیا ئەو دەیتوانی ئەوان لەچنگی دێو پەرستەكان ڕزگار بكات .

وا دێتە بەر چاو، زەردەشتییەكان، وەكو خواوەندێكی ئێرانی لە میهر دەپاڕانەوە. ئەو خواوەندەی كە بەم پێیە كە ئایا ئەو بەو ڕێورەسمە، كە دەبوا خۆشحاڵ بێت، خۆشحاڵ دەبێت یان نا، یارمەتی پێشكەشی هەردوو گروپ (باڵ)ەكە دەكات، ئەگەر چی لەم ڕێگەیەدا، لایەنگرانی درۆ، بە ناكامییەوە هەوڵ دەدەن : ئەوان دان بەوەدا بنێن كەوەكو خواوەندی شەڕ كاریگەرو سوودمەندە.

لەم ساتەوە، ئەو پارێزەرو پشتوپەنای هەژاران و مەڕو ماڵاتیان دەبێت . بەهەمان ئەندازەی ئاهورا مەزداو ئەمشاسپەندان، هوم خۆی بە موبەدی میترا دادەنێت.

بە هەموو ئەمانەشەوە، بانگهێشت كردنی تەنیا بە ناوی خۆیەوە بەس نییە.

دەبێت بۆ بەشداری لە ڕێو ڕەسمە بنەڕەتییەكانی موزدیسنان، بانگێشتی ئەم خواوەندە گەورەیە بكرێت، هەر لەم ڕووەوەیە بە ئێمە دەگوترێت كە : هومی بەهێز كەرو چارە سەركەرو فەرماندەی جوانی بە چاوی زەرد ڕەنگەوە لە بەرزترین لوتكەی چیای هەرئیتی، بۆ میهری ساكار ، ئەو ( هوم )ە ساكارە، بۆ سێپەڕەی ساكارو زوهری ساكارو وشەی ساكار قوربانی هێناوە، بەمەشەوە هوم ئەم كارەی بە پێی خواست و ئارەزووی خۆی

ئەنجام نەدا.

کە ئاهورامەزدا ئەوی کرد بە خاوەنی ڕاستی زوتەر، ئەو زوتەرەی لە ڕاپەڕاندنی ڕێوڕەسمی یەسنادا خێرایەو بە دەنگی بەرز دەیان خوێنێتەوە و کە ستایشی زوتەرێکی کرد لە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی یەسنادا خێرایە و بە دەنگی بەرز دەیانخوێنێتەوە، زوتەر بۆ ئاهورامەزدا، زوتەری ئەمشاسپەندان کە دەنگی ئەوی گەیاندە ڕووناکی، گەیشتە ئەم سەرزەمینە و بەو هەرێمانەی کە حەوتن (کەواتە هەرێمە حەوتەوانەکە).

لە یەکەم نیگاکردن و لە تاوتوێکردنێکی وردتر وادێتە بەرچاو کە ئەم ستایشکردنە، یەکەمین هاتنە ناوەوەی میترا بووە بۆ ئایین. بەڵام ڕەنگە وانەبێت، چونکە دواتر ئاگای لە جۆراوجۆر بوونی ئایینی پەیدا دەکەین کە یەکسەرە نابەجێ ڕادەگەیەنرێن، شتێك ڕاستە و ئەویش ئەوەیە ئایین ڕێوڕەسمی هوم، لێرەدا وەکو کارێکی ئایینی لەسەتاسەد موزدیسنی بەرجەستە دەبێت و لەم ئایینە سەرەکییەدا کە داوا لە میترا دەکرێت تێدا بەشداریی بکات.

بە هەموو ئەمانەشەوە، گەلێ دوورە کە یەزشە لێکچووەکان، بە سوود وەرگرتن لە هەمان فاکتەرە تایبەتییەکانی میترا، تابەر لە پەسەندکردنی لە جەرگەی خواوەندەکانی زەردەشتیدا نەگشتێنرابێت، بەڵام بە هۆی ئەو گرنگی پێدانە زۆرەی کە هەریەکێك بۆ ئەم ڕێوڕەسمانە ڕەچاوی کردبوو، دەبوایە جیاوازیی ئایینی فراوان لە نێوانیاندا هەبوایە، پێدەچێت ئەو ڕێوڕەسمانەی لە بەندی ١٤ لە یەسنا بە ٣٢ دا باس لێوە دەکرێت، هەمان یەزشی تایبەت بە میترا بێت، ئەو ڕێوڕەسمانەی تێدا قاچەکانی هومی تیادا دەسووتێنرێن. بە هەرحاڵ، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئێستا میترا لە ئاستێکی یەکسان لەگەڵ سەروەری داناو ئەمشاسپەنداندا پەسەند دەکرێت، تاوەکو لە ڕێوڕەسمی پەرستن لەئایینی هومدا کە لە ئایینی موزدیسنی و زەردەشتدا، موبەدی گەورەو قوربانییە، برە بەشێکی هەبێت.

## هاتنی میترا بۆ بهدین (ئاینی باش)

ئاینی موزدیسنی بە بهدینیش ناسراوە، و میترا کە ئێستا لە سومبل و و ڕازەکانی بهدینی سەروەری دانا پەسەندکراوە، چیتر بەهرام لە پێش خۆیەوە نانێرێت، تاوەکو جەستەی دوژمنەکانی خۆی پارچە پارچە بکات، بەڵکو بە پووکانەوە و لاواز کردنیان بە گورزەکەی، قەناعەت بە خۆی دەکات و بەم شێوەیە وایان لێدەکات تا بەو بڕوا تەکاندەرە بگەن کە پوختەکەی، هەموو ئەو کارە چەوت و چێڵانە لە ژێر چاودێریدایە کە لە سەرانسەری جیهاندا ڕوودەدەن، بەم پێزانینە، بوارو دەرفەتی گەڕانەوە بە تاوانکاران دەدرێت، ئەو دەرفەتەی کە پێشتر پێیان نەدەدرا. بۆیە

موزدا پەرستەکان و لایەنگرانی ئەشە، ئێستا دەتوانن بە هیچ دوودڵییەك بڵێن :

بەڵام من لە خەیاڵی خۆمدا پێم وایە کە لە جیهاندا، کەسێك نەبێت تا ئەو ئەندازەیە بتوانێت بیری خراپ بکاتەوە کە میهری مینەوی توانای بیر کردنەوەی باشی هەبێت، کە لە جیهاندا، کەسێك نەبێت کە تائەو ئەندازەیە دوو زمانی بکات کە میهری مینەوی بتوانێت قسەی باش بکات، کە لە جیهاندا کەسێك نەبێت تائەو ئەندازەیەی بتوانێت کاری خراپە بکات کە میهری مینەوی دەتوانێت کاری باشە بکات.

خواوەندی گەورە میهر، کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە ئایینی زەردەشتیدا خرابووە پەراوێزەوە، دوای ئەوە بە هەموو بوونیەوە هێنرایەوە سەر ئەو ئایینە، ئەو ئایینەی کە نەتەنیا لەگەڵ یەزش و ئاگر، بەڵکو لەگەڵ کارنامەی وەکو بۆچوونی باش و کرداری باش و گوفتاری باش بۆ یەکەم جار لە گاسای حەوت بەشدا دەرکەوت. بە پێی ئەم کارنامەیەیە کە ئێستا میترا دەپرسێت : (کێیە ئەو کەسەی، بەهۆی ستایشی چاکەوە ستایشم بکات و کێیە ئەو کەسەی بە ستایشی خراپە (ستایشم بکات؟) واتە، چ کەسێك بە پێی سوننەتی بەرپای زەردەشتی، بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ستایش بکات، و چ کەسێك بە پێی ئەو ڕێورەسمانەی نزیکن لە سوننەتی دێو پەرستەکانەوە، من بپەرستێت؟ بە گروپی یەکەم بەڵێنی سامان و خۆشبەختی وتەندروستی و منداڵی سەلارو فەرمانڕەوایانیش مژدەی دەسەلاتی بە هێزو سوپای زۆر بدات، بە گروپی دووەم بەڵێنی نەخۆشیی بەردەوام و مەرگ و هەژاری و ڕەنج و مەرگی منداڵان بدات و ئەوەی کە فەرمانڕەوایانیان لە فەرمانڕەواییدا دابماڵرێن، چونکە ئەوانە بە ڕێزنەنان لە پەیمانەکانیان، میهر تووڕە دەکەن... بۆیە چاکی میهر کە دابینکەری ئاسایشی ئەوانەیە کە بە پەیمانەکانی خۆیان وەفادارن و سزادانی ئەوانەی پەیمانەکانی خۆیان دەشکێنن هەروەکو دەبینرێت، لەگەڵ چاکیی زەردەشتدا یەکسانە چاکە کردن لەگەڵ چاکان و خراپە کردن لەگەڵ خراپاندایە. ڕەوشتی هەردوولا، چاو بەرامبەر چاوودان بەرامبەردانە. بۆیە میتراو ئاهورا نە ناسین و دەست نیشان کردنی ئەم ڕاستییە کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی خاوەنی دوژمنێکی هاوبەشن، واتە درۆو چەوتی و بەرەڵلایی _ ئەو درۆیەی کە خۆی لە ڕێگەی ئەنگرەمینۆو تورەیی ئەو دێوانەی خاوەنی چۆنایەتین دەردەخات _ پێکەوە دەگەنە سازشکردن. بۆیە کاتێك کە هەندێك لە کارە تایبەتییەکانی لە ڕێورەسمی دێوەکان _ دەبێتە مایەی ئافەرین و ڕێزلێنان، ئەوسا ئەوو ئاهورا، هەردووکیان و (نەك ئاهورا مەزدا)بە هەمان شێوەی دوانەیی پێشوو، واتە میترا – ئاهورا، بۆ یارمەتیدانی

لایەنگرانی هاوبەشیان، بانگهێشت دەکرێن.

بەڵام ئەمە کۆتایی داستانی سازشی ئەم دوو خواوەنــدە گەورەیــە نییــە، لــە ڕووی وردەکاریی ئەم ئاینە، هەردەبێت بــەردەوام کاری بۆ بکرێت، فەرمان بە موزدا پەرستان دەکرێت، تاوەکو میترا بە مەڕو ماڵاتی بچووك و گەورە و باڵندەکان و ڕژانی شیلەی هــوم (زوهــر) ستایش بکات. وێــڕای ئــەوەی کــە پێویستە میهر پەرستانیش بە پێی ئایینی نوێ، سێ ڕۆژ و سێ شەو بەر لە سازدانی یەزش ( نزاو تکا)، کاری شتن جێ بەجێ بکەن و (ئەوسا) مل بە لێدانی (٣٠) جەڵدە بدەن. ئەم جەخت کردنە لەسەر پاکیی نییەت و پاکژ کردنی دەرون کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی میهری ئێرانی، شتێکە جگە لە تایبەتمەندیی لقی ڕۆمی میهر، واتە Mithras.

## جارێکی تر ئاهوراو میترا

بۆئەوەی سەروەری دانا ئەوە دەربخات کە تا چ ئاستێك بایەخ بەم ئایینە هەڵبەستراوە دەدات، خۆشی بە بازووی کراوەوە ستایش لە میهر دەکات. کەواتە میترا _ کە پێگەی لەسەر ڕووی زەوی بوو، بەڵام سەروەری دانا ئەمشا سپەندان پێگەو خانوویەکیان لەسەر لوتکەی چیای هەرا ( هەرئیتی) بۆ ئەو دروست کرد _ ئێستا لە بەهەشت (ئاسمان) لە لایەن بەرزترین ئاستەکانەوە بەرز دەنرخێنرێت ( - پیرۆز ڕادەگیرێت) وە لێرەدایە کە ئەوجارێکی تر لە دەربەندێکی سەیرو سەرنج ڕاکێشدا، لە لایەن چوار ئەسپی سپیی مەشق پێکراودا، لە بەهەشت (-ئاسماندا) بە سمی زێڕین ( دوو پەلی پێشەوە) وسمی زیوی ( دووپەلی دواوە) ڕادەکێشرێت وە ڕەشەنیش بە بەردەوامی لە دوای کاروانەکەوەیە. بەڵام چیتر سروش لەوێدا ئامادە نییە، لە شوێنی ئەودا چیستا (Cista ) لە شێوەی بەدینی موزدیسنی لە لای چەپییەوە وەستاوە و لە پشتی سەریەوە، شێوەی پڕ لە ڕازو نهێنی خولقێنەر، واتە وێنەی ناوەندیی بەهرام، لە فرینداپە. چونکە ئەویش شێوەی یەکانەیەکی بە خۆوە گرتووە، و لە پێشیەوە، ئێستا ئاگرێکی گەرم و گڕ سوور کە فەڕەی دەسەڵاتداری ناوشاکانە، لە فریندایە. جارێکی تر لە وێوە بۆ سەر زەمینی شای شاکان دێتە خوارەوە، و دەبارێتە سەر ئەو کەسانەی وەفایان بەرامبەر بە پەیمانەکانی خۆیان نییە. ئەنگرە مینۆو تورەیی لە بەرامبەر هێرشی بێ ئەمان و قورسی ئەودا، پاشەکشێ دەکەن و لە بەرامبەریدا دەبەزن. ئێستا پەیوەندیی نێوان گەورەترین و باشترین خواوەندەکان دەگۆڕێت بە پەیوەندیی نێوان ئاهورامەزدا واتە بیناترو داناترین سەروەر و میهر خاوەن لەوەڕگەی پان و بەرین، ئەو میهرەی کە کۆتایی بە چارەنووسی ئەنگرەمینۆو دێوەکانی تر دەهێنێت. ئاهورامەزدا، شادمان و دوور لەهەر کێشمە کێشێك لە گروتمان دەمێنێتەوە،

لە کاتێکدا کە میترا دەکەوێتە دوای هێزە ئەهریمەنییەکان، وەکو جەنگاوەرێک ئەویش لە جیهانێکدا کە هێزە ئەهریمەنییەکان، هەروا زاڵن تێدا، لە سەرانسەری میهریەشتدا، شتێکی چاوەڕواننەکراو سەبارەت بە خواوەندی میهر لە ئارادایە کە تێدا ڕۆڵی سەرەتایی پەیمان و پارێزەری پەیمان لەگەڵ یەکتردا ناجۆرو ناسازگارن.ڕاستە ئەو وادەردەکەوێت کە تۆڵە لە پەیمانشکێنان و دێو پەرستەکان و لایەنگرانی درۆ دەستێنێ، بەڵام کاتێك کە تووڕە دەبێت و هەڵدەچێت، لایەنگرانیش هەموو هەستێکیان هەبێت، تەنیا هەست بە ئاسوودەیی ناکەن، هەروەکو چۆن سەبارەت بە (ڕودرای ڤودایی) وا هەست دەکرێت کە جاروبار هێزو دەسەڵاتی خواوەندی، ڕاست و عەدالەت دەخاتە ژێر تیشکەوە. بەڵام هەر کە لە قەڵەمڕەوێکدا پەسەند دەکرێت کە ئاهورا مەزدا بەسەریدا زاڵ و فەرمانڕەوایە، ئەم شتە (-تایبەتمەندییە) کە پێشبینی ناکرێت، جارێکی تر ناخرێتە ڕوو.

میترا یارمەتی ئەوانە دەدات کە ڕێوڕەسمی یەزش (نزاو تکا) بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و بەڕێزەوە ئەنجام دەدەن، بەڵام هێرش دەکاتە سەر ئەوانەی کە ئەم ڕێوڕەسمانە بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان و ئەنجام دەدەن، بەڵام کەمتەرخەمی دەکەن و هێمنی و زنجیرەی کارەکان پەیرەوی ناکەن:

خۆزگە بەو پیاوەی یەکەم کەس هەنگاوی نا، ئەی زەردەشتی پاك،ئاهورامەزدا ئاوای گوت بەو (پیاوە)ی کە بۆئەو سومبلێکی پیرۆزی لە نێوان پیاوە خوێندەوارەکان و وتەی یەزدانی پەسەند کردو بە هێنانی ناوی میهر، پەرستنی خواوەندی بەجێهێنا. ڕاستەوخۆ میهر دابەزێتە ناو خانووی وەها پیاوێکی سەرکاروان. ئەگەر ئەو بۆ دەستەبەرکردنی میهر، فەرمانەکەی لە شوێنی خۆیدا جێبەجێ بکات و ملکەچی بێت، هەر بمێنێت ئەم پیاوە سەر کاروانە، ئەی زەردەشتی پاك، وەهای گوت ئاهورامەزدا بەو پیاوەی کە بۆئەو سومبولێکی ناپیرۆزی نەخوێندەوارو وتەی خواوەندی پەسەند نەکرد، لە پێش نزاو تکادا شوێن بگرێت ئەگەرچی نزاو تکایەکی زۆر ئەنجام بدات و بۆ ماوەیەکی درێژ ستایشی یەسنا بکات، ئاهورامەزدا خۆشحاڵ نەکات و هەروەها ئەمشاسپەندەکانی تریش، نە ئەو میهرەی کە خاوەنی کێڵگەی بەرینە، ئەو کەسەی بەچاوێکی سووك تەماشای مەزداو ئەمشا سپەندەکانی تر بکات، ئەو میهرەی کە خاوەنی لەوەڕگەی پان و بەرینە، بە چاوێکی سووك تەماشا بکات، دات (یاسا) و ڕەشەن و ئەرشتاد بە چاوێکی سووك تەماشا بکات.

## میتراو سپەند مینو

لەم خاڵەدا، دوو مەسەلە سەرنج ڕاکێشن: یەکەم ئەوەی کە میترا بۆ یەکەم جار، تێکڕای

ئەمشاسپەندانی پەیوەند کرد بە سەروەری داناوەو کردنی بە پاشکۆی. سوود وەرگرتن لە وشەیەکی تر، ئەوە دەردەخات کە خودی ئاهورامەزدا، ئێستا یەکێك لە ئەمشاسپەندەکان ئەژمار دەکرێت، لەو ڕووەوە کە ئەو ئێستا بە تەواوی لەگەڵ سپەندمینودا بە یەکێك دادەنرێن بۆیە، میترا پێگەیەك لەخۆ دەگرێت کە پێشتر لە ئاینی زەردەشتی سەرەتاییدا، پێگەی سپەندمینو بووە، ئەو پێگەیەی کە ڕەنگە، بەر لە ڕیفۆرمکارییەکانی زەردەشت بوویەتی. دووەم : ئەوەی کە موبەد، بەپێی یاسای ڕاست و دروست و دڵێکی پڕ لە دڵسۆزییەوە یەزش ( نزاو تکا)ی بەجێ هێناوە، خۆی وەکو وشەی بەرجەستە وەسف دەکرێت: بۆیە، ئەو نوێنەری زەمینی و ئەم دونیای سرووشە کە هەروەهاوەکو موبەدی خواوەندی وشە دەردەکەوێت. بۆیە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین: ڕێك وەکو چۆن هوم موبەدو قوربانی یەزش و ڕەسمی ئایینیە، ئاواش سرووش لە ڕێوڕەسمی پەرستندا کە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بەجێ دەهێنرێت، کارکردی وتەی خواوەند بۆ مرۆڤ و هەڵگری وەڵامی مرۆڤ بۆ وتەی خواوەندە. لەڕاستیدا، وتەی خواوەندو وەڵامی مرۆڤ یەکێکن. هەردووکیان ئاوێستان کە ڕاڤە دەکرێن، بەمانای ستایشی پاکی خواوەندە ( - یەزدان -Yazdan) لەم ڕووەوە، سرووشیش گوێڕایەڵی مرۆڤە بۆ ئاوێستاو هەروەها گوێدانی خواوەندە بە وەڵامی مرۆڤ و پەسەندکردنیەتی.

لە میهریەشتدا، میهر ڕۆڵی سرووش لە ڕێوڕەسمی پەرستندا بەجێ دەهێنێت، چونکە بۆ ئەوە کە هوم قوربانی دەدات و، ئەوە کە وەکو سرووش لە گاساکاندا، هاوشان و یەکسان لە پاڵ ئەمشاسپەنداندا دەوەستێت. ئەو هەردوو ئەرکی سپەند مینۆ و سرووش لە گاساکاندا، لە ئەستۆ دەگرێت. جگە لەوەی بە وەرگرتنی لەناو جەرگەی یەزدانەکانی زەردەشتیی گشتگیردا، کەسایەتی میهر لە هەندێك لە ئالودەیی دێوەکان پاك دەبێتەوە. ئەو نەك تەنیا خواوەندێکی بەهێز، و گالیسکە سوارێکی کاراو بە ئەمەکە، بەڵکو خواوەندێکی بە سۆزو میهرەبانیشە.

## ئایینی ڕیفۆرمکراوی میترا _ ئاهورا

جارێکی تر میترا پێگەی ڕەوای خۆی لە پاڵ ئاهورا _ گەورەترین و باشترینی خواوەندەکان _ بە دەست دەهێنێتەوە، بەڵام گەورەترین سەروەری ئاسمان، ئێستا سەروەری دانایە، ئاهورامەزدا بەو شێوەیەی کە لەلایەن زەردەشتەوە وێنا دەکراو دەرکی پێدەکرا. کەواتە، ڕیفۆرمکاریی زەردەشت لەگەڵ ئایینی میترادا ( کە تیایدا نەك تەنیا پەرستنی ئاهوراکان باو بوو، بەڵکو تێیدا هەندێك توندو تیژی، تایبەت بە پەرستنی دێوەکانیش برەویان هەبوو) لە یەکدەدرێن و

هەڵقۆستنی کۆتایی نەك تەنیا ئاهوراو میترا، دووبارە لە هەمان پێکهاتەی دوانەی کۆن کە ئێرانییە دێرینەکان جەختیان لەسەر دەکرد دەخاتە پاڵ یەکترەوە، بەڵکو خۆشی جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکات کە هەردوو خواوەندەکە، نەك تەنیا لە ئەشەدا، بەڵکو لە ڕووناکیشدا هاوبەشن، چونکە ئەوان ئێستا بە شێوەیەکی هاوبەش، وان بەسەر خۆرو مانگ و ئەستێرەکانەوە:

میهر( و) ئاهورای گەورەو نەمرو پیرۆز ستایش دەکەین، ئەستێرەکان و مانگ و خۆر نزیکی گیای سێپەرە و ئەو میهرەی کە سەروەری سەرانسەری مەملەکەتەکانە، ستایش دەکەین.

دەکرێت میهریەشت، وەکو پارچەیەك لە مێژووی ئاینی کە حاڵەتی گەلاڵە بووندا بێت، وەربگرین. ئەم یەشتە ئەوە دەردەخات کە چۆن جارێکیان ئاینی ئاهورا و میترا بە هۆی ئیلهامی پێغەمبەرایەتییەوە لە زەردەشتدا وە لادەنرێت و، پێغەمبەر لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ویشتاسب شادا، جەنگێکی ئاشکرای دژی دێوەکان و دێو پەرستەکان بەرپاکرد،بەو جۆرەی کە هەندێك لەوان ( دێو پەرستەکان) لە کارێکی بەرگرییانەدا، لە هەوڵی سازان و ئاشتبوونەوەدا بوون لەگەڵ ئاهورا پەرستەکاندا، و بە سڕینەوەی هەندێ ناوی دێوە خواوەندەکانی وەکو ئیندیرا ساوروا، بەردەوامیی کارکردو ئەرکیانی لە ڕێگەی کەسایەتییەکی پوختە تر لە میهر دابین کرد، ئەو میهرەی کە ئەوان بە خستنە ڕووی کارکردێکی شەڕخوازانە، بێ نیازیان کرد.

هەروەها سەبارەت بە خواوەندە بچووکترەکان وەکو بەهرام _ کە ناوی تەنیا نازناوی ئیندیراکەیان کە لە ئایینی زەردەشتی سەرەتاییدا، تا ئاستی پلەی دێوێك هاتبووە خوارەوە و هەمان کاریان ئەنجام دا. بە نەمانی دەسەڵاتی خەوارزمی ویشتاسب شا بە دەستی کورش، پێدەچێت کە جۆش و خرۆش و عیشقی مەزهەبی ڕووی لە دامرکاندنەوە کردبێت. ئایینی زەردەشتی سەرەتایی کە خەریك بوو دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی موغانەوە، لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەك بوو بۆ قایمکردنی پێگەو پایەی خۆی. ڕەنگە پەیوەندیی دێرینی نێوان میترا و ئاهورا وەکو بیانوویەك بەکارهێنرابێت. بۆیە، جارێکی تر میترا دەبێت بە هاوکاری ڕێزداری ئاهورا، ئەو ئاهورایەی کە چیتر نە گەورەترین و نەباشترین خواوەندەکانی ئێرانە، بەڵکو وەکو سەروەری دانا کە بە شێوەیەکی نەمرانە بوونی هەبووە، ئەو بوونەی کە لەوەوە ئەوانی تر پەیدا دەبن، ئەو خواوەندەی کە خۆی بۆ زەردەشت پێغەمبەر دەرخست.

**سەرچاوە: کتێبی ( طلوع و غروب زردشتی گری )**
**آر . سی . زنر**

# شاتیواسای میتانی لە ئەرایخا

نووسینی: I.M. Diakonoff
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: بەختیار سابیر حەمە *

ڕێکەوتننامەکەی نێوان شاتیواسای میتانی [1] و شوپیلۆلیۆمای پاشای خاتی کە لەلایەن E.F Weidner[2] چاپکراوە دوو بڕگەی گرنگی لەخۆ گرتووە. بڕگە کورتەکەیان لە دیدو بۆ چوونی شاتیواساوە گەڵاڵە کراوەو ئەوەی درێژەکەشیان هی شۆپیلۆلیۆما بووە. بڕگەکەی شۆپیلۆلیۆما باس لە مێژووی دەستکەوتە سەربازییەکانی ئەم پاشایە دەکات کەلەکاتی دیاریکردنی سنووری نێوان خۆی و پاشاکانی میتانیدا ئەنجامیدا بوون. لەکاتی یارمەتیدانی شاتیواسادا کە دژی ڕێکەوتنی نێوان میتانی و ئاشوورییەکان بووە، شۆپیلۆلیۆما هەوڵی زۆریدا بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی لە کاروبارەکانی ناوخۆی میتانیدا. بۆ ئەم مەبەستەش کچەکەی خۆیدا بە شاتیواساو داوای کرد کە دەبێت کچەکەی نازناوی (MI. Lugal)ی پێ ببەخشرێت کە نازناوێکی سیاسی و ئایینیش بوو، وە دەبێت منداڵەکانی شاژنی حیتییەکان (Hittite) هەمان مافی میرەکانی حیتییەکان و خورییەکانیان هەبێت. بڕگە کورتەکەی شاتیواسا باس لە ڕووداوەکانی میتانی دەکات. شاتیواسا ڕەخنەی زۆری لە شوتارنا گرت بە بیانوی ئەوەی کە سەروەت و سامانەکەی کۆشکی باووباپیرانی لە واشوگانی (Wassuganni)ی پایتەختی میتانی بەفیڕۆداوە.

دوای مردنی توشراتا لەگەڵ ئاشوورو ئەلزیدا (کە کەوتبووە دەشتە نزمەکانی ئارسانیاس-مورادسو)[3] ڕێکەوت و دیاری بەنرخی بۆ ناردن. لە نێو ئەو شتانەدا کە گێڕانییەوە بۆ ئاشور ئەو دەرگایانە بوون کە بە ئاڵتون نەخشێنرا بوون و کاتی خۆی (شۆشاداتار) لەوێوە هێنابوونی. لەگەڵ دیارییەکاندا (شوتارنا) چەند پیاوێکی خانەدان و پایە بەرزی میتانی کە کەوتبونە دەست ئەم وەك بارمتە بۆ ناردن، بەڵام هاوپەیمانەکان ئەمەیان ڕەتکردەوەو پیاوەکانیان گێڕایەوە، سەرەنجامیش (شوتارنا) بەدەوری دیوارەکانی قەڵای (تایدیدا) هەڵیواسین. یەکێك لە پیاوە

گــەورەکانی میتــانی کــە فەرماندەیــەکی سەربازی بوو ناوی ئاگیت تێشوب (Agit Teshub) بوو لەوە ترسا کە دووچاری هەمان چارەنووس ببێـت، بۆیـە لەگـەڵ دوو سـەد عەرەبانەدا هەڵهاتن بـۆ بـابل. بە پێچەوانـەی بۆچوونەکانی خۆیەوە، پاشای بابل دەسـتی گـرت بەسـەر هـەموو عەرەبانـە و سـەروەت و سامانەکەیداو وەك کەسێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ (ئاگیت تێشوب)دا کرد[٤]. پاشا ویستی (شاتیواسا) بکوژێت لەکاتێکدا کە بەتەواوی لــە (ئــاگیت تێشــوب) دابڕابــوو، بــەڵام (شاتیواســا) خــۆی رزگــارکردو بــەرەو حیـثییەکان هەڵهات (Hittite) و بـێ ئـەوەی هیـچ گۆڕانکارییـەك لـەجل و بەرگـەکانیاندا بکەن خۆی و سێ عەرەبانە و دوو هوریانی و دوو ئەلیك ئارکی (Alik Arki) گەیشتنە لای (شـۆپیلۆلیۆما). پاشـای خـاتی خۆشـحاڵی دەربـڕی بەرامبـەر بـە هاتنەکـەی و دیـاری شـاهانەی پێبەخشــی و لەهــەمان کاتیشــدا کچەکەی خۆی دایە بەو مەرجانەی کە پێشتر ئاماژەمان بۆکردن و هەروەها بەڵێنیشیدا کە هاوکـاری (شاتیواسـا) بکـات هەرچـەندە لـەو کاتەشــدا (شــوتارنا) ســەرکەوتوو بــوو. (شۆپیلۆلیۆما) ئەو راستیەی دەزانـی کـە لـە داهاتوودا کچەکەی دەبێت بە شاژنی میتانی بۆیــە دوای چــەند گفتوگۆیــەك لەگــەڵ (شاتیواسا)دا هێرشی کردە سەر (شوتارنا)و دوای چـەند شـەڕێك توانـی دەسـت بەسـەر (واشوگانی)دا بگرێت. لـە سـەرەتای دەقەکەدا (شاتیواسا) دەڵێت کـە ئـەم داوای نـەکردووە ببێـت بـە پاشـا، بـەڵکو پێشـنیاری ئـەوەی کـردووە کـە (ئارتاداما)ی بـاوکی (شــوتارنا) وەك پاشا بهێڵرێتەوە و ئەم وەك کەسی دووەم بێت. ئەمەش رەنگە تەنها لەبەر ئەوە بووبێت کـە (شاتیواسـا) گومـانی هـەبووە لـەوەی کـە رەنگە دانیشتوانی میتانی بەرهەڵستی بکـەن کاتێك ببینن لەلایەن هیتیتەکانەوە کراوە بـە پاشـا، ئەگـەرنا ئـەم لـە خـودی (ئارتاداما) نەدەترسا بەتایبەتی لەکاتێکدا کە (ئارتاداما) بـەهۆی نەخۆشـییەکی کوشـندەوە بەئاسـتەم لـەمردن رزگـاری بووبـوو وە لـە پـەل و پـۆی خسـتبوو. دەتوانرێـت سـەرەتای کارەکـانی پاشــای بــابلی کەرەنگــە لــەو کاتــەدا (بورنابوریاشــی دووەم) بووبێــت بــەو هاوپەیمانیەتییـە روون بکرێتـەوە کـە خـەریك بوو لەنێوان خۆی و (شۆپیلۆلیۆما)دا بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە دروست دەبوو. نـە لـە دوو برگــــەی رێککەوتنامەکــــەدا و نەلــــەو چیرۆکانەشدا کەباس لە کێشە ناوخۆییـەکانی میتـانی دەکـەن نـاوی (ئـەراپخا) نـەهاتووە. ئەگـەر لـە کێشەکانیشـەوە گلابێـت ئـەوا وەك دەوڵــــەتێکی بێلایــــەن بەشــــێوەیەکی ناراســــتەوخۆو بــــێ ویســــتی خــــۆی بەشـداریکردووە. هاوپەیمانیەتیەکـەی نێـوان (شـوتارنا) کـە مـیرێکی میتـانی بـوو لەگـەڵ ئاشور کە دوژمنێکی کۆنی ئەراپخا بوو، بووە

هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو هاوپەیمانێتییەی کە ئەراپخا خۆی لەگەڵ شانشینی میتانیدا هەیبوو کە شانشینێکی زۆر بەهێزبوو. ئەو هاوپەیمانێتییە پشتیوانییەکی گەورە بوو بۆ ئەراپخا دژی دراوسێکانی. لەبەر ئەوە شتێکی ئاساییە کە ئەراپخا حەز بە هاوکاریکردن و هاندانی دوژمنەکانی (شوتارنا) بکات ئەگەر بتوانێت بە شێوەیەك ئەمە بکات کە نەبێتە جێی سەرنج. مێژووی ئەرشیڤە ئابووری و کارگێڕییەکانی قەڵای نوزی (Nuzi) کە دواتر باسیان دەکەین دەگەڕێتەوە بۆ نەوەی پێنجەم و شەشەمی ئەراپخاییەکان کە لەرێگەی دۆکیومێنتە دۆزراوەکانەوە زانراوە، چونکە ئەو یەکەیەی بەرپرسی هەڵگرتنی دۆکیومێنتە یاساییەکان بووە تاکو لە داهاتوودا سودیان لێوەربگیرێت و وەك سەرچاوە بەکاربهێنرێن بە تێپەڕبوونی کات فەوتاوە[٥] و تەنها تەختە قوڕینەکانی (تابلێتەکان) ئەم دواییە بۆ مەبەستی کاری بەڕێوەبردن بۆ ماوەیەکی کورت هەڵگیراون، ئەمەش بەئاسانی لەخشتەی ئامارزانیدا دەردەکەوێت. بنچینەی گفتوگۆکەمان لەسەر چوار بەش دۆکیومێنت دادەڕێژین کە هەریەکەیان ئەرشیڤێکی بچووکە بۆخۆی. دوان لەمانە لەناو ژوورەکانی بەشی ناوەوەی قەڵاکەدا دۆزراونەتەوە لەبەشی (R) ژووری (٧٩) و بەشی (N) ژووری (١٢٠) و دوانیان لەبەشەکانی تری دەوروبەردا، بەشی (C) ژووری (٢٨،١٩) و بەشی (D) ژووری (٦،٣).

رستی تۆمارەکانی نوزی کە ناوی عەرەبانچییەکانی نەوەی پێنجەمیان تێدا تۆمارکراوە، ناوی تیشوری (Tesurhe)ی کوڕەزا گەورەکەی تێهیبتێلا[٦]ی بەناوبانگ و سەد عەرەبانچی تێدایە. لە تۆماری گشتی ناونووسکردنی هەموو ئەو پیاوانەی کە توانای چەك هەڵگرتنیان هەیە ناوی هەزار جەنگاوەر تۆمارکراوە بۆ هەر ناوچەیەکی سەربازی. ئەو بڕە خۆراکەی دەدرا بە پیاوانی کۆشك لەکاتی جەنگدا کە سکرتێرو نووسەرەکان و بازرگانەکان و ئاسنگەرەکان و دارتاشەکان و حەماڵەکان و تەونکەرەکان و مەیتەرەکان و شوانەکانیشی دەگرتەوە لە (٢٠ qa) یاخود ((١٥ کیلۆ کەمتربووە. ئەم دانەوێڵەیەیان لە رێگەی دانیشتوانەکانی چیای لولوبییەوە کە کەوتبونە خۆرهەڵاتی ئەراپخاوە دەستدەکەوت بە نرخی (٥) کیلۆ برۆنز بۆ (١٠٠) کیلۆ دانەوێڵە.[٧] بەمەشدا دەردەکەوێت کە رەنگە ئەراپخا ئابلۆقە درابێت. هەندێ جار ئەو خەڵکانەی دەچوون بۆ (کۆمەڵگای بازرگانەکان) بۆ کرینی جۆ دیارنەدەمان.

(HSS XIV 20-21) نامەکانی تادیب تێشوب، سێهراموسنی و ئاگیبتاسێنی). لەو کاتەدا فەرمانێك دەرچوو بوو کە هیچ کەسێك بەبێ بوونی بەڵگەنامەی رێگە پێدانی بۆی نییە بچێت بۆ لولوبی. هەروەها فەرمانێکیش

دەرچــوو بــوو کــە داوای ئــازادکردنی ئــەو ئەراپخاییانەی دەکرد کە بووبوون بە کۆیلەی لولوبــی و لەبەرامبــەر ئــازادکردنی هــەر کۆیلەیەکیشــدا دوو قــاتی نرخــی دیــاریکراو داوا دەکــرا. ئەمانــەش هــەموو ئامــاژە بــۆ بــارودۆخێکی ناهــەموار لــەوڵاتدا دەکــەن. دۆکیومێنتـەکانی قەڵای نوزی ئامـاژە بـۆ دوو شـوێن دەکـەن کـە خـەڵك لێـوەی هـاتووە بـۆ ئـەراپخا. یـەکێکیان ئـەو رێگایـە بـوو کـە ئەراپخاییەکانی دانیشتووی میتانی کەلـەوێ بارمتـە بـوون لێـوەی دەگەڕانـەوە و ئـەوی تریشیان ئەو رێگایە بوو کە لە کاشییەکانەوە (Kassite) دەهــات بــۆ ئــەراپخا. ئەوانــەی دەگەڕانــەوە بەتــەنیا یــاخود ژن و پیــاو بــە کۆمەڵی جیاجیا دەهاتن و ئەوانەی لە رێگەی دووەمــەوە دەهــاتن ئەوانــە بــوون کــە لەگــەڵ خێزانـەکانیاندا کـە ژنـەکانیان ئـەراپخایی یـا کاشــی بــوون هــەڵدەهاتن. لەســەر ســنووری دەوڵــەتی ئاشــوری بارودۆخەکــە جۆرێکــی تربــوو. لــێرە خزمــەتکارو کۆیلــەکان خــەڵکی ئاشـور خـۆی بـوون و هـەڵدەهاتن بـۆ ماڵـەکانی خۆیــان لەناوجەرگــەی ئاشــور چونکــە بــــارودۆخی ولات باشــــتر بووبــــوو وە پەیوەندییــەکی پتەویشــی لەگــەڵ میتــانیدا دروســتکردبوو. وا دەردەکــەوێت کــە لەیــەك کــاتدا و لەهــەموو لایەکــەوە گوشــارێکی زۆر لەســەر ئــەراپخا بووبێــت، بــەڵام لەبەرئــەوەی پاشــای بــابل دژی ئاشــور بــوو و ئاشــوریش هاوپــەیمانی میتــانی بــوو، کــاتێك (ئــاگیت تێشوب) لە ئاشورەوە هەڵهات رویکردە بابل. (وێڵگــارد لیــوی) پێــی وایــە کــە هێرشــی ئاشورییەکان لەسەردەمی (تاکو)ی تیخیب - تیللا رویداوەو هێرشی بابلیەکانیش دواتر و لەسەردەمی (تێشورخی)دا رویداوە. سەرەڕای ئەمەش، لە دۆکیومێنتەکاندا تارادەیەك گرانە بتوانیت بەیەك گەیشتنەوەو تێکەڵبوونی دوو نەوەی یەك لەدوا یەك لەیەکتر جیابکەیتەوە. نوێنەرانی دوو نـەوەی یـەك لەدوایـەك بەیـەك گەیشـــتونەتەوەو هـــەندێك جـــاریش وا رێکـەوتووە کـە نوێنـەرانی سـێ نـەوەی یـەك لـــەدوا یـــەك بەیەکـــەوە و لەیـــەك کـــاتدا فەرمانڕەواییان کردووە[8] ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی وامان لێدەکات بۆچوونمان وابێت کە ئەراپخا لە هەردوو لاوەو تارادەیـەك لەهـەمان کاتیشــــدا گوشــــاری لەســــەر بووبێـــت و ناوەنـاوەش یـەکێکیان لـەوی تریـان بـەهێزتر بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە دۆکیومێنتەکان باس لەکــەمی خــۆراك و زیــاد بوونــی ژمــارەی سەربازەکانی ئەراپخا دەکەن. پێویستە باس لەو راستییە بکەین کە دۆکیومێنتی (HSS XIV 171) کەلە بەشی (C)دا دۆزراوەتـەوە زۆر بەئاشـکرا بـاس لـەوە دەکـات کـە (٩١٠ imeru) جـۆ بـۆ مانــەوەی عەرەبانچییــە میتانییــەکان خــەرجکراوە کــە رۆژانــە هــەر عەرەبانەیــەك (١٠ qa) جــۆی بەرکــەوتووە. دۆکیومێنتەکە خەرجییەکانی بەپێی مـانگ و

نیو تۆمار کردووە کەئەمەش شتێکی نائاساییە چونکە ژمارەکردنی ئاسایی لەم جۆرە هەر بەپێی مانگ بووە. عەرەبانچییەکان لە دوو گوندی گەورەدا نیشتەجێ بووبوون کە ئەوانیش (ئاری و ئارنابو) بوون. دابەشکردنی دانەوێڵەکە بەو شێوەیەی کەهەریەکەیان (١٠ qa)ی بەربکەوێت ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ژمارەی عەرەبانەکان (٢٠٠) بووە. بەپێی دۆکیومێنتی (HSS XIV 205) کە بڕی (imeru ٥٧,٥) جۆی تیا تۆمارکراوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە (٧) گوند هەبووە کەسەر بەناوچەی (ئاری)بوون. دیمتو کیسوك (dimtu Kissuk) گوندێکی گەورەبووەو مەڵبەندی (٩) گوندی تربووەو سەرۆکەکەشی (گیلتێشوب)بووە کە فەرماندەیی (٥٠) عەرەبانەی کردووە[٩]، بەڵام گوندەکان (ئاری و ئارنابوو) بەئاستەم دەیانتوانی پێداویستیەکانی (٢٠٠) عەرەبانەی زیادە بۆ ماوەیەکی زۆر دابین بکەن چونکە بارودۆخەکە ئاسایی نەبوو. بڕی (١٠ qa) بۆهەر عەرەبانەیەك ئەوەدەگەیەنێت کەهەر عەرەبانەیەك لە ئەسپێك زیاتری لەگەڵدا بووە. بەڵگەش هەیە کە هەر عەرەبانچییەك رۆژانە (٢ qa) جۆی وەرگرتووە بۆهەر ئەسپێك (HSS XIV 58) . لە تێکستی (HSS XIV 171)ەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەوبڕە جۆیەی بۆهەرئەسپێك تەرخانکراوە خۆراکی ترو ئاوو دانەوێڵەی هاراویشی لەگەڵدابووە.

پێدەچێت کە ئەو (١٠ qa) جۆیە دانرابێت بۆ دوو ئەسپ کە عەرەبانەکە رادەکێشن و دوو ئەسپی یەدەگ و عەرەبانچییەك و تیرهاوێژێك، بەمەشدا بۆمان دەردەکەوێت کەلەگەڵ ئەو (٢٠٠) عەرەبانەیەدا لانی کەم (٨٠٠) ئەسپ و (٤٠٠) پیاو هەبووە. ئەو لیستانەی کەبۆ ناونووسکردنی سەربازەکان لە نوزی تەرخانکرابوو هەریەکێکیان ناوی (٢٣٠)ی سواری تیا تۆمارکراوە، دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەمانە ئەسپی خۆیان نەبووە. کێشەکە تەنها لە خۆراکی ئەسپەکاندا نەبوو بەڵکو ئەسپەکان خۆشیان گران بوون. هەر ئەسپێك دەدرا بە (١٠) سوارو لەکاتی پێویستیدا بە نۆرە بەکاریان دەهێنا * ١٠. بەهەمان شێوە ئەسپەکانیش لەرێگەی (کۆمەڵی بازرگان)ەکانەوە دابین دەکران (AASOR XIV 100). پێدەچێت کە هیچ کێڵگەیەك بۆ ئەسپەکان لەناوچەکەدا نەبووبێت. ئەگەر بیرێك لەم شتانە بکەینەوە بەئاشکرا دەردەکەوێت کە بوونی ئەو ژمارە زۆرەی سەربازە میتانییەکان کەبە خەرجییەکاندا دەردەکەوێت پەیوەندی بە رووداوێکی نائاساییەوە هەیە (HSS XIV 171). ئایا پێناچێت ئەو (٢٠٠) عەرەبانە میتانییەی لە (ئاری و ئارنابو)دا جێگیربون هەمان ئەو عەرەبانانەبن کەلەگەڵ (ئاگیت تێشوب)دا هەڵهاتن؟ لەئەرشیڤی کەنیسی نوزیدا (بەشی G ژووری ٢٩) لیستێك دۆزراوەتەوە کە ناوی

(٦٠) عەرەبانچی میتانی تێدایە (HSS XV 32). دەقەکە زۆر تێکچووە، بەڵام ئەو ناوانەی کە ماونەتەوە زوربەیان بەنسبەت ئەراپخاوە نامۆن. هەندێك لە ناوەکان ئارین لەکاتێکدا خەڵکی ئەسڵی ئەراپخا ئاشنا نەبوون بە هیچ ناوێکی ئاری* ١١. سەرکردەی عەرەبانچییەکان لە گوندی (دیمتوئارنابو) نیشتەجێ بووە کەیەکێك بووە لەو گوندانەی لە کۆکردنەوەی خەرجی بۆ ٢٠٠ عەرەبانە میتانییەکە ناوی هاتووە و سەربەناوچەی ئابێنا (شاری گوێدرێژەکان) بووە. سنورەکانی ناوچەی ئاری لەگەڵ سنورەکانی نوزی کە زۆر لە خواریشییەوە بووە بەیەك گەیشتونەتەوە کە ڕەنگە ئەمەش زیاتر بەهۆی سەردانی پاشاکانەوە بوبێت بۆ ئەوناوچانە. لەلیستی (HSS XV 72) لەگەڵ ئەوانی تردا باس لەگوندەکانی (ئاری و ئارنابو و کابرا)کراوە کە (کۆمەڵگای بازرگان)ی ئەراپخا سەربە ناوچەی کابرا بووە. پێدەچێت سەرجەم ئەم گوندو شارۆچکانە کەوتبنە سەر ئەو ڕێگا سەرەکییەی بەناوچەی (کابرا)دا تێدەپەڕێت کە شارۆچکەیەك بووە گرنگییەکی زۆری هەبووە لە ڕووی بازرگانی نێونەتەوەیی ئەراپخاوە. لەوەو پێشیش و لەسەردەمی شەمشی ئەدادی یەکەمیشدا هەر گرنگبووە، ئەویش ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بوبێت کە ڕێگا بازرگانییەکە بە ئیمپراتۆریەتەکەدا تێدەپەڕی و ئەوانیش یا ڕێگاکەیان دادەخست یاخود باجێکی زۆریان دەخستەسەر ئەو کاروانانەی بە ڕاستە ڕێگاکەدا دەهاتن.*١٢ ڕەنگە دوای ئەو سەرکەوتنەی کە هەوادارانی ئاشوری لە میتانیدا بەدەستیان هێنا ناوچەی کابرا کەوتبێتە دەستی ئاشوریەکانەوە (HSS XVI 328)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەئەو شارۆچکەیە کەوتۆتە نزیك سنوری دەوڵەتی ئاشورەوە. لێرە بەدواوە تێکستی (HSS XV 124) باس لە کابرا ناکات و هەروەها گوندەکانی ئاری ئارنابوش بەشێوەیەکی وا باسکراون کە لەلایەن دوژمنەوە داگیرکرابن. جێگیربوونی عەرەبانە میتانییەکانیش لەو دوو شوێنەدا ڕاستی ئەمە دەسەلمێنێت و هەوڵیش دەدەین لە خوارەوە باسی بکەین. تێکستی (HSS XIV 523) ڕاستەوخۆ باس لە شاڵاوی سەربازی دەکات و پێدەچێت دوو جەنگ لەیەك کاتدا لە (سیلیا و لوبدی) ڕویدابێت. دۆکیومێنتەکە باس لە ناردنی جل و بەرگی گرانبەهاش دەکات بۆ میر هود تێشوب و هوداوریێ ی کوڕی میر هودیبوراسنێ. ئەم دوو میرە هەردووکیان سەربە نەوەی پێنجەم بوون. خۆیان لەوکاتەدا لە نوزی نەبوون بۆیە جل و بەرگەکان لەلایەن (تێروێناری)یەوە لەگەنجینە وەردەگیرا و پاشان بە (ئێنامادی) تەتەردا دەنێردران بۆ میر و لەوێ لەلایەن (کولبێناری) بەرپرسی گەنجینەی میرەوە وەردەگیران. جل و بەرگی دوو ئەفسەریش درا بە (هێڵدریابوو) ناوێك کە

بیبات بۆ سەرۆکی عەرەبانە میتانیەکان لەبەر ئەوەی لە شەڕی لوبدیدا بەشدارییان کردووە. *۱۳ دۆکیومێنتەکە لەمانگی هوری (Huri)دا نوسراوە کە دووەم مانگی ساڵە. *۱٤ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شەڕەکانی سیلیا و لوبدی لە مانگی هوری یاخود زوتر روویانداوە، لەخوارەوە هەوڵدەدەین مێژووەکە رونتر بکەینەوە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا لەسەرەتای ساڵدا روویانداوە. دۆکیومێنتی (HSS XIV 643) باس لە زنجیرەیەك رووداوی گرنگ دەکات. ناردنی جل و بەرگ بۆ ئاگیبتاشێنی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە پەیکەرەکەی عەشتاری نوزی تیا دروستکراوە کە لە مانگی (سێخلی)دا بووە. سێ مانگی سێخلی (Sehli) هەبووە:- هەشتەم و نۆیەم و دوانزەیەم. ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە ناردنی جل و بەرگەکان لەنیوەی دووەمی ساڵدابووە. جل و بەرگەکان لەلایەن تێروێناری‌یەوە لە گەنجینە وەرگیراوە. هەمان دۆکیومێنت باس لەوەدەکات کە هەندێکی تر لەلایەن (خێڵدیابو)وە وەرگیراوە. دوای هێنانی جل و بەرگ بۆ مێر هیود تێشوب، باس لەهێنانی جل و بەرگیش کراوە بۆ نوێنەری کۆمەڵگەکانی تێلیبێرا و ئیرخاخی ئەو کاتەی کە دوژمنیان لێ وەدەرنرا و ئەمیش وەری گرتووە. ئەم کۆمەڵە کەسەی کە ناویان هێنرا لەهەردوو دوکیومێنتەکەدا باسکراون کە بێگومان ماوەیەکی کورت هەبووە لەنێوانیاندا کە لەیەکتری جیاکردونەتەوە. تێکستی (HSS XIV 643) باس لەوەدەکات کە دواشت کە هێنرابێت جل و بەرگ و خۆراك و رۆن بووە و لەلایەن تێروێناری‌یەوە لە جەژندا لە (ئەلئیلانی) وەرگیراوەو هەروەها باس لەوەرگرتنی جل و بەرگیش دەکات بۆ (کارمێسی) کە لەلایەن کۆڵبێناری ناوێکەوە لە مانگی (کینونو)دا وەرگیراوە کە یەکەم مانگی ساڵەو ساڵێك دوای دروستکردنی پەیکەرەکەی عەشتاربووە. هەموو ئەم کەسانەش دەبێت جارێکی تر لەبەشەکانی دواوە باسیان بکەینەوە. رەنگە هێنانی جل و بەرگ و پێداویستییەکانی تر بۆ گوندەکانی ئیرخاخی و فێلیبێرا بگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەم سەردەمە. بەم جۆرە ئەو زنجیرە رووداوانەی کە رویاندا ئەمانەی خوارەوەی تێدابوو:- هەردوو جەنگی سیلیا و لوبدی کە پێش یاخود لەمانگی دووەمی ئەو ساڵەدا روویانداوە. دروستکردنی پەیکەری عەشتار کە خواوەندێکی جەنگاوەربوو، پێدەچێت وەك یادەوەرییەك بۆ سەرکەوتنەکان لە مانگی سێخلی (هەشتەم مانگی ساڵ)دا و لەکاتی گرنگترین جەژندا دروست کرابێت. هەروەها هێنانی شتومەکەکانیش بۆ کۆمەڵگاکانی ئیرخاخی و تێلیبێرا رەنگە تا رادەیەك پەیوەندی بە جەژنەوە هەبووبێت. لە یەکەم مانگی ساڵی داهاتوودا خاشیمارو جل و

بەرگ و رۆنی وەرگرتووە. هێنانی ئەو جل و بەرگ و پێداویستیانەش رەنگە پەیوەندی بەو شتانەوە هەبێت کە دەدرا بۆ رێکخستنی چۆنیەتی پارێزگاریکردنی سەربازی لەو بنکەیەی لە لای لولوییەکانەوە دامەزرابوو، وەکو لە پێشیشەوە باسکراوە سەرۆکی ئەو بنکەیە خاشیمارو بووە و ساکین ماتیش نوێنەری ئەو حکومەتە ناو خۆییە بوو کە خۆیان حوکمی خۆیان دەکرد. پاشا فەرمانی دابوو بە ئاگیبتاسێنی ی کوڕی ئینامادی کە ئەرکی پاراستنی خاشیمارو بگرێتە ئەستۆ لەکاتی چوونی بۆ بنکەکەو گەڕانەوەیدا (HSS XIII 30). ئەو دیارییەی لەمانگی (کینونو)دا درا بە خاشیمارو ئەوە دەردەخات کە خاشیمارو توانیویەتی ئەرکی بەڕێوەبردنی بنکەکە بەباشی رایی بکات. *١٥ بەپێی ئەوەی کە ناوی گوندەکانی (ئیرخاخی و تێلیبێرا) لەهەمان دۆکیومێنتدا هاتووە، دەتوانین چالاکییەکانی ئەم پیاوە ببەستینەوە بەو روداوانەی کە دوو گوندەکە بەشدارییان تێدا کردووە. بێگومان دەتوانین لە تێکستەکانی تریبەشی (D) ژووری (٣و ٦)دا زانیاری زیاتر سەبارت بە روداوەکان وەربگرین و هەر لەم شوێنەشدا بوو ئەو دۆکیومێنتە دۆزرایەوە کەباس لە (٢٠٠) عەرەبانە میتانییەکە دەکات. تێکستی (HSS XIV 163) کەلە مانگی هوری (مانگی دوو)دا نووسراوەراپۆرتێکە دەربارەی هێنانی جۆ لەو مانگەو لە مانگی داهاتووشدا (کینونو). لەگەڵ ئەوانی تردا باس لە هێنانی (٥ qa 40 imeru) جۆی تێدایە بۆ (١٥) خزمەتکاری ئەفسەرە میتانییەکان کە هەریەکەیان (٣٠ qa) ی بەرکەوتووە، هەروەها دوو گروپ ژنی کاسیتی (Kassite) یش کە ئەو رێژەیەی وەریانگرتووە جیاوازبووە. سی ژن لەوانە (٦ imeru) یاخود هەریەکەیان (٢٠ qa)ی وەرگرتووە و (٢١) ژنی تریشیان (٥ imeru 25 qa)یان وەرگرتووە. (رەنگە رێژەکە لەناو ئەندامانی گروپەکانیشدا جیاوازبووبێت). لەهیچ شوێنێکی تری دۆکیومێنتەکەدا بەم رێژەیە و لەیەک کاتدا باس لە ژنی کاسیتیّ نەکراوە. ئەو بڕە خۆراکەی کەلە دۆکیومێنتەکەدا هاتووە مانگانە نەبووە. یەکێك لەو دوو مانگەی لە دەقەکەدا هاتووە تەواو نییە، پێدەچێت یەکەمیان (مانگی کینونو)بێت کە ئەمەش رەنگە ئەو مانگە بێت کە ژنە کاشییەکان تێیدا گەیشتونەتە نوزی. دۆکیومێنتی (HSS XVI 117) کە ئەویش لەمانگەکانی هوری و کینونودا نووسراوە هێنانی (٦٠ imeru) دانەوێڵەی بۆ (لوبدی) تێدا تۆمارکراوە. *١٦ دانەوێڵەکە لە رێگەی ئارنوبا (ئارنابو؟)ی کوڕی (ئەگابتوکی)وە هێنراوە. پێدەچێت لە مانگی میتیرونی دا (کە ئەمیش یەکێکە لەو مانگانەی جەژنی تێدا بووە JEN 388: 21-22 و بەدوای مانگی هوریدا دێت) پاشا

سەردانی نوزی کردبێت (HSS XV 240). ئەشێت پاشا لە (ئانسوکالو)وە هاتبێت کە شارۆچکەیەك بووە کەتۆتە نزیك زەوییەکانی ئەوەکانی شاژنە (ئامینیا)وە. *١٧ هەندێك پێیان وایە کە پاشا لە رێگەیدا بەرەو نوزی لە (زیزا) لایداوە کە بنکەی سەرەکی ساکین ماتی بووە. دەست و پێوەندەکانی پاشا لەمانگی میتیرونی‌دا گەیشتونەتە نوزی و ماوەی هەشت رۆژ لەوێ ماونەتەوە کە رەنگە ئەو ماوەیە بوبێت کە فێستیڤاڵەکەی تێدا سازکراوە (HSS XIV 60). ئەوەش بزانە کە بە پێچەوانەی شێوە ئاساییەکەوە، ئەو جۆیەی بۆ ئەو هەشت رۆژە خەرجکراوە دوو مانگ دوای ئەوەو لە مانگی (هیباری)دا تۆمارکراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەمانگی هیباریدا زنجیرەیەك روداوی دیاریکراو کۆتاییان هاتووە. ماوەی نێوان میتیرونی و هیباری پڕبووە لە کێشە هەروەك چۆن دەتوانرێت لەم بەڵگەیەی خوارەوەدا ببینرێت. لەمانگی پێنجەمدا (ئیمبوردانی) سیانزە پەنابەر لە هانیگاڵبات (میتانی)یەوە گەیشتوون و هەموویان تەسلیم بە سوکالو ئاگیا (sukkallu Agia)کراون کە ئیتر لەمەودوا لەچەند شوێنێکدا و زیاتر باسی دەکەین. لەدەقی (HSS XVI 392)دا پەناهەندەکان وەك ئەراپخاییو دانیشتوانی شارۆچکەکانی زیزاو تورسێنی و ئانسوکالو و نوزی تۆمارکراون. لەهەمان مانگدا تێروێناری کەلەسەروە باسمانکرد، جل و بەرگی لە گەنجینەی نوزی‌یەوە هێناوە. نیشانەیەکی تری کێشەکان لە دوولاوە ولەیەك کاتدا لەسەر سنوری ئەراپخا بەدیدەکرێت. لە مانگی ئیمبوردانی‌دا جارێکی تر پاشا هاتۆتەوە بۆ نوزی و بۆ ماوەی هەشت رۆژ لەوێ ماوەتەوە (HSS XV 271). هاتنەکەی شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو بۆیە دەبوو ئەو جۆیەی بۆ دەست و پێوەندەکانی پێویستە لە (ئورهێتێشوبی) وەربگرن. گرنگترین دۆکیومێنتەکان بۆ ئێمە ئەوانەن کە لە مانگی شەشەم (هیباری)دا تۆمارکراون. لەم مانگەدا جل و بەرگ هێنراوە بۆ ئاگیت تێشوبی میتانی (HSS XIII 112). ئەمەش شایەنی سەرنجدانە یەکەم لەبەر بوونی ئاگیت تێشوب کە پێی دەوترا ئاگیت تێشوبی میتانی بۆ ئەوەی لەو کەسانە جیابکرێتەوە کە هەمان ئەو ناوەیان هەبووە، دووەمیش لەبەر ئەوەبووە کە جل و بەرگەکانی لە رێگەی کەسێکی نەناسراوەوە بۆ دەهێنرا، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەرچەندە ئاگیت تێشوب خۆی بێگانە بووە، بەڵام تارادەیەك گرنگی خۆی هەبووە. ئەو راستیەش کە دەبوو لە رێگەی کەسانی ترەوە پەیوەندی پێوەبکرێت ئەوە دەردەخات کە ئاگیت تێشوب لەناو نوزی‌دا نەبووە. رەنگە ئەم جل و بەرگانەشی بۆ ئەوە بوبێت چونکە ئەوانەی خۆی لەگەڵ سەروەت و سامانەکەیدا لەلایەن بابلیەکانەوە

دەستی بەسەردا گیرابوو. هەر لەمانگی هیياریدا بوو کە شاتيواسا ناوێك لەنێو دەست و پێوەندەکانی پاشای ئەراپخادا دەرکەوت. ناوی شاتيواسا لە (٩) تێکستی نوزی دا هاتووە (HSS XIV 48,49,52,55,58,72,135). لەنێوان ناوی ئەو پياوانەی لە دۆکيومێنتەکاندا تۆمارکراون ناوی ئاگيت تێشوبی تێدانی‌يەو بەهەمان شێوەش لەوە بەدواوە چيتر باس لە ئەفسەر ميتانييەکان و عەرەبانچييەکان نەکراوە و پێدەچێت دوای ئەوەی لەلايەن پاشای بابلييەوە تالانکران رۆيشتبن. لەوانەيە بە پێی ئەو بەڵگانەی لە دۆکيومێنتەکانی دواتردا هەيە بتوانرێت ئەو شوێنە دەست نيشان بکرێت کە رويان تێکردووە. ئەرشيڤی بەشی (C) چەند دۆکيومێنتێکی تێدايە سەبارەت بە چالاکييە سەربازييەکانی فەرماندەکان کەلە کۆتايی ئەو ماوەيەدا لە نوزی ئەنجامياندارە. لەنێوانياندا چوار تێکست هەيە (HSS XV 264 : HSS XVI 89,92,103) تايبەتن بە چاودێريکردنی زيندانيەکانی جەنگ لە هەردوو گوندی ئيرخاخی و تيليبيرا. ئەو دانەوێڵەيەی بۆ زيندانييەکان پێويست بوو لەلايەن دوو کەسەوە بە ناوی (ئارنيا و کيپتاليلی)يەوە دەهێنرا. هێشتنەوەی زيندانيەکان بۆ ماوديەکی زۆر لەگەڵ ئەوەشدا کە دابينکردنی خۆراکی پێويست زەحمەت دەکات، دەشبێتە هۆی دروستکردنی روداوی نائاسايی. زۆرترين بڕی خۆراك کەلەيەك کاتدا هێنرابێت لەوە بوو کە تێشوريی کوڕەزا گەورەکەی تێ هێب تيلا هێنای و بڕەکەی (١٠٠ imeru) بوو. بەگوێرەی ئەو دۆکيومێنتانەی کە ماونەتەوە زياتر لە (١٧٤ imeru) دانەوێڵە بەتەنها لە نوزی‌يەوە نێردراوە، لەوانە دۆکيومێنتی (HSS XVI 103)يە کە خەرجييەکانی مانگی ئولولوی تێدا تۆمارکراوەو هەروەها دۆکيومێنتی (HSS XVI 89)ش کە خەرجييەکانی هەفتەی يەکەمی مانگی سيخلی‌تێدا تۆمارکراوە کە (٣ imeru)بووە. پێدەچێت مانگی (ئولولو) مانگێکی زيادکراوبێت لە ناوەراستی ساڵدا. *١٨ يا دۆکيومێنتەکان خەرجييەکانی دوا رۆژەکانی کۆتايی مانگی (ئولولو) و خەرجييەکانی مانگی حەوتەم (هێنزوری) کە بەمانگی سێو ناسراوە و هەروەها هەفتەی يەکەمی مانگی هەشتەم (سێخلی)شی تێدا تۆمارکرابێت. ئەگەر هەر زيندانييەك رۆژانە وەك ميتانييەکان (١ qa)ی وەرگرتبێت، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی زيندانييەکان نزيکەی (٤٠٠) کەس بوون. ئەوەش بزانە کە دۆکيومێنتەکان لە نيوەی دووەمی ساڵدا تۆمارکراون، ئەمەش ئەوە دەگەيەنێت کە جەنگەکان ماوەيەکی زۆريان خاياندووە. ئەم زيندانييانە خەڵکی کوێ بوون؟ بۆ ئەبوايە خۆراکيان لەلايەن دانيشتوانەوە بۆ دابين بکرايە؟ ئايا ئەمە لە

کاتێکدا بووە کە ژمارەی دانیشتوانی ئەراپخا کەم بووە؟ لە ئاسیای کۆندا دیلەکانی جەنگ بەزۆترین کات لەسەر ئیش دادەنران و چیتر وەك زیندانی ناویان تۆمار نەدەکرا یاخود دەفرۆشران بە خەڵکانی تر. با لێرەدا ئەوە بە بیری خوێنەردا بهێنینەوە کە مانگی (سێخلی) ئەو مانگەبوو کە تیایدا پەیکەرەکەی عەشتار دروستکرا و دیاریش بەخشرا بە شارۆچکەکانی ئێرخاخی و تێلیبێرا بە بۆنەی رزگاربونیانەوە. ئەم دیارییانە لەلایەن کێوە بەخشران؟ رەنگە لەلایەن ئەو کەسە چاوچنۆکانەوە بووبێت کە دەستیان گرتبوو بەسەر زەوییەکاندا و بەروبوومەکەیان دەخوارد. لێرەدا باس لەو راستیە گوماناویانە ناکەین کە پەیوەندی بە سەربازەکانی پاشاوە هەیە، بەڵکو تەنها باس لەو دۆکیومێنتانە دەکەین کەباس لە کۆمەڵێك شت دەکەن کەلە راستیشدا هەروا بوون. لە بابل عەرەبانچییە میتانییەکان تەوقدران و عەرەبانەکانیان و هەرچییەکیشیان پێ بوو تاڵانکرا، بەڵام باس لە گرتنی پیاوەکان لەلایەن بابلییەکانەوە نەکراوە، بەڵکو رێگەیان داون کە بڕۆن، بەڵام عەرەبانەکانیان نەداونەتەوە. تۆ بڵێی ئەم (٤٠٠) زیندانییە بارمتە نەبن و ئەراپخاییەکان گرتبێتیانن بۆئەوەی میتانییەکانیان دەست بکەوێتەوە؟ ئەمەش زۆر رێی تێدەچێت چونکە کە میتانییەکان لەبابل هەڵهاتن هیچ شوێنێك نەبوو رووی تێبکەن تەنها ئەراپخا نەبێت. رێگەی باکور لەلایەن ئاشورییەکانەوە و رێگەی خۆراوا لەلایەن دوژمنەکانی خۆیانەوە لە خاکی خۆیاندا و رێگەی باشوریش لەلایەن کاسیتێکانەوە کە تالانیان کردبوون بە روویاندا داخرابوو. لەگەڵ ئەمەشدا نەیانتوانی تاسەر لە ئەراپخای هەژار و کەم دەرامەتدا بمێننەوە. رەنگە ئەرکی خاشیماروش کە نێردرابوو بۆ لای لولوبییەکان و ساڵی داهاتووش بە ئەنجامێکی باشەوە گەڕایەوە ئەوە بوبێت کە روخسەتی رۆیشتن لە ئەراپخا بۆ جەنگاوەرە میتانییەکان وەربگرێت. هەرچۆنێك بێت کەسیان لەوێ نەمایەوە تەنها شاتیواسا نەبێت. ناوبردنی شاتیواسا لە دۆکیومێنتەکانی نوزیدا بە شاتیواسای کوڕی پاشا توشراتای میتانی لەسەر ئەو زانیارییانە بەندە کە ناوی ئەمی تێدا هاتووە *١٩. کەسێکی تارادەیەك گرنگ بووە چونکە ناوی لەگەڵ دەست و پێوەندەکانی پاشادا هاتووە. ئەو لیستەش کە ناوی دەست و پێوەندەکەی پاشای تیا تۆمارکراوە ناوی خزمەتکار، مەیتەر، سەقا و تەتەر و... هتد تێدانییە. نیوەی ئەو (٤٢) پیاوەی لەگەڵ شاتیواسادا لە لیستەکاندا ناویان هاتووە، بەردەوام لەگەڵ ناوی شاتیواسادا ناوی ئەمانیش هاتووە کە ئەمانەن:- ١- ئاگیبتاسێنی کوڕی سیساتنا ٢- ئاگیبتاسێنی دووەم یاخود ئاگیا

٣- تیلدئاشورا ٤- تادیب تێشوب ٥- هود تێشوب ٦- هودیب ئوراسی ٧- ویراهێ ٨- توبکی تێشوب (کچێك بووه) ٩- ئەلاسی هوری ١٠- ئەمارسین ١١- ئالویسو ١٢- ئادراکاما ١٣- پورنیهو ١٤- پەیتیلا یاخود پایا ١٥- ئێلی تێشوب ١٦- هێلدی تێشوب ١٧- کولبێناری ١٨- سادینسو ١٩- تێروێناری ٢٠- ئویراتی ٢١- ئوتابتەی. لەنێو ئەو ناوانەدا کە بەردەوام دووبارە دەبنەوە ناوی (١٠) کەس هەیە کە تەنها یەك جار بەرچاو دەکەون، رەنگە ئەمانەش دووبارە بوبێتنەوە، بەڵام لەو بەشانەی لیستەکانی تردا بوبن کە هەندێك لە زانیارییەکانیان فەوتاوە ئەوانیش ئەمانەن :- ٢٢- ئەگا ڤادیل ٢٣- ئینامادی ٢٤- کاردیبێروی ٢٥- سیمیگاری ٢٦- هورا ٢٧- ئیریری تیلا ٢٨- تێهیبابو ٢٩- تیَ هێب تیلا ٣٠- ورتێشوب ( ئەم پیاوە sukkallu بووە کە پێدەچێت سوکالو پۆستێکی حکومی بووبێت – وەرگێڕ) ٣١- وانتیا ( کە ئەمیش sakin mati بووە کە بەهەمان شێوە ئەمەش پۆستێکی حکومی بووە- وەرگێڕ). سەرەتا بەو دۆکیومێنتە دەست پێدەکەین کە تا رادەیك شتێکی دەگمەنە (HSS XIV 72). لیستەکە تەنها (٥) لە ناوە دووبارە بووەکانی تێدایە ئەوانیش میر هودیب ئەراسیَ، میر تادیب تێشوب، کولبێناری، سادێنسو و شاتیواسا، و (١٠) ناوەکەی تر لە هیچ شوێنیکدا باس نەکراون. تێکستەکە تایبەتە بە هێنانی کونجی بۆ چاندن و بۆ رۆنەکەی. زۆرترین بڕی رۆنی ئامادەکراو لە مانگی هییاریدا (Assor XIV 46 sq) هێنراوە. ئەگەر حسابی ئەوکاتە بکەین کە پێویستە بۆ بەرهەم هێنانی کونجی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە رەنگە لەمانگی سێهەم (میتیرونی)دا هێنرابێت، وە پێشدەچێت ئەمە لەهەمان کاتدا مێژووی نووسینی دۆکیومێنتەکەش بێت. لەنێوان ئەو ناوانەدا کەلە شتە هێنراوەکانیان وەرگرتووە ناوی قەشەیکی ژن هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هێنانەکە پەیوەندی بەهەندێك بۆنە و رێورەسمی ئاینیی تایبەتەوە هەبووە. لەبەر ئەوەی زنجیرەی بەدوایەکا هاتنی ناوەکان و ئەو بڕە خۆراکەی وەریانگرتووە گرنگن، دۆکیومێنتەکە جارێکی تر بەتەواوی دەنووسینەوە:- لەسەرەوەی لیستەکە ناوی هودیب ئوراسی هاتووە (٦٠ qa)، بەدوای ئەمیشدا ئەم ناوانە بەم شێوەیە هاتوون:- کاهنەی ئابێنا (٤٠ qa)، تامارتای (٢٠ qa)، کولبێناری (٣٠ qa)، گوندی تێمتێنا (١ imeru)، پیاوێکی لوبدی (٢٠ qa)، سادێنسو (١٠ qa)، تارمی تێشوبی کوڕی هودیا (١٠ qa)، پایینی (٤ qa)، تێهیت تێشوب (٤ qa)، ئاردیمالو (١٢ qa)، نول تێشوب (١٢ qa)، وەهار تێشوبی کوڕی تاگیا (١٠ qa)، شاتیواسا (٥ qa)، کولاهوبی

(qa ٣٤)، (بەمەر هەموویان ٢ imeru 74 qa یان وەرگرتووە). ناوی هەریەك لەمانەش بە جیاجیا هاتووە :- هوتا (٥٠ qa)، زیگایا (٥٠ qa)، تادیب تێشوب (٧ imeru)، ئەوکەسەی رۆنەکەی دروست دەکرد (١٠ imeru). بەم شێوەیە دەبوو پیاوەکانی ساکینو (٢١ imeru) بێنن بۆ شاری ئولامێ (Ulamme). لەوانەیە ساکینو لەگەڵ ساکین بیتی لێپرسراوی بەشی ئابووری کۆشکدا هەریەك کەس بن. ئەوەش بزانە کە (٥) کەس لەوانەی ناویان لە لیستەکەدا هاتووە دەبوو وەك بارمتە ژن بدەن بە کاربەدەستانی شاری نوزی، بە پێی دۆکیومێنتەکانی (HSS XV 120, 207 B) ئەم پێنج کەسە ئەمانەبوون:- کاهنەی ئابێنا، میر هودیب ئوراسی، کۆلبێناری، تادیب تێشوب و وەهار تێشوبی کوڕی تاگیا. بۆ چوونێکی واهەیە کە گوایە بارمتەکان لەکاتی ئەو رووداوانەدا کە بوونە هۆی دەرکەوتنی شاتیواسا رفێندراون. ئەوەش دەزانین کە لە تێمتێنادا (گوندێکە لە دۆکیومێنتەکەدا ناوی هاتووە) ژنان وەك بارمتە دەدران بە لولوبییەکان، لە دواییدا ئەمانە لەگەڵ ژنانی (ئازوهینا)دا گۆڕدرانەوە. یەکێك لە دوو دۆکیومێنتەکە کە سەر بە بەشی (HSS XVI 387)ە مۆرێکی ئاگیبتاسێنی (ساکین ماتی) پێوەیە کە فەرمانێکی شاهانەی بۆ دەرچووە بۆ پاراستنی تاقمەکەی خاشیمارو لە لولوبی. رەنگە کاهنە ئابێنە تارادەیەك پەیوەندی بە دەرکەوتنەکەی شاتیواساوە هەبێت. کاتێك پاشا سەردانی ئابێنای کرد، شاتیواسا لەگەڵ دەست و پێوەندەکەی دا بوو (HSS XIV 56) وە (٢٠٠) عەرەبانە میتانییەکانیش لەناوچەی ئابێنا دابەشکران بەسەر چوار شوێندا. لەلیستەکەدا راستەوخۆ دوای ئەسپەکانی پاسەوانە تایبەتەکانی پادشا، باس لە ئەسپەکانی شاتیواسا کراوە. دوای ئەمانیش باس لە ئەسپەکانی میر تادیب تێشوب و هودیب ئوراسی و هود تێشوب و سادێنو و ئاگیبتاسێنی و تێروێناری و سێ کەسی تر کراوە کە ناوەکانیان شێواوە. دۆکیومێنتەکە تایبەتە بە هێنانی جۆ بۆ تاقمەکەی پاشا بۆ دوو رۆژ ئەمەش ئەو ماوەیە بوو کە پاشا لە شاری گوێدرێژەکان (ئابێنا) مابووەوە.کەمترین بڕی خۆراك کە هێنرابێت (QA ١٠) بووە، ئەسپەکانی پاشا (١ qa 3 imeru)یان پێدراوە، ئەوانەی میر هودیب ئوراسی (٣٠ qa) و ئەوانەی شاتیواساش (qa ٢٤). ئەسپەکانی پاشا حەوت ئەوەندەی ئەسپی میرەکانیان پێدراوە. تەنها یەکێك لەو تێکستانەی باسی شاتیواسا دەکات مێژووەکەی لەسەرە ئەویش تێکستی (HSS XIV 48) کە مێژووەکەی مانگی هیاری‌یە و ئەم مانگەش هەمان ئەو مانگەیە کە ئاگیت تێشوب جل و بەرگ و پێداویستییەکانی تیا وەرگرتووە. ئاگیت تێشوب ئەو فەرمانده

سەربازییە بوو کەلە شاتورناوە بەرەو بابل هەڵهات و لەوێ لەلایەن پاشای کاشییەوە تالان کرا. پێدەچێت کە ئاگیت تێشوب لەگەڵ جەنگاوەرەکانیدا رۆیشتبێتن بۆلای لولوبییەکان، بەلام شاتیواسا لەگەڵ پاشای ئەراپخادا ماوەتەوە. هەموو ئەو ناوانەی لە لیستی(HSS XIV 48) هاتووە، لە دۆکیومێنتەکانی تردا دووبارە بونەتەوە تەنها دوانیان نەبێت. ئەمە ژمارەی ئەو ناوانەیە کە دووبارە بونەتەوە (١٦- ١٧- ١٤ – ٧ – ٣- ٢٠- ١ – ١٠) و دوای ئەمانیش ناوی شاتیواسا هاتووەو پاشانیش ژمارەکانی (١٨- ٤ – ٢٩ – ٢ – ١٩ – ١١ – ٢١ – ٢٧)، پێنج ناو لە لیستەکەدا شێواوە. گرنگی دۆکیومێنتەکە بەشێوەیەکی سەرەکی لەو کەسانەدایە کە ناویان نەهێنراوە و سەر بەدەستەکەی پاشاش نەبوون. لەسەرەتای لیستەکەدا ئەو برە جۆیە تۆمارکراوە کە بۆماوەی شەش رۆژ دراوە بەو ئەسپانەی لەخزمەتی پاشا دا بوون کە (٧ 20 imeru qa) بووە و دوای ئەمانیش ئەسپەکانی می لوگاڵ هاتووە کە (٩٠ qa)یان وەرگرتووەو ئەسپە یەدەگەکانیش هەمان ئەو برەیان وەرگرتووە. ئەو میوانانەی لە ئەکەد (کاشی بابل)ەوە هاتبوون بۆ ماوەی پێنج رۆژ جۆیان وەرگرتووە و ئەو برەی وەریان گرتووە لە نووسینەکەدا شێواوە. ئەم پێنج رۆژەش ئەوە دەگەیەنێت کە یا ئەوەتا رۆژێك دوای پاشا گەیشتوون یاخود رۆژێك زوتر رۆیشتونەتەوە. حەقدە ژنی کاشی و سێ ژنی لولوبی بری (٨ imeru) جۆیان وەرگرتووە بۆ ماوەی دوو مانگ (ئیمبوردانی و هییاری) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەریەکەیان لە مانگێکدا (٢٠ qa)ی وەرگرتووە و ئەم برەش هەمان ئەو برە بووە کەدراوە بە پیاوێك لە کۆشکی نوزیدا. واپێدەچێت کە گفتوگۆکان لەگەڵ کاشیەکان و لولوبیەکاندا لەو دوو مانگەدا ئەنجامدراین و هەرلەبەر ئەوەش بووە کە ئەراپخاییەکان ژنە بارمتەکانی هەردوو ولاتەکەیان لای خۆیان هێشتۆتەوە. ئەمەش زۆر رێی تێدەچێت چونکە میوانە بابلییەکانیش لەوێ ئامادەبوون. لە کۆبوونەوەکاندا چەند کەسێك وەك جێگری هەندێك لەمیرەکان ئامادەبوون، چونکە یەك دوانێك لە میرەکان بەکاری دیپلۆماسی رۆیشتبوون و لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە نەبوون. دەتوانین بڵێین کە هور تێشوب یەکێك بووە لە میرە ئامادە نەبووە کان چونکە ئەم ئەندامێکی هەمیشەیی دەستەی پاشایەتی بووە و هەمیشە ناوی لە لیستە یەکەمەکاندا هاتووە و لە رووداوەکانی ئەو کاتەدا بەشداریکردووە، بەلام لەم دۆکیومێنتەدا ناوی نەهاتووە. ئەوەش ئاشکرایە کە گفتوگۆکان لەگەڵ کاشییەکاندا لە ئەل-ئیلانی (Al-ilani)ی پایتەختی ئەراپخا ئەنجامدراوە، ئەمەش لە دۆکیومێنتی (HSS XIV 136)دا باسکراوە کە تایبەتە

بە هێنانی (٣٠) کوپی ئاڵتون و زیو کە نەخش و نیگاری هەمەڕەنگی لەسەر هەڵکەنرابوو بەسەرپەرشتی ئالویسو (No. 11). ئەم کوپانەش لەلایەن (ئیلهیب تێشوبی) بەرپرسی بەشی ئابووری کۆشکەوە لە گەنجینەی نوزی نێردرابوو لەکاتی گەیشتنی میر (هود تێشوب) لەگەڵ پیاوە ئەکەدییەکاندا. ئەمەش پەیوەندی بەو گفتوگۆیانەوە هەبوو کەلە مانگی خیارییدا لەگەڵ میوانە ئەکەدییەکاندا کرا. بێ گومان دڵنیاین لەوەی کە ئاگیت تێشوب لەوکاتەدا سەروەت و سامانەکەی لەدەستچووە کە هەوڵیدا پاشای کاشی وەك هاوپەیمانێك دژی سەرکردە نوێکانی میتانی بەکاربێنێ، بەڵام تا رادەیەکی زیاتر دەتوانین بڵێین کە گفتوگۆکان لەگەڵ کاشییەکاندا پەیوەندی بە بوونی پەناهەندە میتانییەکانەوە هەیە لە ئەراپخادا بەسەرۆکایەتی (ئاگیت تێشوب) و هەروەها بەو هەوڵەشەوە کە دای بۆ بەدەست هێنانی هاوکاری لە بابل. ئەنجامی چالاکییەکانی (ئاگیت تێشوب)لە دۆکیومێنتەکانی (بۆغازکۆی)دا دەردەکەوێت. مێژووی دۆکیومێنتی (HSS XIV 49) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە پەیکەرەکەی عەشتاری تیا دروستکرا لە نوزی. لێرەدا ناوی (شاتیواسا) لەگەڵ (٢٥) ناوەکەی تری ناو لیستەکەدا هاتووە کە لیستێکی تەواوە. پازدە لەم ناوانە لەگەڵ ناوەکانی دۆکیومێنتی (HSS XIV 48)دا یەکن جگە لە (پەیتیلا، تێهیبتیلا و کێهیبابو کە ئەمانە ژمارەکانی "١٤ – ٢ – ٢٨"ن لە لیستی لاپەڕە ١٤٤). ئەو دە ناوەی لە دۆکیومێنتی (HSS XIV 48)دا نەهاتوون، لەو دۆکیومێنتانەدا کەباس لە (شاتیواسا) دەکەن هەیە ئەوانیش خانم (ئەلاشیهوری) (ژمارە ٩) و ژمارەکانی (٢- ١٣ – ٢٣ – ٥ – ٢٦ – ٢٤ – ٢٥ – ١٥ – ٨)ن لە دۆکیومێنتی (HSS XIV 49)دا. ئەم دۆکیومێنتە بەوە جیا دەکرێتەوە کە باسی قەشەی گەورە و وەکیلەکانی دەکات کە خۆی (imeru 3 qa ١) و ئەوانیش (٢٠ qa) جۆیان وەرگرتووە کە پێدەچێت یەکێکیان ڕۆیشتبێت. بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخەکە دەتوانین کەڵك لەو نامەیەی پاشا ببینین کە بۆ (سارتێشوبی) کوڕی (ئوتابتای) سەرکردەی هێزی سوارەی ناردووە. پاشا لەنامەکەیدا فەرمان بە (سارتێشوب) دەدات کە گیانی قەشەی گەورە و (سوکالو) بپارێزێت لە کاتی هاتنیان بۆ ناو ئابێنا، هەروەها دەبێت هەوڵیش بدات تاکو یارمەتی وەربگرێت لە هودیابو (ساکین ماتی) کەلە (زیزا)بوو. یەکێکی تر لەو کەسە گرنگانەی کەلە دۆکیومێنتی (HSS XIV 49) دا هاتووە خانم (ئەلاشیهوری)یە. ناوی ئەم خانمە چوار جار لەگەڵ ناوی (شاتیواسادا) هاتووە (HSS XIV 49, 55, 58, 135)، دوان لەم دۆکیومێنتانە لیستی زۆر کورتن و ناوی

دەست و پێوەندەکانی پاشای تێدایە. لە دۆکیومێنتی (HSS XIV 55) ناوی (شاتیواسا) لەبەشی سەرەوەی لیستەکە و راستەوخۆ دوای ناوی جێگرەکانی پاشا هاتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەلە پێش ناوی میر (ویراهێ) و ئەلاشی هوری و ئویراتی و تێلدئاشورا و ئاگیبتاسێنی و تادیب تێشوب و ئەمار سینەوە هاتووە. میر ویراهی دوو جار ناوی لە لیستەکەدا هاتووەو هەرجارەش بڕێکی جیاواز جۆی وەرگرتووە. پێدەچێت یەکەم جار ئامادە نەبوبێت و دواتر گەڕابێتەوە. دۆکیومێنتی (HSS XIV 58) کورتترین دۆکیومێنتە و تەنها ناوی شەش کەسی تێدایە کە ئەمانەن (ئاگیبتا سێنی، ئویراتی، شاتیواسا، ئەلاشیهوری، ویراهێ و هودیب ئوراسی). هەر هەموویان بۆ ماوەی یەك رۆژ جۆیان وەرگرتووە. عەرەبانچیەك بۆ ئەسپێك (٢ qa) جۆی وەرگرتووە، ئەسپەکانی پیاوەکانی پاشا (٨٠ qa) جۆیان وەرگرتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پاشا (٤٠) ئەسپی هەبووە بۆ پێداویستییەکانی خۆی بەکاری هێناون. گرنگترینی ئەو چوار تێکستەی ناوی شاتیواساو ئەلاشیهوری تێداهاتووە تێکستی (HSS XIV 135)ە کە تایبەتە بە ناردنی بیرە. لەسەرەوەی لیستەکە ناوی خانم (می لوگاڵ) هاتووە و بە دوای ئەویشدا ئەمانە هاتوون :- ژمارەیەك کەنیزەك، بوکێکی خۆی کە ناوی نەبراوە، ئەلاشیهوری کە دایەنی ساسو تێشوب بووە، چەند کچێکی منالکار کەلە شاری ماری (Mari)یەوە هاتبوون، هودیب ئوراسی، تادیب تێشوب، تێروێناری، چەند جێگرێکی دیاریکراوی پاشا، ئاگیبتاسێنی، سوکالو ئاگیا، تێلد ئاشورا، ئەمارسین، تەتەرەکان، وەرگێڕەکان، شاتیواسا، جارێکی تر دایەنەکان، کەنیزەکەکان و چەند کەسێکی تر کە ئیشێکی دیاریکراویان نەبووە. لەکۆتایی تێکستەکەشدا ناوی کوڕەکانی شیلوا تێشوب (کە میرێکی بەناوبانگ بووە و رەنگە لەو کاتەشدا پاشا بووبێت) و پورنیهور (ژمارە ١٣ لە لیستی لاپەڕە ١٤٤) هاتووە. دۆکیومێنتەکە مۆری میر ویراهی و واندیا (ساکین ماتی) و ئاگیا (سوکالو)ی پێوەیە. باسکردنی کوڕەکانی شیلوا تێشوب کە بەداخەوە ناویان نەهاتووە ئەوە دەردەخات کە ئێمە باس لەنەوەی پێنجەم دەکەین و دەرکەوتنی واندیاش وەك ساکین ماتی ئەوە دەردەخات کە ئاگیبتاسێنی کوڕی ئینامادی چیتر لەو پۆستەدا خزمەتی نەکردووە و تێشورێش کە دواکەس بووە لەو پۆستەدا تاکو ئەوکاتە دانەنراوە. شتێکی زۆر گرنگ لەم تێکستەدا باسکردنی ئەو کچانەیە کە لە ماریەوە هاتبوون. بێگومان ئەمانەش هەر لەژنە بارمتەکانی نوزی بوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گفتوگۆ لەگەڵ ماریدا لە ئارادابووە. ئەم گفتوگۆیانەش لە دۆکیومێنتی

HSS XIV 84)دا باسکراوە و تیایدا هاتووە کە کاتێك (شاتیواسا) چووە بۆلای ئەو میوانانەی لەماری‌یەوە هاتوون دوو عەرەبانەو چەند کەسێکی داونەتێ. ئەمانە زیاتر لە ڕێگە خۆشکردنێك و خۆئامادەکردنێك دەچێت بۆ هەڵهاتنی (شاتیواسا). دوای ئەوەی (ئاگیت تێشـــوب) و پیاوەکـــانی لەلایــــەن ئەراپخاییەکانــەوە ناچـار کـران ڕوبکەنــە شاخەکان، ئەراپخاییـەکان دەسـتیان کـرد بـە ئامـادەکردنی گەشـتەکەی (شاتیواسـا) بـۆ هەرێمی ماری. لەو سەردەمەدا سنوری حیتی لە ڕوباری فوراتەوە درێژ دەبۆوە بەرەو میتانی و لەنزیك ماری‌یەوە بەئاسانی دەتوانرا بچیتە نـــاو ئیمپراتۆریـــەتی حیتیەکانـــەوە. وادەردەکەوێت کـە سـەرەتا شاتیواسـا یـەك عەرەبانـەو دوو ئـەراپخایی لەگـەڵدا بوبێـت و دوو عەرەبانەکـەی تـر لەگـەڵ ئـەلیك ئـارکی (Alik arki)دا لـە ماری‌یـەوە لەگـەڵیدا ڕۆیشتبن. بەپێی ئەم سێ تێکستەی خوارەوە کـە نـاوی شاتیواسـای تێدانی‌یـە، دەتوانـین بزانـین کـە ئەلاشـیهوری کـێ بـووە و چارەنووسـی بـەچی گەیشـتووە. لـە لیسـتی دەستەی شاهانەدا (HSS XVI 111) ناوی لەگەڵ ئەوانەدا هاتووە کە بەبەردەوامی لەگەڵ پاشادا بوون کە ئەمانە هەندێکیان بـوون :- ئاگیبتاسـێنی، دوو میر کـە هـود تێشـوب و هودیـب ئوراسـی بـوون و دوو سـوکالو کـە ئـەوانیش تێلدئاشـورا و ئاگیبتاسـێنی (ئەمـە جیـاوازە لـە ئاگیبتاسـێنی یەکـەم)بـوون، ئویراتی، ئوتابتای بەرپرسی ئابووری کۆشك لە نوزی، ئیلهیبتیلا *٢١ و پێنج کەسی نوێ کەلە ناویاندا ناوی هودیبتاسێنی لەگەڵ ناوی ئـەو پیاوانـەدا هـاتووە کـە بـە یـاوەری پاشـا سەردانی نوزییان کردووە لە مانگی سێخلی‌دا (HSS XIV 53). لـە مـانگی ئارکـابینی‌دا کاتێك سەرما ڕەوییەوە، ئەلاشیهوری لەگـەڵ کەنیزەکەکان و گۆرانی بێژەکاندا بەشە گەنمی خۆی وەرگرت. لەم مانگەدا بۆنەیەك هەبووە و ڕەنگـە ئەلاشـیهوری کـاتێك بیسـتویەتی شاتیواسـا بەسـەلامەتی گەیشـتۆتە هـاتی بەشـداری تێداکردبێـت و ئەمـەش پێـش وەرگرتنی گەنمەکە بووە (HSS XVI 115). دوا دۆکیومێنـت (HSS XVI 331) لیسـتێکی زۆر تایبەتی‌یـە و پـەیوەندی بـە بردنـی (٢٦)کەسـەوە هەیـە بـۆ نـاو کۆشـك. لەبەشـی سـەرەوەی لیسـتەکە نـاوی دوو مـیر (تـادیب تێشـوب )*٢٢ و (ئورهاتـادی) نووسـراوە و نـاوی ئەلاشـیهوری لـە نێوانیاندایە، پاشان ناوی (٢٠) پیاو دێت کە هـەموویان نـاوی بنەماڵەکـەیان لەگـەڵدا نووسـراوە، لـە نێوانیـاندا تێشـورهێی کـوڕی تاکوی کوڕەزا گەورەکەی تێهیبتێلای تێدایە. لیستەکە مۆری سوکالو ئاگیا (ئاگیبتاسێنی) پێوەیە. دوای مۆرەکـەش نـاوی دوو هـاوڵاتی تر نووسراوە ئەوانیش نانایگیدو و هوتیروێ ناوێك بووە کە ئەمانە براون بۆ پوروڵوێ نەك

نوزی. ئەو کەسانەی کە براون بۆ کۆشکی نوزی بە (sapisanna) ناسراون، بەداخەوە ئەو زاراوەیەی لە زمانی هوریانیدا بە واتای (کۆ) دێت نەزانراوە، بەڵام ئەو زاراوەیەی کە بە واتای (بردن بۆ ناو کۆشك دێت وەك بارمتە) ئەمەیە (terminus technicus). ئەگەر ئەم کەسانە کە ئەلاشیهوریشیان لەگەڵدا بوو دەست بەسەر کرابن ئەوا بەو هیوایە بووە کە بارودۆخە سیاسییەکە هێوربکرێتەوە. ئەو بارودۆخە ناهەموارەش بە جێگیرکردنی شاتیواسا لە پایتەختی میتانی و بەهاوکاری حیتییەکان کۆتایی هات، بەڵام ئەمەش موجازەفەیەکە پڕ لە مەترسیبوو. ئەلاشیهوری دایکی شاتیواسا بوو، بۆیە دەبوو ئەمیش باجێکی زۆر بدات لە بەرامبەر ئازادکردنیدا یاخود بیگۆڕێتەوە لەگەڵ هەندێ کەل و پەلی بەنرخ یا چەند بارمتەیەك. دەتوانین بڵێین کەئەمەش کۆتایی ئەو ماوەیە بووە کە شاتیواسا لە ئەراپخادا ماوەتەوە. تاکو ئێستا باسی دوو دۆکیومێنتمان نەکردووە کە باس لە شاتیواسا دەکەن ئەوانیش دۆکیومێنتەکانی (HSS XIV 57 and 52)ن. یەکەمیان بەوە جیادەکرێتەوە کە ناوی پیاوەکانی پاشا لەسەرەتاوە نەهاتوون بەڵکو لە کۆتاییدان. بە گوێرەی ئەو برە خۆراکە بێت کە لە لیستەکەدا تۆمارکراوە، پاشا بەسەردانێکی یەك ڕۆژە هاتۆتە ناوچەکە. بەپێی لیستەکە ئەمە یەکەم جارو دواجاریشە کە ناوی سوکالوی سێیەم، ورتێشوب، لەگەڵ ناوی تێڵد ئاشورا و ئاگیبتاسێنی (یاخود ئاگیا)دا هاتبێت. ئەرکی ئەمانە بە ئاشکرا دیار نییە، بەڵام ڕەنگە هەریەکەیان لە سنورەکەی خۆیدا تاڕادەیەك پەیوەندی بە ململانێ نێونەتەوەییەکەوە هەبێت بەو سیفەتەی کە ئاگیبتاسێنی پەیوەندی بە میتانییەوە هەبووە و تیڵدائاشوراش بە ئاشورەوە و پێش دەچێت ورتێشوب پەیوەندی بە کاشییەکان یاخود هاوپەیمانە نوێیەکەوە هەبووبێت کە لولوییەکان بوون. دۆکیومێنتی (HSS XIV 52) جێگەی سەرنجە چونگە ئەسپەکانی شاتیواسا جیا لە ئەسپەکانی عەرەبانچییەکان خۆراکیان وەرگرتووە. ئەوانەی شاتیواسا (20 qa)یان وەردەگرت، بەڵام ئەوانەی عەرەبانچییەکان (50 qa). هەروەها پیاوێکی ئاشوریش بەجیا خۆراکی وەردەگرت بۆ ئەسپەکانی خۆی و بۆ ئەسپەکانی عەرەبانچییەکەی، ئەوانەی خۆی (20 qa) و ئەوانەی تریش (10 qa)ی بۆ وەردەگرتن. بەمەشدا دەردەکەوێت کە لەوکاتەدا شاتیواسا دەست و پێوەندی خۆی هەبووە کە پێنج ئەوەندەی ئەوەی ئاشورییەکان بووە. ئەگەر بە پێی کەسەکان بڕیاربدەین ئەوا ئەم سەردانەی پاشا یەك ڕۆژە بووە. هیڵدگارد لیوی جارێك وتویەتی کە هەرگیز ئاشورییەکان و کاشییەکان پێکەوەو لەیەك کاتدا لەدەقە

ئابورییەکانی نوزیدا نەماتوون. ئەم بۆچوونەی ئەم ئەوە دەگەیەنێت کە ماوەیەك هەبووە لە نێوان دوژمنایەتی ئاشورییەکان و کاشییەکان لەگەڵ ئەراپخادا. بەبۆچوونی ئێمە ئەمە تەنها ئەوە دەسەلمێنێ کە گفتوگۆکان لەو دوو وڵاتەدا بە جیا ئەنجامدراوە. ئەمەش ئەنجامێکی ئاسایی ئەو ململانێیەیە کە هەردوو دراوسێکەی ئەراپخا تێیکەتبوون لەبەرامبەر یەکتردا. ئاشکراشە کە میتانی لەو بارەی خۆیدا نەماوەتەوەو ئەو دەسەڵاتە زۆرەی نەماو وردە وردە بەرەو رووخان چوو. لەئەنجامی ئەمەشدا خانەوادەی پاشای ئەراپخا کەلە بنچینەدا سەر بە پاشای گەورەی میتانی شوشاداتار بوو دەسەڵاتیان کەم بووەوەو ناوچە ئەسڵییەکانی خۆشیان لەدەستدا، ژێرخانی ئابووری کۆشك هەرەسی هێناو چیتر بە دۆکیومێنتکردنی کارەکان بەردەوام نەبوو.

## پەراوێزەکان

١- بۆ گۆکردنی (تلفظ)ی شاتیواسا بە (KR-ti-wa-az-za) بڕوانە I.M. Diakonof، (Mattiwazza- Nochmals Kurtiwazza-Sattiwazza, AOF III {1975} 167-8)

٢- E.F. Weidner, politische Dokumente aus Kleinasien {Leipzig 1923}.

٣- بۆ دەست نیشانکردنی شوێنەکە بەتەواوی بڕوانە دیاکۆنۆف (Predistoria armyanskovo naroda) یەریڤان ١٩٦٨، ٨٧ هتد. هەروەها بۆ (Alzi)یش کە بنکەیەکی سیاسی گرنگ بووە بڕوانە (L.M. Golovleva, Tsartavo Alzi..., in Hin Arvelk/ Drevni Vostok 3 {Erevan 1978} 71-78)

٤- لێکدانەوەی فرمانی (ustemhir) لەلایەن دیاکۆنۆفەوە پێشنیارکراوە.

٥- هەمان ئەم شتەش بۆ ئەرشیڤە کارگێڕییەکانی کنۆسۆس و پیلۆس و ئوگاریت راستە کە دواساڵەکانی مانەوەی ئەم شارانەی بە چاکی تیا تۆمارکراوە لە کاتێکدا کە ساڵانی پێشوتر تەنها لەچەند تێکستێکی لابەلادا باسکراوە.

٦- بنەماڵەی تێهیب تیلای نوزی، بنیاتنانەوەی زانستی خێزانی (M.P. Maidman, The Tehip-Tilla Family of Nuzi, Jsc 28 {1976}, 127-155).

٧- کرداری فرۆشتنی زیو و قوتوەکەی بۆ جۆ لە (HSS XIII 493;cf. HSS XIV 593; XV 162; XVI 37; XIII 172; XIV 535; etc.) تۆمارکراوە.

٨- برا پاشاکان لە زانستی خێزانی بنەماڵەی هوریانی ئەراپخادا (لینینگراد ١٩٧٨)، ٣٣، بەتایبەتی تێکستی (HSS XIII 410)و پەراوێزەکانی (٦ و ٢٣و لاپەرە ٤٧) N.B. Jankowskaja.

٩- حکومەتی ناوخۆیی فرەلایەنی و پاشای وڵاتی ئەراپخا(N.B. Jankowskaja, JESHO XII 1969, 264 ff)

١٠- دۆکیومێنتەکانی (HSS XIV 37-38) لە بەشی (C) باس لەوە دەکات کە (١٠) سوار زیویان پێدراوە بۆ کڕینی ئەسپ. سارتێشوبی کوڕی ئوتاباتای و هاوەڵەکانی لە (٤٠) شیکڵ (٢) شیکڵیان دەدا (شیکڵ پارەی ئیسرائیلییە-وەرگێڕ). تێبینی / تێکستی (HSS XIV 12) ئەوەی تێدا تۆمارکراوە کەهەر ئەسپێك بە بڕی (10 Minas) بڕۆنز کڕدراوە،

لەهەمان ئەرشیڤدا چەند زانیارییەك سەبارەت بە هێنان و بردنی ئەسپ (Hss XIV 40. etc.) و هەروەها گۆڕینەوەی کچ بە ئەسپ تۆمارکراوە (HSS XIV 119).

١١- ئەم تێکستە لەلایەن هێلدگارد لیوی و مانفرێد مایرهۆفەرەوە بەتایبەتی قسەی لەسەر کراوە (A propose of the text HSS XV 32, orientalia NS 34 {1965}, 30-31).

١٢- هەروەها دواتر بروانە باروودۆخی تایر و موساسیر (هەندێك لە کێشە ئابوورییەکانی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری لە میزۆپۆتامیای کۆندا N.B. Jankowska 140).

١٣- رەنگە شەڕی لوبدی کەلەسەر سنوری کاسیتیێ رویدا لەو کاتەدا بوبێت کە عەرەبانچییەکان هەڵهاتن بەرەو بابل و لەلایەن کاسیتێکانەوە دەستگیرکران.

١٤- رۆژمێری هوریان ئەراپخا (N.B. Jankovskaja, VDI 1978 /1, 105).

١٥- مانگی کینونو (Kinunu) ئەو مانگەیە لەبەهاردا کە گەورەترین ئاهەنگی تێدا سازدەکرێت.

١٦- ئەگەر ئەو برە خۆراکەی دەدرا هێندەی ئەو برە بوبێت کە دەدرا بە خزمەتکارەکانی ئەفسەرە میتانیەکان کە (30 qa)بووە، ئەوا بەشی (٢٠٠) پیاوی کردووە.

١٧- بەپێی بۆچونەکانی ئێمە ژنی ئیتهی تێشوبی کوڕی تیبی تێشوب بووە.

N.B. Jankovaskaja, in "Kultura Vostoka....", 36-40,43)، بەراوردی ئەمە بکە لەگەڵ خاڵی (٨) لەسەرەوە.

١٨- لە رۆژمێری ئەراپخادا مانگی ئولولو هەرگیز لەو تێکستانەدا نەهاتووە کەباس لە زنجیرەی مانگەکان دەکەن، لەبەر ئەوە پێدەچێت کە ئەمە مانگێکی زیادکراوبێت یاخود یەکێکە لەمانگەکانی تر و ناوێکی هوریانی هەیە، هەرچۆنێك بێت دەکەوێتە ناوڕاستی ساڵەوە پێش مانگی هینزوری.

١٩- شاتیواسا تەنها ناوێك نەبووە کەلە ناوچەی ئەراپخادا نامۆ بوبێت، بەڵکو ناوێکی ئاری بووە و لە ئەرشیڤی ئەراپخاشدا زیاتر میتانییەکان ئەو ناوەیان هەبووە.

٢٠- سیڵ تێشوب لەزوربەی دۆکیومێنتەکانی بەشی (C)دا وەك بەشدارێکی کاریگەر لەو رووداوانەدا ناوی هاتووە کە بوونە هۆی رووخاندنی نوزی (HSS XV 28,29; XVI 90,91,93,95,106,108, etc).

٢١- نامەکەی هێلدیبابو (بەراورد بکە لەگەڵ HSS XIV 523) دەربارەی هێنانی مس بۆ تێشوریێ کوڕەزا گەورەکەی تێهیبتیلا (HSS XIV 587). ئەم بوو کە کاسە ئاڵتون و زیوەکانی لە گەنجینەی نوزی برد وەك پێشوازیکردنێك لە وەفدەکەی کاسیتیێ لە ئەل-ئیلانی پایتەخت (HSS XIV 136). هەروەها هەر ئەم بوو لە کۆشك کە دانەوێڵەی لولوبیەکانی وەرگرت کە لەلایەن ئەهاجەمسی و ئینواریێەوە هێنرابوون کە پێشتر لە نوزی لەگەڵ برۆنزدا ئاڵوگۆڕیان پێکردبوو (HSS XIII 172). بەم شێوەیە ئەو بیرو بۆچونە جیاوازانەی سەبارەت بە رووداوەکانی ئەو سەردەمە هەیە لە کەسایەتی ئیلهیبتیلا دا کۆدەکرێنەوە کە دووبارە دەیسەلمێنێت کاتی روودانی رووداوەکان زۆر لەیەکترەوە نزیکبوون.

٢٢- لە خوێندنەوەی تێکستەکەدا هەڵەیەك هەیە، تادیب تێشوب بە هود تێشوب خوێندراوەتەوە. لیستەکە تا رادەیەك لە لیستێکی تێکستی (HSS XVI 332) دەچێت کەتیایدا (١٤) ناو دوبارە بۆتەوە و لە شەش حاڵەتدا ناوی باوکەکان لە جیاتی ناوی کوڕەکانیان بەکارهێنراوە، لەبەشی سەرەوەی ئەم لیستەی دووەمدا دوبارە ناوی میر تادیب تێشوب و میر ئورهاتادی هاتووە، بەڵام ناوی ئەلاشیهوری تێدانییە.

## سەرچاوە

**Societies and Languages Of the Ancient Near East**
**P 138 - 150**

# گەلی کوردو روخاندنی رژێمی شاهەنشاهی پەهلەوی لە ئێران
# کانونی دووەمی ١٩٧٨ ـ کانونی دووەمی ١٩٧٩

نووسینی: د. یاسین سەردەشتی
مامۆستای مێژووی هاوچەرخی کورد

دەتوانرێت پەرەگرتنی نارەزایەتی کۆمەلانی خەلکی ئێران دژی ستەمو زورداری رژێمی شاهەنشاهی و تەقینەوەی راپەرین و بەردەوام بوونی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی سەرتاسەری ولات بەگرنگترین رووداوەکانی وەخت لەسەرەتای دوا چارەکی سەدەی بیستەمدا دابنرێت و بەگەشترین لاپەرە لە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران دژی ئیستبداد بدرێتە قەلەم، رووداوێکی وا کە بە درێژایی مێژووی سەدەی بیستەمی ئێران جگە لە بزاڤی مەشرووتەخوازی (١٩٠٥-١٩١١) و قۆناغی حوکمرانییەتی دکتۆر موسەددەق (١٩٥٢-١٩٥٣) هاوتایەکی دیکەی بەخۆوە نەدیوە، بگرە دوایین رووداویان کە هێزی سەرەکی لە راپەرینی درێژخایەن و قۆناغ بەقۆناغی جەماوەری شارەکانەوە وەردەگرت و بە روخاندنی رژێمی شاهەنشاهی ٢٥٠٠ساڵی ئێران کۆتایی‌هات، دەتوانرێت لە زۆر رووەوە لەرووداوەکانی پێش خۆی بەرزتر بنرخێنرێت. رووداوێک کەیاسایەکی تری لەزانستی سیاسەتدا چەسپاند ئەویش ئەوەیە کە هیچ رژێمێک چەندە بەهێزو بەتواناو دەوڵەمەندبێت، چەندە خاوەن لەشکرێکی زەبەلاح و دەزگای داپلۆسێنەری پەرداخت بێت ناتوانێت بۆ‌ەدەست هێنانی رەزامەندی راستەقینەی جەماوەرو چین و توێژەکانی گەل هەتاسەر پایەداربێت.

دیارە رووداوێکی بەو گرنگی و چاوەروان نەکراوەییە[1] لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا تارادەیەکی زۆر لەلایەن مێژوونوسان و بایەخدارانەوە لێکۆڵراوەتەوەو هەوڵدراوە فاکتەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی، فاکتەرە سیاسی و ئابوری و - کۆمەلایەتی و فەرهەنگییەکانی، بگرە باری دەروونی و شەخسی خودی محمد رەزا پەهلەویش شی بکرێتەوەو بخرێنە بەرچاو، کە ئێمە لێرەدا پەپێوستی نازانین بەقوڵی باس لەتەواوی ئەو فاکتەرانە بکەین و بەوردی لە بیروڕای ئەو نووسەرە بایەخدارانە بکۆڵینەوە بەڵکو تەنها بۆ زانین و روونکردنەوەی رەهەندەکانی مەسەلەکە هەوڵ دەدەین ئەو فاکتەرانە لەم خالأنەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:-

١-ئاشکرایە کە رژێمی شاهەنشاهی پەهلەوی رژێمێکی دیکتاتۆری ناسیۆنالیستی تۆتالیتێر بوو بەجۆرێک شوێنێکی بۆ ئازادییە

سیاسی و دیموکراتیەکان لەئێراندا نەهێشتبووەوە، محەمەد ڕەزا شاە لەدوای کودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٢وە بەدرێژایی ٢٥ساڵ بەچاولێکەری باوکی وەك دیکتاتۆرێکی کەم وێنەو بەپشت بەستن بەسوپایەکی پەرداخت و هێزە جاسوسیو سەرکوتکەرەکانی کورسی دەسەڵاتی بۆخۆی مسۆگەرکردبوو، جگە لەخۆی کەس مافی دەستێوەردانی کاروباری (شەهرەبانی، ژاندارمەری، ساواك، ئەرتەشی) نەبوو، بەئارەزووی خۆیو بێلێپرسینەوە دەستی لەتەواوی کاروبارەکانی سیاسەتی ناوەوەو دەرەوەی وڵات دەداو خۆی بەسێبەری خودا دەزانی بەبێئەوەی لەبەر دەم هیچ کەسو یاسایەکدا بەرپرسیاربێت، لەئێرانی شاهەنشاهیدا دەرفەتێك بۆژیانی پلۆراڵی سیاسیو فرە حیزبی نەبوو ، ئازادی هەڵبژاردن و چاپەمەنی نەدەبوایە قسەی لێبکرێت، ئەو یەك دووحیزبە کارتۆنیەش کەبەناوی (مردم، ملیون، ایران نوین) دامەزرابوون زۆری نەخایەند لەساڵی ١٩٧٥دا شوێنیان بۆ سیستمی تاقەحیزبی بەناوی (حیزب ڕستاخیز/ پارتیڕابوون) چۆڵکرد ئە و حیزبەی کەبەزۆر خەڵکیان ناچار دەکرد ببنە ئەندامی، هەربۆیە بەپێی نووسینی ساواك لەماوەی چەند مانگێکدا ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە ( ٢٠) ملیۆن کەس، کەچی دوای ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی ساڵی ١٩٧٩ لەشەوو ڕۆژێکدا ئەندامێکی نەمایەوە(٢).

لەئێرانی شاهنشاهیدا کەمترین نارەزایی بەتوندترین شێواز سەرکوت دەکرا، زیندانەکانی قەسری قاجار،قزڵ قەلآ، فەلەك لئەفلاك،برازجان وعادل ئاوای شیراز بەهێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی وەك حیزبی توودە، جەبهەی میللی، حیزبی دیموکراتی کوردستان، چریکە فیدایییەکان، مجاهدین وگروپە چەپ و مارکسیستەکانی سیخناخ بوون، بەپێی دانپیانانی خودی شا لە ساڵی١٩٧٠ دا ٣٠٠٠ گیراوی سیاسی هەبوو(٣) لەکاتێکدا هێندێك سەرچاوە بە (٥٠-١٠٠) هەزاریان قەبلاندووە(٤). زیندانی سیاسی جگە لەوەی لەمافی پارێزەر گرتن و ڕەخنە گرتن لە حوکمەکەی بێ بەش بوو، خاوەنی چ مافیکی ئینسانی نەبوو بەنوێترین ئامێرو شێوازی شکەنجە ئازار دەدران. هەروەها لەنێوان ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٧دا زیاتر لە ٤٠٠ کەس پاش دادگایی کردنێکی سەرپێی سەربازی گوللە بارانکراون، تیرۆرکردنی کەسایەتییە ئازادیخوازەکانی دژ بەڕژێم لەناوەوەو دەرەوەی ئێران ئەرکێکی سەرەکی ڕێکخراوی ساواك بوو، لەم ڕووەوە لیژنەی نێودەوڵەتی مافپەروەران لە جنێڤ لە ڕاپۆرتێکیدا ساڵی ١٩٧٦بلاویکردەوە ((ژمارەیەك بەڵگە دەیسەلمێنن کە ئێران شێوازی نابەجێ بۆ شکەنجەی لاشەییو دەروونی بەکاردێنێت))(٥)، هەروەها ڕێکخراوی

لێبوردنی نێو دەوڵەتی ئاشکرای کرد کە هیچ وڵاتێکی جیهان هێندەی ئێران پێشینەیەکی خراپی لەبواری پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا نییە[٦]، هەربۆیە ئاسایی دێتە بەرچاو کەدروشمەکانی، ئازادی، دیموکراتی و بەردانی گیراوە سیاسییەکان لەپێشەوەی ئەودروشمانەدابوو کەبە درێژایی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٧٨ لەلایەن هەزاران کەسەوە بەرز دەکرایەوە.

٢-دەتوانرێت سیاسەتی نازانستییانەی ئابووری ڕژێمی شاهەنشاهی و چۆنێتی بەڕێوەچوونی ئەو سیاسەتە بە یەکێك لە گرنگترین فاکتەرەکانی شۆڕش و ڕوخاندنی ئەورژێمە لەئێراندا بدرێتە قەڵەم، ئاساییەکە مەسەلەی ریفۆرمی زەوی و شۆڕشی سپی شا بۆماوەیەکی کورت خایەن ڕۆڵیان لەمێورکردنەوەو خاوکردنەوەی بارودۆخە گرژەکەی کۆمەڵگای ئێرانیدادێت، داباریینی داهاتی نەوت لەسەرەتای ساڵەکانی حەفتاکاندا تارادەیەکی زۆر وەزعەکەی ڕاگرتبوو، بەڵام لەدوای نیوەی دووەمی ئەو دەیەیە مەسەلەکە ڕەوتێکی تری گرتەبەر کە پەنمینی ئابوری، کەوتنەوەی بێکاری، وەستاندنی پرۆسە سەرمایە گوزاریەکان و بڵاوبوونەوەی گرانی ناڵەبارترین دیارە سەرەکییەکانی ئابووری ئێران بوون، لەڕاستیدا ریفۆرمی زەوی بەو شێوازەی لەئێراندا پیادەکرا گورزێکی گەورەی لەسامانی کشتوکاڵی وەشاندو بەسەدان هەزار جوتیار کە ریفۆرم نەیدەگرتنەوە بەرەو شارەکان کۆچیان کرد، بەم شێوە هەم گوندەکان هێزی کاری خۆیان لەدەستدا کە ئاکامەکەی بە وێران بوونی پرۆسە سەرەکیەکانی ئاودێری و دابەزینی بەرهەمی کشتوکاڵی کۆتاییهات، هەم شارەکانیش توانای لەخۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوانی نەبوو کە ڕووی تێدەکرد، هەر بۆیە ئەو توێژەی کۆمەڵ لە دژوارترین هەلومەرجدا ژیانێکی کولەمەرگییان بەسەر دەبرد، ئەمەش وای لێکردن ئامادەبن لەپێناوی هەرگۆڕانێکدا بەگەرمی بێنە مەیدانەوە[٧].

لەلایەکیدییەوە خەوبینینی ڕژێم بەگەیشتن بەشارستانییەتی مەزن و دامەزراندنی پرۆژەی سەرمایە گوزاری فراوان و درێژخایەن، هەروەها لاسایی کردنەوەی دەوڵەتە سەرمایەدارە مەزنەکان بەبەخشینی قەرزو بەشداریکردن لەسەرمایەگوزاری پرۆژە و کۆمپانیا مەزنە ئاودارەکان، کەبەدوای دابەزینی نرخی نەوتدا قەیرانێکی دارایی گەورەیان بۆ ئێران دروستکرد وزۆر بەخراپی لەسەر ئابوورییە فشەڵەکەی ئێران ڕەنگی دایەوە[٨]، لێرەدا ناکرێت باس لەو دەست بڵاوی و پارە بەفیڕۆدانەی شاهەنشاو خودی بنەماڵەی پەهلەوی و دەزگا بیرۆکراتییەکانی ڕژێم

نەكرێت، كەبۆخۆی چەشنێك بوو لەتالآنی سەروەت و سامانی نیشتمانی، وەك ئاشكرایە وێرای ئەوەی دەوڵەت بەڕەسمی بودجەی ٤٠مليۆن دۆلاری بۆ خەرجی ساڵانەی شا بڕیبووە، كەچی ناوبراو بێ هیچ لێپرسینەوەیەك مافی دەرهێنان و خەرجكردنی سامان وپارەو پولی دەوڵەتی هەبوو، خودی شا ڕاستەوخۆ چاودێری دەرامەتی كۆمپانیای نەوتی ئێرانی دەكرد، (دەستگای پەهلەوی) كەبە ڕەوواڵەت وەك دەزگایەكی خێرخوازی سەیردەكرا، ئامانجی جگە لەكۆكردنەوەی پارەو پول بۆبنەماڵەی پەهلەوی شتێكی دیكە نەبوو، ئەودەزگایە خاوەنی دەیەها بانك وكۆمپانیاو ناوچەی گەشت و گوزاربوون لەئێراندا و ٣٢ مليۆن دۆلار پارەی مۆڵی هەبوو[٩]،شایەنی باسە هێندێك سەرچاوە سامانی شەخسی محەمەد ڕەزاشا یان لەدەرەوەی ئێراندابە ٣٠ مليار فرەنك مەزەندەكردووە كە بۆخۆی ژمارەیەكی خەیاڵییە، پسوڵەی پێداویستییەكانی دەربار لەكێشدا نەبوو، ئەوپارانەی كەلە بۆنەو یادەجیاوازەكاندا خەرج دەكران جێگای باوەڕنەبوون، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٧٦دا بەبۆنەی ئاهەنگی هاتنە سەركاری كورسی شاهێتیو لەساڵی ١٩٧١دا بەیادی جەژنی ٢٥٠٠ساڵەی شاهەنشاهێتی لە ئێراندا نزیكەی ٣٠٠مليۆن دۆلار خەرجكرا[١٠].

شایەنی باسە ئەرتەش و دەزگا داپڵۆسێنەرەكانی ڕژێمی شاهەنشاهی گەورەترین بەشی سامانی نیشتمانییان لەئێراندا هەڵدەلوشی، ژمارەی گاردی ئیمپراتۆری ١٥٠٠٠كەس بوو، ئەندامانی ڕەسمی دەزگای تۆقێنەری ساواك ٦٠٠٠بوون، جگەلەو بەكرێگیراوانەی كە لە شوێنەجۆربەجۆرەكانی دەرەوە و ناوەوەی ئێراندا هەواڵیان كۆدەكردەوە و جاسوسییان بۆ ئەو دەزگایەدەكرد، ژمارەی نەفەراتی ئەرتەش كەلەساڵی ١٩٦٠دا ٢٠٠٠٠٠ كەس بوو لەساڵی ١٩٧٧دا گەیشتە ٤١٠٠٠٠كەس.ئەرتەش لەدوای كودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٣وە ٣٠٪ بودجەی وڵاتی بەڕەسمی بۆ تەرخان كرابوو، ئەوئەرتەشەی تادەهات رادەی چەكداركردنی بەنوێترین و پێشكەوتووترین جۆری چەك بەرز دەبۆوە[١١]، بۆ نموونە لەساڵی ١٩٦٦ لەپلەی ٢٤ هەمینی وڵاتانی چەك كڕدا بوو كەچی لەساڵی ١٩٧٦ گەیشتە پلەی هەشتەمین پاش ئەوەی بڕی ٣٦٠٠٠ مليۆن دۆلاری بۆ ئەومەبەستە تەرخان كرد، هەندێك لەوچەكانە ئەوەندە نوێبوون بەكارهێنانی بێپسپۆڕی بیانی ئیمكان نەبوو، هەربۆیە تەنیا ژمارەی ئەو پسپۆڕە ئەمەریكاییانەی كە بۆ ئەم مەبەستە لەئێراندابوون لەدوا ساڵەكانی حوكمی محەمەد ڕەزاشادا خۆی دەدا لە٥٠٠٠٠كەس، ئەوانەی لەباشترین مانگانەو شوێنی

حەوانەوە و ڕابواردن بەهرەمەندبوون، لەلایەکی ترەوە ڕژێمی شاهەنشاهی کەوتبووە تالآنکردنی نەوتی ئێران بەرامبەر پەرداخت کردنی هێزە چەکدارەکانی،وەك ئەو ڕێکەوتنەی کەلەساڵی ١٩٧٦ ڕژێم لەگەڵ کۆمپانیایەکی چەکی ئەمەریکیدا بەستی سەبارەت بەکرینی ٣٠٠ فرۆکەی جۆری (F.16)و ٤ وێرانکەری دەریایی بەرامبەر ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی ئێرانی[١٢].

دابەشنەکردنی سامانی نیشتمانی و داهاتی نەتەوەیی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەنێوان هەرێمەکانی ولآت و چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێرانیدا، یەکێك بوو، لەو هەڵە ئابوورییە سەرەکییانەی ڕژێمی شاهەنشاهی کەبەرەو ئەو چارەنووسەیان برد، لەئێرانی محەمەد ڕەزاشادا بەشی زۆری هەرێمەکانی ولآت لەپرۆسەی سەرمایە گوزاری و گەشەپێدان بێبەش بوون، لەم بارەیەوە تارانی پایتەخت بەشی شێری پچڕیبوو، بەجۆرێك ٨٪ی دانیشتوانی ولآت، ٣/١ی هەموو کارمەندانی دەولەتی، ٦٠٪ی کۆی خوێندکارانی ئێران، ٥٠٪ کۆی نوژدارانی ولآتی تیادا کۆبووە، بەشێکی زۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵگاو هەرێمەکانی دیکەی ولآت سوودێکی وایان لەو پرۆسانە نەدەدیت، دانیشتوانی ئێران لەگوندەکاندا ژیانێکی کولەمەرگییان بەسەر دەبرد کە ٩٠٪ی گوندەکانی ئێران لەڕوناکی کارەبا بێبەش بوون، ٢/٣ی دانیشتووانی ولآت بێ دکتۆر و دەرمان بوون، تەنانەت لەخودی تارانی پایتەخت دا ٤٢٪ خەڵکی شوێنی شیاویان بۆ ژیان نەبووو لەئاووکارەباو پێویستیە خزمەت گوزارییەکان بێبەش بوون، گەندەڵی ئیداری، دزی، بەرتیل خۆری، هەژاری، بڵاوبونەوەی لەشفرۆشی لە دیاردە بەربڵاوەکانی کۆمەڵگای ئێرانیبوو، لەئێرانی محەمەد ڕەزادا کە بەپێی قسەی خۆی بەرەو شارستانیەتی مەزن دەڕۆیشت، کار گەیشتبووە رادەیەك کەسانی واهەبوو لەبەر برسێتی پاشەڕۆکی ئەسپ و ولآخیان دەقۆزتەوە تابزانن داخۆ دەنکە جۆی ساغی تێداماوە!![١٣].

٣-هەروەها دەتوانرێت سیاسەتی دژایەتی ئایینی ڕژێمی شاهەنشاهی و بەتەنێ وەرگرتنی لایەنەسلبیەکانی فەرهەنگی ڕۆژئاوا و بەزۆر سەپاندنی بەسەرکۆمەڵگای ئێرانیدا بەفاکتەرێکی دیکەی سەرەکی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان و دواتر روخاندنی ڕژێم لەقەڵەم بدرێت، شایەنی باسە دەزگای ئاینی و باڵادەستی ڕۆحانییە بونیاد گەراشیعەکان ڕیشەیەکی قوڵیان لەکۆمەڵگای ئێرانیدا هەیەو نەدەبوو محەمەد ڕەزا شا ڕاستەوخۆ دژیان بکەوێتە سەنگەرەوە، لەڕاستیدا سیاسەتی ئابووری وکۆمەلآیەتی و فەرهەنگی شای ئێران بەتوندی پایەی بەرژەوەندییەکانی ئەو تاقمەی لەرزاند، دەزگای ئایینی کەلەئێراندا خودانی زەوی وزارێکی بەرفراوان بوو، بەپیادەکردنی

ریفۆرمی زەوی گورزێکی گەورەی وێکەوت، دەست بەسەراگرتنی زەوییەکانی وەقف، دامەزراندنی ڕژێمێکی ناسیونالیستی عەلمانی کەبەهەموو شێوەیەك هەوڵی هەڵپەساردنی پیاوانی ئاینی لەدادگاو قوتابخانەکان و دەزگاکانی دیکەی دەوڵەتی و زیندوکردنەوەی نەریتی ئیمپراتۆری و سەپاندنی کلتوری فارسی بەسەر کلتوری ئیسلامی و شیعەگەریدا، گۆڕینی ساڵنامەی کۆچی بە شاهەنشاهی، سوکایەتی کردن بەپیاوانی ئاین و بەتوندی سەرکوتکردنی هەرناڕەزایەتییەکیان، هاندان و بڵاوکردنەوەی لایەنە سلبییەکانی فەرهەنگی ڕۆژئاوا لەنێوکۆمەڵگای ئێرانیدا وەك: هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی خێزان، بەدڕەوشتی، نوشینی خواردنەوە کهولیەکان، بەکارهێنانی حەشیشەو مەوادی موخەدیر، هاندانی خۆ ڕوتکردنەوەی ئافرەتان و ڕاکێشانیان بۆ کۆڕی بەزم و خۆشی کاربەدەستانی ڕژێم، برەوپێدانی دانس و سەمای ڕۆژئاواوکردنەوەی بارو شوێنی رابواردن و سێکسخانەکان،هاندانی بەرەڵایی و تێکشکاندنی ڕۆحیەتی لاوان و دوورخستنەوەیان لەهەموو ڕەوشتێکی بنیات نەرانە، تێکڕای ئەمانە کەلەگەڵ فەرهەنگ و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێرانیدا یەکیان نەدەگرتەوە دەزگای ئاینی زیاتر لەڕژێمی شا دردۆنگ کردو بەتوندی بۆ دژایەتیکردنی هێنانیە مەیدان[١٤].

شایەنی باسە دەزگای ئاینی و ڕۆحانییە بۆنیادگەراکان لەمزگەوت و خوێندنگا ئاینی و حوسەینییەکان باشترین کەڵکیان، لەباڵادەستی مەزهەبی و کۆمەڵایەتی و سەربەخۆیی ئابورییان وەرگرت، (خومەینی)[١٥] کەلەساڵی ١٩٦٣دا بارودۆخەکەی لەکاتێکی نەگونجاودا تەقاندەوە و ئاشکرای کرد کە شا خیانەتی لەدەستورو قورئان کردوە، دوای لەئێران بەدەرکردن و نیشتەجێبوونی لەشاری نەجەفی عێراق پەیوەندی بەلایەنگرانییەوە دامەزراندەوە، ئەوانەی کە دوور لەچاوی ساواك و دەزگا جاسوسیەکانی ڕژێم لەبنەوە خەریکی خۆئامادەکردن بوون چاوەڕوانی دەرفەتێکی لەباربوون، ئەوەبوو دوای تەقاندنەوەی وەزعەکە لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٧دا بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر لەڕووی ئایدۆلۆژی و ڕێکخراوەییەوە هاتنەوە مەیدان و ڕۆڵێکی گرنگیان لەیەکخستن و بەردەوام بوونی ڕاپەڕینەکان و ئیفلیج کردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتیدا بینی، لەم نێوەدا وتارو بڵاوکراوە ئاگرینەکانی خومەینی زۆر بەخێرایی لەمزگەوتەکانەوە بەگوێی خەڵك دەدران، بەتایبەتی پاش ئەوەی ناوبراو لەعێراقیش دەرکراو چووە فەرنساو لەوێڕا توانی سوود لەلیبرالییەتی ڕۆژئاوا وەرگرێت و بەشێوەیەکی ئازادانەتر دژی ڕژێمی

شاهەنشاهی بانگەشە بکات[١٦].

٤-فاکتەرێکی دیکەی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران و ڕووخاندنی ڕژێم کە لێکۆڵەرەوان لێی بێدەنگن و ڕاستەوخۆ ئاماژەیان پێنەداوە بریتییە لە بارودۆخی ناهەموارو دژواری گەلانی غەیرەفارس لەئێراندا، ئەوانەی بەتوندترین شێوە لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاهییەوە خرابوونە ژێر ستەمی نەتەوایەتی، ئابووری -کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە هەرداواکارییەکی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەیان چەندە ساکاریش بێت، بەزەبری ئاگروئاسن سەرکوت دەکرا، وەك شاراوەنییە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیەوغەیرە فارسەکەی زیاتر لە نیوەی ڕێژەی دانیشتوانی پێکدێنێت ئەو نەتەوانە هەریەکەو لەڕووی زمان، فەرهەنگ، داب ونەریت و شوێنی جوگرافییان لەوی دی جیاوازە، پرۆسەی توانەوەی نەتەوە غەیرە فارسەکان بەزەبری ئاگروئاسن لەبۆتەی نەتەوەی زاڵی فارسدا لە ڕاستیداپرۆسەیەك بوو لەلایەن ڕەزاشاوە دەستی پێکرد و محەمەد ڕەزای کوڕیشی دەیویست تەواوی کات، هەموو کاتێك گەلانی نەفارس بەچاوی گومانەوە سەیری ڕژێمی شاهەنشاهی پەهلەوییان دەکرد لەچوکترین دەرفەت دەگەڕان بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی ناوەند گەرایی و بەفارسکردنیان، ڕژێم لەنێو ئەو نەتەوانەدا پایەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوتۆی نەبوو، بەستنەوەی ئەو نەتەوانە بەناوەندەوە تەنیا لە ڕێگای هێزی سەربازی و سیاسەتی سەرکوتەوە بەڕێوەدەچووکەتاسەر ڕاگرتنی ئاستەم بوو، هەر بۆیەکاتێك ناوەند لەڕووی سیاسی و سوپاییەوە تووشی لاوازی بهاتایە ئەونەتەوانە سەریان بڵند دەکرد بۆ بەدیهێنانی خواستە نەتەوایەتییەکانیان دەکەوتنە سەنگەری دژ بەرژێمەوە.

شایەنی باسە محەمەد ڕەزا هێشتا تازە هاتبووە سەرکار کەلەم ڕووەوە تووشی هەڕەشەیەکی توندهات ئەو هەڕشەیەی کەخۆی لەدامەزراندنی حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری میللی کوردستان بینییەوە، لەوەش زیاتر جوڵانەوەی ئازادیخوازی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران بەدرێژایی دیکتاتۆریەتی ٢٥ساڵەی ڕژێمی پەهلەوی هەردەم وەك هێزێکی سەرەکی جوڵانەوەی دیموکراتی سەرتاسەری بەدژی ڕژێم خۆی بینیوەتەوە، شای ئێران لەجیاتی ئەوەی بیرێك لەچارەسەرکردنی ئەم مەسەلە گرنگ و خەتەرناکە بکاتەوە کەچی زیاتر لەباوکی قۆڵی بۆ لێدانی خواستە نەتەوایەتییەکانی ئەو گەلانە لێهەڵماڵیبوو، بەبیانووی شورەویخوازی و تەجزییە تەڵەبی کەوتبووە سەروگوێلاکی ئەو نەتەوانەو بەزۆری زۆردارەکی دەیویست پێناسەی ئێرانییەتیان بەسەردا بسەپێنێ و بیانکاتە فارس، سیاسەتێکی هەڵەی وا کەزۆرجار

گرفتی گەورەی بۆ دروستکردووە و جگە لەبەدناوی شتێکی دیکەی لێ دەست نەکەوت، لەم بوارەدا دەتوانرێت ئاماژە بۆ گەلی کوردو هەرێمی کوردستانی ئێران بدرێت کە جوڵانەوەی نەتەوایەتی تیایدا بەحوکمی زۆر فاکتەری جوگرافی و مێژوویی و نەتەوەیی و مەزهەبی لەناوچەکانی دیکەی ئێران پەرەسەندووتر بووەو بەدرێژایی حوکمی دیکتاتۆرییەتی پەهلەوی وەك ناوچەیەکی شۆڕشگێڕو ئازادیخواز دژی ڕژێم دەناسرا، دامەزراندنی کۆماری میللیکوردستان جوڵانەوەو خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٥٣، جوڵانەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ٦٧-٦٨و ئەو کوشت و کوشتارو شاڵاوی گرتنەبەر بڵاوانەی ڕژێم ناو بەناو لەناوچەکەدا پێی هەڵدەسا، هەموو ئەوانە بەڵگەی ڕاستەقینەن و لەنێو کۆڕوکۆمەڵی ئازادیخوازانی ناوچەکەو جیهاندا دەنگیان دەدایەوە، هەربۆیە گەلانی غەیرەفارس لەوەختی تەنگانەدا نەك هەر بەتەنگ محەمەد ڕەزاشاوە نەهاتن، بەڵکو بەپەرۆشەوە بۆ ڕوخاندنی ڕژێمەکەی کەوتنەکار.

٥-ئەمەریکاییبوونی ڕژێمی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی مەسەلەیەکی شاراوەنییەو خواس و باسێکی زۆری گەرەك نییە، ئاشکرایە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی ڕژێمی شاهەنشاهیلە قەیرانێکی قووڵ ڕزگار کردو هەرێمی ئازەربایجان و کوردستانی موکریانی لەسەر سینییەکی زێڕین خستەوە بەردەست، دواتریش لە ١٩ی ئابی ١٩٥٣ بەهیمەتی دەزگای جاسووسی سیا(CIA) محەمەد ڕەزا بەکورسی پاشایەتی شادبۆوە. ئەو دوومەسەلە چارەنوس سازەوەندە کاریگەرییان لەسەر شەخسی شاهەنشا هەبوو کەخۆی بەقەرزارباری ئەمەریکادەزانی و پێیوابوو بێ ئەمەریکا ڕژێمی شاهەنشاهی لەبەرامبەر شورەوی و پیلانەکانی نێوخۆدا خۆی پێناگیرێ. هەر بۆیە لەسیاسەتی دەرەوەیدا بێئەم لاولا خۆی هاویشتە باوەشی ئەمریکاوە و ئێرانی بەفەلەکی ڕۆژئاوا بەستەوە کەئەرکی سەرەکی دژایەتیکردنی شورەوی و بلۆکی سۆسیالیستی و دابینکردنی وزەبوو بۆ ڕۆژئاوا، لەم ڕووەوە ئێران بەتەواوی ببووە بنکەیەکی جاسوسی دژی شوورەوی، ڕێکخراوە جاسوسیەکانی ئەمەریکاش دابینکەری ئاسایشی هەرێمی نێوخۆی ئێران بوون [١٧] کارگەیشتە ڕادەیەك لەدواسالانی شەستەکاندا و دوای ئەوەی هێزەکانی بەریتانیا ناوچەکەیان چۆڵکرد و ئەمەریکا لە بەرتێوەگلانی لە ڤێتنام توانای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی نەبوو، ئێرانی شاهەنشاهی هەڵبژێرا تا نەخشی (ژاندارمی ڕۆژئاوا لەکەنداو) بگێرێت و لەم بارەیەوە محەمەدڕەزاشا زۆر بەشانازییەوە ئەرکەکەی گرتە ئەستۆ،ناردنی لەشکری ئێرانی بۆ

سەرکوتکردنی شۆڕشگێرانی(ظفار) لە عومان، هەڵویستی ئێران لەمەسەلەی بەنگلادیش، خۆتێ هەڵقورتان لەمەسەلەی شۆڕشی کوردستانی عێراق، دامەزراندنی پەیوەندییەتو لەگەڵ ئیسرائیل هەموو ئەوانە لەو نەخشە تایبەتەوە سەرچاوەیان دەگرت[١٨].

هەر لێرەدا جێی خۆیەتی بوترێت کە نێوانی خۆشی رژێمی محەمەد رەزاو رۆژئاوا هەروا هەتا سەربەردەوام نەبوو،لەمەشدا هەڵەیەکی گەورەی شای ئێران ئەوەبوو کەوای دەبینی شوێنی جیۆپۆلیتیکی ئێران و مانەوەی رژێمێکی دیکتاتۆری شاهەنشاهی بەرابەرایەتی خۆی لەو وڵاتەدا مەسەلەیەکی ئەوەندە گرنگو چارەنوس سازە بۆ رۆژئاوا کەچاوی خۆیان لەهەموو مەسەلەیەك دەپۆشنو لەهیچ هەل ومەرجێکدا دەرفەت نادەن ئەوهێزەی چەند ساڵە بەربەستێکی پتەوی لەبەردەم فراوانخوازی شورەوی بەرەوناوچەی کەنداو و بیرەنەوتەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست پێکهێناوە بەئاسانی لاوازبێت ودرزی تێ کەوێت، هەر بۆیە شای ئێران لەدوا ساڵانی دەسەلاتیدا چاوی لەوەبوو زیاتر لەوسنورەی رێی پێدراوە هەنگاو هەڵهێنێتو تووشی بڵند پەروازییەکی سەیر ببوو[١٩].

ئەوەی راستی بێت شای ئێران لەم رووە وە چەند کارێکی‌کرد کەبەئاسانی بۆ ئەمەریکاو رۆژئاوا قووت نەدەچوو، وەك خۆ نزیککردنەوە لە یەکێتی شورەوی و کڕینی‌چەك لەو وڵاتە و وڵاتانی تری سۆشیالیستی، دامەزرندنی پرۆسەی ناردنی گازی سروشتی لەخاکی شورەوییە بۆ ئەوروپا، هەولی وەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمی، کۆتاییهێنان بەرێکەوتننامەی کۆنسرسیوم،بەرزکردنەوەی نرخی نەوت لەساڵی ١٩٧٣دا، داگیرکردنی سێ‌دوورگەکەی میرنیشینی ئیمارات (طنب الکبری، طنب الصغری، ابوموسی))، سوکایەتی کردن بە دیموکراسیەتی رۆژئاوایی... هتد، ئەو هەنگاوانەی کە دردۆنگی وڵاتانی ئەوروپی‌و ئەمەریکایان بۆ رژێمەکەی محەمەد رەزاشا هێنایە ئارا [٢٠] بەتایبەتی دوای هاتنەسەرکاری حیزبی‌دیموکرات لەئەمەریکا بەرابەری (جیمی‌کارتەر) مەسەلەکە رەهەندێکی نوێی گرتەخۆ، کارتەر بەراشکاوی رایگەیاند کە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادە نییە چەك بەو وڵاتانە بفرۆشێ کە رژێمەکانیان مافی مرۆڤ پیشێل دەکەن‌و ناوی ئێرانی لەپێشەوەی ئەوولاتانەدا برد، ئەم ئاخاوتنەی کارتەر تیشکی سەوزی بۆنەیارانی رژێمی شاهەنشاهی لەدەرەوە وناوەوەی ئێران هەڵکرد کەبۆ روخاندنی ئەو رژێمە وەخۆ کەون[٢١]. لەم رووەوە بەریتانیاو فەرەنساش دەستەپاچە رانەوەستان؛ ئەم دوو دەوڵەتە لەلای خۆیانەوە لەبلاوکردنەوەی

دەنگ‌وباسی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕژێم وچاوپێکەوتن لەگەڵیانداو بلاوکردنەوەی وتارو ڕێنماییەکانی خومەینی بۆ گەلانی ئێران کەمتەرخەمییان نەکرد، ئەمانە زۆر زوو پێش هاتنە سەرکاری خومەینی، ناوبراویان بەرابەری شۆڕشی ئێران و دەسەلاتداری ئایندەی ئێران بەخەڵك ناساندو ناوەکەیان زەق کردەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان، هەر لەرادیۆ وتەلەفیزۆن و ڕۆژنامەکانەوە دژی ڕژێمی شاهەنشاهی خستبووەگەڕ. هەر بۆیە جێگای پرسیار نییە کە خودی محەمەد ڕەزاو باقی‌دیکەی‌ئەندامانی بنەماڵەی پەهلەوی، ئەمەریکاو ڕۆژئاوا بەسەرچاوەی نەهامەتی و چارەنووسی ڕەشیان لەقەڵەم بدەن[٢٢]. چونکە وەختێك ڕۆژئاواو ئەمەریکا لەئێراندا کەوتنەکار کەئێدی ئومێدێك بۆمانەوەی ڕژێمی شاهەنشاهی و دەسەلاتی محەمەد ڕەزا نەمابوو، هەربۆیە دەبوایە لەو قۆناغەدا ڕۆژئاوا لەئەلتەرناتیڤێك بگەڕێت کە بەهیچ جۆرێك لەخزمەتی سیاسەت و ستراتیژی شورەوی لەئێران و ناوچەکەدا نەبێت.

٦-باری دەروونی شای ئێران و هەڵە قەرەبوو نەکراوەکانی فاکتەرێکی گرنگی دیکەی روخاندنی ڕژێمەکەی بوون، (ماروین زونیس) یەکێکە لەو نوسەرانەی بەدرێژیی ئەم فاکتەرەی لەیەکێك لەکتێبەکانیدا شی‌کردۆتەوە، زونیس پێی‌وایە محەمەد ڕەزا سەرەتای ژیانی منداڵی ولاوی لەدۆخێکی ژنانەی نێو دەربارادا بەسەر بردووە و پاشان لەپاڵ باوکێکی توندوتیژو دیکتاتۆردا کەناری‌گرتووە، هەربۆیە کەسایەتی شای ئێران بەکەسایەتییەکی ڕاڕاوبێ ورە لەقەڵەم دەدات کەبەدرێژایی حوکمی چەند ساڵەی بێ کەسانی ڕاوێژکار ولێهاتووی وەك (اسدالله علم و ئەشرەفی خوشکی)، و بێ‌پشتگیری تەواوی ئەمەریکا بڕیاری نەداوە، کەلەسەروبەندی شۆڕشی ئێراندا تەواوی ئەوانەی لەدەست دابوو، جگە لەوەی شای ئێران پێی وابوو کەهێزێکی نادیارو میتافیزیك پارێزەرێتی، دوای ئەوەی پزیشکەکان لەدوا ساڵەکانی حوکمڕانییەتیدا لەوە ئاگاداریان کردەوە کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی تۆرە لیمفاوییەکان بووەئەوندەی تر ڕۆحیەتی تێکشکاو ورەی روخا کەلەبەردەم گرفتەکانی ولاتدا نەیدەتوانی بڕیاری لێبڕاوانە بدات[٢٣] لەهەڵە گەورەکان شای ئێران ئەوەبوو کەناوبراو پێی وابوو کە هەمووکەس لەئێراندا خۆشیان دەوێت و شوێنێکی گەورەی لەدڵی تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵدا هەیە، دوای ئەوەی بۆخۆی لەئاسمانەوە ژمارەی خۆپیشاندەرەکانی بینی کە دروشمی (مرگ برشا/ مردن بۆ شا) یان هەڵگرتبوو، ئنجا ڕاستی مەسەلەکەی بۆ دەرکەوت، شای ئێران ڕێگای نەدەدا بە درێژایی حوکمی خۆی لەشکری ئێرانی خاوەنی فەرماندەیەکی

خۆشەویست و بەشەخسییەت بێت، شا لەترسی کودەتای ئەرتەش دووبەرکییەکی گەورەی لەنێو بەشەکانیدا پێکهێنابوو، کە بەچوونەدەرەوەی خۆی لەئێران ئەو ئەرتەشە پەرداختە هەنگاوێکی بەقازانجی ناوبراو هەڵنەهێنا[٢٤].

بەم چەشنە لەئەنجامی ئەو فاکتەرانەی باسکران و چەند فاکتەری جیاوازی تردا زەمینەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕوخاندنی ڕژێمیشاهەنشاهی و پەهلەوی ڕەخسا، ئەو ڕژێمە بەچەشنێکی وا لەبەرچاوی دۆست و دوژمن سووك ببوو کە نەیدەتوانی بەپەنابردنە بەر چەند شێوازێکی جیاواز کۆسپ بخاتە بەردەم ڕاپەڕینی بەردەوامی جەماوەری شارەکانی ئێران و چارەنووسێکی دی جگە لە ڕوخان بۆ خۆی بنەخشێنێت، لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٩داکە ڕاپەڕینی شارەکانی قوم و تەورێز و تاران دەستیان پێکرد ڕژێم بەتوندی بەگژ ڕاپەڕیوەکاندا چوو وە و ژمارەیەکی لێکوشتن، لەخوێناگەوزاندنی خۆپیشاندەرانی شاری تەوریز لە ١٨ی شوباتی ١٩٧٨دا کەزیاتر لە ٥٠٠ کوژراو و ١٥٠٠ بریندار قوربانی درا، سوتاندنی سینەمای (ڕێکس) لە ئابادان بەپیلانی ساواك کە نزیکەی ٤٠٠ کەسی تیاکرا بە خەڵوز، دەست وەشاندنی ئەرتەش لەخۆ پیشاندەرانی مەیدانی ژالەی تاران لە ڕۆژی هەینی ڕیکەوتی ٨ی ئەیلولی ١٩٧٨ وراگەیاندنی حکومەتی سەربازی لەلایەن حکومەتی (شەریف امامی)یەوە لە تاران و زۆربەی شارە گەورەکان نەك هەر نەیتوانی ڕیگا لەراپەڕینە جەماوەرییەکان بگرێت، بەڵکو زیاتر کۆمەلانی خەلکی ئێرانی تورەکردو بۆروخاندنی رژێم شیلگیری کردن[٢٥]. شایانی باسە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لەوپەری راستەوە بۆ ئەوپەری چەپ، هەر لە ئاینییە توندرەوەکانی لایەنگری رژیمی تیۆکراتی تادەگاتە لیبراڵەکان و لایەنگرانی جەبهەی میللی و دواتر هەتا گروپە چەپ ومارکسیستە تودەیی و غەیرە تودەیی و مارکسیستە سەربەخۆکانی لایەنگری گۆرینی دیکتاتۆری شا بە دیکتاتوری پرۆلیتاریا، هەموو ئەمانە لەسەنگەرێکدا دژی رژێمی محەمەد رەزا هاوخەبات بوون ، لەراستیدا تەواوی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگای ئیرانی بۆ روخاندنی سیستمی شاهەنشاهی چاکیان لێ کردبوو بەلادا، رۆحانییە بونیاد گەراکان، کرێکاران و زەحمەتکێشانی شارەکان ،چینی ناوەراست، ماموستاو خویندکارو رۆشنبیران تەنانەت بازرگانان و کاسبکارانی بازاریش ئەوانەی لە داخی دیاریکردنی نرخ و باجی قورسی سەپینراوی رژێم لەتەنگانە ترین وەختدا پشتیان لە شاهەنشا کرد[٢٦]. مانگرتنی کرێکارانی نەوت و کۆمپانیاو دەزگا دەوڵەتییەکان لە ئەیلولی ١٩٧٨دا حکومەتی امامی بە تەواوی ئیفلیج کردبوو،

محەمەدڕەزاشا کەزانی سیاسەتی توندوتیژی بێ سوودە ویستی بۆ هێور کردنەوەی بارودۆخەکە پەنا بۆ ڕێگا یەکی تر بەرێت ،ئەو ڕێگایەی کەدەبوو زووتر بگیرایەتە بەر کەخۆی لەدانانی (غلام ازهاری ) بەسەرەك وەزیران و دەرکردنی فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی حیزبی ڕستاخیزو ئازادی زیندانە سیاسییەکان و گێڕانەوەی ساڵنامەی کۆچی و دژایەتی گەندەڵی و دوورخستنەوەی لێپرسراوە بەرتیل خۆرو پاشەڵ پیسەکان بوو ئەوهەنگاوانەی کەئاویان ڕژاندە سەر ئاشی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و زیاتر جەماوەریان لەسەر بەدیهێنانی دروشمەکانی سوورترکرد[٢٧].

لەم ڕووەوە وتارەکەی شاهەنشا لەکانونی یەکەمی ١٩٧٨داو ئەوئاخاوتنەی کەگوایە گوێی لە دەنگی شۆڕشی خەڵکی ئێرانە، شتێکی لە وەزعەکە نەگۆڕی، شای ئێران وەك دواچارە لەسەرەتای کانونیدووەمی ١٩٧٩دا حکومەتی ازهاری لێخست و داوای لەشاپور بەختیارکرد حکومەت دابمەزرێنێت، شاپور کەسەرۆکی حیزبی ئێران بوو، یەکێکیش بوو لەلایەنگرانی پێشووی د. موسەددەق،بەهاتنە سەرکاری بەڵێنێکی زۆری بۆ خەڵکی ئێران هەڵڕشت، بەڵام چونکە لەلایەن شاوە دانرابوو گوێی لێنەگیراو خەڵك لەخۆپیشاندنەکانیان دەستیان هەڵنەگرت[٢٨]، محەمەد ڕەزا کەبەتەواوی لەمانەوەی خۆی لەئێران و پاراستنی تەختی تاوس بێهیوا بوو، لە١٦ی کانونی دووەمی ١٩٧٩دا پاش هەڵڕشتنی چەند فرمێسکێك ئێرانی بەرەوە میسر بەجێهێشت. هەردوای دووهەفتە لەڕۆشتنی شا، خومەینی لەفەرنساوە گەڕایەوە تاران، بەگەڕانەوەی ناوبراو بۆ ئێران کەلەلایەن لایەنگرانییەوە نازناوی (ئیمام)یان بەسەردا بڕی، ڕژێمی شاهەنشاهی دوا هەڵی مانەوەی خۆی لەکیسدا، ئەوە بوو پاش ماوەیەك شاپور بەختیاریش بەرەو فەرنسا هەڵات بەم شێوەیە قۆناغێکی دی لە مێژووی ئێراندا دەستی پێکرد[٢٩].

سەبارەت بەکوردستانی ئێرانی و هەڵوێستی گەلی کورد لەهەمبەر شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕوخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهی پەهلەوی، زۆرینەی سەرچاوە ڕەسمییە ئێرانییەکان لەسۆنگەی سیاسەتی خۆبەزلزانیانەوە خۆیان لەمەسەلەکە کەڕ کردووە و ئەگەر جارجارێکیش ناچار بووبێتن ڕاستیەك بدرکێنن ئەوا زۆر بەساکاری و لەپەراوێزەوە ئاماژەیان پێداوەو زیاتر لەباسکردنی بابەتێکی وادا هەوڵیان داوەخۆیان بکەنە خاوەنی مەسەلەکەو ڕۆڵی گەلانی غەیرەفارس و لایەنە غەیرە ئایینییەکان لە شۆڕشدا بسڕنەوە، هەروەك پێشتر باسی لێکرا سیاسەتی شۆفێنستانەی محەمەد ڕەزاشا دژی گەلانی غەیرە فارس فاکتەرێکی سەرەکی سەرنگونی ڕژێمەکەی

بوو، گەلی کورد لە کاتێکدا کە دیکتاتۆریەت لەگەرمەی تواناو دەسەلآتیدا بوو ئامادەبوو بەگژ ڕژێمدا بچێتەوە و لەقوربانیدان باکی نەبوو، هەر بۆیە ڕێی تێناچێ لە هەلومەرجێکیوادا، کە ڕژێم لەوپەری لاوازیدایەو کەوتۆتە تەنگانەوە کۆمەلآنی خەلکی کوردستانی ئێران بیٚهەلوێست دەست لەسەر دەست پالی لێبدەنەوە، دیارە بۆزانینی هەلوێستی ڕاستەقینەی گەلی کورد لەسەراپای مەسەلەکە پێویستە بەلگەی زیندوو لەواقیعە مێژووییەکە بخرێتە بەرچاو.

ئاشکرایە گەلی کورد لەکوردستانی ئێران بەدرێژایی تەمەنی حوکمڕانییەتی محەمەد ڕزاشا ڕۆلیگرنگ و بەرچاویان لەدژایەتیکردنی سیاسەتی بەفارسکردن‌و دژەکوردانەی دەسەلآتدارانی تاراندا بینیوە، ڕژێمی پەهلەوی هەمیشە کوردستانی ئێرانی بەناوچەیەکی پڕ هەڕەشەو پیلانی لەسەرخۆی لەقەلەمداوەو هەولیداوە زۆرترین بەشی لەشکرەکانی ئێران لەو ناوچەیەدا کۆبکاتەوەو بەتوندترین شێوە ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد لە پێناوی بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیاندا سەرکوت بکات، ئازادیخوازانی کورد هەموو کاتێ لەمەترسی ڕاونان‌و گرتن‌و شکەنجەی دەزگا جاسوسی‌و داپلۆسێنەرەکانی ڕژێمدابوون، سەعیدکاوە واتەنی ((بەکوردی‌و بەکورتی لەئێرانیکاول وێران دا هەرکوردێکی دوو ڕۆژی سیاسەت کردبێ، تاماوە نابێ لەخۆی ئەمین بێ، هەموو سات‌و کاتێك بەدوایەوەن‌و هەلی دەنێن کەبەهانەیەکی پێبگرن‌و لەژوورێ کەن، نەوەکو خەلك ڕوون بکاتەوە، هەموو کوردێك دەبێ هەموو کاتێك پەلپ‌و بیانووی ڕژێمیان لەبەرچاو بێ‌و بەهانە نەدەن بەدەستەوە))[٣٠].

گادانی کە ئەو دەم کادرێکی پێشکەوتووی ح.د.ك.ا ورۆلێکی بەرچاوی لە خۆپیشاندانەکانی گەلانی کورد دژی ڕژێمی شاهەنشاهی هەبووە، سەبارەت بەهەلوێستی گەلی کورد لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا دەلێت ((دیارە گەلی کورد بەهیچ شێوەیەك نەیدەتوانی تاوانەکانی شابەخشێ و ئەو هەموو خراپەی لەدەورەی پاشایەتی خۆیدا لەگەلٚ گەلی کوردی کردبوو، لەبیر هیچ کوردێك نەدەچۆوە، بەتایبەتی خالە بەرچاوەکانی وەك تێکدانی کۆمارە ساواکەی کوردستان وشەهیدکردنی پێشەوا قاضی محمدوئەو هەموو پیاوە خەباتکارانەی ئەو سەردەمە، کوودیتاکردن لەدکتۆر مصدق، گرتنە بەکۆمەلەکانی سالەکانی ٣٨،٤٢(٥٩و٦٣ی زاینی-ل) کوشتاری بێرەحمانەی شۆڕشگێرانی دیموکرات لەسال٤٦و٤٧(٦٧و٦٨یزاینی - ل) و گرتن‌و دورخستنی ئەم خەلکە نیشتمانپەروەرەو بیرکردنەوەی لەم هەموو جینایەتە سامناکەی دەرحەق بەکورد کردبووی، ئاگری نەفرەتی لەدەروونی هەموو کوردێکی دلسۆز

هەڵکردبوو، بڕینیخیانەتی شا و ئەمەریکا لەسـاڵی ٧٥دا و بەسـتنی پـەیمانی ئەلجەزائیریش سەبارەت بەوەزعی کوردستانی عێراق زۆر قوڵتر بوو لەوەی وازوو سارێژبی و زور لەمێژبوو بەدڵ چاوەڕوانی هەلێکی گونجاوبوون))[٣١].

ئەگەر ئەو مەسەلەیە بکەینە گریمان کە شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕوخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهی تەنها بەرهەمی خەباتی ساڵی ١٩٧٨ی گەلانی ئێرانە کەوانییە، ئەوا پێویستە بوترێت کەبەشداریکردنی گەلی کورد لەو شۆڕشە تاڕادەیەك دواکەوت، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوەجگە لەوەی گەلی کورد بەشی زۆری هێزو وزەی دژ بەڕژێمی لەجوڵانەوە چەکدارانەکەی دەساڵ بەر لەشۆڕشی ساڵی ٧٨ بەخەرج دابوو، زۆرینەی سەرکردە سیاسیەکانیشی یا کوژران یاخود لەزیندانەکاندا تا ئەو دەمە ڕاگیرابوون، ئەوانەشی ئاوارەی عێراق بوون لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دوای ڕێکەوتنی ئەلجەزائر لەگەڵ ئێران دەست و پێیان بەسترابۆوە و کەوتبوونە ژێر فشاری دەرکردنەوە، لەلایەکی ترەوە کوردستانی ئێران بەجۆرێکی وا میلیتارێزە کرابوو کەلەشکرو دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم دەیانتوانی بەئاسانی هەر جوڵانەوەو خۆپیشاندانێکی جەماوەری بەبیانووی تەجزیەتەڵەبییەوە خەڵتانی خوێن بکەن و لەڕیشەوە دەریکێشن، جگە لەوەی ئەودەمە لەکوردستانی ئێراندا وەك بەشەکانی دیکەی وڵات ڕێکخراوێکی سیاسی و تۆکمەی خاوەن تەشکیلاتی دژ بەڕژێم نەمابوو، ڕێبەرێکی ناسراو وهاندەرو ڕێگا نیشاندەریش نەبوو[٣٢]، ئەگەر لەهەرێمەکانی دیکەی ئێران ڕۆحانییە بونیادگەرکانی شیعە دەیانتوانی سوود لەشانە نهێنییەکانیان و هەستی مەزهەبی شیعەگەرێتی خەڵکی وەرگرن و وتارەکانی خومەینیان بەگوێدا بدەن و دژی ڕژێم بیانجوڵێنن، ئەوا لەکوردستانی سونی و ژێرستەمی نەتەوایەتیدا ئەو مەسەلەیە جۆرێکی دیکەبوو، بەلام وێڕای ئەوەش کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی ئێران هەرزوو ئەو دواکەوتنەیان قەرەبوو کردەوە و لەگەڵ گەڕانەوەی تەرمی ڕابەری نەتەوەیی و ئازادخوازی کورد عەزیزی یوسفی تێکڕا هاتنەمەیدان.

ئاشکرایە یوسفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ك.ا بوو، دوای ئەوەی نزیکەی ٢٥ساڵ زیندانی چێشتبوو و لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا هێلرابۆوە، تووشی چەندەها نەخۆشی بوو کەهیوای چاك بوونەوەی بۆنەکرا، هەر بۆیە ڕژێم لەساڵی ١٩٧٧دا لەزیندان ئازادی کرد، بەلام وەك چاوەڕواندەکرا ناوبراو پاش ساڵێك بەوەستانی دڵ و گورچیلەکانی لەتاران گیانی بەخشی، شایەنی باسە بەشێکی ئەوکادرو ئەندامە کوردەحیزبییانەی کەلەتاران

دوورخرابوون بڕیاری ئەوەیان دا کەتەرمەکەی یوسفی بگێڕنەوە کوردستانو بەشکۆو پێشوازی خەڵکەوە بینێژن، ئەوەبوو دوای وەڕێخستنی تەرمەکە لەتاران لەلایەن ژمارەیەکی زۆر کوردو غەیرەکوردەوە، ئێوارەی ڕۆژی ١٤ی حوزەیرانی١٩٧٨ لەلایەن خەڵکێکی زۆر کەژمارەیان زیاترلە ٢٠٠٠کەسێك دەبوون لەزۆربەی شارەکانی کوردستانەوە خۆیان گەیاندبۆ مەهاباد پێشوازییەکی گەرم لەتەرمەکەی یوسفیکرا(٣٣).

بەیانی ڕۆژی ٥ی حوزەیران تەرمەکە لەخانەقای نەهرییەوە بەرەوقەبرستانی گونبەزان بە ڕێورەسمێکی شکۆدارانە بەڕێکراو جەماوەرێکی زۆر کە ڕەسمی یوسفییان هەڵگرتبوو و بەگوڵ ڕازاندبوویانەوە لەپشتی تەرمەکەوە دەڕۆشتن، لەکاتی مەراسیمی ناشتندا گادانی بەدرێژی باسی ژیانو خەباتنامەی یوسفی بۆ ئامادەبووان کردو لەسەر زیندانو تاوانەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی و ئیمپریالیزمی ئەمەریکا دوا، دواتر لەدرێژەی قسەکانیدا یوسفی بەشەهید ناساندو داوای لەمەلا شێخ عیزەدینی حوسەینی ئیمام جومعەی مەهاباد کرد بە کوردی تەلقینی بدات، ناوبراویش سەرەتابە دێڕە شیعری کوردی (پێی‌ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن‌وگرین نامرن ئەوانەوا لەدڵی میللەتا دەژین) ئەرکە ئایینیەکەی بە جێگەیاند، ئەو ڕۆژە بەوەندە کۆتایی هات‌وخەڵکی گەڕانەوە مەهاباد و سێ‌ڕۆژ لەخانەقای نەهری پرسەیان گرت.

دوای کۆتایی هاتنی پرسە وەك باوە دەبێ خەڵکی سەردانی گڵکۆی لەدەست چوویان بکەنەوە، لێرەدامەسەلەکە بەجۆرێك ڕێکخرا کە بکرێتە دەستکەوتێکی سیاسی، ئەوەبوو جەماوەرێکی یەکجار زۆر لەبەردەم خانەقای نەهرییەوە بەڕێزی ڕێك‌وپێك بەرەوسەرقەبران کەوتنە ڕێ، لەوێرادوای دانانی سەدان چەپکە گوڵ لەسەر مەزاری یوسفی، لەڕێگای ئەوبڵندگۆیانەی هێنرابوون جارێکی دی گادانی بۆخەڵکەکە دەستی بەقسان کردو توندتر لە پێشوو دابەزییە سەرڕژێم، پاشی ئەوخوشکە حەوسەتی‌دەباغی، فەوزییەی جوانە مردی، مهندس سلێمان تیکانتە شیعرو وتاریان خوێندەوە، لەگەڕانەوەدا خەڵکی چوونە سەرگۆڕی ڕێبەرانی جوڵانەوەکەی ساڵانی ٦٧-٦٨، لەوێرا عومەری قازی‌و مەلا محەمەدی نیزامی کە دوو کوردی ئازادخواز بوون کەوتنە دروشمدان‌و مەسەلەکە بۆ خۆپیشاندانی دژ بەڕژێمی شاهەنشاهی وەرگەڕا. لاوان کەزۆرینەی جەماوەریان پێکدەهێنا بەدروشمدان بەرەو ناو شاری مەهاباد گەڕانەوە و تامەیدانی چوارچرا ڕۆیشتن، لەوێرا لەلایەن ژاندارمەوە پێشیان لێگیراوبڵاوەیان پێکردن. بەم شێوەیە یەکەمین خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی کوردستانی

ئێران دژی ڕژێمی شاهەنشاهی دەستی پێکرد[٣٤].

شایەنی باسە لێپرسراوانی ڕژێم لەشاری مهابادهەر ئەو ڕۆژە کەوتنە گرتنی ئەو کەسانەی گومانی ئەوەیان لێدەکرا دروستکەری ڕوداوەکەبن، لەماوەیەکی کەمدا نزیکەی ٤٥کەسێك گیران، ئەوانەشی وەك گادانی گەڕابوونەوە تاران لەوێڕا بەدەست بەسەری هێنانیانەوە مەهاباد، ئەوانەی گیرابوون بریتیبوون لە (جەلیل گادانی، سەعیدکاوە، سەید محەمەدی نیزامی، حەوسەتی دەباغی، قادرماوەرانی، عومەریقازی، قاسمی سوڵتانی...هتد) کەدوای دادگایی کردنیان سزای ئیعدامیان بۆهەندێکیان بڕیبوّوە، کەلەبەر بەردەوام بوونی ڕاپەڕینەکانو تێکچوونی زیاتری باروئۆخەکە پاش چەند مانگێك هەموویان ئازادکران، دوا تاقمیان ئەو(١٦) کەسەبوو کەلەزینندانی ورمێ ڕاگیرابوون، ڕۆژی بەرەڵاکردنی ئەم تاقمە لەورمێ پێشوازییەکی گەرمیان لێکراوئەو ڕوداوە بووە هاندەری ئەوەی لەو شارەش ڕاپەڕینو خۆپیشاندان دژی ڕژێمی شاهەنشاهی دەست پێبکات، کەتا ڕوخاندنی ئەو ڕژێمە کۆتایی نەهات[٣٥]. لەڕاستیدا ئەو خۆپیشاندانەی شاریمەهاباد کەبەبۆنەی هاتنەوەی تەرمی یوسفی هەڵگیرسابووە سەرمەشقی خۆپیشاندانەکانی تریشارەکانی کوردستان و هێدی هێدی ڕاپەڕینی جەماوەری داخ لەدڵی زۆربەی ناوچەو هەرێمەکانی کوردستانی ئێران دەستیپێکرد و لەزۆرشوێن دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم دەکەوتنە بەرپەلاماری خەڵكو تێکهەڵچوون دەقەوما، هەر لەخودی شاری مەهابادا خۆپیشاندانەکان درێژەیان خایاندو لەو نێوەدا چەندەهای وەك (جەمالی فەقێ یەعقوبی)بە دەستی ژاندارم خەڵتانی خوێن کران.

شاری بانەش لەسەرەتای ئەیلولی ١٩٧٨دا نزیکەی هەمان ڕوداوی شاری مەهابادی لێ دووبارە بۆوە، دوای ئەوەی یەکێك لەکوڕەکانی (حاجیمستەفای شافعی) کە خەڵکی بانەیە، کەوتبووە ژێر تراکتۆرو مردبوو، لەڕێوڕەسمی ناشتنەکەیدا شێخ جلالی براچکۆلەی شیخ عزەدینی حوسەینی بە چاولێکەری براکەی دەستی بەهێرش کرنەسەر ڕژێمی بەعس لەعێراقو تاوانەکانی دژی کەلیکورد کرد دوای پەیماننامەی ئەلجەزائیر،لاوانێك کەلە ڕێو ڕەسمەکەدا بەشداربوون قسەکانیان لەدەمی شێخ جلال قۆزتبۆوەو جگە لە دروشم دان دژی بەعس، کەوتبونە دروشم دان دژی ڕژێمی شاهەنشاهیو بانگی ئازادییان بەگوێی خەڵکەکەدادابوو، ئەولاوانە لەگەڵ خەڵکەکەدا بەدروشم دان بەرەوشاری بانە گەڕابوونەوە و لەوێڕا لەلایەن ژاندرمەوە دەوریان گیرابوو و ژمارەیەکی زۆریان لێگرتبوون[٣٧].

ئەو ڕوداوە بەتەواوەتی ترسی خەڵکی بانەی لەژاندرمەکانی ڕژێم شکاندو بەردەوام لە مزگەوتەکاندا کۆدەبوونەوەو وتاریان دژی شای ئێران دەخوێندەوە؛ لەڕۆژی یەك شەممەو دووشەممەی ڕێکەوتی ١و٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨دا خۆپیشاندانێکی گەورە لەبانە سازکرا کە داواکارییەکانیان خۆی لەبەردانی گیراوە سیاسییەکان و دابین کردنی ئازادیو لابردنی کاربەدەستە نالەبارەکانی ڕژێم دەدیتەوە، لەم خۆپیشاندانەدا دووساواکی کوژران وماڵەکانیان سوتێنرا، لەئاکامدا (عبدوڵلای مەحمودی) فەرمانداری شارو (ئیرەجی اقدسی) بەڕێوەبەری دەزگای شێروخورشید دەستیان لەکارکێشایەوە[٣٨].

هەروەها لەڕۆژی ٢٤ی کانونی دووەمی ١٩٧٩دا خەڵکیبانە هێرشیان بردە سەربادگانی شارەکەیان و دوای کوژرانی دووکەس بەنێوی (ئەحمەد خانی و ئەحمەدی ڕەحمانی خاتونی) و بریندابوونی چەندیدی توانییان ژمارەیەك ژاندرمەی ڕژێم چەك بکەن، ڕۆژی دوایی بەئامادەبوونی هەزاران کەس کە لەشارەکانی دیکەی کوردستان وەك: سەردەشت، سەقز، بۆکان و مەهاباد هاتبوون تەرمی ئەو دووکەسە لەگۆڕستانی بەناوبانگی سلەیمان بەگ بەخاك سپێردران، بەشداربوون و کۆبوونەوەی خەڵکی شارە جیاوازەکانی کوردستان لەڕیو ڕەسمی تەرمی ئەوانەی کە لەخۆپیشاندانەکانی دژبەڕژێمدا دەکوژران لەم قۆناغەدا ببووە نەریتێکی باوی شارەکانی کوردستانی ئێران، شایەنی باسە لەخۆپیشاندانەکانی شاری بانەدا هەر دەستەو دروشمی تایبەتی خۆی دەدا، بۆ نموونە مارکسیستەکان دروشمی (داس و چەکوش دوژمنی سەرە نێزەیە لەرزینی دوژمن لەبەر ئەم هێزەیە)، (هەرکارگەو دەتوانێ نیزامێکی نوێ دانێ)، و (برادەری، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری)یان دەدا، کەسانی ئاینیو نەتەوەیی وەك شێخ جلال ولایەن گرانیشی دروشمی (الله اکبر شیعاری دینە ئازادی گەلان هەوێنی ژینە)، یان دەوتەوە، لەڕاستیدا هێشتا شۆڕشی گەلانی ئێران بەتەواوی ڕژێمی نەروخاندبوو کە خەڵکی بانە تەواوی پەیکەرو وێنەکانی شاو باوکیان لەشارەکەیاندا بەپێوە نەهێشت[٣٩].

لەلایەکی ترەوە دوای ئەوەی ڕژێمی شاهەنشاهی لەژێر فشاری خۆ پیشاندانە جەماوەرەییەکان و ڕێکخراوی نێو دەوڵەتیدا ناچاربوو دەرگای زیندانەکانی بکاتەوەو دەستەدەستە زیندانەسیاسیەکان ئازاد بکات، یەکێك لەو زیندانییانە کەبۆ ماوەی نزیك بە٢٠ساڵ ڕاگیرابوو (غەنی بلوریانی) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ك.١ بووکە لەکۆتایی ئەیلولی ١٩٧٨دا لە زیندانی عادل ئاوای شیراز ئازاد کرا، بلوریان پاش مانەوەی ماوەیەکی

کورت لەتاران بەڕێو ڕەسمێکی کەم وێنە گەڕایەوە شاری مهاباد، ئەو گەڕانەوەیەی کرایە خۆپیشاندانێکی سیاسی و لە پاڵ دروشمی (مامە غەنی هاتەوە یاخوا بەخێربێتەوە)دا، دروشمی (نەمان بۆ دیکتاتۆری)،(ئازادی مافی گەلە) و (دیموکراسی و برایی مایەیە بۆ ڕزگاری) لەلایەن هەزاران کەسەوە دەوترایەوە[٤٠].

بلوریان سەبارەت بەو پێشوازیو خۆپیشاندانە نوسیویە ((لەچوارڕێی مەراغەوە کەنزیك بەدووسەد کیلۆمیترە بۆمەهاباد. هەزاران ئوتۆمبیل ڕەگەڵمان کەوتن. خەڵکێکی زۆر لەمەهاباد و هەموو شارەکانی تری کوردستانەوە بەپێشوازی هاتبوون، پێشوازیکردنێکی ملیۆنیخەڵکی کوردستان لە ڕۆڵەیەکی خۆیان کە بەساڵەها بۆ ئازادیو ڕزگاری نەتەوەکەی هەڵسوڕابوو، دوومەبەستی ڕوونی تێدا دەگونجا،کەدەکرێ بەمجۆرە گەلاڵەیان بکەم.

١-سوپاس لەڕۆڵەی تێکۆشەری خۆیان کەساڵەها لەبنەماڵەکەی جیاکرابۆوە و لەزیندانە خۆف هێنەرەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری پەهلەویدا. ڕەنج و ئازارو ئەشکەنجە درابوو، وبۆ سەربڵندی نەتەوەکەی تەسلیمی ویستی حکومەتی دیکتاتۆر نەبوو.

٢-زەق کردنەوەی ئەو مەبەستە کە گەلی کورد هەمیشە ڕێزو حورمەتی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی لەبەرچاوەو لەبەرامبەر دیکتاتۆر و زۆرداراندا هەستی نیشتمانی و نەتەوایەتی خۆی لەبیرناکات و پڕبەدڵ دژی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانە)).ئاشکرایە شاری سنەش وەك زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستانیئێران لەڕاپەڕینو مانگرتنو خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان دژی ڕژێمی شاهەنشاهی ڕۆڵی خۆی بەباشی دیت، بەدوای زنجیرەیەك خۆپیشاندانی جەماوەری خەڵکی ئەم شارە لەسەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨دا، مانگرتنی سەرانسەری لەسنەدا ڕاگەیەندرا کەکاری داموو دەزگا دەوڵەتیەکانی بەتەواوی ئیفلیج کرد، هەروەها لەناوەڕاستی مانگی کانونی دووەمی ١٩٧٩دا خۆپیشاندانی خەڵکی ئەم شارە بەتوندی لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمەوە دەستی لێوەشێنرا، ئەوەبوو کاتێك لە١٩ی کانونی دووەمداخوێندکارانی زانکۆ لەتاران مانیان گرت وبەیاننامەیەکیان ئاراستەی حکومەتی بەختیارکرد کەتیایدا ئاماژەیان بەو کوشتارەی شاری سنەدا کەژاندرم لەخەڵکی بێدیفاعی کردوە، لەبەیاننامەکەدا هاتبووکە ((بەختیار لەبێشەرمیو ئیهانەت بەحەیسییەتی میللەتی ئێران ڕووی نۆکەرە سیفەت هاوتاکانی خۆیسپی کردۆتەوە))[٤١]. شایەنی باسە هێشتا خومەینی لەفەرەنسا نەگەڕابۆوە ئێران کەلە ١٢ی کانونی دووەمی ١٩٧٩دا نامەیەکی ئاراستەی زانایانی ئاینیو خەڵکی کوردستان

کرد تیایدا ڕایگەیاند:

((لەم وەختەدا کە نیشتمانەکەمان بەناسکترین قۆناغی مێژووی خۆیدا تێدەپەڕێت و میللەتی موسوڵمانی ئێران لەگەڵ درەندەترین جەلادەکاندا.. ڕووبەڕووە پێویستە لەسەر تەواوی چینەکانی بەڕێزی وڵات کەبەیەك دروشم لەنیشتمان و ئیسلامی ئازیزبەرگری بکەن و دەستی خائینان و تاوانباران ببڕن و بێئاگایی لەئەرکەکانیان دەبێتە سستی ڕاپەڕینی ئیسلامی وخوانەکردە بەشکستی کۆتایی دێت. لەم ڕووەوە زۆر سوپاسی خەڵکی بەڕێزی ئەم ناوچەیەدەکەم کەوەزیفەی ئاینی خۆیان بەرامبەر ئیسلام و موسوڵمانان بەباشترین شێوە بەڕێوە دەبەن و لەم سەرهەڵدانە مەزنەدا ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان هەیە، خودای بێهاوتا هاوکاری خێرتان بێت... روح الله موسوی الخمینی)) (٤٢)

هەروەها لەگەرمەی ڕێپێوانەکاندا بوو کەلەپایزی ساڵی ١٩٧٨دا کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ك.ا کۆبونەوەیەکی نائاسایی خۆیان بەست و بڕیاریاندا کۆمیتەیەك لەژێر ناوی (زاگرۆس)دا بنێرنەوە نێوخۆی وڵات،ئەم کۆمیتەیە لەهەشت ئەندامی ڕێبەرایەتی وکادری پێشکەوتوی حیزب پێکهاتبوو، لەماوەی هەفتەیەکدا گەڕانەوە کوردستانی ئێران و هەریەکەیان بۆ زیندوکردنەوەی شانەو کۆمیتەکانی حیزبی لەشارەکانی تاران، مەهاباد، ورمێ، کرماشان، سنەو پیرانشاریان بۆخۆیان دابین کرد، لەڕاستیدا کۆمیتەی زاگرۆس بەپەند وەرگرتن لەئەزموونەکانی پێشوو هەوڵی دەدا لەنهێنیتەواودا هەڵسوڕێت و پەیوەندی بەهەموو کەسەوە نەدەکرد،هەر بۆیە لەهەل ومەرجێکی پرجۆش و خرۆشی ڕاپەڕین و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکاندا، هەنگاوەکانی زۆر هێواش بەڕێوەدەچوو (٤٣).

خۆپیشاندانەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران تا ڕوخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهی درێژەی کێشا، لەزۆربەی شارەکان خەڵکی پەلاماری بارەگای دەزگا سەرکوتکەرەکان و پادگانە سەربازییەکانی ڕژێمیان دەداو چەکیان دەکرد، لەشاری سەردەشت لەڕۆژی ١٦ی کانونی دووەمی ١٩٧٩دا جەماوەرێکی زۆر ڕژانە سەر شەقامەکانی شارو بەرەو پادگان هێرشیان برد، دوای کوژران و بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر لەهێرشبەران پادگانی سەردەشت چەك کراو تەواوی چەك و کەرەسە جەنگییەکان کەوتنە دەست جەماوەری ڕاپەڕیو (٤٤).

هەر لەم قۆناغەدا لەزۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێراندا شورا جەماوەرییەکان دامەزران کە ڕۆڵی گرنگیان بینی لەئاراستەکردنی جەماوەرو هاندانیان بۆ ڕاپەڕین و پاراستنی دەستکەوتەکان، لەم ڕووەوە چەپەکان لە دەستەکانی دی هەڵسوڕتربوون. هەر لێرەدا جێی خۆیەتی

بوترێت کە دامەزراندنی (جمعیت کردهای مقیم مرکز/ کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی پایتەخت) بەیەکێك لە گرنگترین کار و چالاکییەکانی ئەو دەمی ئازادیخوازانی کورد لە تاران دادەنرێت، ئەم کۆمەڵەیە لەسەرەتای مانگی کانونی دووەمی ١٩٧٩دا لەکۆبوونەوەیەك دا لەهۆڵی فیردەوسی زانستگەی تاران دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاندو لەزۆربەی خۆپیشاندان و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دژ بەرژێمی شاهەنشاهی بانگ دەکران و ڕۆڵیان دەدیت[٤٥] یەکێك لەچالاکییە نەتەوەییەکانی ئەم کۆمەڵەیە لەتاران سازکردنی ئاهەنگێکی جەماوەریبوو بەبۆنەی یادی (٢ی ڕێبەندانی/٢٢ی کانونی دووەم) ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان لە زانستگەی تاران، لەو ئاهەنگەدا سەرەڕای خوێندنەوەی چەند وتارو شیعرو گۆرانی نەتەوەیی، قوربانییەکانی گەلیکورد دژی ڕژێمی شاهەنشاهی وە بیر جەماوەر خرانەوەو هەزاران کەس بەهێنانی ناوی پێشەوا قازی محەمەد چەپڵەیان لێدەدا، هەروەها چالاکییەکی دی کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی پایتەخت کە جەلیل گادانی بەرپرسی یەکەمیبوو دەرکردنی ئۆرگانێك بوو بەناوی (تروسکە) کە چەند ژمارەی بەزمانی کوردی و فارسی لێبلاوکرایەوە[٤٦].

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیەکە هەر لەگەڵ هاتنەسەرکاری حکومەتی بەختیاردا، ناوبراو وتارێکی پێشکەشی گەلانی ئێران کردو تیایدا هێرشێکی توندی کردە سەرگەلی کوردو بەئاژاوەگێڕو تەجزیە تەڵەبی ناوزەدکرد، دیارە کاربەدەستانیناوەند هەر کاتێك بیانەوێت ڕای گشتی چەواشەکەن و خۆیان لەقەیرانەکانی ناوەند بدزنەوە، هەوڵدەدەن سەرنجی هێزەکان و خەڵکی بەرەو کوردستانی ئێران ڕاکێشن و ئەو تۆمەتە بکەنە ئامرازێك بۆ چەواشەکردنی نەیارەکانیان قەوانی بەختیاریان لێدەدایەو وەك ئەو وتارەی لەلایەن (تیمسار قەرەنی)ەوە لەگۆڤاری (آیندگان)دا بلاوکرایەوە لەلایەن جەلیل گادانییەوە وەلامێکی توندی درایەوە[٤٧] هەروەها ئەو پروپاگاندانەی کەلەدەزگا ڕاگەیاندنەکانی دیکەی دەوڵەتەوە بلاودەکرایەوە گوایە خەڵکی کوردستان بەمەبەستی جیاوازخوازی شوورایەکیان بەناوی (شورای همبستگی کردستان) پێکهێناوە، ئەو تۆمەتانەی دەوڵەت کەلەلایەن شێخ جەلالی حوسەینییەوە و لەڕۆژنامەی(کیهان)دا وەلام درایەوە.

شایانی باسە شێخ جەلال لەوەلامەکەیدا نوسیویە ((گریمان وا کوردەکان لەبەر جیاوازخوازییان گوللەباران دەکرێن، باشە ئەی تارانییەکان، ئەی تەبرێزییەکان، ئەی قەزوینییەکان، ئەمانە بەچ تاوانێك گوللەباران

دەکرێن، لەکوردستانی ئێراندا هێزێك نییە کە بۆ جیاوازخوازی تێبکۆشێت‌وئەو قسەلۆکانە هەمووی درۆی ڕووت‌و شاخدارن‌و پلانێکن بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی تێکۆشەری‌کوردستان کە هاوکات لەگەڵ هاونیشتمانی خۆیداو بەمەبەستی ڕزگارکردنی وڵات لەچنگی خوێن خۆرانی خەبات دەکات بەڕێوەدەچێت))[٤٨].

لەڕاستیدا محەمەد ڕەزا شا بەمەبەستی هێمن کردنەوەی بارودۆخەکەی کوردستانی ئێران (سوپە بود و هرامی) ناردە شاری مەهاباد بۆ ئەوەی بەڵکو لە دۆستایەتی و خۆشەویستی پێشووی لەنێو خەڵکدا کەڵك وەرگرێ‌و کارێك بۆ شا بکا، بەڵام لەلایەن کەسێکەوە بەناوی (سەید عومەر) پەلاماری کرایە سەر، ئەوە بوو پاسەوانەکانی‌و (ورهرام، سەید عومەریان دایە بەر ڕێژنەی گوللەو لەخوێنا گەوزاندیان، خەڵکی مەهاباد بۆناشتنی تەرمەکەی ناوبراو ریپێوانێکی گەورەیان سازداو بەشکۆوە بەخاکیان سپارد[٤٩].

لەسەرەتای مانگی شوباتی ١٩٧٩ دا خۆپیشاندانەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران و پەلاماردانی بارەگاکانی ساواك و کەلانتەری و شارەبانی و هێرش بردنە سەر زیندانەکانی ڕژێم توندتربوو، بەپێی ئەو لیستەی کە گۆڤاری (آیندگان) بڵاوی کردۆتەوە، قوربانی شارەکانی کوردستان لەنێوان دوو ڕۆژی ٧و٨ی شوباتی ١٩٧٩دا بەم شێوەیەی خوارەوە بوو: لەشاری سنە کوژراوێك و ١٨ بریندار، مهاباد ١٤ کوژراو ٤٠ بریندار، ورمێ ٢ کوژراو ١٦ بریندار، نەغەدە ١٨ کوژراو ١٧بریندار خورەم ئاوا ٢٣کوژراو ٤٠٠بریندار..هتد[٥٠].

هێشتا بەختیار لەئێراندا هەڵنەهاتبوو کە کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ك .ا لەڕۆژی ٩ی شوباتی ١٩٧٩دا پەیامێکی ئاراستەی خومەینی کردووە کەتێیدا هاتووە ((جوڵانەوەی بەرینی گەلانی ئێران ناکرێ تەنیا موڵکی دەستەیەکی دیارکراوبێ. تەواوی خەڵکی ئێران بەبیروباوەڕی جۆربەجۆرەوە لەو ڕێگایەدا زەحمەتیان کێشاو فیداکارییان کردوە، بۆ دروست کردنی ئێرانێکی نوێ‌و دیموکراتیش، پێویستە هاوپێوەندی‌و خەباتی هاوبەش هەردرێژەی هەبێ. دەبێ ئەوەتان لەبەر چاوبێ ناکرێ دەستکەوتەکانی شۆڕش تەنیا بخرێنە ژێر دەسەڵاتی دەستەیەك و بەبیانووی جۆربەجۆریش هێزەکانی دیکە بێبەش بکرێن، تاقی‌کردنەوە ی زۆر وڵاتان‌و هەروها وڵاتی خۆشمان نیشانی‌داوە کەهەرجۆرە تەنگەبەرکردنێك لەبارەی ئازادی تێکۆشانی هێزەکان لەڕێبازی شۆڕش دا، بەهەر ناوێکەوە بێ، درەنگ یازوو دیکتاتۆری‌یەکی تەواو پێك دێنێ مەرجی سەرەکی بۆ پێك هاتنی هەل‌ومەرجێکی هێدی‌و دیموکراتی کەبتوانێ مزگێنی پاشە ڕۆژێکی باشتر بۆ خەڵکی ئێران

بەتایبەتی کۆمەڵانی زەحمەت کێشی وڵات دەگەڵ خۆی بێنێ ئەوەیە کە دیموکراسی بۆ هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەبێ هیچ مەرجێك دابین بکرێ.

هەروەها هیواداریـن کەمەسەلەیەکی سەرەکی لەشۆڕشی ئێراندا بەتەواوی لەبەرچاو بگیرێ. ئێمە لەو بڕوایەداین کە هیچ ڕژێمێك لەئێراندا ئەگەر نەتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر بکا، کە یەکێك لەگیروگرفتە سەرەکییەکانی وڵاتی ئێمەیە، ناتوانێ ڕژێمێکی بەراستی نیشتمانی و دادگەرو دیموکراتی بێ، واقعییەت ئەوەیە کە گەلانی زۆر لێکراو لەوڵاتی ئێراندا زیاتر لەنیوەی دانیشتوان پێك دێنن. خوێندن و نوسین بەزمانی زکماکی، پاراستن و پەرەپێدانی فەرهەنگی میللی، وەلانانی چەوسانەوەی ئابووری و سیاسی و لەهەموو گرنگتر دیاریکردنی مافی چارەنووس بەدەستی خۆ، لەمافە سەرەتاییەکانی گەلانی ئێرانە، لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر گەلان پێچەوانەی پرۆپاگندەی ئەوانەیە کە دوژمنانی گەل ئیدعای دەکەن، مەسەلەیەکی وا هاندانی تەجزیە تەڵەبی نیە، بەپێچەوانەوە دابینکردنی یەکێتییەکی ڕاستەقینەی ئەم گەلانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا زامنی یەکپارچەیی و سەربەخۆیی وڵاتە، مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا وجوودی هەیەو بەهیچ جۆرێك خوگێل کردن لەمەسەلەیەکی وا لەگرنگییەکەی کەم ناکاتەوە بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر ڕێگا بۆ دوژمنانی سەربەخۆیی و ئازادی ئێران خۆش دەکات کەبەقازانجی خۆیان سوودی لێببینن.

حەزرەتی ایت الله جەنابت لەیەك ساڵی دواییدا نیشانت داوە کە دەتوانی بەغیرەت و ئازایەتییەکی بێوێنەوە لەگەڵ مەسەلەکانی بەرەو ڕووبی. وەرە ئەم بتەش کەناوی تۆمەتی جیاوازی خوازی و یەکێکە لەپاشماوەکانی ڕژێمی شوومی پەهلەوی تێ بشکێنەو بەناوی مرۆڤایەتی و دادپەروەری دیفاع لەمافەکانی گەلانی زۆر لێکراوی ئێران بکە. دڵنیابە مێژوو هەرگیز ئەو خزمەتە پرشنگدارەی لەبیر ناچێ...

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران))[٥١]

١٩٧٩/٢/٩

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

(١) شایەنی باسە مامۆستا محمد تۆفیق وردی پێش ٧ ساڵ لەروخاندنی ڕژێم نوسیویە (کۆنەپەرستی ئێرانی خەریکە بەدەستی خۆی قەبری خۆی هەڵدەکەنێ و بەم زووانە ئەوانە توورڕ دەدرێنە زبڵدانی مێژوو بەو دەردە دەچن کەپێشتر شەهەنشاو ئیمبراتۆریەتەکۆنەپەرستەکانی دی گەیونێ) بڕوانە: ووردی، محمد تۆفیق، قافلة شهداء الأكراد والشعوب الايرانية، مطبعة اللواء، بغداد، ١٩٧٢، ص١٣.

(٢) فردوست،ارتشبد حسين ،ظهور وسقوط سلطنت بهلوى،جلد اول،چاپ دووهم ،،تهران ،١٣٧٠ ش ،ص ٤٨٣- ٤٨٤.

(٣) گازيورسكى، مارگ.ج، سياست خارجى امريكا و شاه، ترجمه:فريدون فاطمى، چاپ اول، تهران، ١٣٧١ ، ص٢٦٥.

(٤) گوتام، ريتشارد. دبليو، القومية فى ايران، ترجمة:فاضل الخفاجي، بغداد، ١٩٧٨،ص ٤٧٠.

(٥) سابليه، ادور، ايران مستودع البارود، ترجمة: عبدالمنعم حسنين، القاهرة،١٩٨٥،ص٥٥.

(٦) گازيۆرسكى، س.پ ، ل ٣١.

(٧) بۆ زياتر: كدى نيكى، ريشەهاى انقلاب ايران، ترجمە عبدالرحيم گواهى، قلم، تهران، ١٣٦٩؛ كاظمى، فرهاد، اثار هجرة الفلاحين الايرانيين على النظام السياسي في ايران، في: دراسات ايرانية، مجموعة بحوث مختارة، ترجمة الدكتور عبدالجبار ناجي ووديع ميخائيل حنا، منشورات مركز دراسات الخليج العربي، جامعة البصرة، ١٩٨٣.

(٨) جراهام، روبرت، ايران: وهم السلطة. اجابة مبكرة لسؤال الساعة لماذا سقط الشاه و العرش، عرض: فيليب جلاب، العربي -مجلة، العدد ٢٤٦، مايو ١٩٧٩، ص١٤٥.

(٩) هـ.س ، ل ١٤٩.

(١٠) سابيليه، س.پ ، ل ٦٢.

(١١) جراهام، س.پ ، ل١٤٨.

(١٢) هـ.س ، ل١٤٧، سابيليه س.پ، ل ٥٩.

(١٣) گازيۆرسكى، س.پ ، ل٣٤٣.

(١٤) بۆ زياتر: الگار حامد انقلاب اسلامي در ايران، ترجمة مرتضى اسعدي وحسن جيذرى، قلم، تهران، ١٣٦٠

(١٥) ناوى (روح الله)يەو كوڕى سيد مصطفى موسوىيە لە ٢٤ى ئەيلولى ١٩٠٢ لەشارستانى (خمين) لەدايك بووەو پەروەردەى خوێندنگا ئايينيەكانى اراك و قومە، لەسەر دەستى ژمارەيەك لەرۆحانييە شيعەكانى وەك محمد على اديب تهرانى، محمد تقى خوانسارى، حائرى يزدى زانستە مەزهەبييەكانى ڕەوانكردووە، تا رادەيەكى زۆر لەژێر كاريگەرى ئەندێشە سياسييەكانى ايت الله كاشانى دابووە، لەساڵى ١٩٦٣ وەك كارێكتەرێكى سياسى دەركەوت و دژى ريفۆرمى زەوى و ياساى مافى هەڵبژاردن بۆ ژنان هاتە مەيدان، هەر لەو ساڵەدا لەئێران دەركراو زياتر لە١٤ ساڵ لەشارى نەجەفى عيراق مايەوە، بەكابرايەكى وشك و دڵڕەق و توندڕەو دەناسرێت و پاش ڕۆيشتنى شا لەئێران، ناوبراو لەفەرەنساوە گەڕاوە تاران بۆ پراكتيزە كردنى ئەندێشە سياسييەكانى كەوتە كار، ئەو ئەندێشانەى بەكتێبى (كشف الأسرار) دەستى پێكردو بە(ولايت فقيه ياحكومت اسلامى) كۆتايى هات، كە نێوەرۆكەكەى بريتييە لەبەدەستەوە گرتنى دەسەڵاتى سياسى و ئاينى ئێران لەلايەن رۆحانييە توندڕەوەكانى شيعەوە بەڕابەرايەتى بێ ئەم لاولاى خۆى، بۆ زياتر:

درايفوس، روبرت كارمن، رهينه خمينى، مطابع المخابرات الانكلوالامريكية، ترجمة وتقديم الدكتور على شمس الدين ناصر، أبو ظبي، ب.م.ت، ص ص ٧٣-٨٣ .

(١٦) السبكي ،د.امال،تاريخ ايران السياسي بين ثورتين(١٩٠٦-١٩٧٩)،الكويت،١٩٩٩،ص ص ١٩٠-٢١٩.

(١٧) گازيۆرسكى، س.پ ، ل ٣٤٨

(١٨) فردوست، س.پ، ل٤٨٦، گوتام ، س.پ ٤٨١

(١٩) طلوعی،محمود،شاه در دادگاه تاریخ،چاپ دوم ، تهران ،١٣٧٤،ص ٨٦.
(٢٠) هـ.س.، ل ٣٠.
(٢١) سابیلیه ، س.پ، ل ١٣٠
(٢٢) بهلوی ، محمد رضا، مذكرات شاه ایران المخلوع، مركز دراسات الخلیج العربي، جامعة البصرة، ١٩٨٠، ص ص ١٧٧-١٨٣؛ الحدیثي، سعد عبداللطیف، الولایات المتحدة وعملیة التغییر في ایران، معهد الدراسات القومیة والاشتراكیة، الجامعة المستنصریة، ١٩٨٣، ص٤.
(٢٣) بۆ زیاتر: زونیس، ماروین، شكست شاهانه، ترجمه عباس مخبر، چاپ اول، تهران، ١٣٦١.
(٢٤) طلوعی، س.پ ، ل ٥٠.
(٢٥) جمعی از نویسندگان، انقلاب اسلامی وچرایی و چگونگی رخداد ان،قم،١٣٧٨،ص٤٥، گوتام، س.پ، ل ل ٥٠٦-٥٠٩.
(٢٦) گازیۆرسكی، س.پ ، ل ٣٥٣
(٢٧) فردۆست ، س.پ، ل ٥٦٩
(٢٨) السبكی، س.پ ، ل ٣٣٠.
(٢٩) هـ.س ، ل ٢٢٠-٢٢١.
(٣٠) كاوه،سەعید ،ئاورێك لە بەسەرهاتەكانی خۆم ڕووداوەكانی نێو حزبی دیموكراتی كوردستان ،١٩٩٦، ل ١٨٤.
(٣١) گادانی،٥٠٠ ساڵ خەبات، بەرگی یەكەم، ل١٩٣-١٩٤.
(٣٢) كاوه، س.پ ل ١٨٦.
(٣٣) گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل ١٩٤
(٣٤) گادانی، بانەبێتە درۆی پاش مردوو، ب.ش.ل٤٦.
(٣٥) گادانی، پەنجا ساڵ خەبات، ل ١٩٥.
(٣٦) هـ.س ، ل ١٩٥
(٣٧) توكلی ، محمد رئوف، كردستان. جغرافیاو تاریخ بانه ،چاپ دوم،١٣٦٣ ش، ص ٤٢٠-٤٤١.
(٣٨) هـ.س ، ل ٢٤١.
(٣٩) خالیدی موحسین، ڕوانینێك بۆ كوردستان (بانە)، سروە - گۆڤار، ژمارە ١١٧، خاكەلێوەی١٣٧٥،ل٥١.
(٤٠) گادانی، بانەبێتە درۆی پاش مردوو ل ١٨٩-١٩١
(٤١) مدنی، دكتر سید جلال الدین ، تاریخ سیاسی معاصر ایران ، جلد دوم ،ص ٤٤٤.
(٤٢) توكلی، س.پ ل ٢٤٣-٢٤٤.
(٤٣) حسن زاده، عبداللە، نیو سەدە تێكۆشان، چاپی یەكەم ، گەلاوێژی ١٣٧٤، ل ل ١٢٠-١٢٢.
(٤٤) بانیخێلانی، ئەحمەد، بیرەوەرییەكانم، سوید ١٩٩٧، ل ٣٤٠-٣٤١.
(٤٥) گادانی ، ٥٠ ساڵ خەبات، ل ١٩٦-١٩٩.
(٤٦) چاوپێكەوتن لەگەڵ جەلیل گادانی، كۆیە، ٢٠٠٠/٧/٣
(٤٧) هـ.س.
(٤٨) كیهان، تهران، ١٠ بهمن ١٣٥٧
(٤٩) گادانی ٥٠ ساڵ خەبات، ل ١٩٨
(٥٠) ایندگان، تهران، ١٧ اسفند ١٣٥٧.
(٥١) كوردستان، ژمارە٥٤، ڕەشەمەی١٣٥٧ مارسی ١٩٧٩

# تەکنیکە کیمیاویەکان لە دیاریکردنی تەمەنی پاشماوە شوێنەوارییەکان

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە
کاروان عەبدولرەحمان عومەر

گرنگی سەرەتایی دیاری کردنی تەمەنی شوێنەوارە مێژووییەکان لە زانستی شوێنەواردا بریتیە لە شیکردنەوەی ئەو گۆڕانەی کە هاتوە بەسەر کەلتوری مرۆڤایەتیدا بە تێپەر بوونی کات. دانیشتوان یەکەم جار هەستاون بە ماڵی کردنی مەڕ و بزن و دواییش دەستیان کردووە بە چاندنی گەنم و جۆ لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا چونکە چڕی کۆمەڵی مرۆڤایەتی لەو ناوچانەدا بەرز بوو بەجۆرێك کەوا مرۆڤ بە تەنیا نەیتوانیوە پشت ببەستێت بە ڕاوکردن و کۆکردنەوەی بەری دارو درەختەکان.

مەبەست لە شیکردنەوەی ئەم بۆچوونانە بریتیە لە دانانی میکانیکیەك بۆ دیاری کردنی ڕێژەوی گۆڕان لە کەلتوردا بەرامبەر بە تێپەڕ بوونی کات و تۆمارکردنی هەر قۆناغێك لەو گۆڕانانە لە کەلتوری نەتەوایەتیدا.

بۆ نمونە، ئەگەر ئەو رووپێوی‌یانەی کە کراوە لەسەر ناوچە شوێنەوارییەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست کە لەوێدا بۆ یەکەم جار کشتوکاڵ دۆزراوەتەوە ئەتوانین بەهۆیەوە چڕی دانیشتوان و ئەو کەرەستانەمان دەست کەوێت کە بەکاریان هێناوە لەپێش (١٠٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر وە بە تێپەربوونی کات، زۆربوونی دانیشتوان هۆکارێ بوو بۆ داهێنانی زیاتر.

ئامانجی لێکۆڵینەوەی شوێنەواری بریتیە لە دۆزینەوەی هۆکارو ئەنجامی داهێنانە کەلتورییە مێژووییەکان کە پەیوەندییان لەگەڵ کات و شوێندا دەبێت.

بەڵام بە چ ڕێگایەك ئەتوانین ئەو پەیوەندییانە نیشان بدەین؟

زانستی شوێنەواری پشت دەبەستێت بە دوو ڕێگای جیاواز بۆ دیاری کردنی تەمەنە شوێنەوارییەکان. لە هەندێ باردا واپێویست دەکات بە ڕێگەی (Chronometric date) تەمەنەکە دیاری بکرێت کە بریتیە لە تۆمارکردنی کات بە پێی زنجیرەی تەمەن لە کۆنەوە بۆ نوێ.

بە پێی ئەم ڕێگایە، یەکەی فیزیایی بۆ پێوانە کردن بریتیە لە ساڵ. بۆ نمونە ئەگەر بڵێین ئەو خانووە تەمەنی دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ (٧٢٠٠) ساڵ لەمەو پێش لە زۆر باردا ڕێگەی (Chronometric date)

گیروگرفتێکی زۆر دروست دەکات بۆ چارەسەرکردن و دیاری کردنی تەمەنە شوێنەوارییەکان چونکە زۆر ڕێگایەکی وورده و لەلایەن کەسی شارەزاوە جێبەجێ دەکرێت لەبەرئەوە ڕێگایەك هەیە پێی دەڵێن (Relative dating). لەم ڕێگایەدا نمونەکە دەهێنرێت و پۆلێن دەکرێت بە پێی ئەو ساڵەی کە دروست کراوە و بە شێوەیەك ڕیز دەکرێت کە دروست کەری مرۆڤ بێت واتە لەلایەن مرۆڤەوە لە چاخە کۆنەکاندا دروست کراوە، ئەم ڕێگایە ڕێگەیەکی نزیك کراوەیە واتە زانیارییەکی دروستمان ناداتێ کە دەقاودەق بگەڕێتەوە بۆ ساڵی دروست کردنەکەی. لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها باسی ڕێگەی (Chronometric date) دەکەین و ئەو میکانیکیانە کە پەیوەنییان پێوە هەیە ئەمیش ڕێگایەکی کیمیاویە.

**ڕێگای (Chronometric date) بۆ دیاری کردنی تەمەنی شوێنەوارییەکان.**

ئەم ڕێگایە بریتییە لە تەکنیکێکی ( کیمیاوی و فیزیاوی) واتە (Physiochemical daiting) کە ڕێگایەکی زۆر بلاوە و گۆڕانکاری چاکسازی لەم سەدانەی دواییدا بەسەردا هات. ڕێگای پراکتیکی و تەکنۆلۆجی ئەم تەکنیکە بریتی نییە لە تەنها ڕێگایەك کە بەکاربێت بۆ هەموو جۆرە نمونەکان کە پێویستمان پێیانە، بەڵکو ئەمیش چەند لقێکی زۆری لێ دەبێتەوە کە هەر لقە پێویستی بە چەند ئامێرێکی زۆر وورد هەیە و هەندێکیشیان لە کاتی بەکارهێناندا مەترسی هەیە بۆ سەر ئەوکەسەی کە ئیشی لەسەر دەکات.

**لقەکانی تەکنیکی ( Chronometric Dating)**

١-ڕێگای (dendrochronology):یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە بەکاردێت و لەڕووی جێ بە جێکردنەوە ئەنجامێکی دروست بەدەست ئەهێنێ.

ئەم ڕێگایە تایبەتە بە دیاری کردنی تەمەنی دارە کۆنەکان کە پشت دەبەستێت بەو بازنانەی کە لە قەدی دارەکاندا دروست دەبێت بە تێپەڕبوونی کات .ئەو بازنانەی کە دروست دەبن شێوەیەکی وا وەردەگرێت کە تێکەڵاوی یەکتر نابن بەمەش ڕادەی بەراوردکردن ئاسان دەبێت .

هەموو جۆرە دارێك ساڵی یەك بازنە دروست دەکات لە چێوەی قەدەکەیدا،بەم شێوەیە ئەگەر بمانەوێت حسابی تەمەنی ئەو دارە بکەین ،ئەوا بە ژماردنی ئەو بازنانە تەمەنی دارەکەمان بە ئاسانی دەست دەکەوێت .بەشێوەیەکی سروشتی دارەکان لە بارو دۆخێکی شێدار وفێنکدا گەشەیان زیاترە وەك لە بارودۆخێکی وشك و گەرمدا .

پێش دۆزینەوەی ڕێگای کاربۆنی تیشکدەر لەدوای جەنگی جیهانی دووەم، ڕێگای (بازنەی قەدی دارەکان) ڕیگایەکی ڕاست ودروستی بۆ ئەو سەردەمە هێنابوە کایەوە بەلاَم بۆ تەنها دوو شوێن لە جیهاندا .

ئەو دوو شوێنەش بریتی بوون لە ولآتانی ئەسکەندە نافیاوخواروی رۆژئاوای ئەمەریکا .ئەمرۆ ئەم رێگایە بۆمەبەستی دیاری کراو بەکار دێت .

هەر تەکنیکێك کە بەکار دێت بۆ دیاری کردنی تەمەن پشت دەبەستێ بەچەند بەڵگەیەك بەشێوە یەکی رێك وپێك کەرێگایەکە بە جۆرێکی سەرەکی بەندە لە سەر تێپەربونی کات .

خولانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا ،و لەهەمان کاتدا خولانەوەشی بە دەوری خۆردا چەند شەپۆلێکی موگناتیسی و جۆرەها تیشك کاری تێ دەکات کەکاریگەری سەرەکی ئەبێتە سەر رووی دەرەوەی زەوی .

هەر کاریگەرییەو بەشێوەیەك و رێگایەکی جیاواز رەنگ ئەداتەوە لە سەر پێکهاتوەکانی روی زەوی .بەڵگەی گۆرانکاری ئاووهەوا کە بە شێوەیەکی نارێك وپێك دەردەکەوێت لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر ،نمونە :گۆرانی پلەی گەرمی لەناوچە جەمسەریەکانی باکورو باشوری زەویدا بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی ئەستوری چینی سەهۆڵبەند کە روی جەمسەرەکانی داگیر کردوە . گەشەی ساڵانەی زیندەوەران لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە بە پێی بارو دۆخی سروشتیو دەستکردی مرۆڤ کە کار دەکاتە سەر نەش و نماکردنیان.

بۆ نمونە، لێکۆڵینەوەی زاناکان لە سەر گەشەی قەدی دار ئەنجامێکی گرنگی هەبوو ئەویش دیاری کردنی تەمەنی ئەو دارەیە .

ئەم تەکنیکە واتە (dendrochronology) لەلایەن زانای ئەمەریکی (A.E.Douglas)ەوە دۆزراوەتەوە لەسەرەتاکانی سەدەی پێشودا . ئەم تەکنیکە هەتا ساڵی (١٩٣٠ن) نەگوێزراوەتەوە بۆ ئەوروپا و هەتا ساڵی(١٩٦٠ن) ئەنجامی باوەرپێکراوی پێ نە دۆزراوەتەوە و لەپاشانیش بە هاتنەکایەی کۆمپیوتەرەوە کار ئاسانی زۆر لەم رێگایەدا کراوە و بووەتە بەشێکی گرنگ لە زانستی شوێنەوار ناسیدا.

## بوارە گرنگەکانی ئەم تەکنیکە :

ا- بۆ راست کردنەوە و بنچینە دانان بۆ تەکنیکی (کاربۆنی تیشکدەر) لە بواری تەمەندا.

ب- بەکاردێت وەك رێگایەکی لاوەکی بۆ رێگاکانی تر و بەراورد کردنیان.

بازنەی قەدی دارەکان کە لە بەشی ناوەوەی قەدەکەدا بە شێوەیەکی ئاسۆیی دەبێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ئەگۆرێت، وێنەی(١).

هەروەها ئەستوری ئەو بازنانەش لە هەمان داردا لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی ئەگۆرێت واتا بە پیر بوونی دارەکە ئەستوری بازنەکان کەم دەبێتەوە و بازنەکان زۆر لەیەکتر نزیك دەبنەوە، وێنەی(٢).



وێنەی (١)، وێنەیەکی سروشتی قەدی دارێك کە تیایدا ئەو بازنانە دەردەخات کە بەتێپەڕبوونی ساڵ دروست بووە.




وێنەی (٢)، بەراوردکردنی بازنەی قەدی دارەکان بە پێی ساڵ.

ئەگەر دوو دارمان رووانـد لە هەمان ڕۆژدا،یەکێکیان لە ناوچەیەکی باراناوی شێدار ئەوی تریان لە ناوچەیەکی وشك و گەرمدا.ئەوا تێبینی ئەوە دەکەین کەوا دارە شێدارەکە لە قەدەکەیدا بازنەی ئەستوورو ڕێك و پێکی دروست کردووە کە هیچ پچڕانێك لە گەشەیدا نابینرێت، بەڵام ئەو دارەی لە ناوچە وشکەکەدا رووەوە دەبینین بازنەی قەدەکەی باریك و ناڕێك و پێکە و پچڕانێك لە ئاستی گەشەیدا دەبینرێت بەم ڕێگایە دەتوانین ژمارەیەکی زۆر نمونە لە ناوچەکانی جیهاندا کۆبکەینەوە و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیشیان تۆمار بکەین بۆ بەراورد کردن.

زاناکانی ئەورووپا توانیان ئەم ڕێگایە بەکاربهێنن بۆ دیاری کردنی تەمەنی جیۆلۆجیەکانی زەوی وەکو(Neolithic) و (Bronze Age) لە شارۆچکەیەکی بچوکدا کە ناوی ( کۆرتایلۆود)ە (Cortaillodest ) لە وڵاتی سویسرا، هەروەها لە وڵاتی ئەڵمانیا، لە دێیەك کە ناوی (کوکهۆڤن)ە، تازەترین پارچە دۆزراوەتەوە لەلایەن جوتیارێکەوە کە لە ڕووەکەیدا قەدە بازنەییەکان دۆزراوەتەوە و تەمەنەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٩٠ و ٥٠٦٧ و ٥٠٥٥) ساڵ پێش زایین.

**ئەو فاکتەرانەی کە بواری بە کارهێنانی ئەم ڕێگایە تەنگ دەکاتەوە:**

ئەم ڕێگایە وەکو ڕێگاکانی تر بە بلاوی بە کار نایەت وەکو ڕێگای کاربۆنی تیشکدەر$^{14}C$.

***لە بەر ئەم دوو هۆیەی خوارەوە:***

ا- تەنها بەسەر دارو درەختدا بەکار دێت،و لەناوچە دارستانەکاندا بە شێوەیەکی فراوان لە شوێنە جەمسەریەکاندا کە جیاوازی هەیە لە گەشەدا لەگەڵ شوێنەکانی تردا بە پێی بارودۆخی سروشتی.

ب- بۆ دیاری کردنی تەمەن بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ئەبێت لەوەو پێش لێکۆڵینەوە لەو شوێنەدا کرابێت لەسەر داری ترو نمونەکەش دەقاودەق لەوە بچێت .

٢-ڕێگای هاوتای کاربۆنی ١٤ ($^{14}C$)

وەکو زۆربەی توخمەکان کە لە سروشتدا بلاوبوونەتەوە، توخمی کاربۆن لە چەند هاوتایەکی جیاوازدا دەبینرێت.

ئەم توخمە سێ هاوتا واتا (Isotope)ی هەیە، کە بریتین لە ($^{14}C, ^{13}C, ^{12}C$). ئەو ژمارانەی سەرەوە بریتین لە کێشی ئەتۆمی بۆ ئەو هاوتایانە.

لە هەر نمونەیەکدا واتا (Sample) ڕێژەی کاربۆنی ($^{12}C$) بریتییە لە (٩٨/٩) کە شەش پرۆتۆن و شەش نیوترۆنی هەیە لەناو ناوکدا.

ڕێژەی سروشتی ($^{13}C$) بریتییە لە (١،١) و کە تیایدا شەش پرۆتۆن و حەوت نیوترۆنی لەناو ناوکدا هەیە.

تەنها ڕێژەی یەك ئەتۆم لە ملیۆنێکدا کاربۆن بە ڕێژەی ($^{14}C$) هەیە کە تیایدا هەشت نیوترۆنی لەناو ناوکدا هەیە.( وێنەی ٣).




وێنەی (٣)

ئەم هاوتایە لە سروشتدا لە بەشی سەرەوەی چینی ئەتمۆسفیردا دروست دەبێت ئەویش بە شێوەیەك کە تیشکی گەردونی بۆمبا بارانی گازی نایترۆجین ($^{14}N$) دەکات کە ڕێژەیەکی زیادی نیوترۆنی تێدایە کە ئەبێتە هۆی ناجێگیر بوونی.

ئەم ناجێگیرییەی ئەبێتە هۆی شیبوونەوە ئەویش بە دەرپەڕانی تیشکی بێتای سالب و گەڕانەوەی ڕێژەی ($N^{14}$) کە حەوت پرۆتۆن و حەوت نیوترۆنی هەیە.

ئەم کارلێکە شیبوونەوەیە ڕوودەدات بە کاتێکی نەگۆڕ و جێگیر کە پشت نابەستێت بەو گۆڕانکاریانەی کە لە سروشتدا ڕوودەدات.

کاتی پێویست بۆ هەر هاوتایەك بۆ تیشکە شیبوونەوە بریتییە لە (نیوە تەمەن) کە تەمەنێکە تیایدا نیوەی بڕی هاوتا تیشکدەرەکە شی ئەبێتەوە بۆ هاوتای تر.

هێڵکاری تیشکە شیبوونەوە لە سروشتدا کە ڕێژەیەکی جێگیری هەیە و بەڕێگایەکی ورد حیساب دەکرێت کە ڕێژەی ($^{14}C$) دادەنرێت بەرامبەر بە تەمەن بە ساڵ (هێڵکاری١).

ئەم ڕێگایە پشت دەبەستێت بە بوونی زیندەوەران کە ئاوێتەی ئۆرگانیان تێدایەکە بەهۆی کرداری تیشکە چالاکی و بە بوونی گازی ($CO_2$) لە ئەتمۆسفیردا. ڕێژەی بوونی کاربۆنی تیشکدەر لە لەشی زیندەوەرەکەدا یەکسانە بە بوونی لە ئەتمۆسفیردا.

کاتێك کە زیندەوەرەکە دەمرێت، ئەو بڕە کاربۆنە ($^{14}C$) کە هەیە، جیا ئەبێتەوە بە ڕێژەیەکی نەگۆڕ و جێگیر کە تەمەنەکەی بریتییە لە (٥٧٣٠) ساڵ.

بەهۆی ئەم ڕێگایەوە، دەتوانرێت بڕی کاربۆنی تیشکدەری ($^{14}C$)ی ناو لەشی ئەو زیندەوەرە بزانرێت کە ئەو زیندەوەرە مردووە بەجێدەهێڵێت. لایەنی خراپی ئەم ڕێگایە، چڕی کاربۆنی تیشکدەر لەناو ئەتمۆسفیردا




ئەگۆڕێت بە گوێرەی كات، بە كاریگەری چالاكی خۆر و هێزی موگناتیسی گۆی زەوی.

ئەم ڕێگایە بەكارهێنراوە لەلایەن زانا ویلارد لیبی (Willard Libby)، كە لە دواییدا كردی بە بیردۆزێك لە ساڵی ١٩٤٠ی زاینیدا. كاتێك كە شەبەنگی خۆر بەر بەشی سەرەوەی بەرگە هەوای زەوی (atmosphere) واتا ئەتمۆسفێر دەكەوێت كە بەرگێكە زۆربەی گازەكانی تێدایە و ئەم شەبەنگی خۆرە هەڵدەستێت بە گۆڕینی گازی نایترۆجین ($N_2$) بۆ هاوتایەكی تیشكدەر كە ($^{14}C$)ەیە، (وێنەی٤).

لە دواییدا بەهۆی كاریگەری بای بەهێزو پەستانەوە ئەو بڕە ($^{14}C$)ەیە ئەكەوێتە سەر زەوی و لە چینی ئەتمۆسفێر دوور دەكەوێتەوە، لەبەرئەوەی هەموو زیندەوەرە ئۆرگانیەكان كرداری گۆڕانی گازییان بەسەردا دێت لەگەڵ ئەم چینەدا لەبەرئەوە ڕێژەی




وێنەی (٤)

($^{14}C$)یان لەناو خانەكانیاندا یەكسانە لەگەڵ چینی ئەتمۆسفێردا.

كاتێك كە زیندەوەرە ئۆرگانیەكە دەمرێت، ئەو بڕە ($^{14}C$)ەیەی كە لەناو خانەكانیدایە لەبەرئەوەی دیواری خانەكانی نامێنێ

بڵاودەبێتەوە و بە ئازادی ئەگەڕێتەوە بۆ نایترۆجین ($N_2$) کە لە سەرەتاوە لێی پەیدا بووە، ئەم ڕێگایە بریتییە لە ڕێگایەکی (کیمیایی فیزیایی) کەبڕی گۆڕان لە کێشدا دەپێوێت بەرامبەر بە تێپەڕبوونی کات کە بڕێکی جێگیرە، بۆ ڕوونکردنەوە ئەم نمونەیە ڕوون دەکەیتەوە.

$$6\ ^{14}C \xrightarrow{\text{کات}} 7\ N^{14} + -1e^{0}$$

واتە بە تێپەڕبوونی کات (کاربۆن $6C^{14}$ ) دەگۆڕێت بۆ نایترۆجین و دەرپەڕاندنی تیشکی بێتای سالب. ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ گۆڕانی نیوەی مادەی سەرەتایی لە ناوکیدی مادەی تیشکدەر پێی دەووترێت (نیوە تەمەن) و نەگۆڕێکی فیزیایی جیاکەرەوەی گرنگی ناوکیدە تیشکدەرەکانە بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم کارلێکە:

| نیوەی تەمەن | کات | بڕی کاربۆنی ماوە |
|---|---|---|
| ½ کا | سفر | ١٦ ملغم |
| ١ کا ½ | ٥٥٧٠ ساڵ | ٨ ملغم |
| ٢ کا ½ | ١١١٤٠ ساڵ | ٤ ملغم |

کارلێکەکەی سەرەوەی کاربۆن ($6C^{14}$) کە نیوەی تەمەنی (٥٥٧٠) ساڵە وا دادەنێین کە بە (١٦ ملغم) لەم هاوتایە دەستمان پێکرد، ئەوەی لە چەند ماوەیەکی جیاوازدا دەمێنێتەوە لە سەرەوە ڕوون کراوەتەوە واتا بە تێپەڕبوونی (٥٥٧٠) ساڵ ئەو (١٦ ملغم)ە دەبێت بە (٨ملغم) کە ئەمەش نەگۆڕێکی فیزیایی‌یە.

پرۆفیسۆر د. لیبی لەسەر ئەم لێکۆڵینەوەیەی توانی خەڵاتی نۆبڵ وەرگرێت لە ساڵی (١٩٦٠)دا.

هاوکێشەکەی د. لیبی بەم شێوەیەیە:

$$t = \frac{1}{\lambda} \log \frac{I.}{I}$$

t = کات

λ = ڕێژەی شیبوونەوەی جیگر بۆ کاربۆن

I = توخمی تازە

I. = توخمی کۆن

**بواری بەکارهێنانی کاربۆنی تیشکدەر ($6C^{14}$) لە دیاری کردنی تەمەندا :**

١- بەکاردێت بۆ دیاری کردنی تەمەنی دار.

٢- بەکاردێت بۆ دیاری کردنی تەمەنی خەڵوزی بەردین.

٣- لە دۆزینەوەی ساڵی دروست کردنی کتێبدا بەهۆی پەڕەکانیەوە.

٤- دۆزینەوەی تەمەنی گیانداره لەناوچووەکان بەهۆی ئێسکەکەیانەوە.

٥- دیاری کردنی ساڵی دروست کردنی ئەو کەرەستانەی کە مرۆڤ لە چەرم دروستی کردون.

٦- دیاری کردنی تەمەنی مادده ئۆرگانیەکان.

ڕێژەی سروشتی ($6C^{14}$) لە بەرگە هەوای

ئەتمۆسفیردا بە جێگری نەماوەتەوە لە (٥٠٠٠٠) ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئێستا، لەبەرئەوە پێویستە هەر کاتێك ئەم تەکنیکە بەکاردەهێنین ڕاستکردنەوەی بۆ بکەین.

ئەم تەکنیکە بەهەندێك هۆکار کاری تێدەکرێت کە پەیوەندی بە سروشتەوە هەیە، یەکێك لەوانە بریتیە لە تێکەڵاو بوونی یاخود (تلوث)ی لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی تری کاربۆن کە توخمی نوێ و کۆنی کاربۆنی تێدایە کە ئەبێتە هۆی هەڵەکردن، بۆ نمونە ئاوی ژێر زەوی و نیشتەنیە پترۆلیەکان.

لەبەرئەوە کاتێك کە ئەم ڕێگایە بەکاردەهێنین ئەبێت دڵنیابین لە ڕادەی پوختی ئەو نمونەیەی کە بەکاری دەهێنین کە ئەمیش لە خۆیدا کاری جیاوازی تری دەوێت لە تاقیگەکاندا کە پێی دەووترێت پوختەکردن (Purification) بۆ نمونەکە.

## ڕێکخستنی ئەنجامەکان بە ڕێگای (Calibration) لە تەکنیکی کاربۆنی تیشکداردا:

مانای (Calibration) بریتییە لە دانانی سنورێك بۆ کاری تاقیگەیی کە زاناکان یان ئەو شارەزایانە کاری لەسەر دەکەن بۆ مەبەستی ئاسانکاری لە کارەکانی داهاتوودا بەکاری بێنن.بنچینەی کارەکە بریتییە لە نزیك کردنەوەیەکی ووردەکاری و نزیك خستنەوەیەکی زۆر زۆر نزیك لە ئەنجامی ڕاستەقینەوە.

لەسەرەتادا چەند نمونەیەك ئامادە دەکرێت کە هەریەکەیان بڕی تیشکە چالاکی تیایدا دەخوێنرێتەوە و بە هێڵکارییەك ڕوون دەکرێتەوە بەمەش هێڵێکی ناڕێکمان دەست دەکەوێت کە ڕێکخستنی ئەنجامەکانی بۆ نەکرێت کە لە هێڵکاری (٢) دا دیارە.




هێڵکاری (٢)

پاشان ڕێکخستنی ئەنجامەکان دەکرێت بە شێوەیەك کە سەدەکانی پێش زایین و پاش زایین لەخۆی بگرێت و ئەمەش بە شێوەی هێڵێکی نزیك کراوەی ڕێك دەردەکەوێت. بۆ نمونە، ئەگەر ئاسەوارێکمان هەبوو کە ساڵی دروست کردنەکەی نەزانرابوو، ئەوا بە ڕێگای تاقیگەیی بڕی تیشکدانەکە ئەخوێنینەوە و بە

هێڵێکی ڕاست دای ئەبەزێنین بۆ سەر جەمسەری ئاسۆیی کە تێیدا ژمارەی ساڵەکان دیاری دەکات (هێڵکاری (٣)).




هێلکاری (٣)

**پیس بوونی نمونەکە لە سروشتدا و کاری تاقیگەیی:**

ڕێگای کاربۆنی تیشکدەر ($^{14}C$) بە چەند هۆکارێك کاری تێ دەکرێت کە کاریگەری دەبێت لەسەر دروستی ئەنجامەکان. بە گشتی کاریگەرییەکان بریتین لە کاری سروشت واتا پیس بوونی ژینگەیی (Contamination) کە بە چەند ئاستێك کاریگەری لەسەر ئەنجامەکان دەبێت کە ئەمانەی خوارەوەیە:

ا-پیس بوونی نمونەکە پێش وەرگرتنی بۆ لێکۆڵینەوە: ئەم کێشەیە بریتییە لە سەرەکیترین هۆکار کە لە هەموو نمونەیەکدا دەبینرێت.

بۆ نمونە، ئاوی ژێر زەوی ئەتوانێت ئەو ماددە ئۆرگانیە بتوێنێتەوە کە لە بەلەمێکەوە یان کەشتییەکەوە هاتوون لە ئەنجامی نقوم بوونی و پاشان نیشتنی ماددە ئۆرگانیەکان و پێکهاتەکانی ناو زەوی لەسەر نمونەکە.

ئەم میکانیکیە ئەچێتە شێووگی پێکهاتەی (Structure Formula)ی نمونەکەوە و ئاوێتەی کانزایی لە دەوری ماددە ئۆرگانیەکە دروست دەبێت و هەروەها توانای لە خۆگرتن یان ڕاکێشانی کاربۆناتی کالیسیۆم ($CaCo_3$)یان بەردی کلسی هەیە کە تیشکە چالاکیان نییە.

بە چوونە ژوورەوەی ئەو ئاوێتانە بۆ شێووگی پێکهاتەیی ئەبێتە هۆی دروست بوونی هەڵەی تەکنیکی لە خوێندنەوەدا چونکە ئەم ئاوێتانە ڕێژەی هاوتای کاربۆنی تیشکدەر ($^{14}C$) لە نمونەکەدا نزم ئەکاتەوە (diluting) کە ئەبێتە هۆی زیاد کردنی تەمەنی ئەو نمونەیەی کە هەمانە (وێنەی٥).

ب-پیس بوونی نمونەکە لە کاتی دۆزینەوە و دوای دۆزینەوەی:

هەموو ئەو نمونانەی کە تیشکە چالاکیان هەیە پێویستە لە شوێنێکی تایبەتیداو هەروەها لە جانتایەکی پلاستیکی تایبەتیدا هەڵبگیرێت کە دەبێت زۆر پاکژ کراوبێت. ئنجا دەکرێتە ناو دانەیەکی گەورەترەوە کە دەبێت دەنگ هاتوچۆی پێدا نەکات.

نمونەی وەك دار یان ئەو ئاوێتانەی کاربۆنی تێدایە دەبێت لە بارودۆخێکی توند تردا هەڵبگیرێت، بەلام بۆ نمونەی وەك کاربۆنی تازە کە لە کاغەزدا دەبینرێت، کە




وێنەی (٥)
وێنەی کۆبونەوەی مادە لاوەکییەکان لە سەر پاشماوە شوێنەوارییەکان

گیروگرفتی زۆر دروست دەکات، پێویستە هەرچییەکی پێوەیە وەك خۆڵ و پێکهاتەکانی ناو زەوی بە ووردی کاری لەگەڵدا بکرێت و ببرێت بۆ تاقیگە و لەوێ پاك بکرێتەوە. ئەو نمونانەی کە بە کارلێکی کیمیاوی ڕۆشنە پێکهاتن (Photo Synthesis) دروست دەبن پێویستە لە شوێنێکی تاریکدا هەڵبگیرێن.

ج-بوونی نیشتەنیەکان لەناو نمونەکەدا: زۆربەی هەڵەکان لە تەکنیکی کاربۆنی تیشکداردا ($^{14}C$) بە شێوەیەك دەبێت کە ئەو کەسەی کاری کنەو پشکنین دەکات بە تەواوەتی شارەزایی نی‌یە لە کرداری نیشتنی ماددەکان لەسەر ڕووی نمونەکە، لەبەرئەوە هەر ئاسەوارێك کە دەدۆزرێتەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کە تۆپەڵێك ئاوێتەی کیمیاوی پێکەوە لکاوە کە ئەو کەسەی ئەیدۆزێتەوە شارەزایی لە چۆنێتی کۆبوونەوەی ئەو ئاوێتانەدا نی‌یە.

٣- ڕێگای
(Accelerator mass pectrometry) AMS

ئەم ڕێگایەش بەکاردێت لە کاربۆنی تیشکدەردا کە لەساڵی (١٩٧٠)دا دۆزراوەتەوە لە دوای چەن لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ کە بەسەر ئەو تەنۆلکانەدا دێت کە تاودانی بارستەیی بەسەردا دێت (Mass Accelerator Spectrometry).

ئەم تەکنیکە زۆر ووردترە لە ڕێگای ($6^{14}C$) کە تەنها پشت دەبەستێت بە بوونی کاربۆنی تیشکدەر کە بریتییە لە بەردی بناغەی تەکنیکی هاوتای تیشکدەر بۆ بەکارهێنانی لە کرداری دۆزینەوەی تەمەندا.

**سوودەکانی تەکنیکی تاودانی بارستەیی شەبەنگی پێوانەیی (AMS)**

ا-ئەو نمونەیەی کە دەمانەوێت کاری لەسەر بکەین زۆر بە ئاسانی کرداری کیمیاوی (Purification) واتا پوختە کردنی بەسەردا دێت

لەو ئاوێتانەی تر کە تێکەڵاوی بوون. وە نمونەکەش ئەتوانین جیای بکەینەوە بۆ بڕی زۆر زۆر وورد کە بە تەرازوی ئەلەکترۆنی ئەکێشرێت.

ب- بە هۆی ئەم ڕێگایەوە نمونە هەرە کۆنەکان کە بەڕێگای کاربۆنی تیشکدەرەوە نەتوانراوە بدۆزرێتەوە بە ئاسانی ئەدۆزرێتەوە.

لە بەرئەوەی ڕێگای (AMS) بوار ئەدات بە بڕێکی زۆر کەم لە نمونە وەرگیراوەکان بەم جۆرە ئەتوانرێت لێکۆڵینەوەی زانستی لەو نمونانە بکرێت کە بەڕێگاکانی تر نەتوانرا بوو تەمەنی دروست کردنەکەی بدۆزرێتەوە. لەو نمونانەش: دەفری ڕەنگ کراو، پاشماوەی ئێسکی گیانەوەر، پاشماوە کیمیاییە ئۆرگانیەکان لە دەفرە گڵێنەکاندا، ماددە کانزاییەکان.

لە ساڵی (١٩٨٠ز)ەوە، شوێنەوارناسەکان هەستان بە کۆکردنەوەی بڕێکی زۆر کەم لە خەڵوزی داری لەگەڵ ئاوێتەی ئۆرگانی تردا بۆ مەبەستی بەکارهێنانی لە بواری کاربۆنی تیشکداردا.

زۆربەی نمونەکان لە شوێنی ئاگردانەکانەوە هێنرابوون، هەروەها لە پاشماوەی کوخە لەناوچووەکاندا کە تیایدا چڕی خەڵوزەکە بەرزترە لە چاو شوێنەکانی تردا، ئەمەش وا لەڕێگەکە دەکات (کاربۆنی تیشکدار) کە نزیك کردنەوەی زۆری بەسەردا بهێنرێ کە تەمەنی ڕاستەقینەی ون دەکات.

تەکنیکی (AMS) کە تەکنیکێکە کاربۆنی تیشکداری تێدا بەکاردەهێنرێت پێویستی بە بڕێکی زۆر کەم لە نمونەی بەکارهاتوو هەیە، بۆ نمونە توانای دیاریکردنی تەمەنی تۆوی ڕووەکەکانی هەیە کە بارستەیەکی بچوکیان هەیە، بەهۆی ئەم ڕێگایەوە ئەتوانرێ تەمەنی دەنکە گەنمێك دیاری بکرێت کە لە وەرزی دروێنەدا کۆکراوەتەوە لە لایەن جوتیارەکانەوە.

لایەنی تەکنیکی ئەم ڕێگایە بریتیە لە حساب کردنی تەمەنی نمونەکە ئەویش بە لێکدانەوەی ژمارەی کاربۆنی تیشکدەری ($^{14}C$) کە هەیە کە ئەمیش پێچەوانەی ڕێگای تیشکدانە کە حسابی بڕی داخوران یان کەل بوونی نمونەکان دەکات بە تێپەڕبوونی کات.

بە هۆی ئەم ڕێگایەوە لە توانادایە نمونەیەك شی بکرێتەوە کە (١٠٠٠) جار بچوکتر بێت لە ڕێگای تیشکدان($^{14}C$)، وینەی(٦).



کاربۆنە بە ئایۆن بووەکانی ($^{14}C$)ی نمونەکە بە هۆی تاودانی بارستەییەوە فڕێ ئەدرێتە ناو تاودانەکەوە، دوایی بەهۆی یەکەیەکەوە کە پێی دەووترێت (Detector) ئەو کاربۆنە بە ئایۆن بووانە کۆدەکاتەوە کە ڕێگا بە دیاری کردنی تەمەن دەدات.

لە ساڵی (١٩٨٩ز) تیمێکی زانستی نێودەوڵەتی کە پێك هاتبوو لە (٢١) زانا ڕاپۆرتێکی زانستیان پێشکەش کرد لەسەر بەکارهێنانی هاوتای تیشکدەر بۆ دۆزینەوی تەمەنی جۆرە جلوبەرگێکی پیاوانە کە بەکارهاتووە بۆ ڕاوکردنی گیانداران کە پۆشاکێکی دروست کراوە لە پێست، ئەو زانایانە سێ جۆر نمونەیان هێنا لە ئەو جۆرە جلەو هەریەکەیان کێشەکەی (٥٠ملغم)ە.پاشان هاتن و هەریەکەیان نارد بۆ سێ تاقیگەی جیاواز لە وڵاتانی بەریتانیا، سویسرا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بە بەکارهێنانی ڕێگای (AMS ) زاناکان لە هەرسێ تاقیگەکەدا کە پەیوەندییان بە یەکترەوە نەبوو توانیان بگەنە ئەنجامی ئەوەی کە ساڵی دروست کردنەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ (١٢٦٠ – ١٣٩٠ز).

ڕوونکردنەوەی ڕێگای کاربۆنی تیشکدەر بە هەڵکەوت ئاسان دەبێت. یەکەم بەکارهێنانی ڕێگای ($C^{14}$ )ی تیشکدەر زانا (Libby) لیبی لەسەر هەرەمەکانی میسر کردی.لێکۆڵینەوەکە ئەوەی ڕوون کردەوە کەوا ئەو هەرەمانە لە ماددەی تیشکدەر دروست کراون کە لە میسردا بڵاوبووەوە.

لێکۆڵینەوە تازەکان کە لە ناوچە هەرەمەکانی میسر کرا بۆ تۆمارکردنی پێکهاتە تیشکدەرەکان کە توانیان سەدەها نمونە بدۆزنەوە لەو (٢٢) هەرەمە بەناوبانگەی ناوچەکانی میسردا کە تیایدا شوێنی خواوەندە کۆنەکانی ئەو کاتەی لێ بووە.

ئامانجی سەرەکی ئەم تیمە بریتی بووە لە دۆزینەوەی میکانیکی گۆڕانی کەلتوری ناوچەکانی دەوروبەری دەریای نیل و هەرەمەکان لەگەڵ ڕۆژگاردا و هەروەها چۆنیەتی دروست کردنی هەرەمەکان، هەتا ئێستا هیچ یەکێك لەو لێکۆڵینەوانەی کە کراوە لەسەر هەرەمەکان نەیتوانیوە بە شێوەیەکی سەرەکی وەڵامی ئەو بازنە ونبووە بداتەوە کە باسی چۆنیەتی دروستکردنی هەرەمەکان بکات.

وە هەروەها شوێنی ناشتنی مردووەکانیان کە لەناو سندوقێکی بەردینی سەختدا لێدراوە، ئەو ماددە لکێنەرەی بۆ پێکەوە لکانی بەردەکان دۆزراوەتەوە لە هەرەمەکاندا بریتی بووە لە بەردی (Gypsum ) واتە بەردی جبسی کە پێکهاتەی کیمیاییەکەی بریتییە لە ($CaCo_3$) کە لەگەڵ ئاودا ($H_2O$ ) یەك دەگرێت ئەبێتە لێکنەرێك. لەبەرئەوە کاتێك کە پاشماوەی شوێنەوارییەکان بە هۆی هەر کارەساتێك بێت سووتاوە و دۆزراوەتەوە کەوا

توخمی (كاربۆن)ی تێدایە. ئەگەر بێت و ئەو خەڵوزە بەردینەی لەوێدا هەیە ساڵی سووتاندنەكەی بزانرێ كە بەكارهاتووە وەكو سوتەمەنی بۆ ئەو دارو مادە تەمەنیانە بۆ سوتاندنی ئەو بەردە جبسە (Gypsum)، بەمجۆرە ئەتوانین ساڵی دروست كردنی هەرەمەكان بدۆزینەوە.

ئەگەر بتوانرێ چەند نمونەیەك لە بنكەی هەر یەكێك لەو هەرەمانە وەربگیرێت ئەتوانرێت ئەوە بدۆزرێتەوە كە بە چەن ساڵ دروستكراوە و شێوەی پێكهاتەی دروستكردنەكەشی بدۆزینەوە.

یەكەم كاری پشكنین كرا لەسەر هەرەمی گەورەی خۆفۆ و توانیان كرداری كیمیاوی (Extraction) واتا دەركێشانی توخمی كاربۆن لە ناو دیوارەكاندا بوو، لەدوای شەش مانگ لە ئیش كردن توانیان نمونەی سەدەها شوێن وەربگرن كە قەبارەی جیاوازیان هەبوو.زاناكان هاتن نمونە گەورەكانیان نارد بۆ تاقیگەی كاربۆنی تیشكدەری ($6C^{14}$) لە زانكۆی (Southern Methodist) بەڵام نمونە بچوكەكەیان نارد بۆ تاقیگەیەك لە وڵاتی سویسرا بۆ ئەوەی بەڕێگای (AMS) ساڵی دروست كردنەكەی بدۆزرێنەوە.

بەراوردكردنی ئەنجامی تاقیگەكان لەگەڵ بۆچوونی شوێنەوارناسە میسرییەكان جیاوازییەكی زۆری هەبوو كە نزیكەی (٤٠٠ ساڵ)یان بەین بوو واتا میسرییەكان تەمەنەكەیان كەمتر دانابوو.لە دوای ئەنجامی لێكۆڵینەوەكان زاناكان كۆنفرانسێكی زانستیان بەست لەگەڵ شوێنەوارناسە میسرییەكاندا كە هەموویان بەشدارییان كردبوو وە پێشنیاری ئەوەیان كرد كە هۆی ئەو جیاوازییە زۆرە ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

ا- میسرییە دێرینەكان داری كۆنیان بەكارهێناوە بۆ سوتاندنی بەردی جبس و دروست بوونی ماددەی لكێنەری دیوارەكان.

ب- ئەو برە كاربۆنەی كە هەبووە لە ڕێگای ڕووەكەوە بە شێوەیەكی سروشتی هەڵدەمژرێت بە برێكی زۆر بە شێوەی كاربۆنی تیشكدەر.

ج- ئەو ماددە لكێنەرە كە بەكارهاتووە ئەكرێت ئاوێتەی تری تێكەڵاو بوبێت كە هەڵە لە دیاری كردنی تەمەندا دروست دەكات.

د- ئەو هێڵكاری ڕوون كردنەوەیەی كە دروست كرابوو كە چەماوەیەكە ئەكرێت هەڵەی تێدا كرابێت.

زانای كیمیایی ویگلس (Wiggles) چەماوەیەكی بۆ دیاری كردنی بڕی كاربۆنی تیشكدەری دۆزییەوە كە پەیوەندی بە چڕی كاربۆنەوە هەیە لەگەڵ ساڵدا كە دەتوانرێت لە هەمان كاتدا چەند نمونەیەك بدۆزرێتەوە كە ماوەی تەمەنی نێوانیان زۆر جیاوازیش بێت.

٤- ڕێگای تیشكە چالاكی توخمی پۆتاسیۆم _ ئارگۆن (K _ Ar)

ئەم ڕێگایەش یەكێكە لە ڕێگا گرنگەكانی

دیاری کردنی تەمەنە شوێنەوارییەکان، بەپێی ئەم تەکنیکە پشت دەبەستێت بە تیشکە چالاکی هاوتای پۆتاسیۆم (40K). ئەم توخمە چالاکە (40K) بە بڕێکی زۆر کەم دەبینرێت لەناو بەرد و پاشماوە بورکانیەکاندا و شی ئەبێتەوە بۆ گازی ئارگۆن ($^{40}Ar$) بەڕێژەیەکی جێگیر و نەگۆڕ ڕێژەکە بە شێوەیەکە کە نیوەی بڕی ($^{40}K$) ئەگۆڕێت بۆ توخمی ئارگۆن ($^{40}Ar$) بۆ ماوەی (١/٣) بلیۆن ساڵ.

سیفاتی کیمیاوی توخمی ($^{40}Ar$) بریتییە لە گازێکی نایاب کە لە سروشتدا ڕێژەیەکی زۆر کەمی هەیە، وە لە ناوجەرگەی زەویدا کاتێك کە تواوەی بەردەکان کە پێی دەڵێن لاڤا (Lava) سەردەکەوێتە سەرەوە بەهۆی کاری پەستان و پلەی گەرمی، ئەم گازە نایابە لە پێکهاتەی (لاڤا) کە دەردەچێتە دەرەوە. بەڵام کاتێك بەردەکان سارد دەبنەوە، توخمی ($^{40}Ar$) ئەگەڕێتەوە دیوی ناوەوەی پێکهاتەی بەردەکە. بە بەکارهێنانی کەل وپەلی هەستیاری نوێ ئەتوانرێت ڕێژەی ($^{40}K$-$^{40}Ar$) بدۆزێتەوە، وە ئێستا کارێکی ئاسانە بۆ دیاری کردنی تەمەن لەو کاتەی کە بەردەکە یان بەردە سووتاوەکە وورد بووە کە سارد دەبێتەوە وە دوایی ڕەق دەبێتەوە. ئەم تەکنیکە پشت بەو میکانیزمە دەبەستێتەوە کە نیوە تەمەنی توخمی پۆتاسیۆم ($^{40}K$) بریتییە لە ماوەیەکی زۆر درێژ (١٠٣) بلیۆن ساڵ، لە بەرئەوەی ڕێگای (پۆتاسیوم _ ئارگۆن) بە کاردەهێنرێت بۆ دیاریکردنی تەمەنی پاشماوەکان بۆ ڕادەی چەند ملیۆن ساڵێك. بواری بە کارهێنانی ڕێگای (پۆتاسیوم _ ئارگۆن) ڕێگامان دەدات بۆ دیاریکردنی تەمەنی بەردە بورکانیەکان لە نێوان (٢ ملیون ساڵ _ ١٠٠ ملیۆن ساڵ)ی تەمەن. بڵاوبونەوەی بەردە بورکانیەکان لەسەردەمە کۆنەکانەوە بەسەر ڕووی زەویدا بە شێوەیەکی فراوان کە لەو کاتەدا چالاکی ناخی زەوی زۆر بووە وە بۆتە هۆی ئەوەی مرۆڤ سود لە تایبەتمەندی ئەو جۆرە بەردانە وەربگرێت کە بۆ کاروباری ڕۆژانەیان بەکاریان هێناوە.

کەرەستەکانی مرۆڤی ئەو کاتە لە ڕەنگدانەوەی ئاوێتەی بورکانی ساردەوەبووی ناخی زەوی لاڤا (Lava)یەکە بۆتە خۆڵ یان بەهۆی کاریگەری سروشتییەوە داخورانی بۆ کراوە. توخمی پۆتاسیوم (K) بە شێوەیەکی بەربڵاو لە توێکڵی زەویدا بڵاوبوەتەوە، لە بەشێکی ئەم توخمەدا ڕێژەیەکی زۆر کەمی تیشکە چالاکی ئەتۆمی ($^{40}K$)ی تیادایە. بۆ هەر (١٠٠ بەش لە $^{40}K$)ی ئەتۆمی کە تیشکە چالاکی ئەکات، تەنها ڕێژەی ١١٪ی دەگۆڕێت بۆ گازی ئارگۆن (Ar40). سیفاتە سروشتییەکانی ئەم جۆرە گازە بە شێوەیەکی ناچالاك دەبینرێت کە بەشداری کارلێکی کیمیاوی ناکات و بە ئاسانی لە ڕووی ئەم ماددانەوە دەردەپەڕێت کە بەشداری پێکهاتنی

کردووە وەکو لە شلەوە بووی ناخی زەوی (لاڤا Lava)دا و بەردە بورکانیەکان بە شێوەی کریستاڵی دروست دەبن، بنچینەی ئەم تەکنیکە بریتییە لە پێوانی ڕێژەی ئەو پۆتاسیومەی کە دەگۆڕێن بۆ گازی ئارگۆن(A40)و بەکارهێنانی ئامێری (Spectrometer)، دیارە و لەوبەردە بورکانیانەدا بەکاردەهێنرێت. لەم سەردەمەدا ڕێگای (پۆتاسیوم _ ئارگۆن) تیایدا ئامێری لەیزەری کۆمپیوتەری بەکاردەهێنرێت بۆ توانەوەی نمونەکە کە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ بەردی بورکانی بەکاردێت کە بڕی ئەو گازە ئارگۆنە دەپێورێت کە بەهۆی ڕێگاکەوە پوختە دەکرێت و بەهۆی ئامێری (Spectrometer)، وە حساب بۆ تەمەنەکەی دەکرێت. هەروەها ئەم ڕێگایە بەواردەدات بۆ دۆزینەوەی بەبەردبووەکان واتە (متحجرات Fossils) بە شێوەیەکی ووردتر کە بۆ (3.18) ملیۆن ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. ڕێگای ($6^{14}C$) لەگەڵ پۆتاسیوم _ ئارگۆن (K-Ar) بریتین لە گرنگترین ڕێگاکانی دیاری کردنی تەمەنە شوێنەوارییەکان. بەلاّم شوێنەوارناسەکان ئێستا ئەتوانن ڕێگای تر بەکاربهێنن کە بریتییە لە گۆڕانی کیمیاوی کە چەند ڕێگایەکە. کە بواری هەڵە کردن تیایدا زیاترە.

٥-ڕێگای پالیۆمەگناتیک Paleomagnetic Method ڕێگای جەمسەرە موگناتیسیە گۆڕاوەکانی جەمسەری زەوی، تەکنیکێکە کە بەکاردەهێنرێت لەسەر ئەو بنچینەیەی کە دوو جەمسەری باکور و باشور ئاراستەکانیان پێچەوانە دەبێتەوە لەچەند کاتێکی جیاوازدا. ئەمڕۆ جەمسەری باکوری زەوی موجەبە و (+) جەمسەری باشووریش سالبە (−)، بەلاّم ئەم جەمسەرانە لە ماوەی چەند سەدەیەکدا گۆڕانکاری بەردەوامی بەسەردا دێت بۆ نمونە لەو سەدەیەی کە لە نێوان (٧٠٠٠٠٠ تا١,٦) ملیۆن ساڵ لەمەو پێش. بەردە موگناتیسیەکان ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت کە لە جەمسەرەکاندا ڕوودەدەن، لە ئەنجامدا لە نێوانی دوو توێژی بەردی موگناتیسیدا ئەتوانرێت تەمەن دیاری بکرێت..

٦- تەکنیکی بەند بوونی یان گرتنی ئەلەکترۆنی بۆ دیاری کردنی تەمەنی شوێنەواری:

ئەم سێ ڕێگایەی خوارەوە کە بەکاردێت دووبارە پشت دەبەستێت بە تیشکە چالاکی و تیشکە شیبوونەوە بەلاّم بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. ڕێگاکانیش بریتین لە (بریسکانەوە بە گەرمی، ڕێگای ڕووناکی، خولانەوە و لەرینەوەی ئەلەکترۆنی). ئەم ڕێگایانە بەکاردێت بۆ دیاری کردنی مادده کریستاڵیەکان (کانزاکان)، پشت دەبەستێت لەسەر ڕەوشتی ئەلەکترۆنەکانی کاتێ کە بەر ووزەی تیشکدان دەکەون. کاتێك ئەتۆمەکان ئەکەونە (الشبکیە البلوریە)ەوە واتە تۆڕی بلوری بەر تیشکی ناوکی دەکەون. ئەلەکترۆنە

تاكەكان ووزەكە دەمژن وەهەر تاكێك بەسەربەست دەبێت و پەیوەندیان بە ناوكی سەرەكیەوە نامێنێت وە دەچنە تۆڕی بلوری (الشبكە البلوریە)، ئەم ووزە هەڵمژینە كە بەشێوەی دیاری كراو دەبێت و بەشێوەی جێگیر بەرامبەر بە كات و كۆبوونەوەی ئەلەكترۆنەكان بە تێپەڕبونی كات و قەبارەی ئەلەكترۆنەكان بە شێوەیەكی ڕاستەوانە ئەگۆڕێت بۆ بڕی تیشكدانی گەیشتوو یان وەرگرتوو لەلایەن نمونەكەوە.

تەمەنی نمونەكە ئەتوانرێت دیاری بكرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

$$AGE = \frac{Total\ Dose}{Annual\ Dose}$$

$$\text{تەمەن} = \frac{\text{بڕی تیشكدانی گشتی}}{\text{بڕی تیشكدانی ساڵانە}}$$

بڕی تیشكدانی ساڵانە كە دەگات بە سەرەكی لە تیشكدانی هاوتاكانی ئەم سێ توخمەوە دەبێت كە بە سروشتی لە زەویدا بڵاوبوونەتەوە كە ئەمانەن : (یۆرانیۆم، تۆریۆم، تیشكە چالاكەكانی هاوتاكانی پۆتاسیۆم 40K). تیشكدانی دەرپەڕیو (Radiation emition) كە ڕوودەدات لەگەڵیدا وردیلەی (ئەلفا، بیتا)ی لەگەڵدایە لەگەڵ تیشكی گاما. وردیلەی ئەلفا و بێتا سنورێكی تەسكیان هەیە هەروەها توانای كون كردنی ڕووەكانیان لاوازە كە لە نێوان (٢٪ _ ٢ملم) دایە. تیشكی گاما ئەتوانێت بەسەربەستی بجوڵێت كە دەگاتە سنوری (٢٠سم).

ئەو هاوتایانە نیوە تەمەنیان درێژە و دەرپەڕانی ووزەكانیان وا دادەنرێت كە جێگیر بێت لەو ماوەیەدا كە تەمەنەكە ئەدۆزێتەوە، پێوانەكان ئەتوانرێت بۆ دۆزینەوەی تەواوی خەستی یۆرانیۆم و ثۆریوم بە بەكارهێنانی چالاك كردنی نیوترۆنەكان و شیتەڵكردنیان هەروەها بەكارهێنانی پۆتاسیۆم بە ڕێگای ئامێری (Flame photometry) بڕی گشتی تیشكدان دەتوانرێت بدۆزرێتەوە بە پێوانەی ژمارەی ئەلەكترۆنە بەندبووەكان. ڕێگا جیاوازەكانیش بەوە جیادەكرێتەوە لە چۆنیەتی جێبەجێ كردنی ئەو تەكنیكەدا.

٧- تەكنیكی بریسكاندنەوە بە گەرمی (Thermo luminescence)

بنچینەی ئەم تەكنیكە بریتییە لە گەرم كردنی ئەو ئاوێتانەی كە توخمی تیشكدەریان تێدایە بۆ پلەیەكە گەرمی دیاریكراو كە ئەبێتە هۆی دەرپەڕاندنی ڕووناكییەكی بریسكەدار. كاتێك ئەو جۆرە ئاوێتانەی بە بڕێكی كەم ماددەی تیشكدەری تێدایە وە كریستاڵەكانی لەباری ئاساییدا هیچ گۆڕانێكیان بەسەردا نایەت، بەڵام بە گەرم كردنیان بە شێوەیەكی ڕێك وپێك و لەبەرئەوەی ئەم كریستاڵانە ئەلەكترۆنی تێدایە وە ئەبێتە هۆی ئازاد كردنی ئەلەكترۆنەكان، لە ئەنجامدا زنجیرەیەك لە تیشكدان یان بریسكانەوە ڕوودەدات كە ڕاستەوانەیە لەگەڵ پلەی گەرمیدا بۆ پلەیەكی دیاری كراو. ئەو

ماددانەی ئەم جۆرە کردارەی تیدا روودەدات وەکو بەردی لایمستۆن (Limstone) کە پێکهاتەی کیمیاییەکەی بریتییە لە ($CaCo_3$) و فلۆرایت (Fluorates) ($CaF_2$) و بە بوونی برێکی کەم لە توخمی یۆرانیۆم بە رێژەی (PPm) واتە بەشێك لە ملیۆنێکدا، دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوەی جیۆلۆجی.

لایەنە باشەکانی ئەم تەکنیکە لە دیاریکردنی تەمەنە شوێنەوارییەکان بریتییە لە هەستیارییەکی زۆر وورد لە پێوانەکردندا واتە (Sensitivity) بە پێی رێگای ($^{14}C$)، کە پشت دەبەستێت بە بوونی ئۆرگانیزمێك و پاش مردنی دەست دەکرێت بە لێکۆڵینەوەی تیشکدان. بواری بەکارهێنانی ئەم رێگایە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو روانەی کە بە تیشکی خۆر سووتاون بە کاردێت، هەروەها پاشماوەی ئەو ئاگرەی کە لە ئەشکەوتی (Qafzeh) لە فەلەستین بە نزیکەی (٩٢٠٠٠ ساڵ) لە مەوپێش. لەو ئەشکەوتە بێجگە لە پاشماوەی ئاگرەکە، گۆڕی مرۆڤێکی لێ دۆزراوەتەوە کە پێکهاتەی توێکاری لەشی نیاردەرتاڵیەکان جیاوازە، کە دەرگایەك دەکاتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی رەچەڵەکی مرۆڤی ژیر. ئەم تەکنیکە ئەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دوو مەبەست کەلە کاربۆنی تیشکداردا بەکانایەت:

١- ئەتوانرێت تەمەنی دەفرە گڵینەکان دیاری بکرێت (فخاریات).

٢- دیاری کردنی تەمەنی ماددە نائۆرگانیەکان لە ژێر (٥٠٠٠٠ ساڵ) تەمەنەوە کە سنوری چالاکی ماددە تیشکدارەکانە.

**بنچینەی کرداری بریسکدانەوەی گەرمی (T L) لە رووی کیمیاییەوە:**

لە رووی کردارییەوە ئەتوانرێت ئەلەکترۆنی بەتاڵ بگیرێت کە توانای سنورداری دەبێت بەهۆی بەکارهێنانی گەرمییەوە. لەبەرئەم هۆیە، رێگای (TL) بۆ دۆزینەوەی تەمەنی کانزاکان بەکاردەهێنرێت کە دەتوانرێت ئەلەکترۆنەکانی چالاکیەکەی سنوردار بکرێت بۆ نزیکی سفر کاتێك کە دەخرێتە ناو پلەیەکی گەرمی زۆر بەرزەوە. جۆری نمونەکان بەزۆری بریتین لە سیرامیك، کە لە کاتی دروست کردندا پێشەکی سوورکراوەتەوە هەروەها هەندێك جۆری ئامێری لە بەرد دروست کراو، سیرامیك لە سروشتدا ماددە سەرەتاییەکانی لە ئاوێتە جیۆلۆجیەکانەوە دروست کراوە، وەکو قوڕ کە رێژەیەکی کەمی ماددەی تیشکدەر تێدایە.

بەم شێوەیە، بڕی تیشکە چالاکی ساڵانەی ئەو نمونانە لە دوو سەرچاوەوە سەرهەڵدەدات:

١-سەرچاوەیەکی دەرەکی کە لە ژینگەوە واتە دەوروبەرەوە دێت.

٢-سەرچاوەیەکی ناوەکی کە لە پێکهاتەیەکی سیرامیکە کە خۆیەوە دێت.

وەك چۆن وردیلەی ( ئەلفا و بێتا) کە توانای بڕین یان کونکردنێکی دیاری کراویان هەیە کە دەتوانرێت چارەسەر بکرێت ئەویش بە لادانی چینێکی تەنکی نمونەکە لە ڕووی دەرەوە بۆ ئەستوری چەند ملیمەترێك. بەم شێوەیە ڕێژەی تیشکە چالاکی سالأنە ئەتوانرێت حساب بکرێت بە زانینی بڕی هاوتای تیشکدەر کە لە پێکهاتەی سیرامیکەکەدا هەیە هەروەها بڕی تیشکی گاما ئەتوانرێت بزانرێت کە لە دەوروبەرەوە هاتووە. تیشکە چالاکی ئەتوانرێت بزانرێت بەهۆی ئامێرێکەوە کە پێی دەوترێت (Gieger) کە یەکەیەکی زۆر هەستیاری تێدایە کە تیشکەکەی بەردەکەوێت یەکسەر ئەلەرێتەوە وە دەنگێکی ئاگادارکردنەوەی لێدێت کە ئەو کەسەی نزیکێتی خێرا ئاگادار دەکرێتەوە بە بوونی مەترسی تیشکدان لەسەر ژیانی.بڕی گشتی تیشکدان لە تاقیگەدا ئەتوانرێت دیاری بکرێت ئەویش بە گەرم کردنی ئەو نمونەیەی کە هەمانە بۆ نزیکەی پلەی گەرمی (٥٠٠س°) کە دەکاتە (٩٣٢) پلەی فەهرانهایتی یان بەرزترە. بڕی ووزەی وونبو لە لایەن ئەلەکترۆنەکانەوە کە بەند دەبن بە شێوەی تیشکدانی ڕووناکی پەرش دەبێتەوە کە پێی دەووترێت ( بریسکانەوە بە گەرمی ) TL. ئەم بریسکدانەوەیە کە ڕاستەوانەیە لەگەڵ ژمارەی ئەلەکترۆنە بەستراوەکان یان گیراوەکان وە هەروەها بڕی تیشکدانی گشتی.

## بواری بەکارهێنانی تەکنیکی بریسکدانەوەی گەرمی ( TL )

باشترین نمونە لە بواری شوێنەواریدا کە بەکارهاتووە بریتییە لە دۆزینەوەی تەمەنی کەللەی (Terracotta head) لە جاما، لە وڵاتی نەیجیریا کە دەگەڕێتەوە بۆ کەلتوری (Nok) کە بەرزییەکەی (٢٣سم)٥، ئەنجامی خوێندنەوەکە بریتییە بووە لە ( ١٥٢٠ ±٢٦٠) ساڵ پێش زایین هەروەها دەتوانرێت بە کاربهێنرێت بۆ دۆزینەوەی ئەو بەردە هەڵکەندراوانەی کە ئەتوانریت بۆ پلەی گەرمی نزیکەی (٥٠٠س°) گەرم بکرێت. ئەم تەکنیکە هەروەها بەکارهاتووە لە فەرەنسا بۆ دیاریکردنی ئامێرە بەردییەکان لە ناوچەی (Mousterion) کە مرۆڤی نیاندەرتاڵی تیادا ژیاوە (Homo Sapiens) لە چاخی سەرەتایی ڕەق بوونی بەرگی زەوی (Paleolithis period) کە ئەکەوێتە نێوان ساڵەکانی (٧٠٠٠٠ - ٤٠٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر. زانای ئافرەت کە ناوی (هیلین ڤالا داس) و هاوڕێ زانکۆییەکانی ئەم ڕێگایەیان بەکارهێناوە بۆ دیاریکردنی ساڵی دروست بوونی بەردە سەختە پتەوەکان کە نیاندەرتاڵییەکان بەکاریان هێناوە لەو سەردەمەی سەرەوەدا.

ڕێگای (TL) ئەتوانرێت بەکاربێت بۆ دیاریکردنی نیشتەنیە کلسیەکانی ناو ئەشکەوتەکان (ستالاکمایت و ستالاکتایت) کە تیایدا کریستاڵەکانی کاربۆنات دروست

دەکـات. هــەروەها لــە بــواری ناســـینەوەی شوێنەوارەکاندا (TL) کە لە کیمیای شیکاریدا پێی دەووترێت (identification) واتە ناسینەوە. کرداری (TL) توانایـەکی زۆر باشـی هەیـە لـە ناســـینەوەی شـــوێنەواری ئەســـڵی و دروستکراودا.

ب- تـــەکنیکی لەرینـــەوەو خولانـــەوەی ئەلکترۆنی ( Election spin Resonance- ESR)

ڕێگایەکـــە بـــۆ دیـــاریکردنی تەمەنـــە شوێنەوارییەکان کە لێکچوونێکی تێدایە لەگەڵ ڕێگای (TL). زاناکان بەم ڕێگایە هەڵدەستن بە تۆمارکردنی ئەو ئەلکترۆنانەی کە بەند ئـەبن لەسەر ئێسکی کۆن یان پێکهاتەکانی تردا و بەکاریان دەهێنـن بـۆ مەبەستی دیـاریکردنی ڕێژەی گۆڕان یان تەمەنی شوێنەوارەکان.

ڕێگـای (ESR) تـەنیا ڕێگایەکـە کـە تیـایدا نمونەکـە پێویســـتی بـــە گـــەرم کـــردن و چارەسـەرکردنی زۆری نییـە، پێویسـتیەکانی ئەم ڕێگایە بریتیـە لـە بوارێکـی موگناتیسـی (Magnetic Field)و ووزەیـەك بـۆ لێـك نزیـك بوونـــەوەی نێـــوان نمونەکـــە و بـــوارە موگناتیسـیەکەدا وێنـەی (٧). ئـەم ڕێگایـە پێویسـتی بـە تێکشـکانی نمونەکـە نیـە ئەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ کێشی کـەمتر لـە (١گم). ئەو ئاوێتانەی کە دەتوانرێت شەبەنگی (ESR)ی بۆ دیاری بکرێـت بریتـین لـە ڕەگـی سەربەست (Free radical)، گەردیلەیـەك کـە بـەرگی دەرەوەی ژمـارەی تـاکی ئـەلکترۆنی تێدابێت، ئایۆنـە کانزاییـە پارامەگناتیـەکانی کە بۆ موگناتیس کێش دەکرێن کە ڕیزبوونی ئەلکترۆنیان بـە شـێوەیەکی تاکـە. تـەکنیکی (ESR) پێویسـتی بـە شـەبەنگی مـایکرۆوی هەیە (Microware).

## بواری بەکارهێنانی (ESR)

دەتوانرێت ئـەم ڕێگایـە بەکاربـهێنرێت بـۆ دیـاری کردنـی شـێوەی پێکـهاتنی کیمیـاوی ئاوێتـــــە کیمیاویـــــە ئۆرگانیـــــەکان و نائۆرگانیـەکان، ڕەگـە چالاکـەکان کـە بـەرێگای کیمیـاوی دروسـت بـوون کیمیـای ڕوونـاکی، بـەکارهێنانی ووزەیـەکی بـەرزی تیشـکدان ئەگـەر ئـەو ڕەگـە سەربەسـتە ماوەیـەکی زۆر کەمی هەبوو لە (Flow system)یان تیشکدانی بەردەوام کـە ئاسـتی خەسـتی دیـاریکردنی بەندبێت لە ئامێرەکەدا. لە ڕاستیدا، خەستی بەرێژەی ( $10M^{-10}$ $Mo/L^{-}$) پێویسـتە بـۆ بـە دەست کەوتنی شەبەنگێك کە لە ئاستی ڕازی بونـدابێـت لــە لایــەنی حسـابییەوە. (ESR)ی شەبەنگی

ئەتوانرێت دیاری بکرێت بۆ ڕەگە کیمیاویە ناجێگیرەکـان کـە ئـەگیرێن لەسـەر ڕووی (شوشـە، گازەکـان، یـان لەسـەر ڕووی کریستاڵەکان).

٧- ڕێگـای هـەڵمژینی ئـاو لەلایـەن بـەردی بورکانی ئۆبسیدیان (Obsidian hydration):




وێنەی دەزگای ESR

ئەم تەکنیکە بۆ یەکەم جار داهێنراوە لەلایەن زانای جیولۆجی ئەمریکی (I rving Friedman) و (Robert L. smith). بنچینەی کرداری ئەم تەکنیکە بریتییە لەوەی کەوا بەردی بورکانی جۆری ئۆبسیدیان (obsidian) کە شێوەیەکی شوشەیی هەیە لە سروشتدا کاتێک کەوا ئەشکێت بەهۆی هەر کارێگەرێك بێت. لە ئەنجامی شکانی ئەم بەردەوە، ڕووی دەردوەی هەڵدەسێت بە هەڵمژینی ئاو لە چواردەورەکەیەوە و بەرگێکی ئاوی بە دەوری خۆیدا دروست دەکات کە توانای پێوانە کردنی هەیە. پێوانە کردنەکەش بە جۆرە ئامێرێك دەبێت کە پێی دەڵێن مایکرۆسکۆبی ڕووناکی (optical microscope). ئەنجامی بینینی ژێر مایکرۆسکۆبەکە بە شێوەیەك دەبێت کە بازنەیەك دروست دەکات (zone) لەسەر چێوەی بەردەکە و ئەستوریەکەشی بەرەبەرە زیاد دەکات بە تێپەڕبوونی کات. ئەگەر ئەستوری ئەو چینە بە شێوەیەکی ڕێك زیادی کرد، ئەوا ئێمە وا دادەنێین کەوا ڕێژەی گەشە و ئەستوری ئێستای دەزانین و ئەو ماوەیە دەزانین کەوا تێپەڕ بووە لە کاتی دروست بوونیەوە.

کاتی سفر، بریتیە لە ساتی دروست بوونی چینە ئاوییەکە بە دەوری ڕووی دەرەوەدا کە بەردە ئۆبسیدیەکە لێك هەڵوەشاوە و بەمەش بواری هەڵمژینی گەردی ئاوی داوە کە بچێتە ناو ئەو تاشە بەردانەوە. بەداخەوە، هەتا ئێستا هیچ پێوانەیەکی جیهانی یەکگرتو دانەنراوە کە ڕێژەی هەڵمژینی ئاو دیاری

بکات لە دەوری بەردی بورکانی ئۆبسیدی. ڕێژەی گشتی هەڵمژینی ئاوی بەردی ئۆبسیدی بەندە لەسەر پلەی گەرمی، کاتێك کەوا بەر تیشکی ڕاستەوخۆی خۆر دەکەوێت بۆ ماوەیەکی زۆر بەمەش ڕێگا دەدرێت بە هەڵمژینی زیاتری چینی ئاوی.

پێکهاتەی کیمیاوی بەردی ئۆبسیدی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی هەیە هەروەها لە کانە بەردێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازی هەیە کە ئەبێتە هۆی جیاوازی ڕەنگی دەرەوەی بەردەکە. لەبەر ئەم هۆیە، زۆر پێویستە کەوا ڕێژەی هەڵمژینی گەردی ئاو (hydration rate) بۆ هەموو جۆرە جیاوازەکان وەرگرین کە لە نزیك ئەو کانە بەردەوە هەن و فاکتەری پلەی گەرمیش حسابی بۆ بکرێت. بۆ بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە بۆ دۆزینەوەی تەمەنی بەردەکە، پێویستە کرداری ڕاستکردنەوە واتە (Calibration)ی بۆ بکرێت بۆ ئەو ناوچەیە.

ئەو نمونەیەی کەوا وەری دەگرین ئەبێت پێکهاتەی بنچینەیی (context) زۆر بە وردی بزانرێت بۆ ئەوەی زۆر بە وردی بتوانین تەمەنەکەی دیاری بکەین. ئەگەر نمونەیەکی ڕاستمان دەستکەوت ئەوا ئەتوانین بە وردی تەمەنەکەی دیاری بکەین کەوا نمونەکە زۆر نزیك بێت لە شێوەی گشتی ناوچەکەوە. بۆ دڵنیایی زیاتر، کاری تاقیگەیی وا دەکرێت ئەوا نزیکەی (١٠) نمونە وەردەگیرێ و هەمان کاری بۆ دەکرێت بە شێوەیەکی چون یەك. ئەم تەکنیکە بە کارهاتووە لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقادا لە دۆزینەوەی چینی سەهۆڵبەندی ناوەندا (middle paleolithic) کە نزیکەی ١٢٠٠٠٠ ساڵ دەبێت.

## بواری بەکارهێنانی بەردی ئۆبسیدی

یەکێك لە هەرە گرنگترین بەکاهێنانەکانی بەردی ئۆبسیدی لەلایەن زانا (جوزیف میشیل)ەوە دۆزراوەتەوە، لەسەر لێکۆڵینەوەیەك لە ناوچەی (Kaminahuyu) لە وڵاتی گواتیمالا. ئەو نمونەیەی کە دۆزرابووەوە بریتی بوو لە دەفرەکان کە لە بەرد دروست کرابوون (فخاریات) کە هەڵکەندرابوو بە شێوەیەکی هونەری. پاشان دوای دۆزینەوەکە، زاناکان هەستان بە پێوانی ڕێژەی هەڵمژینی گەردی ئاو لەلایەن ڕوکاری دەرەوەی بەردەکە بۆ چوار نمونە کە وەگیرابوو. لە ڕووپێویەکدا کە کرابوو بۆ نزیکەی (٧٠) جێگای دوور لە ئاوەدانی کە ژمارەی (٢٨٨) نمونەیان لێ وەرگرت.

### ٨- ڕێگای چالاکی ڕووناکی ئەمینۆ ئەسیدەکان (Amino – Acid Racemization)

ئەمینۆ ئەسیدەکان بریتین لە پێکهاتووی کیمیاوی ساکار و ئاڵۆز کە لە لەشی مرۆڤدا هەن و خانەکانی مرۆڤ بە کاریان دەهێنێ بۆ دروستکردنی پرۆتینی ناو لەشی و دوو جۆری سەرەکیان هەیە:

ا- ئەمینۆ ئەسیدە بنەڕەتیەکان: ئەو جۆرانەن کە لە لەشی مرۆڤدا دروست نابن و خۆیان لەناو لەشی مرۆڤدا بە شێوەی سروشتی دەبینرێن ژمارەیان (٢٠) دانەیە.

ب- ئەمینۆ ئەسیدە نابنەڕەتیەکان: مەبەست لەو جۆرانەیە کە مرۆڤ لە خۆراکەوە ئەتوانێ دروستی بکات و ڕێژەکەی لەناو لەشی مرۆڤدا پشت دەبەستێ بە بونی خۆراك.

شێووگی پێکهاتنی گشتی ئەمینۆ ئەسیدەکان بریتی‌یە لە:



کاتێك R بریتی‌یە لە کۆمەڵەیەکی گۆڕاوی جیاواز کە سیفاتی ئەو ئەمینۆئەسیدە دیاری دەکات. ئەمنیۆ ئەسیدەکان لە گیراوەکانیاندا شێوەیەکی گۆڕاویان هەیە لە سیفاتی فیزیاوی ڕووناکیان دا. بۆ نمونە، توانای ئەو گیراوەیە بۆ لادانی تیشکی ڕووناکی بەلای چەپ و ڕاستدا دیاردەیەکە لە کیمیادا پێی دەووترێت (optical activity). ئەگەر گیراوەیەك توانای لادانی تیشکی ڕووناکی هەبێت بەلای ڕاستدا ئەوا بەو گیراوەیە دەووترێت (D – Dextro Rotery). بەڵام ئەگەر گیراوەیەکی تر توانای لادانی ئەو تیشکەی هەبێت بەلای چەپدا ئەوا پێی دەووترێت (L–Levo Rotery). بوونی هەردوو سیفاتی (L و D) لە گیراوەیەکدا پێی دەووترێت Racimic Mixture کە ڕێژەی چالاکی ڕووناکی بریتی‌یە لە سفر چونکە هەردوو جۆری ( L) و (D) تێدایە. هەر تاکێك لە (D –L) پێیان دەووترێت (enantiomers). ئەگەر بێت و تاکێك لە (L- enantiomers) بەر تیشکی ڕووناکی بکەوێت ئەوا تیشکی ڕووناکی بەلای چەپدا لادەدات و هەروەها بە پێچەوانەوە بۆ (D – enantiomers).

ئەمینۆ ئەسیدەکان کە ئێستا لەناو پرۆتینی ئۆرگانیزمە زیندووەکاندا دەژین تەنیا جۆری (L- enantiomers)یان تێدایە لە کاتی ژیانیاندا. بەڵام لەدوای مردنیان، ئەوا گۆڕانیان بەسەردا دێت و دەبن بە (D- enantiomers ) واتا تیشکی ڕووناکی لە (چەپەوە) دەگۆڕن بۆ ڕاست. ڕێژەی گۆڕانی (Racimization) بەندە لەسەر پلەی گەرمی، بۆیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت. بەپێی ڕێگای کاربۆنی تیشکدار ئەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دیاریکردنی تەمەنی ئێسك ئەویش بەهۆی پێوانی ڕێژەی (L-enantiomers) بۆ (D-enantiomers) وە پێوانی ڕێژەی (Racimization). جۆری (L- enantiomers) لە ئەمینۆ ئەسیدی جێگری (ئایزۆ لیوسین Isoleucin) ئەتوانێ بگۆڕێ بۆ جۆری (D-enantiomers) بە چەند پرۆسسێکی جیاواز کە پێی دەووترێت (epimerization). ڕێژەی کرداری (epimerization) بۆ (ئایزۆ لیوسین

Isoleucin) بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بۆ پاشماوەی پرۆتینی ئێسکی نەعامە کرا و بە بەراوردکردنی لەگەڵ ($^{14}C$) توانرا تەمەنی ئەو گیاندارە بدۆزرێتەوە.

### بە کارهێنانەکانی کرداری گیراوەی ( Amino – Acid Racimization )

ئەمینۆ ئەسیدی جۆری ئەسپارتیک (Aspartic Acid)خێراترین ڕێژەی گۆڕانیان هەیە واتە (Racimization) و ئەم جۆرەش جێگیرترین جۆری ئەمینۆ ئەسیدەکانە. لە تاقیکردنەوەیەکدا لە ئەشکەوتی نیلسۆن بەی (Nelson Bay) لە شاری کیپتاون، خوارووی ئەفریقیا، نمونەکە وەرگیرا بۆ ڕێژەی (D/L) بۆ ئەسپارتیک ئەسید و بینرا کەوا ڕێژەکە (O.167) و پێوانەی ڕێژەی کاربۆنی تیشکدار کە ساڵەکە دیاری دەکات بریتییە لە (١٨٠٠٠) ساڵ.ئەم ئەنجامەش ڕێگا ئەدات بە کرداری (Calibration) کە ڕێژەی (Racimization Rate) دەپێوێت. هەروەها توانرا نمونەی (Fossil) واتا بە بەردبوو (متحجر) وەربگیرێت کە ئێسکەکەیان مابوو لە ناوچەی ڕووباری (Klasies) لە هەمان ناوچەی پێشوو.ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ڕێژەی کەمتری (D/L)ی تۆمار کردبوو کە (١٨ و ١٩) بوو بۆ ئەسپارتیک ئەسید کە دەکاتە (474 .o) و (o. 548) و تەمەنەکەش بریتی بوو لە (٩٠٠٠٠ – ١١٠٠٠٠) ساڵ.

لەم بارەدا تەمەنەکە کەمتر بوو لە ڕاستەقینە، چونکە بە هۆی ڕێژەی (Racemization)ەوە بوو بۆ چەن شوێنێکی جیاواز و دوایی بە هۆی هێڵکارییەوە ئەنجامەکان تۆمار دەکرێت.دەرهێنانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بە تەواوی پشت دەبەستێت لەسەر ڕاستی لە (Calibration)ی هێڵکارییەکە هەروەکو چۆن ڕێگاکانی تر. ئەم ڕێگایە لە ئەمریکا بەکارهات لە ویلایەتی کالیفۆرنیا بۆ دۆزینەوەی پاشماوەی مرۆڤ. هەروەها لە ویلایەتی لۆس ئەنجلۆس ڕێگای تازەی کابۆنی تیشکدەریان بەکارهێنا بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی (Racemization)ی ئەسپارتیک ئەسید و لەمەشەوە ئەتوانرێ تەمەنی ڕاستەقینە بدۆزرێتەوە. لێکۆڵینەوەکە گەیشتە ئەنجامی ئەوەی کەوا تەمەنی دۆزینەوەکە بریتییە لە (٤٨٠٠٠) ساڵ بەڵام بۆ پاشماوەکانی ویلایەتی (سان دییگۆ) ئەوەیان پێشنیار کرد کەوا سەردەمی پێش هاتنی ئیستیعمارە بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان.

٩- ڕێژەی ئایۆنی موجەب و دیاریکردنی تەمەنی بەردە نەخشراوەکان
Cation– Ratios of Dating Rock Art (CR)

لە ساڵی (١٩٨٠ن) تەکنیکێکی نوێ دۆزرایەوە کە بۆ یەکەم جار بەکارهاتووە، بە پێی ئەم ڕێگایە ئەتوانرێت ڕاستەوخۆ تەمەنی بەردە نەخشراوەکان بدۆزرێتەوە. لە بارودۆخە شێدارەکاندا، ڕووی دەرەوەی بەردەکان

چینێك دروست دەكات كە شێوەیەكی بریسكەداری هەیە. ئەو چینە پێكهاتووە لە كانزا گڵییەكان، ئۆكسیدەكان، هایدرۆكسیدی مەنگەنیز و ئاسن لەگەڵ كەمێك لە توخمەكانی تر، بڕێكی زۆر كەمی مادە ئۆرگانیەكان وەكو وردۆكە ئۆرگانیە ڕووەكیەكان بنچینەی ئەم كردارە پشت دەبەستێت بەو ڕاستیە زانستییەی كەوا لە كیمیای فیزیاوی‌دا پەیڕەو دەكرێت كەوا ئایۆنی موجەب لە گیراوەكاندا زیاتر ئەتوێتەوە كە بەراورد دەكرێت لەگەڵ ئایۆنی سالبدا بۆ هەمان توخم وە هەروەها بەم توانەوەیەش ئەبێتە هۆی بچوك بوونەوەی قەبارەی ئایۆنەكە و بەمەش توانای جوڵەی لەناو گیراوەكاندا خێراتر دەبێت لە چاو ئایۆنی سالبدا. ئەم ئایۆنە موجەبانە ئەچنە دەرەوەی ئەو چینەی كە بەردەكە دروستی دەكات و بەمەش چڕی لە ناو چینەكەدا كەم دەبێتەوە بە تێپەڕبوونی كات. لێرەدا پێویستە پێوانەی ڕێژەی ئایۆنە موجەبە گەڕۆكەكان بكەین بە تایبەتی لێرەدا ئەم كردارە بۆ پۆتاسیۆم ( K) و كالیسیۆم (Ca) دەكرێت و ڕێژەكەش بەراورد دەكرێت بۆ ئایۆنی موجەبی جێگری تیتانیۆم (Ti).

ئەم كردارە بنچینەكەی زانا (ڕۆناڵد دۆرن) و هاوڕێكانی دایان ناوە و جیاوازی لەگەڵ كرداری كاربۆنی تیشكداردا ئەوەیە كەوا لە كاربۆنی تیشكداردا هێلكارییەكی جێگیر هەیە بە تێپەڕبوونی كات بەرامبەر شیبوونەوەی كاربۆن ڕوون دەكاتەوە كە ڕێژەكەی زۆر جێگیرە و كاریگەری دەرەكی لەسەری دیاری كراوە. ڕێگای ڕێژەی ئایۆنی موجەب (Cation ratio dating –) بۆ دیاری كردنی تەمەنی بەردە نەخشراوەكان یەكەم جار لە ئەمریكا و ئوسترالیا بڵاوبووەوە كە لە ئەمریكا گەیشتنە ئەوەی كەوا نمونەیەك دیاری بكەن كە ساڵەكەی (٦٤٠٠) ساڵ و لە ئوسترالیاش (٣٠٠٠٠) ساڵ دیاری كرا. زانا دۆرن ئەم ڕێگایەی بە ڕێگایەكی تاقیكاری دانا بۆ ڕێگاكانی تر و بە تەكنیكێكی لاوازی دانا بوو چونكە كاریگەری سروشتی دەورێكی باڵای هەیە لەسەریان و هۆكاری شكان و ورد بوونی ئەو بەردانە كە ئەو چینە دروست دەكەن ئاڵۆزە و پێویستی بە لێكۆڵینەوەیەكی تر هەیە لەسەر گۆڕانی ئاووهەوا و ئەمەش كاریگەری ئەبێ بۆ سەر كەم بونەوەی ڕێژەی ئایۆنی موجەب. ئێستا ئەم تەكنیكە بەكاردێت وەكو تەواوكەرێك یان ڕێگایەكی لاوەكی لەگەڵ تەكنیكی (AMS) كە بڕێكی زۆر كەمی لە نمونەكە پێویستە بۆ دیاریكردن. بۆ نمونە، توانرا بە ئەم ڕێگایە تەمەنی دوو نمونە لە كالیفۆرنیا و ئەریزۆنیا دیاری بكرێ كە تەمەنەكەی ئەگەڕایەوە بۆ (١٤٠٠٠) و (١٨٠٠٠) ساڵ.

تەكنیكی (AMS) ئەتوانرێت بەكاربێت بۆ هەر نمونەیەكی ئۆرگانی لە مێژووی زۆر كۆندا بە شێوەیەكی زۆر ڕاست، بۆ نمونە

بەکارهاتووە بۆ دۆزینەوەی تەمەنی ئەو بۆیەیەی دەرهاتووە لە خەڵوزی بەردین لە هەندێك لە ئەشکەوتەکانی وڵاتی ئیسپانیا و فەرەنسا. هەروەها لە دیاری کردنی ڕیشاڵە ڕووەکیەکان لە درزە بەردینەکان لە کونیلاند (Queens;and) یان پرۆتینی خوێنی مرۆڤ لە ئەشکەوتی (Wargata mina) لە (Tasmania).

چەند ڕێگایەکی تر لەم دواییەدا داهێنراوە بۆ دیاریکردنی نەخشاندنی سەر ڕوی بەردەکان لەم ڕێگایانەش چینی کاربۆنی کالسایت (calcite) کە دروست دەبێت لە بەشی سەرەوەی ئەشکەوتەکاندا ئەتوانرێ بە ڕێگای (Tharium–Uranium) بدۆزرێتەوە. پێکهاتەی ئۆگزالات (کە خوێی ئۆگزالیك ئەسیدە) و پێکهاتەیەکی کاربۆنی ئۆرگانیە ئەتوانرێت بە ڕێگای کاربۆنی تیشکدار دیاری بکرێت.

شیکردنەوەی داخورانی سروشتی وردیلەیی (Micro erosion) بریتیە لە تەکنیکێك کە ڕووناکی تێدا بەکاردێت. لێرەدا هێڵکاری (calibration) دەکرێت کە بریتیە لە چەماوەیەك یان هێڵێکی ئاسانکاری و ورد بۆ دیاریکردنی کاری تاقیگەیی. لێرەدا هێڵکاریەکە لە نێوان جۆری بەردەکە و ئاووهەوای ناوچەکەدا دەکرێت کە بەردەکەی لێ دۆزراوەتەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی پلەی هەڵوەشانی سروشتی (erosion). بۆ نمونە ڕوبرت بیدناریك (Robert Bednarik) ئەم تەکنیکەی بەکارهێنا لە نزیکی ڕووبارێکەوە لە ئۆنێیگا، لە باکوری ڕۆژئاوای ڕوسیادا. تیایدا توانی دوو نمونە بدۆزێتەوە کە لە قەبری ئۆرئۆدۆکسەکاندا دۆزرابووەوە. وە توانی تەمەنی نمونەی (demon) دیاری بکات کە ئەگەڕێتەوە بۆ (٤٠٠٠) ساڵ.

سەرچاوە:


**Colin Renfrew & Paul Bahn**
**Archaeology Theories, Methods and Practice,Second Edition**
**London, 1996. P 128 - 137.**

**&**

**Robert J. Wenke**
**Patterns in Prehistory**
**Fourth Edition**
**New york, Oxford Universty 1999.**
**P 74 - 79**

# بەکارهێنانی نیشتووە ئەشکەوتییەکان لە دیاریکردنی تەمەنی شوێنەواریدا

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە:
هەنار جەمال ئیسماعیل

کەرەستەی نیشتووی ناو ئەشکەوتەکان بریتین لەو مادانەی کە لە سەردەمانێکی کۆندا بە هۆی چەند هۆکارێکەوە لەوکون و درز و کەلەبەرانەی کە لە دیوار یا بنمیچی ئەشکەوتەکەدا هەیە جێگیر بوون. ئیتر ئەو هۆکارانە سروشتی بن وەکو ئاو، با، گیانەوەر ، یا دەستی مرۆڤی تێدا بووبێت. ئەگەر نموونەیەک لەو شتانە کە لە دیوار یا بنی ئەشکەوتەکاندان وەربگرین دەبینین لە چەند چینێک پێکهاتووە کە ناوەڕۆکی هەریەک لەو چینانە دەست نیشانی گۆڕانکاری لە پلەی گەرمیدا ئەکەن بە تێپەڕبوونی کات.

بۆ نموونە دڵۆپە کردنی ئاو بە بەردەوامی بەشێك لە ئەشکەوتەکە بە شێوەیەکی بازنەیی لە پێکهاتەکەی هەڵدەکۆڵێ، دیواری ئەم چینانە جیاوازییان هەیە لە ڕووی فیزیاوییەوە وەك ڕەنگ و پتەوی. ئەو جۆرە ئاوو هەوایەی کە لە ناو ئەشکەوتەکەدا هەیە بریتی‌یە لە ئاو و هەوایەکی شێدار لە پلەیەکی گەرمی نزم دا. پاشان لە بارودۆخێکی سارددا ئاو لەناو درزی بەردەکاندا ئەگۆڕێ دەبێ بە سەهۆڵ ئەمەش ئەبێتە هۆی گەورە بوونی لە قەبارە و ئەو پەستانەی کە لەسەر ڕووی چینە بەردەکانە و دەبێتە هۆی پارچە پارچە بوونی بۆ شێوەی هاڕاوی گۆشەیی و هاڕاوی نوك تیژ کە درێژییان لە نێوان (٤-١٠) سانتیمەتر یان (4-1½) ئینج دایە بڕوانە وێنەی (١).

پاشان لە دوای دووبارە بوونەوەی کرداری توانەوە و کرداری بەستن و بەدوایەکداهاتنی چەند چینێك لە هاڕاوی گۆشەیی و شێوە بازنەیی کە پێی دەوترێت (rockspalls) دروست ئەبن ئەمەش لە بەشی پێشەوەی ئەشکەوتەکە یان لەناو بەردەکاندا هەن. چەند هۆیەکی سەرەکی هەن کە بوونەتە هۆی شکانی بەردەکانی چەند چینێك وەك بومەلەرزە یان تێك شکان بەهۆی زیندەوەری زۆر بچوکەوە وەکو میکرۆب کە بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوە لە گۆڕان لە گەورەیی و بچوکی ئەو بەردە شکاوانە ئەکرێ بەمەش زانیاریمان دەست دەکەوێت دەربارەی شوێنەواری کۆن.

ئەو گۆڕانە بەردەوامەی کە لە سروشتدا ڕوودەدات لە ئەنجامی کاریگەرییە ناوەکی و دەرەکییەکانەوە ئەنجامێکی دیاری دەبێت لەسەر پێکهاتن و شێوە و قەبارەی پێکهاتەی




وێنەی (١)

ناو زەوی و دەرەوەی زەوی بۆ نموونە کاریگەری بومەلەرزە چینە یەککگرتووەکان هەڵدەوەشێنێ و لاوازیان دەکات کە کاریگەرییەکی ناوەکی زەوی‌یە، کاریگەری دەرەکی وەکو شەپۆلی موگناتیسی کە لە مانگ و خۆرەوە ئەگاتە زەوی نائارامی لێ پەیدا دەبێ بە هاوسەنگی ئۆقیانووسەکان و ئەبێتە هۆی بەرز بوونەوە و نزم بوونەوەی ئاستی ڕووی زەوی بە بەردەوامی. ئەم نائارامییە لە بارودۆخی زەویدا پێی دەووترێت (environmental Fluctuation). دیارترین گۆڕانکارییەکانی ڕووی زەوی لەو ئەشکەوتانەدا ڕوودەدات کە دیاردەی کیمیاوی (ستالاکتایت و ستالاکمایت)ی تێدا ڕوودەدات کە پێکهاتەیەکی کاربۆنی‌یە پێی دەوترێت (کاربۆناتی کالیسیۆم $CaCo_3$) بۆ نمونە لە ئەشکەوتی (Bay Cave) لە ولاّتی ئوستراليا.

زانای شوێنەوارناسی ئوسترالی (ساندرا باودلەر) (Sandra Bowdler) توانی ئەو پێکهاتە نا ئەندازەییانە بدۆزێتەوە کە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەدا پەیدا بووە کە سالّی دروست بوونەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ نێوان (١٥-١٨) هەزار سالّ لەمەوبەر کە کاریگەری چاخی سەهۆڵبەندانی پێوە دیارە. لە ڕێڕەوی رووبارە بچووکەکاندا کە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ هەمان ڕێڕەویان هەیە و لە ئەنجامی ڕۆیشتنی ئەو ئاوە گۆڕانکاری‌یەك دەبینرێت لە پێکهاتنی زەویدا کە پێی دەوترێت (Creek) لە ئەنجامی باران بارین و گۆڕانکاریە سروشتیەکانەوە دروست دەبێت کە بریتی‌یە لە تەسك بوونەوەی ڕێڕەوی ئاوەکە.

ئەو نیشتوانەی کە لە رووبارە بچوکەکاندا هـــەن وەکـــو (Colless creek) کـــاتێك لێکۆڵینـــەوەیان لەســـەر کـــراوە لـــە ژێـــر




وێنەی (٢)

مایکرۆســـکۆبدا بـــۆ دەرکـــەوتنی شـــێوە رووکارییەکـــەی دەرکـــەوتووە کـــە چینـــی خوارەوەی پێش (١٨ هەزار ساڵ لە مەوبەر) کـاتێك پەسـتێوراوە بـە شـێوەیەکی روون بینراوە و گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە بەهۆی جوڵەی ئاوەوە کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بوونی کەش و هەوایەکی تەڕ و شێدار.

## ستالاکتایت و ستالاگمایت

**( Stalactites and Stalagmites )**

ستالاکتـایت (داکەوتـەکان) بریتـیـە لـە نیشـتوویەکی کلسـی شـێوە قوچـەکی هەڵگەڕاوە کە لەسەری ئەشکەوتەکانەوە بەرەو خـــوارەوە دروســـت دەبێـــت لـــە ئـــەنجامی دلۆپەکردنەوە بەهۆی چەند یاریدەدەرێك وەکو بوونی کاربۆنات لە هەوادا.

ستالاگمـایت (سـەرکەوتەکان) بریتـیـە لـە نیشتوویەکی کلسی شێوە قوچەکی کە لە بنی ئەشکەوتەکانەوە بەرەو سەرەوە لە ئـەنجامی دلۆپاندنـەوە دروسـت دەبێـت لـە هـەمان بارودۆخی دروست بوونی ستالاکتایت دا وەك لـە (وێنـەی ٢)دا دیـارە. سـتالاکتایت و سـتالاگمایت پێیـان دەوترێـت (speleothems) بـارو دۆخـی دروسـت بوونیـان بریتـیـە لـە ئاووهەوایـــەکی فێنکـــی شـــێدار کـــە گۆڕانکارییـەکی زۆری بەسـەردا نایـەت واتـە شێوەیەکی جێگیری ئەبێت.

ئەم رێـژەی نیشـتنی کاربۆناتانـە لـە نـاو ئەشکەوتەکاندا ئەتوانرێت بە کاربهێنرێت بۆ

دۆزینەوەی بارودۆخی ئاو و هەوا لە کۆندا ئەویش بە ڕێگای تەکنیکی (ئایزۆتۆپی ئۆکسجین). ئەگەر پانە برگەیەك وەربگرین لەو نیشتەنییانە ئەبینین کەوا چەند بازنەیەکی چڕوپڕ هەیە کە دروست بوون و بە تێپەڕ بوونی کات بڕی بازنەکان زیاتر دەکات، بە هۆی ئەم بازنانەوە بە تەکنیکی (کاربۆنی تیشکدار)ەوە ئەتوانرێت تەمەنی دروست بوونەکەی بدۆزرێتەوە هەریەکێك لەو بازنانەی کە هەیە پارێزگاری هاوتای ئۆکسجین دەکات (oxygen istope) کە لە ئاودا هەیە و پەیدا بووە هەروەها بڕی نیشتنی مادە کلسیەکان و گۆڕانی پلەی گەرمی ڕوون دەکاتەوە.

ئەم ڕێگایە دادەنرێت بە تەواوکاری ڕێگاکانی تر کە لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر بنکی ئۆقیانوسەکان کە چۆن نیشتەنیەکان کۆبوونەتەوە و پێکهاتەکانی بە هۆی ئامێرە جیاجیاکانەوە ڕوون دەکرێتەوە. زاناکان لە وڵاتی نیوزلەندا چەند نموونەیەکیان هێنا و هەڵکەندنیان بۆ کرد لە ڕووکاری دەرەوەی (speleothems) واتا (ستالاکتایت و ستالاگمایت)، ئەم نمونەیە لە ناوچەی (waitomo) لە وڵاتی ئایسلەندا هەیەو گەیشتنە ئەوەی کەوا پلەی گەرمی ئۆقیانوسەکان لە سەدەی کۆتایی بە بەفربوودا نزیکەی (٤-٥)س° نزمتر بووە لە ئێستا. هەروەها ئەوەشیان دۆزییەوە کە وا هەڵگەڕانەوەی بارودۆخی ئاوو هەواش کارێگەری زۆری هەبووە لە سەدەکانی (١٤ و ١٦)ی پێش زاینیدا و ڕێژەی نیشتنی کاربۆناتی کالیسیۆم لە (١سم$^{2}$) لە ستالاکتایت و ستالاگمایت دا زۆر زیاترە وەك لە نیشتنی لە بنکی ئۆقیانوسەکاندا. هەروەها ئەوەش دۆزراوەتەوە کەوا ڕێژەی گۆڕانی پلەی گەرمی لە سنوری (٠,٢)س° دا دەبێت لە ئۆقیانوسەکاندا.

## شیکردنەوەی ئەنجامەکان بەڕێگای کرداری

( Data Analysis by Practice Efforts )

بە شێوەیەکی گشتی هەموو کردارێکی گەڕان بە دوای شوێنەواردا پێویستی بە بەڵگەیەکی بینراو هەیە کە کاری گەڕان ئاسان دەکات پاشان چەند نمونەیەك لە چەند شوێنێکی جیاوازی ناو ئەشکەوتەکەدا وەردەگیرێت، بۆ نموونە ئەگەربێت و ئێمە هەستین بە لێکۆڵینەوەیەکی شوێنەواری لەسەر چینە دروست بووەکەی (ستالاکتایت و ستالاگمایت) کە لە ناو ئەشکەوتێکدا بە تێپەڕبوونی کات دروست بووە، ئاوو هەوای ئەو ئەشکەوتە کە بەراورد دەکرێت لەگەڵ دەرەوەدا بریتی‌یە لە بەشێکی زۆر ورد و بچووك کە ڕادەی بەراورد کردن تیایدا زۆر ئاڵۆزە لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی گشتی لە ناو ئەشکەوتەکەدا ڕێژەی گۆڕانی ئاوو هەوا بریتی‌یە لە سنورێکی زۆر تەسك کە ئەتوانرێت بە جێگیری دابنرێت.

بۆ نموونە دۆزینەوەی جێگەی ئاگردانێك لە سوچێكی ئەشكەوتەكەدا ڕێگامان بۆ ئاسان دەكات بۆ لێكۆڵینەوەی كاری گۆڕانی پلەی گەرمی بە تێپەڕبوونی كات. ئەم لێكۆڵینەوەیەش بریتی‌یە لە كارێكی تایبەت بەو ئەشكەوتە واتە هەر بەڵگەیەكی شوێنەواری هاو شێوە مەرج نییە هەمان لێكۆڵینەوەی بۆ بكرێت چونكە فاكتەری شوێن ئاو و هەوا خۆی دەسەلمێنێ بەسەر ڕێڕەوی كاركردنەكەدا. كاری تاقیگەیی بریتی‌یە لە كۆكردنەوەیەكی ورد و هاوسەنگ بەسەر ئەو وردیلانەی كە چینی زەوییان پێك هێناوە، بە شێوەیەك كە قەبارەی ئەو دەنكۆلانە و ڕەنگ و پێكهاتەی گشتی واتە (Texture)ی نیشتەنیەكان دەكرێت.

بە شێوەیەكی گشتی نمونەكان لە سنوری (4inchیان100mm) وەردەگیرێت و هەڵدەگیرێت بە چەند كردارێكی تایبەتیدا دەبرێت كە لە كۆتاییدا ئەنجامەكەی تۆمار دەكرێت ئەنجامی گشتی لێكۆڵینەوەكان بریتی‌یە لە ڕادەی جێگیری (stability) ئەو چینانەی زەوی كە پێكیان هێناوە.

زانای فەرەنسی یۆتس جۆلیان جەختی لەسەر ئەوە كرد كەوا پێویستە تاقیكردنەوە لەناو ئەو ئەشكەوتانەدا كە لە بەردی لایمستۆن (Limestone) دروست بوون بكرێت پێش هەر كردارێكی هەڵكەندن یان هەڵكۆڵین كە دەكرێت. لێكۆڵینەوە تاقیگەییەكان كە كراون ئەوە دووپات دەكەنەوە كە هۆی شكان و نەمانی یەكگرتوویی چینەكانی زەوی بریتی‌یە لە كاری پلەی گەرمی كە ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە گۆڕینی ئاوو هەوادا كە ئەمیش كرداری داخوران (Errosion) بۆ توێكلی زەوی دەكات كە بەرە بەرە چینەكە تەنك دەكاتەوە و لە مەدا باران بارین دەوری كاریگەری دەبێت لەسەر بردنی پێكهاتەكان بۆ شوێنێكی تر و بەمەش بواری لێكۆڵینەوەكە گران دەكات كە لە بنچینەدا پێویستە بكرێت چونكە گۆڕانی شوێن و كاتی بەسەردا دێت لە هەمان كاتدا.

### سەرچاوە

Colin Renfrew & Paul Bahn
Archaeology Theories, Methods and Practice,Second Edition
London, 1996. P220-221.

العدد ٢١ السنة السادسة ايلول ٢٠٠٢ رزبر ٢٧٠٢

# هزارميرد

## مجلة علمية فصلية

## تبحث في آثار و تأريخ كردستان

تصدرها وزارة الثقافة في حكومة اقليم كردستان

العدد ٢١
السنة السادسة
ايلول ٢٠٠٢
رزبر ٢٧٠٢

# هزارميرد

مجلة علمية فصلية
تبحث في اثار و تأريخ كردستان
تصدرها وزارة الثقافة في حكومة اقليم كردستان

**صاحب الأمتياز**
وزارة الثقافة

**رئيس التحرير**
د. نبز مجيد امين

**سكرتير التحرير**
رافدة عبدالله القرداغي

**هيئة التحرير**
پخشان عبدالله محمد
وفاء خلوق سعيد
نسرين خواكرم
هاشم حمه عبدالله
كمال رشيد رحيم

**الأستشاريون**
د. حسام الدين النقشبندي
د. كمال على
د. دلير احمد

**المشرف اللغوي:** حسن عبدالكريم
**مشرف الطبع:** محمد عبدالكريم سولەیی

**الغلاف الأول:** وعاء ثلاثي القوائم من الفخار عثر عليه في منطقة رومشگان جنوب لورستان
**الغلاف الأخير:** قصر آصفي في مدينة سنندج (سنه)

**العنوان/ السليمانية/ وزارة الثقافة / المديرية العامة للطباعة والنشر**

# مدن و قلاع قديمة مندرسة في إقليمي شهرزور و لورستان الشمالية ( الصغرى ) و محاولة في تعيين مواقعها

الدكتور حسام الدين النقشبندي
الأستاذ المساعد في قسم التاريخ /كلية العلوم الإنسانية
جامعة السليمانية

تقوم هذه الدراسة على محاولة من الباحث في تعيين مواقع بعض المدن والقلاع للإقليمين المذكورين في أعلاه، والتى ورد ذكرها في ثنايا الكتب للتأريخ القديم والوسيط، و في المدونات التاريخية القديمة على الصخور و الرقم الطينية التي تم العثور عليها، غير أن هذه المدن و القلاع قد اندثرت الآن و لم يبق منها سوى آثار تعود إلى عصور مختلفة بدأ من عصور ما قبل التأريخ و إلى العصور التاريخية و حتى العصور الإسلامية.

انها دراسة ستعين الباحثين عن الآثار القديمة والإسلامية في تعيين مواقع هذه المدن و القلاع، فيما إذا كانت محاولتنا في ذلك صحيحة أم خاطئة؟ نتيجة للتنقيبات آلتي ستجرى فيها مستقبلاً.

**أولاً: إقليم شهرزور:** ذكر الرحالة مِسْعَر بن مُهَلهِل الخز رجي والملقب بـ( ابو دلف) عدداً من المدن في شهرزور و التي لم يبق منها الآن اي اثر–و كان قد زارها سنة (٣٤١هـ/ ٩٥٢م)،وعنه نقل البلداني ياقوت الحموي ما ذكره مسعَر، و المدن هي شهرزور، دُزدان، پير، تيرانشاه، ديلمستان و قسنان (گۆنا). وذكر مؤرخو الفتوح الإسلامية و المؤرخون المتأخرون، مدينتين غير المدن المذكورة و هما، (الصامغان و در آباد) و سبق لى أن حاولت تعيين مواقع كل هذه المدن في بحث نشرته في مجلة (كاروان)[١] و كذلك في مجلة زانكۆى سليمانى[٢]، و عنها وعن مدن كردستانية قديمة اخرى في مجلة هزارميرد[٣]، لذلك لا حاجة إلى إعادة ذكرها هنا، و لكن سأتناول بعض القلاع الأثرية في شهرزور و الآثار التي عثرت عليها، كما سأتناول بعض المدن التي جاء ذكرها في كتابات الأكديين و الآشوريين و سلالة اور الثالثة و اللولوبيين و غيرهم، والتي لم اتناولها بالذكر، في مقالاتي تلك.

**حدود إقليم شهرزور:**

لم يوضح لنا البلدانيون المسلمون حدود إقليم شهرزور ، إلا أن البلداني ياقوت الحموي ذكرانها عبارة عن كورة[*] واسعة في إقليم الجبال[**] الواسع، تقع بين إربل و همذان[٤]، على عادة ياقوت عندما يعيّن موقع مدينة ما، فإنه يذكر موقعها بين اشهر مدينتين، ولا يعني قوله هذا إن هذه الكورة تمتد من إربل إلى حد همذان كما يتبادر إلى الذهن، فإربل (هەولێر) لم تكن تتبع شهرزور في عهد ياقوت (توفي ٦٢٦هـ/١٢٢٩م)، فقد كانت شهرزور مضمومة إلى الموصل بعد الفتوحات الإسلامية إلا انها فرّقت عنها في آخر خلافة هارون الرشيد[٥]، اما (همذان) فبعيدة عن شهرزور و تفصل بينهما مدن عديدة.

و مع عدم توضيح البلدانيين لحدود شهرزور إلا انهم ذكروا حدودها من الجنوب فقط، حيث قالوا انها كانت متصلة بحدود خانقين و كرخ جدّان (لعلها قره غان الحالية)[***]

و نرى على الأرجح - من سير الحوادث التاريخية، كان يحدّ شهرزور من الشمال إقليم اذربيجان الإيراني، و قيل أن جبل السلق كان حداً طبيعياً بين شهرزور و اذربيجان[٦] اما من الشرق فكانت تحدها كورة حُلوان و من الغرب كوره باجرمي[****] (محافظة كركوك) الحالية

---

[*] الكورة لو ما اطلق عليها : الاستان، وهي بمثابة محافظة او ولاية.

[**] اقليم الجبال لو ما سمي باقليم العراق العجمي تمييزاً له عن العراق العربي و اطلق عليه ايضا مصطلح (ميديا الكبرى).

[***] وصف ياقوت كرخ جُدّان (معجم البلدان (جـ٤ ص٢٥٥) بانها بليد في آخر ولاية العراق، يناوح خانقين عن بعد، وهو الحد بين ولاية شهرزور و العراق، اما الرحالة مسعر بن مُهَلهِل الخزرجيّ (الرسالة الثانية تحقيق بولص بولغا كوف وانس خالدوف، موسكو١٩٦٠م ص٢٠) فيذكرفي معرض كلامه عن دزدان (مدينة في شهرزور)، ان اعمالها (اي النواحي التابعة لها)متصلة بخانقين و كرخ جُدّان - و منها الى خانقين يعترض نهر تامَرا (سيروان)، و يقول الزبيدي (تاج العروس جـ٢ ص ٢٧٥) عن كرخ جُدّان (انها قرية قرب خانقين) من كلّ ذلك نرى أن الموضعين (خانقين و كرخ جُدّان) قريبان من بعضهما و يقعان على خط واحد و هو الحال حالياً بين خانقين و قره غان، اضافة الى ذلك، فإن القاصد خانقين من قره غان، لابد ان يعبر نهر سيروان (تامرّا) فهو يفصل بينهما، لذا فإن الإسم الحالي محرّف من الإسم القديم، و بالنسبة الى اصل المقطع (كرخ) و معناه فهو تسمية نبطيّة و كُرِخَت، اي جمعت في كل موضع، و جميعها في العراق. ياقوت: معجم البلدان جـ٤ ص٢٥٢.

[****] باجَرمي: قيل انها التسمية العربية لبيت كرماى السريانية و تعنى بيت العظام إلا اننا نرى أن التسمية العربية (جَرْمى) مشتقة من (گەرمی) الكردية و تعنى (الحارّة)، اي البلاد الحارة (گەرمیان) وهي التسمية التي تطلق الآن على اراضي محافظة كركوك، و قيل ان الأصل الآرامي (باجرمى) هي: (جرمقايا) و ذكرها إبن خرداذبة بإسم (باكرخينى)، اما ياقوت فاطلق عليها (باجَرمى) و نرى انها التسمية العربية لـ(گەرمك) الكردية، و قال ياقوت ايضاً انها كورة قرب داقوقاء تقع بين شرقي دجلة و الزاب الصغير و جبال حمرين و نهر ديالى، إبن خرداذبة : المسالك و الممالك طبعة ليدن١٨٨٩م، ص ١٧٢، إبن رسته: (الأعلاق النفسية) طبعة ليدن ١٨٩١م ص١٠٦، معجم البلدان جـ١ ص ٤٥٤، كريتنسن: ايران في عهد الساسانيين، ترجمة علي الخشاب مراجعة عبدالوهاب عزام، طبعة ١٩٧٥ ص٢٧٥، آدي شير: تاريخ كلد و آثور، طبعة بيروت ١٩١٢، ص٦٠.

ومن الجنوب الغربي خاينجار(*) (لعلها طوز خورماتو الحالية) و داقوقا (داقوق)، عدا عن خانقين و كرخ جُدَان اللتين تحدانها من الجنوب.

و يتبين لنا من الوصف هذا، أن شهرزور كانت في العصور الإسلامية الأولى، ولا سّيما في القرنين الثالث والرابع الهجريين عبارة عن ولاية واسعة تضم العشرات من (المدينات و القرى) حسب تعبير الرحالّة العربي مِسْعَر بن مُهَلهِل الخزرجي(٧).

مدن و قلاع شهرزور قديماً:

اشتهرت بلاد شهرزور و زهاو، لا سَيما المناطق المحيطة بالسليمانية بـ(بلاد زاموا ZAMUA) و قبلاً كانت تسمى بـأراضي (كاردا KAR.DA)، جاء ذلك في نص مسماري خلّفه لنا الملك شو سين، أحد ملوك سلالة اور الثالثة و الذي يرجع إلى أواخر الألف الثالث ق.م. و سكن هذه البلاد أحد الأقوام (الهندو- اوروبية)(٨)، و اللذين هاجروا إلى مناطق جبال زاگروس، و أطلق عليهم اسم (اللولوبيّون)، و يعود ذكرهم لأول مرة إلى منتصف الألف الثالث ق.م، و يرى البعض أن مناطق سكناهم اوسع من سهول شهرزور و زهاو، بل شملت المناطق الواقعة بين نهر سيروان و حتى بحيرة اورميه (ورمى) و حتى هذه كانت تتوسع او تتقلص بتاثير الحملات الأكدية و الآشورية، و لكن من المؤكد، أنّ منطقة السليمانية الحالية كانت تمثل قلب المنطقة آلتي سكنها القوم المذكورون، و كانت في الوقت نفسه تمثل عاصمة مملكة عرفت بإسم (خمازي) خلال الألف الثالث ق.م و لذلك - حسب راي الدكتور جمال رشيد - بأنّ اللولوبيين هم الذين انشأوا المملكة المذكورة(٩). و وردت أسماء مدن و قلاع عديدة لولوبيّة منها: قلعة بابيت (بازيان الحالية) و حصن اوزي (UZZI) آلتي قيل انها تقع خلف بازيان الحالية، و مدينة (هودون)HUDUN - لا يعرف موقعها بالضبط، و مدينة مسو (Mesu)(١٠).

و وردت أسماء مدن عديدة في عهد الآشوريّين كلها تقع في بلاد زاموا، فعندما شق ملوك لولو عصا الطاعة للآشوريّن اجتاز ملكهم اشور ناصر پال مضيق بابيت (بازيان) متجهاً نحو بلاد زاموا، احتل جميع مناطقها منها: حصن اوزي و بابيت، دغارا، بارا، كاگرى، زيمرى، وينى و عشرين بلدة اخرى(١١).

عندئذٍ انسحب جيش لولو في عهد الإمبراطور (آمينخا) من مدينة (زيمرى) مركز مملكة اللولوبيين إلى قلعة نيسير الآشوري (و معناه جبل النجاة و يسمى الآن جبل پيره مهگرون) و سميت القلعة ايضاً بـ(Kniba) بلغة أهل لولو(١٢).

و قام أشور ناصر بال الثالث بحملة ثانية من سوردا ش و منها إلى شهرزور و توغل فيها

(*) خانيجار: سنتناول التسمية و الموقع عند الحديث عنها فيما بعد.

حتى وصل إلى شكميدان (شيخ ميدان الحالية او شق ميدان جنوبي شهرزور) ثم عرج منها إلى حصن مغان (موان) فاحتله، و قيل ان عدد المدن المحتلة وصلت إلى (١٥٦) مدينة أخضعت كلها للآشوريين إلا مدينة (مسو) و التي يعتقد حسب ما جاء في كتاب تأريخ السليمانية و انحائها - انها كانت في موضع (ولانة الحالي)[١٣] و وردت اسماء مدن في بلاد زاموا، حسب السجلات الآشورية منها: زامرى و بارى بجانب منطقة لاره، و هالمان (حلوان العصر الإسلامي)[١٤].

و مما جاء في كتاب (تأريخ السليمانية و انحائها) انه كانت تقع إلى الشمال من بلاد زاموا منطقة سميت ب(نامريNamri) و في شرقها نواحي: سومي، و هاشمار، و هارهار و توكريش و كرخي (Kirkhi) العيلامية المتاخمة لها[١٥].

ويستمر مؤلف الكتاب المذكور بالقول ان مدينة هار هار هذه تعرضت إلى هجمات ملك الدولة الأكدية (النصف الأول من القرن الثامن والعشرين قبل الميلاد)، المسمى (سرجون) واحتلها و بدّل اسمها إلى ((كاروشاوكين)) اي مدينة سارگون (سرجون)، ويرى المؤلف نفسه، انه ينبغي أن تكون اطلالها مطمورة تحت بلدة (حلبجة) الحالية او بالقرب منها[١٦].

و هكذا يظهر لنا أن بلاد لولو كانت ذات مدن و امصار كثيرة، فقد كانت مزدهرة بالعمران لخصوبة سهل شهرزور و كثرة مياهها ، حتى ان اشور ناصر بال ذكر لنا عمود النصر الذي اقامه، بأنه اغتصب من بلاد (لولو) خمساً و عشرين مدينة، اتينا على ذكر اسماء البعض منها آنفاً.

و يقول امين زكي، انه حسب رواية القائمقام لاين (W.H.Lane) مؤلف المسائل البابلية (Babylonians Problems) فإن مدينة سيلونا (Celona) التي كانت تقع في وسط دربند بازيان (بابيت) و همدان، ينبغي أن يحكم بأنها كانت في موقع السليمانية الحالي، فقد سمع المستر(ريج) في رحلته إلى كردستان سنة ١٨٢٠ م، حينما كان في السليمانية من الأمير البابانى (محمود باشا) نبأ ظهور بعض الأنقاض القديمة عند حفر أساس البلاط، فإذا كان الأمر كذلك، فليس ببعيد أن تكون تلك الآثار من بقايا بلدة (سيلونا) المذكورة[١٧].

و لكن المعروف أن مدينة السليمانية الحالية التي بنيت في الحدود الجنوبية المتاخمة لقرية ملكندي سنة ١١٩٩ هـ/١٧٨٤م سمّيت بهذا الاسم تيمّناً ب(سليمان باشا العثمّاني) والي بغداد نتيجة لأفضاله على الأمير البابانى إبراهيم باشا، إذ هو الذي ولاّه الحكم، او في رواية أخرى سميّت بإسم ابن الأمير البابانى هذا و المدعو ب(سليمان) ايضاً.

## أهم المواقع الأثرية في شهرەزور:

قامت المديرية العامة للآثار بتحرياتها و تنقيباتها في التلول الأثرية في هذا السهل في

موسمي (٥٩و ١٩٦٠)، في المواضع التي من المحتمل ان تغمرها مياه سد دربندیخان الذي انشأ على نهر سيروان في اقصى جنوب السهل و كانت قبل ذلك، اي في سنة ١٩٥٦، قد قامت بالكشف و تسجيل (١٩) موقعاً اثرياً من بينها تلول و مستوطنات في غاية الأهمية من الناحيتين التأريخية والحضارية[١٨]، و كانت التنقيبات قد استؤنفت ثانية في صيف سنة ١٩٧٣، ثم توقفت بعد ذلك، ولو استؤنفت لَوضحت لنا الكثير ممّا خفي و ازالت الغموض الذي يكتنف تاريخ السهل القديم.

واستعرض هنا لأهم هذه المواضع و ماتمّ الوصول اليه من نتائج، و لا سيّما الحقبة الزمنية التي تعود اليها.

١-خورمال (شهرەزور) (گلعنبر):

سبق لنا ان تناولنا الحديث عن هذا الموقع الأثري و اظهرنا بما اتينا من ادلة و براهين راينا بكون آثار موقع خورمال الحالي - هي على الأرجح - آثار مدينة شهرزور القديمة وذلك في مجلة كاروان[١٩] يمكن الرجوع اليها، لذلك لا حاجة لتكرارها.

إلا أنّ الذي يهمنا هنا، وجود آثار في خورمال لقلعتين، حيث وجدت مديرية الآثار العامة اثناء تحرياتها، قلعة مستطيلة الشكل على رابية مدينة خورمال داخل السور الأثري الذي يحيط بالمدينة و تسمى الآن بـ( قەلأى نارين) كما وجدت قلعة اخرى ضمن الأسوار في النهاية الشمالية منها و تسمى حالياً بـ(قەلأى گەڕاو) اي (قلعة العين الكبريتية) لقربها من هذا العين و هذان البناءان مبنيان بالحجارة والجص تتخللهما ابراج نصف دائرية، و يخترق وادي نهر (زلم) المدينة القديمة شاطراً اياها إلى شطرين تقريباً يصل بينهما جسر من الحجر كانت آثاره ما زالت باقية إلى سنة ١٩٦٧، ثم أُزيل، و يوجد ناظم عند الزاوية الشمالية للمدينة في المكان الذي تجتمع فيه مياه (زلم) بمياه العين المذكورة (انظر المخطط المرفق) وهو ناظم قديم لتنظيم المياه مبني من اقواس من الحجارة - ما زالت آثاره شاخصة إلى يومنا هذا، و تقع بالقرب من العين الكبريتية المذكورة، و لا يعرف زمن هذا الناظم بوجه التأكيد، و لكن المرجّح يكون زمن إنشائه من أواخر العهد الساساني و جدّد في العهود التالية[٢٠].

لم تجرِ المديرية العامة للآثار تنقيباتها لخرائب خورمال، و حبذا لو قامت مديرية آثار السليمانية - بتنقيباتها في هذا الموضوع، لأنّ بذلك ستضع حداً للشكوك التي قد تراود البعض في أن تكون خرائب خورمال هي موضع شهرزور القديمة.

٢-ياسين تپه :[*]

يقع هذا التل الأثري في الشمال الغربي من

---

[*]تپه: اصطلاح تركي ويعني تل او ركام (Mound) وتطلق هذه التسمية عادةً على التلال الاصطناعية.


مخطط رقم (١)
الشمال

سهل شهرزور والى الجنوب الشرقي من مركز ناحية عربت بالقرب من قريتي (بستان سور و خاك و خوّل) وسط ارض سهلية منبسطة، تحيط به مزارع و قرى.

يعتبر من اكبر التلول الأثرية في السهل، إذ يبلغ قطر سطحه من الشمال إلى الجنوب (٣٢٠قدماً) امّاارتفاعه عن السهل المحيط بة فيبلغ حوالي (٨٠ قدماً) و يلاحظ انه يوجد سور يحيط بالقلعة و آخر يحيط بالمدينة الأثرية[٢١] و يظن (راولينسون) أن ياسين تپه كانت محطة على الطريق إلى نيمراه، ولكنة يخلط بينها و بين نصب (پايكولى) إذ يعتبرهما متجاورتان[٢٢] بينما يقع هذا النصب بالقرب من قرية (باني خيلان) على السفح الغربي لجبال قره داغ[٢٣] عند الفتحة المعروفة بإسم (دربند پايكولى) بحوالى ثمان كيلومترات من الضفة اليمنى لنهر سيروان، بينما (ياسين تپه) بعيدة عن هذا النصب و قريبة من ناحية عربت. بدات التنقيبات في (ياسين تپه) صيف١٩٧٣، إلا انها توقفت بعد انقضاء الصيف المذكور، وقامت مديرية الاثار السليمانية اخيراً بتنقيبات في التل وعثرت على مجموعة من اللقى تعود الى اواخر العصر العباسي وعرض بعضها في خزانات متحف السليمانية.

### ٣-تل بكر آوه[*]:

يقع التل الأثري هذا شمال غرب مدينة حلبجة الحالية، على بعد خمسة كيلومترات، و يوجد في الجهة الغربية منه، مستوطن اثري لمدينة تتكون من خرائب واسعة، يلاحظ فيه آثار سور واضح المعالم في جهته الغربية يتجاوز محيطه أربعة كيلومترات[٢٤]، و تظهر فيه فتحات ربما كانت مداخل له، و في وسط المستوطن يقوم تل (بكر آوه) الذي يتجاوز ارتفاعه(٣٤)متراً (انظر الصورة رقم ١)، و يحيط به خندق يتراوح عرضه بين خمسة إلى عشرة امتار، و بذلك يعتبر هذا التل أعلى مرتفع اثري في سهل شهرزور إلا انه من حيث السعة يأتي بعد ياسين تپه ، و توجد آثار مجرى في الجهة الغربية من الموقع، وعلى الحافة الشمالية من التل عين للماء صغيرة، و يحيط أعلاه سور آخر مشيد من اللبن، وهو

---

(*) سمي هذا الموقع بهذا الأسم و تعني قرية بكر، نسبة الى بكر بك بن سليمان احد الأمراء البابانيين من الأسرة الخامسة الذين حكموا في منطقة (السليمانية) اشتهر بـ(بكره سور) اي بكرالأحمر، و قتل سنة ١١١٥هـ /١٧٠٣م في بغداد بأمر من واليها حسن باشا، و تعتبر قرية بكرآوه من ذكرياته الخالدة فإنه بذل جهده في سبيل تقدم امارته من الوجه الزراعية و إن نهر بكره جو، الكائن في سرضنار و احد روافد تانجرو إنما دعي بإسمه: انظر محمد امين زكي: تاريخ السليمانية و انحائها ص٦٤،٦٦ نقلاً عن السجل العثماني لمحمد ثريا بك، الأستانة سنة ١٩١٠ (باللغة التركية)ص/١٧٥.



تل بكراوا صورة (١)

السور الداخلي للمدينة الأثرية، و عرضه (١,٨٠متر) و لهذا السور ابراج من الخارج نصف دائرية و تتصل به جدران سميكة مبنية من اللبن ايضاً، تدل بقاياها على انها اجزاء من حصن واسع مستطيل الشكل يشغل التل بأجمعه[٢٥] و هكذا كان تل (بكر آوه) قلعة حصينة تكاملت فيه شروط الإستحكامات من سور داخلي و خندق يُملأ بالماء في حالة الخطر و سور آخر على سطح التل.

و تذكر بعض المصادر التأريخية بوجود طريق يصل بين مدينة شهرزور و قصر شيرين، و هذا الطريق إن صحّ وجوده - لايمكن أن يكون مسلكه إلاّ إلى الجنوب منه عبر ممرّات الجبال آلتي تحف بمدينة حلبجة من الناحية الجنوبية[٢٦]، إضافة إلى موقعه على ملتقى الطرق بين شيز(في أذربيجان) و بلاد فارس و بين طيسفون (المدائن) في بلاد ما بين النهرين، على طريق وادي (زلم-خورمال)، فإن طوبوغرافية الموقع كحصن عسكري يزيد من اهميته لأنه يشرف على جميع المناطق في سهل شهرزور[٢٧].

و يعتقد سبايزر Speiser[٢٨] الذي زار التل في أواخر عام ١٩٢٦ و نتيجة للمسابر آلتي حفرها بأنها الموضع الأشوري القديم المسمى (دور - اشور) الذي شيَده الملك الأشوري ، آشور ناصر بال الثاني في القرن التاسع ق.م، حيث خرب مستوطناً اقدم منه ليكون عاصمة إقليم شهرزور[٢٩].

أجريت التنقيبات في التل و المستوطن صيف عام ١٩٦٠ واستؤنفت في عام ١٩٦١ ثم توقفت، ولو استمرت لوضحت لنا هذا التعيين، فيما إذا كان خطأً أو صواباً، و لظهرت لنا طبقات سكنية اخرى اقدم من الطبقات التي إكتشفت حتى الآن[٣٠].

ظهرت في التل نتيجة للتنقيبات - طبقات عديدة، تمثل الخمس العليا منها ادوار العهد الإسلامي، عثر فيها على مجموعة نفيسة من النقود و الأواني و الصحون و الخزف يتراوح

زمنها بين القرن الثالث و السابع الهجريين[٣١]. و ظهرت في الطبقة الرابعة مجموعة من الألواح الطينية المكتوبة بالخط المسماري يعود تاريخها إلى المنتصف الثاني للألف الثاني ق.م، وهي نصوص لغوية تاريخية على قدر عظيم من الأهمية حيث تمثل بعضها شرح العلامات المسمارية السومرية باللغة البابلية، و بعضها تمثل فهارس بأسماء الآلهة الشهيرة التي عبدها السكان القدماء[٣٢] و كشفت التنقيبات في الموسم الثاني (١٩٦١) على طبقات بنائية أسفل الطبقات الإسلامية، في الجهة الغربية و الشرقية مما دعى الباحثين على الإعتقاد بأن التل لم يكن إلا مركزاً إدارياً لإقليم شهرزور المشهور[٣٣].

يعود أقدم هذه الطبقات إلى سنة ١٨٠٠ ق.م، اي إلى العهد البابلي القديم[٣٤] و يحتمل ان الخوريين هم أصحاب هذه الطبقات و لكنهم لم يستمروا في الموقع إلى ما بعد منتصف القرن الخامس عشر، و يحتمل ايضاً ان الخوريين سكنوا هذه المنطقة الجبلية قبل ظهورهم في سهل كركوك و في بلاد بابل بنحو ثلاثة قرون[٣٥].

تدل البقايا و الأدلة المادية المكتشفة في المستوطن و التل بالكتابات و المدونات والآثار الأخرى على ان المنطقة كانت لأقوام امتازوا بحضارة متميزة كالخوريين و اللولوبيين في منتصف الألف الثالث ق.م، و في حدود الألف الأول ق.م[٣٦].

٤- تل شاملو:

يطلق على هذا التل (شاملوى خوارو): (السفلى) لتمييزه عن قرية اخرى تحمل الأسم نفسه و هي (شاملوى سەروو) (العلوي) وهو تل يقع في الشمال الشرقي منه.

و يقع التل الأثري على مبعدة (٦٠كم) عن جنوب غرب السليمانية ، و (١٢كم) عن شمال غرب قصبة حلبجة، و (٨) كيلومترات عن جسر (زلم) الحديدي - على الطريق العام بين السليمانية وحلبجة (١٢كم)، غمرتها مياه حوض سد دربندخان[٣٧].

اجريت التنقيبات في التل صيف عام ١٩٦٠، و تم الكشف على عشر من الطبقات السكنية، تعود الطبقات العلوية الى الأزمنة الآشورية[٣٨]، و عثر في الطبقة الثالثة على آثار تعود إلى العهد الإسلامي اما الطبقات الرابعة و الخامسة و السادسة فهي من العهد الخوري و من بداية سنة ١٤٥٠ ق.م و أوائل العهد الاشوري و من العهد البابلي القديم، و الطبقة الثامنة تعود إلى العهد البابلي القديم، اما الطبقة التاسعة فيرى (طارق مظلوم) انها تعود على الأغلب - من أواخر سلالة أور الثالثة إلى نهاية حكم حمورابي[٣٩] و الطبقة العاشرة والأخيرة فهي من العهد البابلي القديم أو اقدم منه بقليل[٤٠].

٥- تل قورتاس:

يقع هذا التل الأثري بالقرب من نهر (تانجەرۆ) و من مزرعة (كيله سپى) التي صار

فيها مركز ناحية سيروان، اجريت فيها حفريات واسعة. فتبين انه كان محلاً للسكنى منذ عصور ما قبل التاريخ، فالطبقة السفلى منه تعود إلى (٤٥٠٠) سنة ق.م، ثم وجدت فيه طبقات من العصور التاريخية حتى العهد الخوري (حوالي ١٨٠٠ق.م) و وجدت فوق هذه الطبقة بقايا من بناية غريبة مشيدة بالاجر و الجص، تتالف من قبة مربعة يحيط بها ممر، و كان هذا البناء على ما يرجح كثيراً - بيتاً لعبادة النار، و لا يعلم زمانه بوجه التأكيد، لعله من أواخر العهد الساساني وأن معبد النار هذا قد بني فوق جملة معابد من العهود القديمة و فوق المعبد توجد طبقتان من الأدوار الإسلامية المتأخرة، عثر في طبقته الثانية على بناء مشيد بالأجر و الجص مربع الشكل في داخله اربع دعامات متقابلة شبيهة بالدعامات التي تحمل القباب الكبيرة في المساجد والأضرحة[41].

٦- دوانزه امام:

و معناه (إثناعشر إماماً) وهو تل كبير على نحو ثلاثة كيلومترات غربي (كيله سپى)، تم فيه كشف عشر طبقات سكنية، و عثر في طبقته الأولى الإسلامية عن بقايا أسس ضخمة و تباليط من الأجر لبناية إسلامية قد تكون مسجداً[42]، و جرى جس الطبقات السفلى بحفرة وجدت فيها بقايا عصور ما قبل التاريخ، منذ عهد العبيد[43].

٧- تل طلمة:

و يقع في الجهة الشرقية من وادي (زلم) و تعود الطبقة الرابعة منه إلى العهد البابلي القديم، و الطبقة الأولى إلى العهود الإسلامية، كما وجدت جدران من العهد الخوري في الطبقتين الثالثة و الثانية[44].

٨- تل گردمرەش:

من التلول الأثرية القديمة في سهل شهرزور يقع إلى الشرق من قرية (باريكه) و على بعد اكثر من (٥) كم من قصبة عربت.

بدأ التنقيب فيه سنة ١٩٥٩، و استكملت أعمال التحري والكشف عام ١٩٧١، كانت من نتائجها الحصول على معلومات و حقائق تاريخية و حضارية مهمة تعود إلى عصور ما قبل الميلاد منها عصر الوركاء و العصر الآشوري، و اجريت في عام ١٩٧٣ تنقيبات أثرية أظهرت (٣) طبقات سكنية تعودالى عصر الوركاء[45].

٩- تل عربت:

لعل التسمية مشتقة من (آربت) ئاگربت اي صنم النار و يؤيد ذلك العثور على بيت لعبادة النار فيه.

